


# پێشەنگ

گۆڤارێکی وەرزیە، تایبەتە بە هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو و کرێکاری

دەوری دووهەم ژمارە ٢ هاوینی ١٣٨٢

دەستەی بەرێوەبەر:

سەعیدی ئەمانی بێستون

یونس.م یوسف عەلیپوور



# Peshang

No: 2
Sep; 2003

---

آدرس در اینترنت : www.komalah.org
E-Mail : Peshang_Komalah@hotmail.com

Mobile: 0044707-7520-781
0044707-7523-966

## پێرست:

کاری مونتاژ و رو بەرگ: بهزاد.م

**بابەت:**

سەروتار:

لەیادی زیندانیانی سیاسی قەتلی عام کراودا

**لیکولینەوە و وتار:**

ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە ن : پیشەنگ سادقی

چاوخشانیکی خیرا بەسەر رەوتی گەشە و هەلدانی ن : سعید ئەمانی

لەناو جەرگەی خەباتی کرێکاران دا، رئالیزم کەوتە جوولە — ئامادەکردنی : بێستون
چینی کریکار و هونەر و ئەدەبیات — و : یونس . م
سینەمای سانسور — و : یوسف علی پور


## چیروك


دەستکێشی چەرمی — ن : سەلاح ئەمانی
دووزەلەکان — و : سەباح ئیسماعیل
ئاخرین رەگبار — و : سهیلا نیك نژاد
ئینسانەکان ووشیار دەبنەوە — و : عەزیز ئاجیکند
بەسەرهاتی کورێکی چەتوون — و : سەیران رەحیمی


## ناساندن


ئیرنست بووش:
گورانی بێژ، ئەکتەر و دەرهێنەری بزوتنەوەی جیهانی کریکاران — کوکردنەوە و نوسینی : سرخود


## شـــێعر


ناتوانێت — حەمە عەزیز
سوسیالیزم — فریدون پینجوینی
دنیا خرە رەنگاورەنگەکان — فریدون پینجوینی
نهینی چاوە ماندووەکان — فریدون پینجوینی
بای پیرۆز — فریدون پینجوینی
یاد — ن : بابک
مارکس لە ئاوینەی ئەدەبیات دا — ئامادە و وەرگیران : بیسشتون
شەهیدان — و : پیشەنگ سادقی

بانگەواز — تسوتی وان شاعر چینی
گوڵی سوور — ..........


## دیـــــدار


وت وویژیک لەگەل شیرزاد حەسەن — سازدان : سەعیدی ئەمانی

وت وویژیک لەگەل شورش ئەمین سازدان : پەیمان
وت وویژیکی رۆژنامەی "اوزگور پولیتیکا" لەگەل یاشار کەمال .............

## نـــــامه

نامەی حوسین بەفرین سەبارەت بە پیشەنگ ............

## ئاسۆی شۆرش

٨ سلول، ٨ ئیعدامی و : بەهار

## تـــویّشـــــوی پیشەنگ

تایبەتە بە ئەحمەدی شاملو شاعیری بەناوبانگ و ئازادیخوازی ئیرانی
شاملو شاعیری ئازادی ئامادە کردنی : ب. سوهەیل
شیعر: باغی ئاوینە و : رەحمان تەرەغە
ماسی ..................
شاملو لەبەر خویەوە و : ب . سوهەیل
شیعر: شەوانە، ئاسۆی روون و : سەعیدی ئەمانی
وت وویژیکی بەهرامی رەحمانی لەگەل ئایدا سەرکیسیان و : یوونس . م
شیعر: ئەتو وتت با مردوە و : زەرتوشت
شەوانە ...............
بەشیک لە وت وویژیک لەگەل ئەحمەدی شاملو ................
شیعر: سزا و : فەروخ نعمت پور
من لەودیوی سنورەکانی لەشتەوە، خۆشم دەویی ................
لە دوو توی نامەکان ...................

---

# سەروتار:

**بەریز بیت یادی زیندانیانی سیاسی قەتلی عام کراو لەمانگی خەرمانانی سالی ١٣٦٧ی هەتاویدا.**

لەهاوینی سالی ١٣٦٧ هەزاران كەس لە سەرتاسەری ئیراندا رەوانەی كورەی جەهەننەمی رژیمی كۆماری ئیسلامی كران و بە شیوەیەكی وەحشیانە و دڕندانە نەمامی گولی خۆشەویستی و ئازادی‌یان پەرپەر كرا. ئیرانیان كردە ویرانەیەك خەزانی وەیشوومەی نەهامەتی" دەزگای سەركوت هەلی كرد و تۆماری تەمەنی شەریفترین ئینسانەكانی راپیچ كرد. رژیمی هار و درندە و زەبوون و داماو كە تازە بە بیانوی جۆراوجۆر لەسالی ١٣٦٧ خۆی لە شكستی گەورە رزگار دەكرد، وەحشیانە پەلاماری هینایە سەر جەماوەریك كە گرینگترین دەور و نەخشیان لە بزووتنەوەی شورشگیرانە و رەوای سەردەمی حازردا نواندبوو.

لەنیو ١٢ مانگەی سالدا لە ئیران چ ناویك بۆ خەرمانان بدۆزینەوە؟ مانگیك كە لەودا تیغی تیژی خویناوی ئاخوندەكانی ئیسلامی مل و گەردنی خەرمانیك لە لاوترین و گەنجترین تیكوشەرانی ئیرانی بری بۆ ئەوەی نەوای زولالی ئازادی لە گەرودا بخنكینن. ئیمە لەریزی قارەمانانی خەلتانی خوین كراودا نەبووین، بەلام كەوتینەبەر گوللە و كوشتیانین و لەدەشتی خاوەران بووین بە خاك و خۆل.

برینی سەر و درینی سینگی پرلە هیوا بە رەگباری گوللە،

كپ كردنی دەنگی زولالی ئازادیخوازی

بە خوین سوور كردنی لاشەی پیشرەوان،

بەلی بەمجۆرە بوو، كە كارەساتیكی ئیسانی لەو مانگانەدا روویدا.

كردەوە و دژكردەوەی ئەدەبیات، شیعر و هونەری هاوچەرخی ئیران لە دژی ئەم كارەساتە گەورەیەدا چ بوو؟

ئەدەبیاتیك كە لە تەواویەتی خۆیدا رەنگدانەوەی سەرجەم كەلین و كەلەبەرە ئاشكراو شاراوەكانی ژیان نەبی، پشتی پیٚنابەستری. ئەدەبیاتیك كە پشت لە میژوو بكات و لە بەرانبەر پەیكەری زامداری ئازادی‌دا بیدەنگ بیٚ، خۆی جۆریكە لە پالپشتی شەوی ئەنگوستە چاو و ئیستیبداد و سەرەرۆیی. سالانیكە ژیان فیرمان دەكات كە هونەر و ئەدەبیات لە قەید و بەند رزگار بكەین. فیر بووین كە ریگەی نەدەین، وشە و رستەكانمان نەبنە ئامراز و كەرەسەی مەسرەف رۆژانە. فیر كراوین نەبینە داردەستی سیاسەت بازان و تەلەك بازانی پیشەیی. هەر لەهەمان كاتدا بە ئەزموون بۆمان دەركەوتوە كە لە سەرتاسەری میژووی ئەدەبیاتی جیهاندا، ئەدەبیاتی جیهانی و زیندوو سەرچاوەی لە ئاوەرۆی ژیان، میژوو، بیرورا و پالاوتەی خەیال و رۆیای ئینسانی داوە.

وەلامی ئەدەبیات بە جینایەتیكی كە لە هاوین و پاییزی سالی ١٣٦٧دا تەنگی بە جەماوەری ئیران هەلچنی، چ بوو؟ چاوپۆشی لەوان؟ تیپەربوون بەلایان دا؟ بیٚتوانایی لە بەرانبەریاندا؟ یان رەنگدانەوەی ئەوان لە قولترین جەرگەی تویژی زمانی شیعر و لە قولترین ناخی بیرورا و خەیالاتی داستانی و رۆمان و شیوەكار و ئاواز و فیلم دا؟

ئەدەبیات لە گوزارش و راپۆرتی میژوو زوولاٚتر و قولترە. میژوو باس لەژمارەی كوژراوەكان ئەكات و ئەدەبیاتیش رەنج و ئازاری خویناوی لە سینگی كوژراوەكاندا دەگیریتەوە. میژوو گوزارشی گشتی‌ترین رووداوەكان دەردەخا و ئەدەبیات ئاه و

نالەی هاواری ئیعدام کراوەکان رادەگەیەنی. میژوو روداوی گولله باس دەکات و ئەدەبیاتیش بە تیپەر بوون لە ئاکامی خویناوی و بەژانی ئەو، وینەی بەسەرهاتی دورەهاتی گیان و مالی ئینسانەکان دەکیشیتەوە. میژوو رەوتی رووداوەکان باس دەکات و ئەدەبیات دەچیتە ناخی و لە رەگەوە سەر دەردینیتەوە.

لە خەرمانانی ١٣٦٧ چنگی ئاخوندەکان زیاتر لەناخی ئیرانیەکان رۆچوو. سات بە سات و لەچاو تروکانیکا سەدان کەس لە پیشرەوان و جەسوورانی ئەم مەلبەندە لە زیندانەکانی تاران رەوانەی جوخەکانی ئیعدام کران و کوژران. حکومەتی خوا و ئاخوندەکان قولی لە کوشت و بری ئیرانیەکان هەلکردبوو. خوین بەسەر جەستەی شارەکاندا پژا، شەوە زەنگیکی بەسام، تاریکی دین و ریسوایی لە پەنجەرەی مالەکانەوە خۆی کرد بە ژوورا، ئیسلام و دەهۆل ژەنەکانی چوونە سەر مینبەرەکان، ئەو مینبەرانەی کە لەسەر شەپۆلی دەریای خویناوی ئیرانییە ئازادیخواز و ئینسان دۆستەکان لە پەلەقاژەدا بوو. خومەینی و دەست و پیوەندەکانی کە پۆستە کلیدییەکانی حکومەتی ئیسلامی ئیرانیان لەدەستی خۆیاندا قەبزە کردبوو لە قولایی شەوگاری تاری درندەیی سەریان هەلبریبوو، ئیرانیان کردە قەسابخانە بۆ ئەنجامی کاریك کە سوپای سەدری ئیسلام نەیتوانیبوو بە ئاکامی بگەیەنی، بە سەرئەنجامی بگەیەنن.

خوشکەکەمیان لە مندا کوشت، براکەمیان لە ناخم دا تیرباران کرد. منالەکەمیان بە پەردەیەك لەخوین، داپۆشی. منیش لەناخی ئەواندا قەتلی عام کرام. بیدەنگی گۆرستان، بیدەنگی ژاناوی و بە ئازار سەرتاسەری داگرت و هەموو ئیمەی تاساند.

قەلەمەکانیان شکاند. شاعیران کپ و خاموش، جەماوەریش ترس و دلەراوکی دایگرتن و لە کونجی حەشارگەکانیاندا خۆیان حەشاردا. تەنیا خوین خۆران بوون بەسەر گۆرەپانی گەورە گۆرستانیك دا پۆستالیان دەئالیا و خوشحال بوون کە توانیبوویان بۆ چەند ساتیکیتر دەسەلاتی شومی خۆیان دریژە پیبدەن. وەلامی هونەر و ئەدەبیاتی ئیران بەم جینایەتە سامناکەی ئیران چ بوو؟ شاعیران و نووسەرانیك کە بە بیانوی خۆپاراستن لە سیاسەت پشتیان لە سەحنەی جینایەت کرد بۆ ئەوەی بلین نەمان دیت و نەمان بیست! چ وەلامیکیان بۆ داهاتوو هەیە؟ بیجگە لە چەند کەسی هەلکەوتە و روناکبیر بە تایبەت لە دەرەوەی ئیران، زۆربەی شاعیران و داستان نووسان چیان کرد؟ وەلام بۆ ئەو میژووە پر لە خوینە چ بوو؟ شەپۆلی سیهەم؟ قەسیدە شیعر؟ شکاندنی پیکهاتەی ئەدەبی؟ پۆست مودیرنیزمی ناوەرۆك بەتال؟ سەرلەنوی نووسینەوەی شان و شکۆ و رووداوەکانی سەردەمی قاجار لە رۆمانەکاندا؟ بەربەست کردنی شاعیران و نووسەرانی تەبعیدی کە نەیاندەویست کرنۆش بۆ خەلیفەکانی تاران بەرن؟ دوور خستنەوەی ئەو قەلەمانەی کە نەیاندەویست بە بەرهەمی پروپوچی ئەدەبی، چاو لە رووداوەکان بنووقینن؟

دەتوانین بلیین: شاعیران و نووسەران قەرزداری کۆمەلگایەك نین کە کەمترین ریز لە بەرهەمەکانیان ناگری. لە کۆمەلگایەکدا کە حەقدەستی قەبر هەلکەنەکانی لە نووسەرانی زیاترە، باشتر وایە کە نووسەر، شاعیر و هونەرمەند ریگەی خۆ بگری و باری خۆی هەلبگری.

دەتوانین بڵێین: لە کۆمەڵگایەکدا کە حکومەتەکەی، ئەحزابی سیاسی‌یەکەی و دەسەڵات خوازانی وەك ئامرازی مانەوەی خۆی و داردەستی خۆی سەیری شاعیران و نووسەران دەکات و وەك کەرەسەی بانگەشەی بیروڕای پڕوپوچ بۆ خزمەتی خۆیان حیسابی بۆ دەکات، هەر ئەوە باشترە کە شاعیر و نووسەر کاری خۆ بکات و لە خەلوەتگەی خۆی‌دا پەنا بگرێ.

بەڵام دەتوانین بڵێین: ئەدەبیات وەلامیکە بە تیکرای ژیان و ژیانیش ناسکترین تویژەکانی خەیاڵ و خویناویترین ساتەکانی ڕاستەقینە لەخۆ دەگرێ. هونەر و ئەدەبیات لە ڕەمز و ڕازدارترین لایەنەکانی بیروزەینەوە سەری هەڵداوە و ئەم بیر و زەینەش خۆی بەرهەم و ئاکامی میژوو، کۆمەڵگا و ژیانە. کە وابوو، ئەدەبیاتیك کە تەنیا پشت بە دیاردە شەخسی و تایبەتی‌یەکان دەبەستی و چاو لە لایەنە گشتی و جۆراوجۆرەکانی ژیان بپۆشی، ناتوانی ڕەنگدانەوەی تەواویەتی ژیان بێ.

قسە لە دەبی و نابی نیە. سەردەمی دەرکردنی بەرنامە و بڕیارنامە ئەدەبی‌یەکان تێپەریوە، ئازادی ئەدیب و هونەرمەند لەو بەرهەمەدا کە دەیخولقینی، بەنرخترین و کراوەترین ئازادی‌یە. بەڵام پرسیار ئەوەیە کە مەگەر دەکری زەینی شاعیر و نووسەر لە بەرانبەر جینایاتیك کە بەسەر خەڵك و بەسەر حورمەتی بەشەری‌دا کراوە، لەهەر جۆرە حەساسیەتیك بێبەری بێ؟ ئەگەر ئەم حەساسیەتە هەیە چۆن و بە چ شیوەیەك لەناو بەرهەمە ئەدەبی‌یەکان دا ڕەنگی داوەتەوە و خۆی دەرخستوە؟ ئەگەر زەینی هونەرمەند، بەرهەمی جیهانی دەرەوە و زولالی هونەرەکەیەتی لە جیهانی دەروونی‌دا، ئەم جیهانە دەرەکی‌یە لە کوێ و بە چ شیوەیەك بەسەر جیهانی دەروونی‌دا تیپەر دەبی و بە قۆناغی لەدایك بوونیکی ئەدەبی دەگات؟ شوینی کۆمەڵایەتی شاعیر و نووسەر لە کوێ قەراری گرتوە؟ لە بورجی عاج؟ یان لە قەڵای داخراوی خۆکردی شیعر و ئەدەبیات؟ یان لە بێناوەرۆك کردنی زمان لەژیر پاکانەی زمانحاڵی زمانەوانی؟ یان بێ‌مانا کردنەوەی زمان و چەواشە کردنی بە بیانوو وە پاکانەی ئەم و ئەو ریبازی ئەدەبی نەناسراو؟

پرسیار ئەوەیە: ژنان و پیاوان! شەهریوەری خویناوی ١٣٦٧ لە کوێی شیعر و داستانی ئیوەدا شاراوەتەوە و لەناو چوە؟ ئەم کارەساتە ئینسانی‌یە لەکام بەشی زمان و دەربرینی ئیوەدا کەمرەنگ بۆتەوە؟ وەلامی ئیوە بۆ داهاتوو چیە؟

ئەو شاعیر و نووسەرانەی کە لەئیران ماون، ترسیان کردوە بە بیانوویەك کە خۆ لەڕاستی‌یەکانی کۆمەڵگا بدزنەوە. دەبی پرسیاریان لی بکەین کە کام یەك لە ئیوە سەردەمی تاڵ و خویناویتان چەشتوە، لەشیعر و داستان و هونەری خۆتاندا جیتان بۆ کردۆتەوە و لانی کەم بەناوی موستەعار و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئیران بلاوتان کردۆتەوە؟ کە نەتانکردوە؟

مەگەر چەند کەس لە شاعیران و نووسەران و هەڵکەوتەکان کە ڕەنگی سووری میژوو بە سەوز نابینن و کفنی خویناوی بە پارچەی بێپەڵەی سپی نابینن، مەخابن کە ژمارەیەکی زۆر لە شاعیران و نووسەران لەئاست دەریای خوین و لاشەی بە کۆمەڵی کوژراوەکان بەچاوی بەسراوەوە تیپەرین. هەریەك لەوان و بە تایبەت لەناو خۆی ئیراندا خۆیان بە پیشرەوانی ئەدەبیاتی مۆدیرنیزم و پەسامودیرن و چی و چی دەزانن و ئەوانەی خۆ لە میژوو گیل دەکەن نازانن و یان نایانهەوی بزانن کە میژوویەك کە بەسەر ئەوانیش دا تیپەری، پشتیان تیکرد و وەلامی شیاو و گونجاویان پێ نەدایەوە؟

ئەم پیدەشتە، خۆڵەمیشی‌تر لە بیرەوەری‌یەکانی ئیمە بوو،

هەواکەی سوورتر لە سەربردە کۆنەکان و

سوورمەی چاوتان، خەوی ئیوە بوو،

هەگبەی پر لە شیعریان لە کاکیشان هینایە خوار

سپیدەی سەحەرییەك بە تیپەر بوونی مۆتەکەی مەرگ

لەسەر ئاسۆوە هاتە خوار

ئیمە رەنگی بزرکاوی پرشنگێ بووین

خشپە خشپی گوێنی و گڤەی با

وەرینی سەگی درندە وهار

مەلانی سپی، هەودای بیر و خەیالیان لە هەلفرین دا

پەلکیش دەکرد

دەخوینن، دەخوینن!

ئاوازەیان خۆلەمیشیتر لە یادەکانی ئیمەو سورمەی چاوەکانی ئیوە!

ئەوکاتە، ئەو سەردەمە

درکیك کە بە خەیالا چوو، سوورتر بوو

فیشەکیك کە لە گەروی سەحەرییەوە تیپەر دەبوو، سوور هەلگەرا

زەردەی خۆرئاوا بوونیك کە لە ئاسۆوە دیاربوو

تارماییەك دایپۆشی

ئەم کارەساتە جەرگبرە، بەرهەمی دەستی ئیوە بوو!

گەروی خاك، یاقوتە شکاوەکانی قووت دەدا

ئیبلیس لەسەر مینبەرەوە، دیمەنەکەی رەش تر دەکرد

تیشکی ئاسۆ بەسەر دەشتی خاوەرانەوە سوورتر بوو

خویناویتر لە مەلبەندیك کە مۆتەکەی مەرگ بەسەریا تیپەر ئەبی

مەلانی سوور پۆش لەناو خۆلەمیش و سوورمەوە فرین

ئەو دەشتە سوورتر لە درکیك بوو کە بە خەیالاچوو بوو

تالتر، رەشتر لە خۆرئاوا بوونیك کە بەسەرتانا رەشی داپۆشی

ئەم پیدەشتە بوونی ئیمە و

نەبوونی ئیوە بوو!

ئەم دەڤەرە، ئەو پیدەشتە

بەرەبەیانی ئیمە و

خۆرئاوا بوونی ئیوە بوو!

# ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە

**بە چاو خشانیکی خیرا بەسەر ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە و خویندنەوەیەکی خیرایانە لەم روانگەیەوە بەسەر دوو دەفتەرە شیعری تازە بلاو کراوە:**

١– باران و دلۆپە کە کۆمەلە شیعری کاك سەعیدی ئەمانیە و ناوەندی چاپەمەنی کۆمەلە و لەم دواییانەدا بلاوی کردۆتەوە

٢– زامستان کۆمەلە شیعری کاك رەحیمی لوقمانییە کە ماوەیەك لەمەوبەر ناوەندی چاپەمەنی گۆران لەشاری سنە بلاوی کردۆتەوە

ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە لە قولایی دلی ئینسانەکانەوە سەر چاوە دەگری و لە چەوساوەکان ژنان و وەرزیران و بە گشتی پشتیوانی لە مافی ئینسانی دەکا. کەوایە دەتوانین بلین ئەدبیاتی راپەرین خوازانە، لە شورشە کومەلایەتیەکانەوە سەرچاوە دەگری و رووی لە هەموو چین و تویژەکانی ناو کومەلگایە. بەلام تای تەرازووی زۆرتر بۆ لای زەحمەتکیشان ووەرزیران و چینی چەوساوەی ناو کومەل دا سەنگینی دەکا . هەر لەبەر ئەوە دەکری بلین، میژووی ئەم رەوتە، کونتر لەوەیە کە بیری لی دەکەینەوە. یا بە واتەیەکی‌تر هەر بەوەدی هاتنی ئینسان ئەم رەوتەش بوونی خۆی سەلماندووە و هاتوتە ئاراوە. هەربویە شۆین پیی ئەم رەوتە لە ئەدبیاتی زارەکیش دا بە جوانی هەست پی‌دەکەین. چوونکە هەر لە هەوەلەوە چەوسانەوەی ئینسان بە دەستی ئینسان هەر بووە، بەلام لە هەر سەردەمیك دا، بە پیی هەلوومەرجی ناو کومەلگا، ناوەکەی گۆرانی بە سەردا هاتووە. هەر لە کویلە و کویلەداریەوە بگرە هەتا دەگاتە دەورانی سەرمایەداری و ئیستا. جا هەر بەم پییە لە هەر سەردەمیك دا رەوت گەلیگی دژی زۆرداران و حاکمان هاتوتە ئاراوە وچونکە لە لای حاکمان جیگەی نەبووە، زۆرتر لە ئەدبیاتی زارەکی و لە ناو خەلکی ئاساییدا کە بە ئاشکرایی قسەی‌دلی خویان لە قالبی ئەدەبیاتی فولکلوری دا بەیان دەکەن، دیتوتەوە. نموونەی ئاشکرای ئەوانە ئەدەبیاتی کەونەری جیهانیش دا وەها رەگەیەك هەست پی‌دەکری، کە نموونەی ئاشکرای هوانە ئەدەبیاتی عامیانەی فارسی و بەستە و بەیت و گورانی کوردین کەئەم روانگەیەیان تیدا دەبیندری. هەربەم شیوەیە لە ئەدەبیاتی کەونارای جیهانیش دا وەها رەگەیەك هەست پی‌دەکری، کە نموونەی بەر چاوی ئەمە، بەسەرهاتی گیلگەمیشە کە نزیك بە چوار هەزار سال لەمەوبەر لە نیوان دوو رووباری دیجلە و فورات دا حکوومەتی دەکرد و لە دژی مەرگ راپەری و بە شوین ری چارەیەك بۆ رزگاری مەرگ هەولی دا. بەلام بە شیوەیەکی زانستیانە و بەر بلاو لە سەدەی بیستەم دا بە تایبت لە سەر دەستی

نووسەرانی چەپگرا،گەشەی سەند، ئەم رەوتە لە ئەدەبیات هەروەك سەرهەلدانی هەموو رەوت و شورشیکیتر بوار و هەلوومەرخی تایبەتی خۆی هەیە کەئیمە لیرەدا بەخیرایی چاویکیان بە سەردا دەخشینین.

الف) چەوسانەوە و جیاوازی چینایەتی و نەتەوایەتی:

چەوسانەوە ئەمرۆکەش، هەر باسی سەرەکی ناو جەماوەرە. هەلبەت هەر وەك وتمان ئەمە باسیکی دیرینی هەیەو دەگەریتەوە سەرەتاکانی ژیانی ئینسان. بەلام بە پیی زەمان، ئەم چەوسانەوەیە، ناوەکەی گوراوە. سەردەمیك کویلە و کویلەدار بووە، کەلەودا کویلەدار مافی،چەوسانەوەی کویلەی بووە. نموونەی بەر چاوی ئەمە، چەوساندنەوی رەش پیستەکانی ئافریقا، لەلایەن سپیپیستەکانی ئامریکاوە بوو کە بە زۆری لە ولاتی خۆیان کۆچیان دان. لەم پیوندیەدا قەشەکان و گەورەکانی ئایینی هەروەك هەمیشە، بە قازانجی حاکمان و زۆرداران دەنگیان هەلبریو گوتیان ئەم کارەی کەیلە داران تەنانت کاریکە کەلە ئەنجیلەوە سەرچاوەی گرتووە."ئەوان بۆ قسەیەی خۆیان نموونەیان لە تەفسیری فەسلی ٩ی ئافراندن دەهیناوە، کە گوایە ئەو حەولادەی نوح کە تووشی غەزەبی خوا بووە، منالانی رەش پیستی لە خۆی بە جی هیشتوە، هەتا تاوانەکەی بۆ قەرەبوو بکەنەوە. هەر بۆیە دەیانگووت کە ئەم رەش پیستانە بە جی ماوانی حەولادی نوح ن، کەدەبی کویلەیی بکەن، هەتا بەشکوو ببەخشرین"ئەمرۆکەش ئەم کویلە وکویلەداریە هەر هەیە، بەلام بە شیوەیەکی ئەمرویی. لەئاکامی ئەوشیوەیە لە ناو کومەلگادا، دەبیتە هوی سەرهەلدانی رەوتیکی دژی ئەم بارودوخە، کە لە ئەدبیاتی راپەرین خوازانەیە.

ب) برسیایەتی و هەژاری:

ە ئاکامی چەوساندنەوە و زەخت و زۆریەك کە حاکمان پیکی دینن، برسیایەتی دیتە ئاراوە، کەئەوەشدەکری بە یەکیك لە هۆکارەکانی سەرهەلدانی رەوتی ئەدەبی راپەرین خوازانە لە قەلەمی بدەین. لیرەدا کە ئەدەبی راپەرین خوازانە لەگەل شورشیکی کومەلایەتی لیکتردا رەنگ دەدەنەوە و لەئاکام دا دەتوانین بلین هەر لە بەر ئەوەشە کە ئەدەبی کریکاری لەگەل ئەدەبی راپەرین خوازانە نزیکایەتیان زۆرە. لەم پیوەندیە دا و لە ناو جەماوەریکی برسیدا، رەسالەتی ئەدەبیات و شاعیر و نووسەر چیە؟ یا دەبی خۆ لەو کومەلگایە جیاکاتەوە و لەئاکام دا ئەدەبیاتیکی دوور لەو بارودوخە، کە رەنگە ئەدبیاتیکی بی رۆح بیت، بیتە بەرهەم یا ئەوەی کەخۆی تیکەل بەم بارودوخە کات و بە قازانجی ئەدەبیات، کەلکی لی وەرگری.

جاریکیان تی. ئیس. ئیلیوت گوتبووی:(ئەدەبیات رزگار دەر نیە) بەلام ئەگەر لەمن بپرسن دەلیم هەم رزگاری دەرەو و هەم رزگاری دەر نیە. چونکە ئەوەی کەتا ئیستا ئینسانیکی ئەدەبی لە چنگ زۆرداران و حاکمان بە تایبەت لە ولاتانیك کە حاکمانی چەوسینەر حکومەت دەکەن رزگار کردوە، ئەدبیات بووە، کەوایە ئەدەبیات لە لانی کەمی خۆیدا، هەر هیچ نەبی خاوەنەکەی خۆی رزگار کردووە. هەرچەند مەبەستی ئیلیوت بەستنەوەی ئەدەبیات بە چوار چیوەیەکی ئیدولوژیە ولەم روانگەیەوە، دەکری بلین لەگەل ئیلیوت هاورین. بەلام ئەوەش بەستراوەتەوە بە بارودوخی زەمانیو مەکانی خاوەن بەرهەم و مایە و جەوهەری ئەدەبی بەرهەمەکە. دەنا گائوشینگ جیان کە بەرەندەی خەلاتی نوبیلی ٢٠٠٠بووە، زۆرتر بە خاتری رۆمانی کویستانیرۆح بوو کە

ئەویش رۆمانیکی تەواو سیاسی و ئیدۆلۆژیانەیە. کەوایە دەتوانین بلین ئەدەبی بوون لە ئەدبیات دا قسەی هەوەل دەکا.

ج) دیکتاتوری و جورم و جەنایەت:

یەکیکیتر لە هۆکارەکانی سەرهەلدانی ئەم رەوتە ئەدەبییە، کوشت و کوشتاری دیکتاتورانە کە لە کوشتن و برینی هیچ کەس، تەنانەت ژنان و مندالان ناپرینگینەوە و پاشان زۆر بە ئاسانی بە تەفسیر و تەعبیریك، لە کتیبە ئاینیەکانی دەلکینەوە. نموونەی بەر چاوی ئەو جەنایەتی دیکتاتوری پیشووی عیراقە کە لە ژیر ناوی ئەنفال دا، زیاتر لە ١٨٢٠٠٠کەسی لە خەلکی بی تاوان، خستەژیر گلەوە و پاشان زۆر بیشەرمانە بە کاریکی موقەدەس و ئایینی دا وبە تەفسیری ئەنفالی لیکداوە کە دەلی: لە شەر لەگەل نەیاران دا هەرشتیکی لیان بگرن و لە بەینیان بەرن، غەنیمەتە. ئەو بەم شیوەیە ئەم جەنایەتە دراندانەیەی خۆی پاساو کرد و بە بەریوە بردنی ئەرکیکی ئایینی زانی.

د)یەکەتر لە هۆکارەکانی سەرهەلدانی ئەم رەوتە، بەکەم زانین و ماف پی نەدان بە ژنان و مندالان و لەم کارەش دا زۆر بە ئاسانی بە کتیبە ئایینییەکانی دەلکینن‌ەوە، یا ئەوەی کە خۆیان تیز و یاسای بۆ ساز دەکەن.

سێ لایانە بە کەلك و باشەکەی ئەم رەوتە:

ئەلف: ماف دان بۆ کەسایەتی ئینسانی و خۆ راهینان لەگەل خواستەکانی ئینسانی پیشرەو

ب: سرینەوەی هەر چەشنە کەیلەیی و چەوسانەوەیەك، جا لە ژیر هەر ناویك دابیت. هەروەها لابردنی رەگەز پەرەستی و هەرخۆرە ستەمیکی ئینسانی.

ج: سادقی و سەر راستی لە زاتی خاوەن بەرهەمانی ئەم جورە ئەدەبیاتەدا. ئەوان بە وتەی چگوارا"رەنگە هەلە بکەن بەلام درۆ ناکەن".

تا بە ئیستا لە باس کردنی ئەدبیاتی راپەرین خوازانە دا زۆر جار سنووری نیوان ئەم رەوتە لەگەل ئەدەبیاتی بەرخۆدان جیا نەدەکرانەوە. هەربۆیە بە پیویستی دەزانم کە قامك لە سەر خالی هاوبەش و جیاوازیەکانیان دابنیم.

هەروەك لە بەرا ئامارەمان کرد، بە پیی هەلوومەرجی ناو کومالگا و چونیەتی چەوساندنەوەی خەلك بە دەستی حاکمان، جۆری ئەدەبیاتی راپەرین خوازانەش جیاوازی هەیە،. رەنگە لە بەر ئەوەی کەتا ئیستا لە ولاتانیك کە لە روانگەی ستەمی نەتەوایەتی دەچەوسینەوە، ئەدەبیاتی بەرخۆدان هاوشان لەگەل ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە بیت،. هەر بۆیە لەو باسەمان کەتیشك دەخاتەوە سەر ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە و دوو دەفتەرە شیعریش لەم روانگەیەوە بە خیرایی هەلدەسەنگینی، رەگەی بەرخۆدان، سەرەرای لایەنی راپەرین خوازانەکەی، دەبیندری. بەلام بەهەمووی ئەوانەوە، ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە، رەسالەتیکی رەسەنی هەیە، کە رەنگە ئەو تایبەتمەندیە، ئەو لەگەل ئەدەبیاتی بەرخودان جیا دەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەدبیاتی راپەرین خۆازانە خۆی لەناو هیچ ئیدۆلۆژیەك حاسی ناکا، یا ئەوەی کە بەزمانیك بەیان دەکری کە ناتوانی لە هیچ ئیدۆلۆژیەك دا حاسیی کەی. هەر ئەویە کە ئەم رەوتە بە دریژایی میژوو حالەتیکی هەرمانی بە خۆیەوە گرتووە ولە هەر سەردمیك دا وەك ئەدبیاتیکی زیندوو سەیری دەکری. بەلام هەروەك ئاشکرایە، لە ناو ئەدەبیاتی کوردی دا بە هۆی بارودۆخی

خەلکی کورد، ئەم رەوتە بەردەوام هاوکات بووە لەگەل ئەدەبیاتی بەرخۆدان و بە تایبەت دوای شورشی ١٣٥٧ی هەتاویش بەدواوە ئەم لایەنە زیاتر خۆی بەرجەستە کردۆتەوە. ئەمە هەر لە قانعی شاعیروە کە وەك شاعیریکی سەر کەوتووی ئەدەبی راپەرین خۆازانە و لەلایەکیتریشەوە بە شاعیریکی سەر کەوتووی بەرخۆدانیشی لە قەلەم دەدەنو تا دەگاتە سەردەمی ئیستا، هەروا لەگەلی رووبەروین.

دوای شورشی گەلانی ئیران لە سالی ٥٧دا ئەم حەزو تاسەیەی کە لە بەر دیکتاتوریەتی پەهلەوی پەنگی خواردبۆە و لە روالەت دا نەیتوانیبوو، خۆی وەدەر بخات، بەلام لە ناخەوە هەر لە برەو نەکەوتبوو،هەتا ئاوارە و بە شوینی دا رەوتە ئەدەبیەکانیش هاتنە ئاراوە لە کوردستان دوو رەوتی ئەدەبی راپەرین خوازانە کە تیکەلیك لە ئەدەبی کریکاری وبەرخۆدان بوون، لە دوو شوینی جیاواز سەری هەلدا. رەوتیکیان لە شاخ و لە سەر دەستی شاعیرانیکی سیاسی وەك فاتح شیخول‌ویسلامی(چاوە)، ریبوار، ئەحمەد بازگر، نەکەرۆیز، کاکە، شەبەق.و

دەستی پی‌کرد، کە زورتر لە شیعری ئەم شاعیرانە ئاستی راپەرین خوازانە شۆینی کاریگەری هەیە. لە لایەکی تریشەوە لە ناو شارەکان دا ئەم رەوتە هاتە ئاراوە کە لە بەرسانسۆر و خەفەقانی توند و تیژی حکومەت، تا رادەیەك لە چاو هی شاخ ئاستی راپەرین خوازانە کەم رەنگترو ئارامتربوو. کە ئەویش خەفەقان و سانسوری رۆژنامەوانی لە ناو خۆیی ولات بوو، کە لە سەر دەستی شاعیرنیکی وەك، د.ئازاد، رەحیم لوقمانی، حەمە سالەی سوزەنی، مارف ئاغایی، سەعید ئەمانی، ژیلا حوسینی، نادر ئیبراهیمی، جەلال مەلەکشا دەستی پی کرد.

ئەم دوو دەفتەرە شیعرەش هەر ئاکامی ئەم شورشە ئەدەبییەیە، کە دوای دوو دەیە توانیویەتی لایەنی ئەدەبی بوون و راپەرین خوازانە، تییان دا بەرجەستە ببیتەوە.

یەکەم)باران و دلوپە و ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە:

سەعید ئەمانی بەرهەم هینەری ئەم کومەلە شیعرە لە شاعیرانی دەیەی ٦٠(بەرەی یەکەمی دوای شورشی سالی ١٣٥٧هەتاوی)ئەو دوای شورش لەگەل رەوتە سیاسی‌یەکان تیکەل بوو، خوودی شیعرەکانیشی رەنگ دانەوەیەکی ئەم رەوتانەن. ئەو بۆ خۆی جوان ئەم رەوتە لە ئەدبیات بە شیعری"شیعرچی‌یە" شیناسە دەکا. بیگومان شاعیر نایهەوی شیعر بە گشتی پیناسە کات، بەلکو دەیهەوی ئەم جۆرە لە شیعر پیناسە کات کە خۆی دەیبینی و باوەری پیی هەیە. کە وایە شیعر لە روانگەی شاعیرەوە، بانگەشەیە کە، بۆ راپەرین و تەنانت ئەم بانگەشەیە جاری وایە لە نەستی(زەمیری ناخوودئاگای) شاعیرەوە دەبیتە خرکە بەرد و دنیای ئەو کەسانە دەهەژینی کە ئاگاداری دنیای راپەرین خوازانەی شاعیر نین. جاری واشە شاعیر بە دەنگی نەرمی باران پەیامی راپەرین خوازانە بە گویی خۆینەرانی دەگەیەنی. لە لایەکی تریشەوە ئەم بانگەشەیە لە قەلایی جەماوەر دایە و ئاسوی روونی ئەم هەلقولینە، بە جەماوەر نیشان دەدا. بە گشتی ئەم لایەنە لە شیعری ئەمانی دا، گرینگترین لایەن لە رەوتی راپەرین خوازانەی ئەوە. هەروەك لە پیشدا ئاماژەمان پی کرد ئەم رەوتە باوەریکی قولی بە ئەم راپەرینە هەیە کە لە ناخی ئینسانەکانەوە سەر چاوە دەگری، بۆیە هیچ تۆفیر ناکا کە لەچ بەستێنێك جا بەیان کرابی. هەر بۆیە شاعیریش لە ئاوینەی رەنجی ئینسانەکان دا، هەر چەند ئیستا شەویکی رەش بۆتە لەمپەری، بەلام ئاسوی گەش، چاوەروانیتی. یا بە قەولی شاعیر:

لە ئاوینەی/رەنجی‌تۆدا/بەسەر تەویلی شەوەوە/ئاسویەکی/گەش دەبینم/لە ئاوینەی رەنجی تۆدا/بەسەرشانی/کازیوەوە/تەرمی شەوی/رەشدەبینم/لە ئاوینەی‌رەنجی تۆدا/

لە تەرازوی/داهاتوودا/بۆگشت بی بەشانی زەوی/بەش دەبینم/بەش دەبینم/

هەر چەند ئەم شیعرە رووی لە کومەلگایە و کومەلگا لەوە دلنیا دەکاتەوە، کە ئاسوی گەش چاوەرانیەتی، بەلام توانیویەتی خۆی لە شوعار کە جاری وایە شاعیری راپەرین خوازانە، لەبەر ئەوی کە رووی لە جەماوەرە، توشی دیت، خو بپاریزی، چونکە زۆرجار ئەدەبیات لەو بەستینە دا تا ئاستی شوعار دادەکشی و سنووری نیوان شیعر و شەعار تیکەل دەکا. بەلام شاعیر بە بەرەو لوتکە هەلکشانی ئەدەبی بوونی شیعرەکە. لایەنی شوعاری سریوەتەوە. هەر ئەوە دەبیتە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە حالەتیکی زیندو هەروەها بەردەوام لە گەریان دابوونی هەبیت. هەر ئەوەشە کە شیعری ئەمانی–مان خستە ئەو خانەیەوە، دەنا لە هیندیك جیگە دا لایەنی بەر خۆدان بە سەر لایەنی راپەرین خوازانەدا زالە. نموونەی زیندووی ئەم وتەیە شیعری کاروانە، کە ئیمە بە شیعریکی بەرزی راپەرین خوازانەی دەزانین. بەلام لە روانگەی خۆرا گریشەوە، هەر شیعریکی سەکەوتووە.لەمروانگەیەوە کە رایەل و پۆی بی پسانەوەی وەك: کاروان(کە وەبیر هینەرەوەی حەرکەتە هەروەها ئاژوان، بەریۆەبوون،ماندوو نەبوون، دەنگی زەنگی کاروانی ئازادی وریگابرین بە نیو شەوی ئەنگوستەچاو دا هەموویان نیشانەی لایەنی راپەرین خوازانە لەم شیعرە دان. بەلام لەم روانگەیەوە کە پەیامی خۆراگری وەك پەل کران کەچی هەر بەریۆە بوون، قەقنەسیکی بەدەیان جار هەلقرچاو، کەچی هەر زیندوو، هەموویان نیشانەی خۆراگری و بەر خۆدانی ئەو شیعرەن. ئەمە سەرەرای ئەوەی کە نیشانەی سەرکەوتووی شیعرەکەیە ئەمەش بۆئیمە روون دەکاتەوە کە لە فەزای سیاسی و بارودۆخی ئیستای کوردستان دا شیعری راپەرین خوازانە و بەرخۆدان لە یەکتردا رەنگدانەوەیان هەیە و تیکەلی یەکترین، بەلام شیعری راپەرین خوازانە لەهەر ئاستیك دا رەسالەتی خۆی دەپاریزی و هەرگیز خۆی بە شوعار و لایەنیکی دیاریکراو نابەستیتەوە.

دووهەم)زامستان و شیعری راپەرین خوازانە:

رەحیم لوقمانی لە شاعیرانی دەیەی دوای راپەرینی گەلانی ئیران لە سالی ۵۷هەتاوییە. ئەو وەك شاعیریکی خاوەن هەلویست لە سەرەتاکانی دەیەی شەست و دواتریش وەك دریژە پی‌دەری ئەم رەوتە، بووبە شاعیریکی خۆشەویست و هیندیك لە شیعرەکانی وەك"رۆژ لە ئاسوی سوور شەوق ئەداتەوە"و"من پشکویەك لەو ئاگرەم کە ئاسنیش دەتاوینی" بوونە ویردی سەر زاران. بەلام ئەوەی کە بە لای ئیمەوە گرینگە، لایەنی راپەرین خوازانە لە شیعرەکانی دایە. ئەویش شیعر هەر ئەم جۆرەی کە لە بیر و زەینی گەراوە، بە شیعری ژیلەمۆ ئاوا پیناسە دەکا:

شیعر بۆمن/تەنیا راز داری ژینم بۆ/ئەوەندەی جوانیك دەمپەرەست/رازەکانی لەبن هەودای/کەزیەکانی خۆی هەلدەبەست/بەلام رۆژی/دەستی شیعریك لە خۆم رابوو/زاری خامە و سینگی پەنجەمی هەلدری/وشەم یەخەی خۆمی دادری/لە گیانی ئەسپای بی دەنگی‌دا/دیل کەو تبووم/وەك ژیلموی گەرم و خامۆش/ دیتم میشك گینگل دەدا/دنیایەکی شیعری تازەم هاتبوە جۆش!

ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە ئیمە بە راپەرین خوازانە باسی لی دەکەین. دنیایەکی شیعری تازە کە وەك ژیلەموی گەرم و خاموش لە میشکی شاعیر دا گینگل دەدا و دنیایەکی شیعری تازەیبۆ دینیتە جۆش. دنیایەك کە رووناکی ئاسوی ژین بۆ ژیردەستان دینی و گورانی ژیان بۆ ئینسان دەچرن. چ لەوە موقەد دەس تر کە گورانی ژیان بۆ ئینسانەکان بچری؟.

با پیکەوە شیعری هەلچوون بخۆینینەوە و زیاتر لە سەر رەوتی راپەرین خوازانە لە شیعرەکانی لوقمانی دا بدوێین.

توورییمن/دەریایەکی بی سنووره/ئارام و مەنگ/دلی سەبرم/گرکانیکی ئامادەیە/پرۆ بی دەنگ/خنکا ئوقرەم/سووتا سەبرم/دەلیم گەرین با هەلنەچم/.

ئەم شیعرە لە روالەت دا شیعریکی بەرخۆدانە. واتە مایە و جەوهەری شیعرە کە لە روالەت دا ئەوە دەلی کە ئەگەر نەیار لەو ئاستە دا بیهیلیتەوە و باسی نەکاو، تازە ئیتر هەلناچی. بەلام ئەوە هەر روالەتی شیعرەکەیە و ناخی شیعرەکە شتیکی ترە، واتە شیعرەکە خۆی لە خۆی داهەستیکی راپەرین خوازانەی تیگەراوە. ئیمە دەبینین کە هەستی شیعرەکە گرینگی ئامادەیە و تازە لیگەرین و لینەگەرین، هەر هەلدەچی. دەمهەوی بە هینانەوەی ئەم نموونەیە بەو ئاکامە بگەم کە جاری وایە هەستی راپەرین خوازانە، نە لە روالەتی شیعرەکە، بەلکۆ لە ناخی شیعرەکەی دەبی دەرکیشین. ئەویش رەنگە هەلگەریتەوە سەر شیوەی بەیان کردن و زمانی تایبەتی شاعیر و هەروەها چۆنیەتی بارو دوخی ژیانی شاعیر، کە ئەم هەلەی بۆ دەرەخسینی کەبەمجۆرە شیعر بلی. لەقمانی لە شیعریکی تریش دا بە ناوی عەدالەت وەك شاعیریکی ئیماژیستی، تابلویەك دەکیشیتەوە و پاشان لە سەراپای تابلۆکەدا، دەتوانین ئەم هەستە راپەرین خوازانەیە لە ناخی شیعرەکەدا دەرکیشین.

لە سەر دروازەی دادگای شاردا/رەمزی عەدالەت/وەك نامەیەکی هەلچراوم دی/لە تای تەرازوو/لانەی شیواو و/لاشەی کۆتریکی سەر براوم دی/.

ئەم شیوەیە نەك هەرلەم دوو شیعرەدا، بەلکۆ لە زوربەی شیعرەکانی لوقمانی دا و بەتایبەت لە شیعرەکانی وەك کارەسات، پیچەوانە، راز، گرکان ورامان دا بە جوانی هەست پیدیکەین، کە مایەی هەمووی ئەم شیعرانە، راپەرین لە دژی بی عەدالەتی و مل نان بەرەو ئازادی و سەر بەستی و سرینەوەی باری قورسی نەتەوایەتییە. هەر بۆیە لە لای شاعیر ئەم سەدەیە، زامستانی تیزاوە و ئەم زامستانەش پشتی شاعیر و گونای سووری دیار بەکر و گۆری خۆین تیزاوی ئیمەمانانە. بەلام بە هەمووی ئەوانەوە:

لە گەرمەشینی ژینەوە/ئەهووار دەنگی زامە دیت/دەلیی فرینی کۆتری وشەن/کە چەپکە گۆل ئەدەن لە سەر قژی چیا/وەکوو ترووسکە خشلی بووکی تاو/کە ورشە ورشی وەك/وشەی زیرینی شاعیرن/بۆ زیروەشانی کاروانی ری دەرۆن.

تیبینی:

ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە لەگەل ئەدەبیاتی کریکاری خالی هاوبەشیان زۆرە، بەلام ئەوە بەو مانایە نیە کە هەر یەك بن چەنکە خالی جیاوازیشیان هەیە. هەروەك لە پیناسە کردنی ئەدەبیاتی راپەرین خوازانەدا هات،

ئەدەبیاتی راپەرین خوازانە خۆی لە ناو هیچ ئیدۆلۆژیەك دا حاسی ناكا و لە لایەكی تریشەوە، رەنگە ئەدبیاتیك راپەرین خوازانە بیت، بەلام کریکاری نەبیت. نموونەی ئاشکرای ئەوانە شورشی فۆرمالیزمی رووسی کە دوای شورشی ۱۹۱۷هاتە ئاراوە و شورشیکی ئەدەبی زمانی لە دژی زمانی پراتیکی و رۆژانە بوو، ئەدەبیکی کریکاری نەبوو. یا رومانی قەلای حەیوانەکان لە نوسینی جورج ئوورول کە ئەویش رۆمانیکی ئەدبی راپەرین خوازانەیە بەلام کریکاری نیە. هەروەها رۆمانەکەی شینگ جیان واتە کویستانی رۆح کە ئەویش ئەدەبیاتیکی راپەرین خوازانەیە، بەلام کریکاری نیە.

فەقر و جەنایت لە ئامریکا، ئینسانی پەر خاشگەر.د. شیخاوەندی

## ن . پیشەنگ سادقی

# چاوخشانیکی خێرا بەسەر رەوتی گەشە و هەڵدانی هونەر و ئەدەبی کریکاری، لەئیران و کوردستانی ئیران.

ن: سەعید ئەماني

بناغە داریژرانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری بە شیوەیەکی بەرچاو لەو هونەرمەند و نووسەرانە بوون کە سەر بە سەبك و ریبازی رئالیزم بوون، بەگشت بالەکانیەوە. رئالیزمیش هونەر و ئەدەبیاتی دەورەیەکی میژوویی تایبەت بە خۆیەتی و باری چەوسانەوە و فەسادی ئەشرافیەت و میراتەکەی، واتە سەرمایەداری دەردەخات و تەنانەت لەوەش واوەتر دەچیت و ژیانی پر لە مەینەت و کویرەوەری زەحمەتکیشان بەهۆی ئەو نیزامەوە نیشان دەدات.

نووسەران و هونەرمەندانی رئالیستی خۆیان لە ریکەوت و تەسادوف دوور دەخەنەوە و دەپارینز و وەسف کردنی شتەکانی دەوروبەری خۆیان لەسەر ئەو بناغەیە دانا کە هەر دیاردەیەکی سروشتی و میژوویی شوینی خۆی لەنیو زەنجیرەیەکی بیٔەژماری مەرج و هۆدا دەبینیتەوە.

رئالیزم نواندنی ژیانە، بەو جۆرەی کە هەیە، بەلام رئالیزم دیاردە روالەتیەکان و دیاردە لە روەکان لە جیگای راستەقینە دادەنی.

ئینگلس دەلی: سەرکەوتنی رئالیزم سەرکەوتنی راستیە بەسەر خەون و خەیال دا. هەر هونەر و ئەدەبیاتیك ئاوینەی سەردەمی خۆیەتی. سالەکانی ئاخر و ئوخری سەدەی هەژدە، پیویستیەکی میژوویی بوو بۆ وەلانانی سوننەتەکانی ریبازی کلاسیك، کە نۆینەری ئەشرافیەت و نیزامی ئاغا و دەرەبەگی بوو. هەروەها رۆمانتیزم ئاکامی سەرهەلدانی چینیکی مام ناوەندی بوو کە تیدەکۆشا بەهۆی دروشم گەلیکی وەك: بازرگانی ئازاد، ویژدانی ئازاد و حکومەتی ئازادەوە، خۆ بخزینیتە ناو دنیای هونەر و ئەدەبیاتیشەوە.

لە سەدەی نوزدە و بیستەمیشەوە بە تایبەتی دوای شەری یەکەمی جیهانی، هونەر و ئەدەبیاتیکی نا رئالیستی وەکو: ناتورالیزم، سوور رئالیزم، سمبولیزم.و، بە شکل و شیوەی جۆراوجۆرەوە لە گۆریدا بوون. هونەرمەندان و نووسەرانیك بۆ ئەوەی نەهامەتیەکانی نیزامی مەوجود و تاوان کاریەکانی شەر و شوینەواری ئالۆزیە کۆمەلایەتیەکانی دوای شەرەکە و قەیرانی سەرمایەداری لەبیر خۆیان بەرنەوە پەنایان بردە بەر ئەم شیوازە تەم و مژاوی و کینایە ئامیز و دوور لە تیگەیشتنی خەلکە. ئەم شیوە هونەر و ئەدەبیاتە، بەناو، کاردانەوەیەك بوون لەبەرانبەر ئەو قەیرانە سیاسی و ئابوورییەی کە تووشی کۆمەلگای مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە ببوو. رئالیزمیش وەکو ریبازیکی واقع گرا شیوەیەك ولام دانەوە بە نیازە هونەری و ئەدەبیەکانی کۆمەلگای سەردەمی خۆیەتی. رئالیزم پاش مەکتەبی رۆمانتیزم هاتە گۆری کە لە ئاسمانی خەیالدا دەفری و راستیەکانی لەبەرچاوی کۆمەل حەشار دابوو.

یەکیك لە رەخنەگرانی ئەدەبی دەلی: ئەدەبی رئالیزم پەردەی ناهەمواری لەرووی رومانتیزم و چینی سەرمایەدار هەلمالی. قوتابخانەی رئالیزم، ئەدەبی داگرتە سەر زەوی، ئەدەبیك کە رۆمانتیکەکان بردبوویانە دنیایەکی خەیالاوی ئاسمانیەوە.

رئالیزم پیی وایە هونەر و ئەدەبیات دەبی لە خزمەت خەلکدا بێ بە توندی هیرش دەکاتە سەر سیستەمی سەرمایەداری و کەرەستەی ئەزموونەکانی لەچین و تویژە رەش و روتەکان وەردەگری. بەهۆی رئالیزمەوە کریکار وەك چینیکی مافخوراو هاتە نیو ئەدەب و هونەرەوە. ئالیرەوە خۆری هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری دەردەکەوی. بەر لە مەشرووتە و ئەوەی پیی دەلین مەشرووتەخوازی بزووتنەوەیەکی فکری و فەرهەنگی لە ئیرانیش دەست پیدەکات کە نوینەرایەتی چینی تازە پیگەیشتوو لە ئیراندا دەکات و خۆ دەنوینی. بەدژی فەرهەنگ و هەل و مەرجی زال بەسەر کۆمەلگادا هەلویست دەگری. بزووتنەوەی مەشرووتە خوازی، بزووتنەوەیەکی مادی و کۆمەلایەتی دیاری کراوە، بە شیوەیەك لە چەشنی روشنگەری لە ئوروپا دەست پیدەکات و شاعیران و نووسەرانیکی تیدا پەروەردە دەبیت، ئەمە دریژەی دەبی تا دوای مەشرووتەش، لە هەمان حالدا ناسیونالیزمیکی ئیرانی لەناو ئەم رەوتەدا خۆی حەشار داوە کە داوای سەربەخۆیی‌یەکی زیاتر بۆ مرۆڤی ئیرانی دەکات و دەیەوی بەرژەوەندی‌یەکانی بورژوازی ئیرانی لەبەرانبەر بورژوازی ولاتانی‌تردا بپاریزی. ئەمەش دەبیتە بیرۆکەیەکی کۆمەلایەتی کە بەرژەوەندی چینی دەسەلاتدار نوینەرایەتی دەکات و هەروەها زال دەبیت بەسەر ئەدەبیاتی ئیراندا و شکلی پیدەدات و چوارچیوەیەکی فکری نویی بۆ داستان و شیعر و رۆمان دروست دەکا، واتە لەگشت بوارەکانی ئەدەب و هونەردا رەنگ دەداتەوە بە شیوەیەکی گشتی ئەم رەوتە بە چەشنی جۆراوجۆرەوە تاکاتی ئیسلاحاتی ئەرزی، کە بوو بەهۆی پیکهاتنی شیوەیەکی‌تر لە پەیوەندی کۆمەلایەتی، هەر دریژەی بوو. ئەم ناسیونالیزمە فەرهەنگی ئەدەبیە لەو ماوەیەدا زۆر گەشە و هەلدان و نزم بوونەوەی بە خۆیەوە بینی.

لە سەردەمی رەزا شادا شیوەیەکی‌تر لە ناسیونالیزم سەر هەلدەدات کە شیوەیەکی حکومەتی و بیرۆکەی وەك دژایەتی لەگەل عەرەب و گەلانی‌تر پەرە پیدەدات و تەنگ بە ناسیونالیزمە لیبرالیەکە هەلدەچنی و پاشەکشەی پیدەکات. بەلام ناتوانی هونەرمەند و شاعیر و نووسەرانیکی زۆر بەلای خۆیدا بکیشی. هیندیکیش لەگەل خۆیدا هاوئاهەنگ هەر دەکات. ناسیونالیزمی سەردەمی مەشرووتە تووشی بون بەستیك دەبیت، تووشی بێدەرەتانیەك دەبیت، لەگەل شکستی ئارمانە ئازادی خوازانەکەی‌دا رووبەروو دەبیت و بە هۆیەوە ئەو ئەدەبیاتە پیشکەوتن خوازانەی کە تازە گەشەی کردبوو، تازە گولی کردبوو، دادەمرکی و شیوەیەك ئەدەبیاتی بێهیوای ماتەماوی سەر هەلدەدات و برەو پەیدا دەکات. لە دەورەیەکی‌تردا بەهۆی خولقاندنی فەزایەکی ئازادترەوە ئەم گرایشە ناسیونالیزمە لیبرالیە سەر هەلدەداتەوە، وەك سیاسەت لە کۆمەلدا و لە پالیەوە

دەبینین کە نووسەری شاعیری و هونەر بە گشتی سەر لەنوی دەبوژینەوە و دینەوە مەیدان. لەگەل ئەمەشدا کە سەردەمی دوای شەری دووی جیهانی‌یە گرایشیکی کۆمەلایەتی تریش سەرهەلدەدا، گرایشیکی ریفۆرمیستی کە ئەویش خۆی ئیلهام بەخشی شیوەیەك هونەر و ئەدەبیاتە.

ئەم گرایشە ریفورمیستیە، لەراستی‌دا لە زووەوە بناغەکەی دامەزرابو، یان رووداوەکانی دنیا، رووداوە کریکاریەکانی دنیا وەك ئوروپا و شورش ١٩٠٥ی رووسیە و باقی ناوچەکانی جیهان شوینەوار لەسەر ئەم گرایشە لە ئیران دادەنین و دەبنە بەردی بناغەی ئەم گرایشە. ئەم گرایشە هەرچەند بەکزی بەلام لە دەورەی مەشرووتەوە هەستی پیکراوە، بە شیوەیەك هەل و مەرجی ژیانی چینی کریکار و خەلکی فەقیر و هەژار و تویژی خوارەوەی کۆمەل لە شوینەوارە کانیاندا رەنگی داوەتەوە و سەرنجیان داوەتێ. رۆشنتر بلیم شوینەواری ئەم گرایشە بە بەرهەمەکانی "فەرووخی یەزدی" و بە تایبەتی "لاهووتیەوە" بەباشی دەبیندری، بەر لەوان کەسانیکی وەك "عارف قەزوینی"، "عیشقی" و کەسانیکی دیکە سەرنجیان دابوە ئەم لایەنە. ئەمانە هەرچەند ناسیونالیست بوون بەلام بە شیوەیەك هەل و مەرجی ژیانی چینی کریکار و زەحمەتکیش وەك راستیەکی کۆمەلایەتی ئاژین بۆتە ناخی بەرهەمەکانیانەوە.

لەدوای مەشرووتە بەم لاوە هەرچەند ئەم ریبازە فکریە هیندە بەهیز نیە بە باشی هەستی پیبکری، بەلام بەرهەمیکی زۆری ئەدەبیاتی پیشرەو و کریکاری وەردەگیردریتە سەر زمانی فارسی و ئەوە خۆی خزمەتیکی گەورە بە بەرەوپیش چوونی ئەم گرایشە دەکات. ئەم بەرهەمە ئەدەبی‌یە جیهانی‌یە کە وەرگیردراوەتە سەر زمانی فارسی برەویکی باش بەدەست دینی.

دوای ئیسلاحاتی ئەرزی، چینی کریکار بە شیوەیەکی بەرچاو پەرە دەستینی، بەلام دەبینی کە لەگەل پەرەسەندنی چینی کریکار ئەدەبیاتی ئەم چینە تا سالی ٥٧ بەباشی خۆی نانوینی، بەلام شتیکی کە بە باشی هەستی پیدەکری بوونی رەوتیکی وردە بورژوازی‌یە، رادیکالیزمیکی وردە بورژوازی، نارەزایەتیکی وردە بورژوازی‌یە کە بە بەرینی لە ئەدەبیاتدا خۆی دەردەخات. لە سالەکانی ٤٠ تا ٥٠ی هەتاوی شیوەیەکی‌تر لە ئەدەبیات دیتە گۆری کە لەچاو ئەوی پیش خۆی نارازی‌تر و راپەرین خوازانەتره و ناوەرۆکیکی دژی سەرمایەداری و دژی ئیستعماری تیدایە. ئەم شیوە گرایشە دەبیتە هۆی بەدیهاتنی هونەرمەندانیکی لەچەشنی "سەعید سولتان پوور" و "خوسرەوی گولسورخی" هەلبەت لەپال ئەم گرایشەدا و لەژیر کاردانەوەی ئەو کەش و هەوا کراوەیەدا هونەرمەندانیکی‌تر و شیوەکی‌تر لە ئەدەبیات، بەلام بە تەواوی دواکەوتوانە دینە ئاراوە کە کەسانی وەك "جەلالی ئالی ئەحمەد" نوینەرایەتی دەکەن.

لەسالی ٥٧ بەم لاوە هەل و مەرجەکە دەگۆری، هەولیکی چروپر لەپیناو گەشە پیدانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاریدا دەست پیدەکا، ئەم هەولە زۆرتر لە بواری وەرگیرانی بەرهەمە کریکاریە جیهانی‌یەکانە بۆسەر زمانی فارسی. وردە وردەش لەگشت بوارە فەرهەنگی و هونەری‌یەکاندا بەرهەمی جۆراوجۆری کریکاری دەخولقیندرین، بەشیکی بەرچاو لە شاعیران و نووسەران و هونەرمەندانی ناوخۆ سەرنج دەدەنە ئەم بەشە لە هونەر و ئەدەبیات و پەرەی پیدەدەن. کریکاران و زەحمەتکیشانی ناوچە جیاجیاکانی ئیران بەرهەمی هونەری سەربەم رەوتە و تایبەت بە فەرهەنگی ناوچەکەی خۆیان بەرهەم دینن و خزمەتیکی باش بە گەشە و هەلدانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری دەکەن. بەداخەوە ئەم بوارە لەبارە دوای شۆرشی١٣٥٧ زۆر بەردەوام نابیت و لەلایەن بە دەسەلات گەیشتوانی کونەپەرستی کۆماری ئیسلامی‌یەوە بە شیوەیەکی زۆر وەحشیانە و دژی ئینسانی دەکەویتە بەر سەرکوتیکی توند و خویناوی. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینی دەبینین کە لە مەودای ئەم دوو سێ سالەی لە ٥٧ تا ٥٩دا بەرادەی گشت ٧٠ سالی رابردوو، هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری، کاری بۆ کراوە و تەرجمە و نوسینی بۆ چاپ و

بلاو کراوەتەوە. ئەگەرچی ئەم بەرهەمانە بەشیکی کەمیان هی خودی نووسەران و هونەرمەندان و کریکارانی ئیرانی بوون، بەلام بەمەشەوە ئەم شوینەوارانە کاردانەوەی باش و بەرچاوی خۆیان بوو، چ لەباری بردنە سەری پلەی وشیاری سیاسی و چ لەبواری پەرەپیدانی هونەر و ئەدەبیاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر "کاپیتال" شکلی داوە بە وشیاری چینی کریکار لەئیران، یەقینەن "نینا"ش شوینەواری تایبەتی خۆی بوە، رۆمانی "دایك"یش هەر بەو چەشنە.

بە واتایەکیتر رەوتی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری لەسەرەتای سالی ٥٧وە بە شیوەیەکی هەست پیکراو سەری هەلدا و سەرتاکانی بە روونی دەرکەوت. بەلام زۆر زوو کۆماری ئیسلامی بەری پیدەگری و سەرکوتی دەکات. ئەگەر ئەم رەوتە لە کوردستاندا چاو لیبکەن، (مەبەستم کوردستانی ئیرانە)، بەناوەرۆکیکی ناسیونالیستییەوە بەر لە کۆماری مهاباد دەست پیدەکا، واتە جیاواز لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی. "سەیف القوزات" یەکەمین کەسیکە کە بناغەی ئەم رەوتە دادەریژی، بە تایبەت لە ناوچەی موکریان دا. ئەمیش ئیلهام بەخشی بەرهەمەکانی، ناسیونالیزم بوو هەربەم هۆیەوە سەرنجیکی زیاتری دەدایە شیوەی ژیان و ئاخاوتنی جەماوەری خەلك، ئەمە خۆی یارمەتی دەری بووبۆ دۆزینەوەی شیوەیەکی زمانی کە لە شیوە کلاسیکیەکەی زۆر هاسانتر بوو، ئەم شیوە فۆرم و زمانە، خەلکی زۆر هاسانتر لیّ حالی دەبوو لەچاو شیوە کلاسیکیەکەی پیش ئەو.



ئەو کوششەی بەر لە کۆماری مهاباد کراوە هەولیکی کاریگەر بوە. بۆیە هەر دوای تیکچوونی وەزعی ئیران و نەمانی دەسەلاتی حکوومەتی لە کوردستان و پیکهاتنی کۆمەلەی ژ– ك و دامەزراندنی کۆماری کوردستان، ئەدەبیاتی کوردی بە شیوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند. بەلام ئەدەبیاتیکی بە تەواوی ناسیونالیستی و بورژوازی.

بەهۆی پەیوەندییەکی کە خەلکی کوردستان لەگەل شورەویدا بوویان رەگەیەك لە ئەدەبیاتی سوسیالیستی دیتە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، ئەگەرچی شوینەواریکی ئەوتۆی نابیت. چون زۆرتر تاریف و پیاهەلدانی ئیستالین و ئالا و داس و چەکوشە، باسیك لە هەل و مەرجی ژیانی چینی کریکاری تیدا نیە، ئەگەریش برووبیت زۆر کەم رەنگ بوە. لەم دەورەیەدا بەرهەمی هینديك لە شاعیرانی وەك "قانع"و "هیمن" و تارادەیەکیش "هەژار" لە ئەدەبیاتیکی سەر بە خەلکی چەوساوە و زەحمەتکیش نزیك دەبیتەوە. ئەمەش خۆی ئەوە دەردەخات کە بەهۆی خزووری ئەم چینە لە کوردستان، وەك هەر شوینیکیتری دنیا، هەل و مەرج و شیوەی ژیانی لە ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیدا رەنگی داوەتەوە. لەدوای ئیسلاحاتی ئەرزییەوە بەهۆی گۆرانیکی کە لە کوردستان دا رویدا، بوو بەهۆی ئەوەی کە شیوەیەکیتر لە هونەر و ئەدەبیات سەر هەلبدات ئەم ئەدەبیات نوییە کە لەلایەن رۆناکبیرانی کوردەوە بەدی هیندرا سنوورەکانی لەگەل ئەدەبیاتی ناسیونالیستی بورژوای بەر لە سالەکانی چل دا زۆر روون نیە، بەلام سوژە و تیمەکانی و هینديك بیرۆکە و فۆرمی جیاواز لەگەل ئەدەبیاتی ناسیونال بورژوازی پیش خۆی ئەمە نیشانەی هەولیکە بۆ نزیك بوونەوە لەژیانی زەحمەتکیشان و دەرخستنی ئەم شیوە ژیانە لە دووتویی هونەر و ئەدەبیات دا ئەمە هەولیك بوو بەرلە شورشی سالی ٥٧ درابوو وەك خۆی میراتیك بوو، هەرچەند بەرتەسك و بچووك، میراتیك سەر بە چینی زەحمەتکیشی کۆمەلگا کە بەشیك لە لایەنەکانی ژیانی ئەوانی تیدا نیشان درابوو.

لەدوای شۆرشی سالی ٥٧وە لەپال هەر میتینگ و کۆبوونەوەیەکدا، هەولیکی بەرین بۆ پیشکەش کردنی هونەر و ئەدەبیاتیکی شۆرشگیرانە و رزگاری خوازانە و پیشکەوتن خوازانە و روو لە زەحمەتکیشان دەدرا. ئەم هەولانە دوو ریبازی تیدا دەبیندرا کە یەکیکیان بە روونی دیار بوو ئەدەبیاتیکی بە تەواوی کلاسیکی کۆن و ناسیونالیستی بوو کە بەرەوی باش

و بەرچاویشی بوو. لەناو ئەو بزووتنەوە بەرینە جەماوەرییەدا و ئەوی دیکەیان ئەدەبیاتیکی تازەتر و بە تەواوی جیاواز لەگەل ئەوی دیکەدا بوو وە دەیەویست پەرەپیدەری شیوەیەکی‌تر لە ئەدەبیات بیت. ئەم دوو رەوتە هەر لە پاییزی سالی ٥٧ وە دەبیندران، ئەگەر شیعریکی سەر بە رەوتی پیشوو بخویندرایەوە حەتمەن لەپالیدا شیعریکی کریکاری و زەحمەتکیشی دەخویندراوە. شیعرەکان، قانع ئەوانەی وا لە پەیوەند لەگەل هەل و مەرجی ژیانی خەلکی کریکار و زەحمەتکیش دا بوون کرانە سروود و لەماوەی چەند مانگ دا بەرادەی ٤٠- ٥٠ سالی رابردووی خویندرانەوە و کەوتنە سەر زاران. شیعری "ئارەق و تینی" هیمن و "ئەیاری" هەژار هەر بەو شیوەیە کەوتنە سەر زاران. لەگەل ئەوەشدا تینویەتیکی کۆمەلایەتی، نیازیك کە لە کوردستاندا لە پەیوەند لەگەل هونەر و ئەدەبیاتەوە هەست پیدەکرا، ئەو میراتە ئەدەبی‌یەی لەبەر دەست دا بوو وەلام دەرەوەی نەبوو ئەو تینویەتیەی نەدەشکاند. ئەم نیازە بوو بە هەوینی سەر هەلدانی هونەر و ئەدەبیاتیکی نوی. ئەمەش لەگشت بوارە ئەدەبیەکاندا خۆی دەنواند، وەك شیعر، شانۆ، سروود و چیرۆك.

بەهۆی لە ئارادا بوونی بزووتنەوەیەکی زیندو و بەهیزی جەماوەری و دریژەی ئەم بزووتنەوەیە و حزووری رەوتیکی چەپ و کۆمۆنیستی بەهیز لە کوردستاندا، ئەم گرایشە گەشەی سەند و هەلی دا و هەرچی دەهات پتر خۆی لە رەوتەکانی‌تری پیش خۆی دوور دەخستەوە و توانی وەلامی بەشیك لە نیازەکانی ئەو بزووتنەوەیە بداتەوە. واتە خودی بزووتنەوەکەش کاردانەوەی لەسەری بوو. سروودی "ئەنترناسیونال" لە نیاز و کاردانەوەی بزووتنەوەکەوە سەری هەلدا و سروودی "یەکی ئەیاریش" هەربەم شیوەیە. وە بەرەبەرە بەم شیوەیە لە مەودای ١٠- ١٥ سالی دوای شۆرشی سالی ٥٧وە ئەدەبیاتیك بە ناوەرۆکی کریکاری و زەحمەتکیشیەوە و بە ئیدعای کریکاری و زەحمەتکیشی بوونەوە شکلی گرت، لە کوردستاندا بەشی هەرە بەرچاوی هەلسووراوانی ئەم گرایشە لە ریزەکانی کۆمەلەدا بوون. لە دریژەی تیکۆشانیان دا بەم ئاکامە گەیشتن کە چوارچیوەیەکی فکری بۆ خۆیان داریژن و توانیان بە شیوەیەکی بەرچاو شوینەوار لەسەر کۆمەلگای کوردستان دابنین.

ئەم رەوتە شایەد لە دەورەیەکی زەمانی‌دا تووش نەکسە و رکوود بووبیت بەلام ئیستاش، هەرچەند هیندیك پرش و بلاو، بەلام هەر بەردەوامە و بە هیچ شیوەیەك حاشای لی ناکری. دیارە ئەم رەوتەش لەگەل هەموو شیلگیری و گەشە و هەلدان و لایەنە بەهیز و لاوازەکانیەوە توانی ولامی تەنیا بەشیکی زۆر کەمی نیازەکانی بزووتنەوە ونیازە کۆمەلایەتیەکان بداتەوە، چونکە ئەم کۆمەلگایە زۆر لەوە نیازمەندتر و تینوترە پیویستی بە هەول و ماندووبونی زیاترە. هەرچەند هیندیك بە بیانوی "مۆدیرنیزم" و "پۆست مۆدیرنیزمە"وە چاو لەم رەوتە دەنوقین و لە بەرچاوی ناگرن، بەلام حزووری بەرچاوی چینی کریکار لە جەرگەی کۆمەلگادا و ژیانی کۆلەمەرگی بەشی هەرەزۆری کۆمەل بیانەوی و نەیانەوی گرایشیکی کۆمەلایەتی دروست دەکات و ئەم گرایشە هونەرمەندان و شاعیران و نووسەرانی خۆی لەنیو تیکوشەرانی کریکاری و هونەرمەندانی پرولیتری‌دا پەروەردە دەکات و دەتوانی سەرنجی زۆر ئەدیب و نووسەر و هونەرمەندی ئازادی خواز و مرۆڤ دۆست بۆ لای خۆی رابکیشی و لە ئاکامدا بەرهەمی زۆر پربایەخ و ئینسانی لە داهاتوودا بخولقینی.

سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری هانا ١٢- ١١ی سالی ١٩٩٩

٢- کاستیك کە بەداخەوە ناوی خاوەنەکەیم بۆ نەدۆزرایەوە.

٣- لەو دیو رەنگ و پەردەوە. چاپی ١٩٩٥

# لەناو جەرگەی خەباتی کریکاراندا، ریالیزم کەتەوە جوولە

"بیروباوەرە بلاوکراوەکانی هەر کۆمەلگایەك، بیروباوەری چینی دەسەلاتدارە" ئەم لیکدانەوەیەی کارل مارکس بەگشتی هونەر و ئەدەبیاتیش دەگریتەوە، چونکە هەموو سیستەمەکان وەك سەرخانیك بۆ ژیرخانی چینایەتی خۆیان ئەدەب و هونەریان کۆنترول کردوە.

بەپیی تیئوری مارکسیزم بناغەی سەرەکی ژیانی ئینسان لە موناسباتی بەرهەمهینانەوە سەرچاوە دەگری و رەنگدانەوەی کات و سەردەمەکەی خۆیەتی. لەو بارەوە مارکس دەلی: با بۆ پەیوەندی هونەری "گریك" و دواتریش شکسپیر بروانینە سەردەمەکەیان، باش دەزانین کە شیوازی هونەری گریك تەنیا کەلەکە بووی هونەری یونانی نەبوو بەلکو ئەو خاکە بوو کە تیّیدا رووا، کە وابوو ئا دەکرا، ئەو رەوتە بەرەو سروشت و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی کە بناغەی خەیالی گریك و دواتریش هونەری گریك پیك دەهینن، لەگەل بوونی ئامرازی میکانیکی و ریگای ئاسن و قەتاری هەلمی و تیلگراف بەرقیدا هەبی؟ میتۆلۆژیای یونانی بناغەی هونەری یونانییە. سروشت و شیوەکانی کۆمەلایەتی بە شیوەیەکی نائاگا و بە ریگەیەکی هونەری، لە خەیالی میللیدا داریژراون، ئەوەش ئامرازی هونەرەکەی خولقاندوە. ئەم پەرەسەندنە لە کۆمەلیکدا رووداوات کە هەموو پەیوەندییەکانی ئەفسانەیی بە سروشتەوە بەلاوە بنیت و لە هونەرمەند داوای خەیالیك بکات کە پشت بە ئەفسانە نەبەستیت. ئەوەش راستییەك دەردەخات کە ئەو هونەرە ئاکامی واقعیە کۆمەلایەتیەکەن، ئەگەر ئاوریك لە میژووی هونەر و ئەدەب بدەینەوە ئەو مەسەلەیەمان بۆ روونتر دەبیتەوە.

ئەدەب و هونەر پیویستییەکی ژیانی ئینسانە لە یارمەتیدانی بۆ زالبون بەسەر ئەو کۆسپانەی کە سەر ریگای پیدەگرن، ئینسانی سەرەتایی لەئاست کارەساتی سروشتی و دڕندەکانی لەخۆی بەهیزتر، ناچار بە ژیانی بە کۆمەل بوون، هەر بەم پیّیە هونەرەکەشیان واتە ئەو ئاهەنگانەی دەیانگیرا بە هەمان شیوەی ژیانیان دەستە جەمعی بوو.

دواتر و لە سەردەمی کویلەداریدا ئەفسانەی فرەخوایی و ملکەچی خەلك لە ئاستیاندا، کە بەرەنجامی واقعی کۆمەلایەتی ئەو قۆناغە بوو لە هونەر و ئەدەبیاتەکەیاندا رەنگی دایەوە.

ئەگەر بەپیی قوناغ بەندی وەك ئەوەی بۆ ئەدەب و هونەر کراوە، تیپەرین دەبی لە کلاسیکەوە دەست پیّبکەین ئەو قوتابخانە ئەدەبییەی پیّبەپیی بەرژەوەندییەکانی ئەو چینە هاتبۆ ئاراوە ئەرستۆ کراتەکان بەهۆی ئەوەی دسەلاتیان لە دەستی کویلەدارەکان دەرهینابوو، هەمان بۆچوونیان سەبارەت بە چینی خوارەوە هەبوو. کلاسیکیش کە ئەدەبی ئەو چینە بوو بە تیکرایی هەمان بیروبۆچوونی ئەرستۆکراتەکانی تیدا پەیرەو دەکرا. ئەدەبیکی قەبە و وەك دەرەبەگەکان خۆ بە زل زان، ئەدەبیك کە پشتی بە وشەسازی دەبەست و ناوەرۆك دەکەوتە پەراویزەوە، هەرگیز خەمیان نەبوو تیکرای خەلك لیی تیدەگا یان نا. چونکە ئەوان رەش و رووتیان بە خلتەی کۆمەل ئەزانی و بە تایبەتی بۆ نەجیب زادەکانیان ئەنووسی. لەگەل لەگۆڕنانی رژیمی دەرەبەگایەتی و هاتنە کایەی رژیمیکی ئابووری نوی کە سەرمایەداری بوو، ئال و گۆریکی ریشەیی

لەهەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتی و سیاسی و رۆشنبیرییەکاندا بەدیهات. کلاسیزمیش وەك بەشیك لە سەرخانی ئەو سیستمە، رامالراوە، کەوتە لاوە و مەکتەبی رۆمانسیزم جیگای گرتەوە.

رۆمانسیزم وینەی ناخی ئینسانی بورژوازی بوو، ئەو ئینسانانەی کە دنیایەك نەخش و نیگاریان لە خەیالدا بۆ سیستمەکەیان کیشابوو. بەلام ئینسان چۆن بۆ خەونە دوورە دەستەکانی، سواری ئەسپی ئەفسانەیی خەیال دەبی، بە ئاسمانی ئارەزوەکانی‌دا دیت و دەچی رۆمانسیزمیش ئەدەب و هونەری خەیال بوو.

لە هەناوی رۆمانسیزم دا دوو روانگە هەبوو، یەکیکیان وینەی جیهانیکی ئایندەی رەنگریژ دەکرد و ئەوی‌تر بەرچاو تاریکانە دەیویست بەو نەخش و نیگارەی لە خەیالی دایە بگەریتەوە و رابردوو برازینیتەوە. هەر یەکیك لەوانە ئەمەی دەخواست، بەلام بەرژەوەندی چینایەتی سەرمایەداران شتیکی‌تری دەخواست، کەلەکە کردنی سامان لەسەر ژیانی زۆرینەی خەلك. بیزاری لە مادە خوازی بورژوازی بوو بەهۆی ئەوەی کۆمەلیکیان بە نائومیدی بەرەو مەکتەبی هونەر بۆ هونەر برد، بەلام بزووتنەوەی نارازی و بزیوی کریکاری کە زۆرینەی لە بەرانبەر کەمایەتی بورژوازی‌دا پیك دەهینا، لەناخی‌دا دنیایەك ئال و گۆری هەلگرتبوو، کە ریالیزمیش لەودا چاوی هەلینا و توانی جیّ بە قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر لیژ بکات و لەسەر کەلاوەی رومانسیزمی بورژوازی بناغەکانی خۆی دابمەزرینی.

ریالیزمیش وەك رۆمانسیزم، زمانیکی سادە و هەلقولاوی ناو خەلك بوو بەلام ئەمیان بە پیچەوانەی ئەوەوە کە پشتی بە هەست و سۆز بەستبوو، بناغەی خۆی لە راپەرینی زانست و ئەزموونگەری وەردەگرت و ریالیزم بۆ یەکەمجار چینی کریکاری وەك چینیکی بەشخوراو ناساند و لەناو هونەر و ئەدەبیاتیش دا جیگای کردەوە.

لەئەنجامی توند و تیژ بوونەوەی ئەو ململانی چینایەتی‌یەدا، ریالیزمیش هەنگاوەکانی گورج کردەوە و تەنیا بەوەوە نەوەستا، ناکۆکی‌یەکانی چینی بورژوازی دەربری و دیفاع لە چینی کریکار بکات، بەلکو لەوە زیاتر چوە قولایی ململانیکەوە و فکری گۆرینی واقعی بلاو کردەوە و کەوتە نەخشەکیشان بۆ ژیر و ژوور کردنی کۆمەلی بورژوازی، لە ئاکامی هەنگاویکی ئەوتۆدا ریالیزمی سوسیالیستی لیکەوتەوە.

کاتیك ئەدەب و هونەر حیزبی بن و بەرژەوەندی چینیك بپاریزن، وەکو هەمیشە وایە، دەبی ئەوەش دەرك پیّ بکەین لەگەل هەر بۆ پیشەوە چوون و پاشەکشەیەکی بزووتنەوەکەیاندا، ئەوانیش لە هەلکشان و داکشان دا بن.

لەگەل گەشەی بزووتنەوەی کریکاری و سوسیالیستی لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا، ئەدەب و هونەریش لە زۆر بواردا گیشتنە لوتکە، بەلام ئەوکاتەی هەنگاوەکانی رووە و سوسیالیزم لەلایەن ئیستالینی‌یەکانەوە بەربەست کرا و داخوازی‌یە کریکاری‌یەکان کەوتنە لە قالبدانەوە و بزووتنەوە کریکاری‌یەك دەستەمۆ کرا، رەوتە ئەدەبی و هونەری‌یە شورشگیرەکەش کەوتە خامۆشی.

لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا و پاش جەنگی سارد بانگەوازی "کۆتایی میژوو" بە روالەت مەرگی کۆمۆنیزم، ئەدەب و هونەریکی بە هەمان شیوازەوە هینایە بوون، کە دەیوت: ئەمە کۆتایی میژووە و هەنگاونان بۆ پیشەوە تەواو بوە. کە واتە بەو مانایە دەبی هونەر بۆ هونەر بیت. ئەمە لەئاکامی پاشەکشەی بزووتنەوەی کریکاری‌یەوە بوو، بەلام زۆر بەسەر ئەوەدا تینەپەری، خرۆشانە کریکاری‌یەکان سەلماندنیان میژوو راناوەستی و هاوکات لەگەل دەنگی دلیرانەی کریکاراندا، لاشەی تەزیوی ریالیزم کەوتەوە جوولە. ئاشکرایە وەك چۆن میرگ و چیمەن بی نیرگز نابی، هاوکات لەگەل دەرکەوتنی ناوەرۆکی

لیبرالیزمی نوی بۆ هەموو بەشەریەت و ئەو موبارزە بەرینەی کریکاران کە زۆربەی جیهانی داگرتوە، جاریکیتر تابلۆ واقعییەکان گەرانەوە پیشانگاکان و شیعر و چیرۆك و فیلمە سادەکانی هەلقولاوی ژیانی خەلك هاتنە ئاراوە و نمایش کران.

ئەو راستییانە دەیسەلمینن کە هونەر و ئەدەبیات لە واقعی کۆمەلایەتیدا براونین و لەگەل رووداوەکاندا ئاویتەیەکی تەواویان هەیە و پی بەپیی مادیەتی میژوو هەنگاو هەلدەنین.

کەواتەدەکری بلیین ئەوکاتەی تارمایی کۆمۆنیزم ئاسمانی سیاتلی داپۆشی، شنەبای ریالیزمیشی لەهەناودا بوو.

ئامادەکردنی : بێستون

# چینی کریکار و هونەر و ئەدەبیات

پیشەکی

رۆژی ٢٥ی مانگی مارسی سالی ١٩١١ لە قاتی سەرەوەی بینایەکی ١٠ قاتی لەشاری نیۆیورك، ئاگریکی گەورە کەوتەوە. خاوەنی ئەم قاتە لەو بینایە کۆمپانییەکی جل و بەرگ دروی ژنانە بوو کە لەودا١٤٩ کریکاری ژن لە شوینیکی نیوەتاریك و پر لە کەل و پەل خەریکی کارکردن بوون. کریکاران هەر کە گری توندی ئاگرەکەیان چاوپی کەوت بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە هیرشیان برد، بەلام دەرگاکانیان بە داخراوی بەروی خویان دا دیت. ژمارەیەك خۆیان فری دایە سەر شەقامەکە و لەت و پەت بوون و ئەوانی دیکەش بە زیندویی بونە کۆلۆ. لەگەل بلاوبوونەوەی هەوالی ئەم رووداوە خەلك و بە تایبەتی کریکاران تورەیی و هەراسانی دایگرتن و خوازیاری محاکمە و بە سزاگەیاندنی تاوانباران بوون. لەسالی ١٩١٢دا فیدراسیونی سەراسەری خاوەن کارخانەکان بۆ بە لاریدا بردنی بیروڕای گشتی، بودجەی سازکردنی فیلمیکی دا بە نێوی "جنایەتی سەرچاوە گرتو لە کەمتەرخەمی" لەو فیلمەدا وا نیشان دراوە کە قونچکە سیگاری یەکیك لە کریکارە بیموبالاتەکان بۆتە هۆی ئەو ئاگر کەوتنەوەیە. لەسالی ١٩١٥دا لە فیلمیکیتردا هەر سەبارەت بەم روداوە بەنیوی "گەورە ری" گیرانەوەیەکیتر بە بینەران نیشان درا. لەو فیلمەدا خاوەن کاریکی چاوچنوك دەبینین کە هاوری لەگەل بەرپرسە دلرەقەکەی، تویشوو و هیزی کریکاران لە شوینیکدا کە حەشیمەتیکی تیدا کۆبۆتوە و لە هەرچەشنە ئامرازیك کە پیش بە روداوەکان بگری بیبەری، لەناو دەبەن و دەرگاکانیشیان بەسەردا دادەخەن.

با باسی روداو و بەرهەمیکی دیکە بکەین. رۆژی یەکەمی مانگی ئۆکتوبری سالی ١٩١٠، نوسینگەی رۆژنامەی دژی ریکخراوی "لۆس ئانجلیس تایمز" بە دینامیت دەتەقیتەوە و ٢٠ کەس لەو کەسانەی لەو نوسینگەیەدا کاریان دەکرد گیانیان لەدەست دا. بیروڕای گشتی سەرەتا لە لوس ئانجلیس و دواتر لە سەرتاسەری ئامریکا Jmc Namara ،

بیرورایەکی تورە بوو. کارناسە دامەزراوەکانی خاوەنی ئەم رۆژنامەیە لە مانگی ئاوریل دا، جان مەك نامارا سەرنووسەر و خەزانەداری "فیدراسیونی نیونەتەوەیی کریکارانی پردەکان و ئیسکلیتەکانی ئاسن" و براکەیان لە ئیندیانایان دەستگیر کرد و بە شیوەیەکی گوماناوی بە مەبەستی محاکمە کردن گەراندیانەوە بۆ لوس ئانجلیس. "فیدراسیونی کاری ئامریکا" هاوکات لەگەل بەریوەبردنی کارەکانی دیکەی، پیشنیاری سازکردنی فیلمیکی دا کە بریار بوو ئەو فیلمە یارمەتی بدات بە ئازاد کردنی ئەو دوو برایە و هەروەها یارمەتی دەریك بیت بۆ "رزگار کردنی ئابروی فیدراسیون" سالیك دواتر فیلمیك بەنیوی "شەهیدی ئامانجەکەی" Thhe Mantyr to hiscause سازکرا. ئەو فیلمە لەمیژووی ئامریکادا وەك یەکەمین فیلمی بەرهەم هاتوو لەلایەن کریکارانی ریکخراوەوە نیوی دەرکرد و وەك "هەلخرین ترین فیلمی سەدەی بیستەم" بانگەشەی بۆ کرا. لەو فیلمەدا، جان مەك نامارا و ریکخراوە چەپەکان پاریزەری ناوەندە دیموکراتیکەکانن. کاری تاقەت پروکین دەکەن و هەولی چر و پر دەدەن، پیشە، ولات و بنەمالەکانیان دەپەرەستن و بەردەوام بۆ نەهیشتنی پیداویستییەکانیان پەنا دەبەنە بەر بارەگای خوا. ریبەرانی فیدراسیون ٢٧٧٥ دولار لە پولی کریکارانیان پاشەکەوت کردوە تا بە ئامانجیکی کاتی بگەن. بەلام لە کردەوەدا سەرجەم بایەخە بنەرەتییەکانی بورژوازی تەئید و بانگەشەیان بۆ دەکەن. بەهۆی دان پیدانانی براکەی مەك نامارا، ئامانجی کاتی نایەتە دی، بەلام بایەخە سەقامگرتوەکانی بورژوازی بەهیز بوون.

لیرەدا ئیمە لەگەل سێ جۆر گیرانەوە روبەروین کە بە شیوەیەکی هونەری و بە زمانی فیلمی سامت دەریان بریون. بابەتی هەرسیك بەرهەمەکە، مەسەلە کریکاریەکانە. بەلام دوو فیلمیان لەخزمەت بەرژەوەند و ئامانجە کاتی و سەقامگرتۆکانی چینە دارا و چەوسینەرەکان دان و ئەوی دیکەشیان لەخزمەت بەرژەوەندی کریکاران دایە. دوو فیلمیان سەربە بنەمالەی "هونەر و ئەدەبیاتی بورژوازین" و فیلمیکیشیان لەریزی "هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری" دایە. من مەبەستمە لەم وتارەدا دووهەمیان بدەمە بەرباس و لیکولینەوە و چەند لایەنیك لەم بابەتە بە شیوەیەکی عەینی روون بکەمەوە. لیرەوە کە مەسەلەکان، بەرژەوەندەکان، بۆچونەکان و رەوتەکان لە بواری هونەر و ئەدەبیات کەمتر بەم شیوە ساکار و رونە رەنگدەدەنەوە و هەروەها خودی ئەم بوارە بەپیی بەرینایی چینکە، بەربلاوە هەروەها بە سەرنج دان بە هیندیك زانیاری خۆم، لیرەدا تەنیا دەتوانم ئاماژە بە هیندیك مەسەلە بکەم و باسەکە بینمە ئاراوە. باس و تویژینەوەی زیاتر هەلدەگرین بۆ ئەو مەجالانەی کە لە داهاتوودا دەرەخسین.

دابەش کردنی هونەر بەسەر دوو بەشی پرولیتری و بورژوازی، نەیاری زۆر هەبوو ئیستاش هەر هەیەتی. لە ئاوا حالەتیکدا پیویستە ئەم بەیتەی مەولانا وەبیر ئەو کەسانە بهینریتەوە.

بەلگەیە بۆ رۆژی روون تیشکی هەتاو

گەر لە بەلگە دەگەریی رووی لی وەرمەگیرە بەپر تاو

بۆیە دەبی قەبول بکری کە نەیاران لەم بوارەدا قسەی جیددییان هەیە و لەم بوارەدا هیچ مەسلەحەتیك لەوەدا نیە کە ئەم بەیتەی حافز بکەینە چرای رینوین کە:

وتی: سووك و ساکار بروانە کارەکان، کە بەهۆی خوخدەوە جیهان بۆ خەلکی هەولدەر ئەستەم دەبی.

من نامهەوی لەم وتارەدا زۆر بچمە ناو باسی تیئوریك. ولامی نەیارانیش بەدان پیدانان بە بایەخەکەی دەمینیتەوە بۆ مەجالیکی دیکە.

ئەوەی من لیرەدا دەمهەوی بچمە سەری، باس کردن لەچەند نموونەیەکی عەینی لە میراتی چینی کریکارە و هەروەها ناساندنیکە بۆ ئەوەی کە لانی کەم بتوانی لە کرانەوەی ریگای چونەناوەوەی مشت و مریکدا کاریگەر بێ.

میراتی هونەری ئەدەبی چینی کریکار

ئینگلستان وەك یەکەمین ولات لە جیهان دا کە سەرمایەداری تییداهەلی داوە، گونجاوترین شۆنیکە بۆ ئەوەی کە پی و شۆنی بەرهەمەکانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری بگرین. لەسەرەتای شورشی سەنعەتیدا بەهۆی گەشە نەکردنی زانیاری چینایەتی، کریکاران نەك سەرمایەدار و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری، بەلکو ئامرازەکانی کار وەك هۆکاری بیکاری و هەژاری و بێبەشی خۆیان دەزانن. ئینگلس لە "هەل و مەرجی چینی کریکار لە ئینگلیس" یادیك دەکات لە شاعیریك بەنیوی "ئیدواردپ مید" E pmead ، کە ئەم دەرك و هەستە زالە بەسەر کریکاران دا دەردەبری. ئینگلس چەند کوپلەیەك لەشیعری ئەو دینیتەوە، کە من کۆپلەی یەکەمی لیرەدا دینمەوە: لیرە پاشایەك هەیە، سەرداریکی بێبەزەیی- تاجی سەری خەیالی شاعیر نیە، ناپاکیکی ستەمکاری سەرەرۆیە- هەلمی ناوە، ماشینی هەلم- کۆیلەکان دەیناسن بەباشی. یەکەمین شاعیریکی گەورە کە قورسایی سیاسی، کۆمەلایەتی و دەور و نەقشی خەباتکارانەی کریکارانی بە رەسمیەت ناسی و هیوای خۆی بۆ رزگاری لە نەکبەتی سەرمایەداری بەوانەوە گری دا، شللی Shelly ، (١٧٩٢-١٨٢٢) بو. ناوبراو لەچەند شیعریکدا بە کریکاران هەلدەلی، "میراتگرانی رازاوە و قارەمانی چیرۆکە نەنوسراوەکان"ی دەخویندەوە و بانگەشەی بۆ دەکردن بۆ شورش لەدژی زالمان. ناوبراو لە "سرودیك روبە خەلکی ئینگلیس" لە کریکارانی شار و لادی دەپرسی:"خەلکی ئینگلیس! بۆچی بۆ دەرەبەگ زەوی ئەکیلن کە ئەوان بەرەو هەلدیرتان دەبەن و هیچتان ناهیلن دەیچنن بە رەنج و ئازار عەبای رەنگاورەنگی ستەمکار- رەنیوبینن، ریگە مەدەن بەروبوی بۆ ستەمکار بێ- سامان بەرهەم بینن، ریگا مەدەن بە چاوچنۆکی مشەخۆر چی لە ئەنبا بێ. بچنن عەبا، بەلام با بیکارەیەکی مفتەخۆر نەیپۆشی- چەك دروست کەن بۆ دیفاعی جەماوەرێ کە دەخرۆشی. رابن، وەرنەدەری لە دەربەند و سلولەکانتان."

شاعیریکی دیکەی ئینگلیسی کە سەعات کاری دور و دریژە و کەمی داهات و هەژاری کریکاران بە شیعریکی هەرگیز لەیاد نەچوو دەردەبری، تۆماس هوود T. Hood (١٧٩١-١٨٤٥). ناوبراو لە "سرودی کراس"دا کە سالیك بەر لە مەرگی بلاوی کردەوە، شکایەت و نارەزایەتی دەربرینی ژنیك کە شوغلی درونە دەردەبری. چەند بەشیك لەو بەرهەمە بخوینەوە.

ژنیك بەدەستی پرتووکاو و هیلاك- بەچاوی سووردا‌گەراو و ئاوساو، بە جلیکی نائاسایی دانیشتوە و دەرزی و دەزوی بێ راوەستان لە کارایە، دەرزی لەناوەوە بۆ دەرەوە، لەدەرەوە بۆ ناوە لەهات و چۆ دایە- دەست تەنگ و برسی لەو کاتەوە کەلەشێری سەحەری دەخوینی و- کار، کار و هەلسووران- هەتا کاتی درەوشانەوەی ئەستیرەکان- چ پرئازارە کۆیلە بوون و- بوونی نیزامی پر لە بیزاری هەلچوون.

هونەرمەندیکی دیکە کە لەو سەردەم دا بارودۆخی کار و ژیانی کریکارانی کریگرتە و هەروەها هەستی خەبات گیرانە و ماف خوازانەی ئەوان لە ریگای چیرۆك و شیعرەوە دەردەبری، ئیرنیست جۆنز E. Jones ، (١٨١٩-١٨٦٩) یەکیك لە ریبەرانی چارتیستەکانە.

من چەند گۆشەیەکی هەلبژیردراو لە "تەرجیع بەندە" بەنیو بانگەکەی ئەو بە نیوی "سرودی خوارە و" لیرەدا دینمەوە. ئەم سروده کە بە ئاوازی گۆرانییەکی کۆن چراوە، بە شیوەیەکی بەربلاو لە کۆبوونەوەکان و کۆر و کۆمەلە کریکارییەکان دا دەوترا و بوو بە ویردی سەرزاری جەماوەری کریکار:

ئیمە لە خوارەوەین لە خوارەوە- لەخوار خوارەوە- خوارەوە کە هیچ شتیك لەو نزمتر نیە- خاوەن سامانەکان لە سەرەوەن- ئیمە بەرەو بەرزیمان بردن- یانسیبی چارەرەشی بەنیوی ئیمە دەرچو- زۆر خراپ دەرچووە- زۆر خراپ دەرچووە بەرەو نزمایی دەچین نزمایی- ئەو خوار خوارە- بۆ جەهەنەمی قولایی کانزاکان- شانازیترین گەوهەر کۆدەکەینەوە- کە لەسەر قوببەی زالمیکی سەرەرۆ دەدرۆشینەوە- لە خوارەوەین بەلی- خوار خواری- سەرەرای ئەوە کاتیك شەپیوریان توراند- چەکی هەژارە و- دلی لەخۆ رازیترین شاهان.

چیرۆکە چارتیستییەکان

١-"خۆری درەوشاوە و سیبەرەکان": چارتیسم یەکەمین چیرۆك نوسانیکی ناسراو کە لەنیو خۆییدا دابونێ دەرەوە، سەربە چینی کریکار بوون. من لیرەدا ئاماژە دەکەم بە دوو کریکار- نووسەر و بەرهەمەکانیان. یەکەمینیان تۆماس مارتین ویلرە Tm. wheler . ناوبراو یەکیك لە هەلسووراوانی هەلکەوتە و ئەندامی کۆمیتەی بەریوەبەری چارتیستەکان بوو کە لە ماوەی سالەکانی ١٨٥٠-١٨٤٩ کورتە چیرۆکی "خۆری درەوشاوە و سیبەرەکانی Sunshine and shadow نوسی. نووسەر لەریگای نیشان دانی دوو کەسایەتی سەرەکی، دوو هاوەمەدرەسەیی، کە یەکیان دەبی بە تاجریکی دەولەمەندی شەراب ئەوی تریان لەماوەی پروسەیەك دا دەبی بە کریکار و بەریزی چارتیستەکان پەیوەست دەبی، باس لە خەباتی چینایەتی لە ئینگلیس لەماوەی سالەکانی ١٨٣٢ تا ١٨٤٨ دەکات. ویلر روداو بە روداو و ولات بە ولات، بە دوای قارەمانەکانیدا دەروا و ئال و گۆرەکانیان نیشان دەدا. ناوبراو مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کریکاران، باری رۆحی ئەوان و هەروەها دژی کردەوە و هیرشەکانی دوژمنی چینایەتی و جۆری بیرکردنەوە و شیوەکار و خووخدەیان نیشان دەدا. تۆماس خووخدەی سیکسی و پەیماننامە ئیزدواجیەکانی سەردەمی ویکتوریا دەداتە بەر رەخنە و لە پەیوەندی جنسی ژنیکی ئیزدواج کردوو لەگەل خۆشەویستەکەی داکۆکی دەکات. بۆ ئەو ئەوین و هۆگری پیوانەیە، نەك پیکەوەنانی ژیانیکی هاوبەش کە پابەند بێ بە مەسلەحەتە پولیەکان. تۆماس ویلر بە سەرنج دان بە ئامانجە سیاسی و بارهینانەکانی کە هەیبوو، خۆی لە چوارچیوەی ئەو تکنیکە رئالیزمانەدا نەبەستەوە کە لەلایەن نوسەرانیکی وەك چارلز دیکنز بەکار دەبران و بو بە پیشەنگی شیوازیك کە "رئالیزمی پرولتری" نیودیر کراو و شیوە هەلدانەکەشی لە "مرۆڤ دۆستانی کۆنەپۆش" دا The Regged Tnousaned philan thnopists بەرهەمی رۆبیرت ترسل R. Thessell دەبینینەوە.

١-"مرۆڤ دۆستانی کۆنەپۆش" ئەم چیرۆکە لە ١٧٠٠ لاپەرەدا نوسراوە. ترسل لەسالی ١٩١١دا و لە تەمەنی ٤٠ سالیدا بە نەخۆشی سیەکانی گیانی لەدەست دا. بەلام بەرهەمەکەی بۆ یەکەم جار، بە شیوەیەکی کورت کراوە لەسالی ١٩١٤دا بلاو کراوە. دواتر لەدەیەی ٥٠دا ناشرانیکیتر نوسراوەکەیان ریك و پیك کرد و چاپ و بلاویان کردوە. ئەو وەرگیراوەی کە ئیستا بە زمانی فارسی هەیە ویدەچی وەگیراوی یەکیك لەو نوسخانە بێ کە لە دەیەی ٥٠دا چاپ کراوە.

BBCیش لە دەیەی ٧٠دا پییداچووە کە لەراستیدا چەواشەی کرد و بلاوی کردوە. ئەم شاکارەی روبیرت پیشەکییەکی هەیە کە لە زۆربەی چاپەکانی کتیبەکەدا نەهاتووە. ناوبراو لەودا دەنوسی کە لیکولینەوەی دوو ئامانج وای لی کرد کە ئەم چیرۆکە بنوسی.

یەکەم ئەوە کە، سیمایەکی راستەقینە لە ژیانی خەلکی کریکار لە شاریکی چکولە، هەلکەوتو لە جنوبی ئینگلیستان نیشان بدا و دووهەمیش، دەرمانی دەردەکان دەست نیشان بکات، کە بە بروای ئەو تەنیا سوسیالیزمە. حەکایەتەکە بە پیداچوونەوەی چیرۆکیك، هەل و مەرجی کار، ژیان و خەباتی ژمارەیەك کریکاری بیناسازی لە سالەکانی ١٩٠٧-١٩٠٦

خەریکە. ئەوە سەردەمیکە کە حکومەتی لیبرالی بە دەنگی زۆربەی چینی کریکار بە دەسەلات گەیشتوە و بە راگەیاندنی بیمەی بیکاری، بارهینان بە خۆرایی لە دەورەی سەرەتایی و مافەکانی خانەنشینی، پایەکانی دەولەتی رەفاهی داهاتوو دادەریژی. فرانك ئون (کە گوایا بەنیوی رابرت ئون Rowen یەکیك لە سێ سیما درەوشاوەکانی سوسیالیزمی خەیالی و کراوە) قارەمانی چیرۆکەکەیە کە لە جەرگەی کار و خەبات دا هەول دەدا تا بە کریکاران نیشان بدا کە بێعەدالەتی سەرچاوە گرتو لە هەناوی سەرمایە دایە.

ناوبراو ئەو تەبلیغە بۆ کریکاران دەکا کە دەست لە گوی رایەلی هەلگرن، باوەریان بەهیزی بە کۆمەلی خۆیان هەبی و سوسیالیزم بیننەدی. ئون لەکاتی خۆپیشاندان دا، لەریزی کۆبوونەوە، لە کاتی پشودان دا، بۆ ساتیکیش ئەو ئەرکەی خۆی لەبیر ناباتەوە. ناوبراو کە وەك زۆربەی روناکبیرانی پرولتری و پیشرەوان و ریبەرانی کریکاری لەوسەردەمەدا کەسیکی خۆرسك بووە، تیدەکۆشی راستی و دروستی تیئوریەکانی ئابووری سوسیالیستی بە سەرنج دان بە ئەزمونەکانی خودی کریکاران شیبکاتەوە.

لە دەیەی بیست دا کیشە و ناکۆکی چینی کریکار لەگەل سەرمایەداران و دەولەتەکەیان لە ئەساس دا لە بواری سیاسییەوەیە نەك لەبواری فەرهەنگ و هونەر. هەر بۆیە لەم دەیەدا تەنیا چەند بەرهەمی هونەری جیگای سەرنج دان دەخولقین. سەرەرای ئەوە، خەباتی ئەم دەیە وبە تایبەتی مانگرتنی سەراسەری مانگی مەی سالی ١٩٢٦، سەرەرای ئەوەی کە پیگەیشتوییەك لەگەل خۆی دینی، بۆ خۆی راستەوخۆ دەبیتە سەرچاوەی چەند چیرۆك لە دەیەی سیدا. بە گشتی دەیەی سی یەکیك لە درەوشاوەترین دەیەکانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکارییە. لەو سەردەمەدا، رئالیزمی سوسیالیستی (بەشیوەی بەرلە زال بوونی ژدانفیسم) هاوری لەگەل شیوەیەك کە رئالیزمی بەلگەییان ناو نابوو، شیوازیکی زالە. نوسەران جیا لە سەرنج دان بە کار و باری نیو کارخانە، کانزا، ریکخراو، حیزب، دەولەت لە سەروی کار و وەحشیگەری سەرمایەداری، خۆیان بە مەسەلەی پیاوانە بوون (وەدەست هینانی هژمونی لە ریگای توند وتیژی، زال بوونی هیزی باسك و باز وبەسەر عەقل و دۆزینەوەی ریگا چارە لە ریگای توند و تیژە بەتاك، باوك مەزنی، ئاسەوارە زیانبارەکانی شتە باو و زالەکان بەسەر ئیزدواجی بورژوازی، پەیوەندی جنسی ئەدیبی (پەیوەندی جنسی دایك و کور) مەسەلەکانی ژنان، لاوان و فاشیزمیش خەریك دەکەن. لەسیما ناسراوەکانی ئەو دەیە دەکری ئاماژە بەزۆر کەس بکری کە من تەنیا ئاماژە بە سێکەسیان دەکەم. هەر لەم دەیەدا لەنیو ئەدەبیاتی کریکاری‌دا چیرۆکی کورتیش جیگا و شوینیکی گرینگ بۆخۆی دەستەبەر دەکات. لەم دەورەیەش دا نووسەران، هەروەك هونەرمەندانی شۆرشی چارتیزم خۆرسکن و بەرهەمەکانیان یان لە کاتیك دا دەنوسن کە بیکار کراون یان لەو کاتەدا کە بە هۆی سیاسییەوە زیندانی کراون. تەنیا جیاوازییەك کە هەیە ئەوەیە کە لەم دەورەیەدا کولیژی کریکاری دادەنری کە لەودا مەسەلە ئەدەبی و هونەریکانیش ئاموزش دەدرین.

(١٩٣٣) بەرهەمی والتر Lowe on the pole گرینوود W.G.neen wood ، یەکیك لە چیرۆکە بەنیو بانگەکانی ئەو سەردەمەیە کە لەسالی ١٩٤١ کرا بە فیلم. لەم چیرۆکەدا بۆ یەکەمجار دەور و نەقشی دەولەت لە ئابوری‌دا کاریگەری ئەو لەسەر بارودۆخی کار و ژیان نیشان دەدری. نوسەریکی دیکە کە شیاوی ئەوەیە نیوی بهینری، هارولد هزلوپ H.Heslop کە کریکاریکی کۆمۆنیستە لە کانزادا کار دەکات، ناوبراو لە سیهەمین بەرهەمی‌دا Last caga Down کاریگەری خراپی، نەبونی زانیاری چینایەتی و زانیاری ریکخراوەیی و پیویستی پەیوەست بوون بو کۆمۆنیزم لەنیو گیرانەوەکەی خۆیدا هەلینجی.

نووسەر لەم چیرۆکەیدا لە بەرابەری تەواوی ژن و پیاو داکۆکی دەکا. هزلوپ لەسالی ١٩٢٩ لە کونفرانسی یەکیتی ئەنترناسیونالیستی نووسەرانی شۆرشگیر لە خارکوف وتبوی: هونەری پرولتری لە بریتانیای کەبیر لە هەل و مەرجیکی زۆر دواکەوتوانە دایە، لەراستیدا خەریکی هەلینانەوەی هەنگاوە سەرەتاکانیەتی.

لوئیس جۆنز L.Jones یەکیکیتر لەو کریکارە کۆمۆنیستانەیە کە ئەویش لە کانزادا کار دەکات، بارودۆخی کار و ژیان و خەباتی کریکارانی کانزاکان، مانگرتنی گشتی سالی ١٩٢٦ و ئاکامەکانی، کاریگەریەکانی شەری یەکەمی جیهانی و خەباتی دژی فاشیستی لە دوو رۆمانی Wmardy و Wal iveی ناوبراودا رەنگ دەدەنەوە.

شانۆی کریکاری لە دەیەی سیدا

"بزووتنەوەی شانویی کریکاران" لەسالی ١٩٣٢دا سێگرووپی لەخۆ دەگرت کە یەکەمیان بەنیوی "گرووپی شانویی کریکاری هاکنی" لەسالی ١٩٢٦دا پیك هات.

ئەو بزووتنەوەیە هاوکاری دەیان گرووپی موسیقی لەپشت بوو لەگەل گرووپە شانۆییەکانیتر لە ئوروپا، ئامریکا، ئالمان و شورەوی پەیوەندی هەبوو. یەکەمین کونفرانسی سەرتاسەری "بزووتنەوەی" لەسالی ١٩٣٢دا بەریوە چوو. کونفرانس تەئیدی کرد کە ئامانجەکەی دراماتیزەکردنی خەباتی چینایەتییە و بەکار هینانی شانۆ وەك چەکیك لە خزمەت شۆرشی کریکاری دایە. ئەم گرووپانە، ویرای بە شانۆ دەرهینانی چەند بەرهەمیکی کەسانیکی وەك ترسل، شاوو Show کارل چاپك Capek ، زۆرترین هەولی خۆیان بۆ ئەوە تەرخان دەکرد کە بەرهەمی کورت و هیرش کەرانە بخولقین و ئەوان لە کارخانەکان و دەورووبەری کانزاکان و گەرەکە کریکاریەکان بیننە سەر شانۆ. بە گشتی لەماوەی ٩ سال دا، سەدان هەزار کریکار و بنەمالەکانیان ئەو بەرهەمانەیان دیت و کول وکۆ دلیگرتن. کریکاران بە دیتنی هاوچینەکانیان لەسەر سەحنەی شانۆ هەستیان هەلدەخرا، لەوەی کە باس لە دەردەکانیان دەرکرا پییان خۆش بوو لە ئاکام دا هان دران کە لە خەبات دا بۆ باشتر بوونی ژیانی خۆیان و یان بۆ روخاندنی نیزامی سەرمایەداری، کە رایاندەگەیاند بێشك بەم زوییانە دەروخێ، هەلسووراوانە بەشداری بکەن.

ئەم بزووتنەوەیە شیوەکانی "Agit-Prop "ی کە لەسالی ١٩١١ لە ئالمان شیوەی کۆتایی خۆی وەدەست هینابوو، بە تەواوی بریتانیای ناساند. شانۆ لە سالۆنەکان هینرایە دەر و برایە شوینی کار و ژیان. پیشوازی لەم گرووپانە تا رادەیەك بوو کە ئەکتەرەکان جاری وابو لەلایەنی نواندنەوە عەزیەتیکی زۆریان پی دەدرا بەلام بۆ خۆیان بەم کارە رازی بوون. بۆ بینینی یەکیك لە شانۆکان ٢٥ هەزار کەس بەشدارییان کردبوو. دەورگیران دەبوو بە جۆریك دەنگیان هەلینابا کە دەنگیان بەم ریژە زۆرە هۆگرە گەیشتبا. لە نووسراوەکان دا شیوە نووسینی بە کۆمەل بەکار برا. رئالیزمی بەلگەیی و نووسین سەبارەت بە ژیان و کردنی بە شانۆ ئەو مەجالەی رەخساند تا سەدان کریکار بە کۆمەلی نووسەران و ئەکتەرەکان پەیوەست بن. بەگشتی گرووپەکانی هونەری کریکاری، ئارمانخوازی و باوەر بە خۆ بونیان بەهیز کرد و کریکارانی کریگرتەیان ماف خوازتر و چاوەروانییان لە دەولەت زیاتر و بویرتر کرد. ئەم بزووتنەوەیە کە بە لانی زۆرەوە لە دەسکەوتەکانی شۆرشی ئوکتوبر لە شوورەوی ئیلهامی وەردەگرت، سەرەنجام بە وەلانانی بیر و باوەری خەباتی چینایەتی بە قازانجی بەرەی یەککرتو لەدژی فاشیزم، لە "کۆنگرەی نووسەرانی شوورەوی" لەسالی ١٩٣٤، ریگای لەناو چوونی گرتەبەر و لەسالی ١٩٣٨دا بە تەواوی لەناو چوو. ئەم قەتعەیەی خوارەوە کە لەحالی ریژەدا دەوتری، پیشەکی یەکیك لە شانۆکانی سەرشەقامە:

له کارگاوه بۆ کارخانه، لەبەردەم تۆدا، بەریز دەروین– هەتا دەنگی کریکاران جاریکی‌تر بیته گوی. له قوولایی رۆژەکانی دوور و دریژ، تاقەت پروکین– هەتا ئیوه سەرئەنجام بخرۆشین. بۆ پچراندنی دلیرانەی، زنجیری کۆیلەتی– ئیتر بەسیەتی پێ‌پەتی– ئیمه ئەکتەرانی کریکارانین–ئیمه بەرەی سوورین، بەرەی سووری کریکارانین. ئیمه دێننه سەرشانۆ، هەتا نیشانی تۆی بدەین– که چۆن تالانکراوی و خوینت دەمژن. جیهانی کۆن له ئاستانەی دارمان دایه– وەره و هاوکارم به بیروخینین ئەم دنیایه– بیکاری، خیرابوونی رەوتی کار و حەقدەستی کەم– برسیەتی و نەداری روویان کرده مالەکەم. ئیمه به شانۆ و فیلم دەری دەبرین که ئەوان شەو و رۆژ له هەولدان– هەتا شەری راستەقینەی چینایەتیمان لی ون بکەن. ئیمه ئەکتەرانی کریکارانین.

ئامریکا و هونەری پرولتیری

هونەر لەهەمان کاتدا که کارکردی جۆراوجۆری هەیه، چەکیکیشه لەدەست چینەکان دا بۆ شەر کردن. سینەمای سامت ئەم راستی‌یه باشتر له هەر ئامرازیکی پەیوەندی گرتنی دیکه نیشان دەدا. لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا سالۆنەکانی شانۆ و سینەماکان له ئەساس دا شۆنی کۆبوونەوەی کریکاران بوو. فیلم له هەلسەنگاندن لەگەل ئۆپیرا و شانۆ شتیك بوو که باشتر دەستیان پیی رادەگەیشت. خاوەن کارخانەکان، خاوەن زەوی زارەگەورەکان و بازرگانەکان که تا سەدەیەك لەمەوبەر ویرای کریکاران نیوی بەرهەم هینەریان له خۆیان دادەنا، ئیستا له کۆشك و تەلارە کان دا نیشته جین و خاوەنی گەلیك شانۆ، ئورکیستری سەمفۆنیەکان و ئوپیراکان بوون که بەرهەم هینەرانی راستەقینه بواری کەلك وەرگرتن له ئەوانیان نەبوو. کاتیك که یەکەمین شانۆ– سینەما لەسالی ۱۸۹٤دا لەشاری نیۆیورك کرایەوە، ئەوه ژنان و پیاوانی کریکار و منالەکانیان بوون که هەموو شەوی سالۆنی شانۆ و سینەمایان پرکرد. شانۆ– سینەماکانی دواتریش له ئەساس دا له گەرەکه کریکار نشینەکانی شارەکان سازکران. ئەو جەماوەره میلیونیه له بینەران بوه هۆی ئەوه که هەم سوسیالیستەکان و ریکخراوه کریکاریەکان و هەم کاسبکاران سەرنجیکی تایبەتی بدەن به کریکاران و شیوەکار و خەباتەکیان. به هۆی ئەوەی که حەلقه فیلمیك لەنیوان ۱۰۰۰ تا ٤۰۰ دولار خەرجی تیدەچوو بلاوکردنەوە و شوینی نیشان دانی تەنیا لەدەست کەسیك دا قەتیس نەبوو، سازکردن و پیشاندانی فیلمه کریکاری‌یەکان کاریکی ساکار بوو. چینی کریکاری ئامریکا که بەهۆی رەگەز، مەزهەب، جنسیەت، کەمینه و زۆرینه و کۆچ بەر و غەیره کۆچبەر ببو به چەندین بەش، له سالۆنەکان و سینەماکان دا بوو که هەستی به یەکگرتویی دەکرد. خولقینەران لەسەر پەردەی سینەما، دریژەیان به شەریك دەدا که لەناوەندەکانی کار و لەسەر شەقامەکان لەدژی بێ‌مافیەکان و چەوسانەوه وەرێیان خستبو. یەکیك لەو کەسانەی که بۆ یەکەمجار سەرنجی ئەم راستی‌یەی دا، ریبەریکی مەزهەبی بوو بەنیوی Howe، ناوبراو نوسی که فیلمەکان هەستی چینایەتی هەلدەخرینن و هوشداری دا که ئەوانه خەریکن دابەش دەبن بەسەر گروپه پیشەسازی‌یەکان، چینەکان، سوسیالیزم، سەندیکالیزم بیروباوەره رادیکالەکان.

یەکەمین دەرهینەری گەوره که فیلمه کریکاری‌یەکانی سازکرد، دیوید وارك گریفیت D.W.Griffith (۱۸۷۵ –۱۹٤۸) بوو. دیوید که منالی کویله داریکی خەلکی جنوب بوو، بەهۆی بۆچونی رەگەزپەرستانەی "لەدایك بوونی نەتەوەیەك" دژایەتی خۆی لەگەل رەش پیستەکان نیشان دا. بەلام ناوبراو لەدژی ئەو نابەرابەریانەی که له کۆمەلی سپی پیستەکان دا هەبون و هەروەها له ئاست ستەم لەدژی کریکارانی سپی پیست نارەزایەتی دەردەبری. ناوبراو بەدوای وەرشکەسته بوونی باوکی، ماوەیەك له کارخانەکان دا کاری کرد و دەرد و رەنجی سەرچاوه گرتو له چەوسانەوەی تەحەمول و تەجرەبه کرد. تەمەنی ۲۱ سال بوو که بو به ئەکتەر و له سەفەره جۆراوجۆرەکانیشی‌دا شیوەی جۆراوجۆری هەر لەم دەرد و ئازارانه بەچاو دیت.

لەسالی ١٩٠٨ بۆ بە دەرهێنەر و تا سالی ١٩١٣ بەپێی پێویستی بازار، ٥٠٠ فیلمی (کورت)ی سازکرد. بەشێك لەو فیلمانە کە سەبارەت بە ژیانی کرێکاران، یان لە ئەزمونە شەخسیيەکانی مایەیان وەرگرتبو یان لەو شتانەی کە بەچاو دیتبونی. ناوبراو لە فیلمی "سرودی کراس" و "گوڵی زەنبەق لە چواردیواری‌دا" کاری پر لە رەنجی ژنانێك نیشان دەدا کە کاریان چنینە و جیا لە کاری دژوار و کەم داهات، لەلایەن خاوەنکارانە وە دەست درێژی جنسیشیان دەکرێتە سەر. ناوبراو لە "منالی گتوگ و "تەنیا ناوەندی خێزان" ئەو پولیس و مەئمورانەی خێزان نیشان دەدا کە بە چاوێکی گوماناوی و هەروەها سوکایەتی پێ کردنەوە لەگەل ئەو کەسانە هەلس و کەوت دەکەن کە سەردانی ئەو شوێنە دەکەن و لە "جنایەتیکی‌تردا" رەخنە لەبوونی دوو ملکدار دەگرێ کە خەریکن یاسا لەدژی بێ‌بەشان و بە قازانجی دەولەمەندان شی‌دەکەنەوە و هتد. بورژوازی بە پەنا بردن بە چیرۆکەکانی ئەنجیل و هەروەها چەواشەکردنی راستی‌یەکان، ولام بەمجۆرە فیلمانە دەداتەوە. بۆ وینە لەو جێگایە کە کەسانێك بە ئیلهام وەرگرتن لە سوسیالیزم، چاوچنوکی سەرمایەداران، بێکاری و سەعات کاری دوور و درێژ یان بە هۆکاری برسیەتی و تیداچونی کرێکاران دەزانی، لایەنگرانی سیستمی سەرمایەداری بە پالپشتی سوسیالیزمی داروینیزم و "هەلبژاردنی ئەسب" کرێکاران بە بونەوەر گەلیکی تەمبەل و لاواز و خۆشیان بە هەولدەر و بەهێز نیشان دەدا. بەلام کیشەی راستەقینە لێرەدا بوو کە روداوێکی ناسراو و گەورە دەبو بە بابەتی فیلم.

لەمانگی سپتامبری سالی ١٩١٣، کرێکارانی شێرکەتی سوتەمەنی و ئاسنی کلراو و بۆ زیاد کردنی حەقدەست و باشتر بوونی ئەمنیەت لەشوێنی کار مانیان گرت. کاتێك کە فریوکاری و مەزهەب چارەساز نەبوون، لەمانگی ئاوریل دا خاوەن کار بە زەبری پۆلیس، کرێکاران و بنەماڵەکانیانی لە ماڵەکانی کارخانە وەدەر نا. خولقینەرانی سەروەت و سامان لەبەر دەرکی کارخانە، لە ناوچەیەك بەنیوی لادلو Ladlow ، چادریان هەلدا. خاوەن کار، لەهێزی چەکداری خۆی و گاردی نەتەوەیی لەدژی کرێکاران و بنەماڵەکانیان کەلکی وەرگرت. بەکرێگیراوان بە چەك، ٢٤ ژن و پیاو و منالیان کوشت. دواتر چادرەکان ئاگریان تێبەردرا. دوو ژن و یازدە منالیش کە لە کەلێن و قوژبنەکان دا خۆیان حەشار دابو، سوتان و گیانیان لەدەست دا. تورەیی و کوڵ و کۆ بیرورای گشتی داگرت. سالی ١٩١٤، کارفەرما بە یارمەتی رێکخراوی خاوەن کانزاکان دەست بەجێ خەرجی سازکردنی فیلمێکی دا بەنیوی "ئەزمونی کرێکارانی کانزا"، لەو فیلمەدا نەزانی کرێکاران وەك هۆی رودانی ئەم روداوە پیشان درا. هەر لەو سالەدا، دەرهێنەرێکی سوسیالیست بەنیوی "جوزیف وایس" لە فیلمی "دەبێ چ بکرێ"دا؟ نیشانی دا کە بە چ شێوەیەك کارفەرما و بەرپرسانی دەولەتی بۆ تێك شکاندنی مانگرتن و پێك هێنانی ترس لەنێو باقی کرێکاران، دەستیان دایە کوشتنی جینایەتکارانەی ئەوان. لەو فیلمەدا ژنان دەوری رێبەری دەگێرن.

کاریگەری‌یەکانی هونەری حەوتەم تا رادەیەك بوو کە حیزبی سوسیالیست و فیدراسیونی کاری ئامریکا کەلك لی وەرگرتن لە سینەمای لە بریارنامەکانی خۆی‌دا گونجاند. ئاماژەم بە فیلمی "شەهیدی ئامانجەکەی" کردووە. دەبێ لێرەدا باس لە فیلمی "لە کازیوەوە تا بومەلیل" بکەم کە سالی ١٩١٣ لەلایەن دەرهێنەری سوسیالیست فراند وولف FWohe ، ساز کراوە. ئەم فیلمە کە ماوەکەی سەعات و نیوێکە، ١٠ هەزار رۆلی هەیە، بەسەر هاتی دوو رێبەری کرێکاری‌یە کە ئەویندارى یەکترن. ئەوان لە گێرە و کێشەی زۆر و هەروەها لە رێبەری کردنی مانگرتنێکی گەورەدا بەشداری دەکەن کە بەسەر کەوتن دەگا. سەرەنجام پیاوە قارەمانەکە لەلایەن حیزبی سوسیالیستەوە دەپالێوری بۆ پۆستی قایمەقامی. لەو فیلمەدا دەرهێنەر لە هەموو شوێنێك دا لە بەتال کردنی مەسەلەکان و ئەنديد و ئالیزم خۆ دەپارێزی و تەبلیغ بۆ کار و روحیەی بە کۆمەل دەکات. ئەو بەرهەمە کە وەك باشترین بەرهەمی بەر لەشەر ناسراوە، نیو میلیون بینەری بۆخۆی دۆزیەوە. لەسالی ١٩١٣دا حیزبی

سوسیالیست لەگەل سوسیالیستەکانی ئینگلیس، یەکەمین هۆلی شانۆ- سینەمای خۆیان کردەوە و سوسیالیستەکانی سەرجەم ولاتانی ئوروپایی هاوکاری کردنی خۆیان دەست پیکرد. لە ئوروپا سوسیالیستەکان لە فیلم زۆرتر بۆ کاری بارهینان کەلکیان وەردەگرت، بەلام لە ئامریکا بۆ هەلخراندن و سەرقالی. ئەو هاوکارییە بوە هۆی ئەوەی کە سەرنج دان بە بارهینانی کریکاران و هاوسەرەکانیان لەم جۆرە فیلمانەدا جیگایەك بۆخۆی دەستەبەر بکات.

سەرکەوتنی فیلمە کریکارییەکان، بەرهەم هینەرانی هان دا کە بۆ بلاو کردنەوەی بەرهەمە هەلکەوتەکانی شانۆنامە و چیرۆکە کریکارییەکان سەرمایەی زۆر بخەنە گەر. "بوچی"، "دارستان"، "پول"، "بەهەشتی ون بوو"، "شاری ئەبەدی"، "مافەکانی مرۆڤ"، "تەپ و تۆز" و "دارستان". "دارستان" لە نووسینی ئاپتوی سینکار Upton Sinclair کە لە ناسراوترینی ئەو فیلمانەیە، باس کردن لە بنەمالەیەکی خەلکی لیتوانییە کە بۆ دەستەبەر کردنی ژیانیکی باشتر دەچی بۆ شیکاگو. بەلام لە جیاتی ژیانیکی باشتر، چەوسانەوەی لە رادەبەدەر و هەلاواردن، سوکایەتی پی کردن و پیویستی دەست بردن بۆ خەباتیکی دژوار لە چاوەروانییان دایە. لە پرۆسەی کار و خەبات دا، بنەمالەکە راستییەکانی جیهانی سەرمایەداری باش و باشتر دەناسن. لە گەرمەی کیشەکان دا، پیاوەکە دەکەویتە زیندان و ژنەکەی دەست دریژی دەکریتە سەر و هاوری لەگەل منالەکانی دەکوژری. سەرئەنجام پیاوەکە دوای رزگاری لە زیندان، بە بزووتنەوەی سوسیالیستی پەیوەست دەبی کە تەنیا ریگاچارە و بەدیلی ئەم سیستەمەی سەرچاوەی هەژاری و پیشیل کەری حورمەتی ئینسانی دەخاتە روو. هەرچی بەرامبەرکیی هیزی کار و سەرمایە لە کۆمەلگادا زیاتر دەبوو، کاری سینەمای کریکاری بەربلاوییەکی زۆرتری بە خۆوە دەگرت. لەم دەورەیەدا سەرمایەداران و ریبەرانی مەزهەبی کەوتنە بیری دۆزینەوەی ریگا چارەیەکی کاریگەرتر. ئەوان لە تەبلیغاتی ژەهراوی و درووینەوە بگرە تا موعیزەی مەزهەبی و یاسا کەلکیان وەرگرت. هەرچەشنە نارەزایەتی دەربرین، مانگرتن و تەبلیغ و هەلخراندنیکیان دەدایە پال بۆلشویەکەکان. لەسالی ١٩١٧وە تا ١٩٢٢، دوسەد فیلم بەم ناوەرۆکەوە خرانە بازار کە رسواترینیان فیلمی "بولشویزم لەپای میزی موحاکمە" بوو. هەموو قسەکە ئەوە بوو کە لنین و تروتسکی راستەوخۆ مەئمور دەنیرن تا بە یارمەتی کۆمۆنیستەکان و سوسیالیستەکان ریگای فەتحی ئامریکا لەلایەن روسیەوە خۆش بکەن. بەلام هیچ کام لەو تەبلیغات و هەنگاوانە نەیانتوانی هەلسوورانەکانی سینەمای پرولیتری بەرتەسك بکەنەوە. حەربەیەك کە دەوری کاریگەری گیرا، سەقامگیر کردنی سەرمایەکان لەدەست چەند ناوەندی سینەمایی گەورە و پیك هاتنی هالیوود، چونە سەری لە رادەبەدەری خەرجی فیلمەکان و حەقدەستی ئەکتەرەکان و قۆرخ کردنی بلاوکردنەوە بوو. پیکهاتنی هالیوود و ئەو ریفورمانەی کە لە کۆمەلگادا بە قازانجی کریکاران بەسەر سەرمایەداران دا داسەپان، مەجالی کەلك وەرگرتن لە سینەمای بە قازانجی چینی کریکار بەرتەسك کردەوە.

دەیەی سی و هونەری پرولیتری

لەگەل دەستپیکی ئەزمەی ئابووری جیهانی و گەشەی بەرچاوی بزووتنەوەی کریکاری، هونەر و ئەدەبیاتی کریکاریش گەشەی لە رادەبەدەری کرد. لەسالی ١٩٣٠وە تا سالی ١٩٣٥ تەنیا لە بواری کارە شانۆییەکان دا ٤٠٠ گروپ یان پیك هاتن، یان ئەوەی کە پیشوتر پیك هاتبون بەلام هلسوورتر بوون و گەشەیان کرد. ئەوان هەموویان شیوەکاری Agit- Pnop ئالمان و شورەوییان هەلبژارد. دوو بەرهەمی لەیاد نەچوی ئەو بزووتنەوەیە یەکیان "لە چاوەروانی چەپ"دا و ئەوتریان "کورە رۆژنامە فرۆشەکە"یە.

بەرهەمی یەکەم کە "کلیفورد ئەوش" Codatts ، لەسەر ئەساسی مانگرتنی سالی ١٩٣٤ی شوفیر تاکسی‌یەکان لە نیویورك نوسی، بە یارمەتی هەستەی کۆمۆنیستی گروپی حیرفەیی شانۆ، بۆ وینە ئیلیا کازان EKasan ، و خودی نوسەرەکە ساز و ئیجرا کرا. ئەم بەرهەمە نیشانی دەدا کە بۆچی و بە چ شیوەیەك کریکارانی کرێگرتە بێ لایەنانە دەبوون بە هەلسووراوی خۆبە بەرپرس زانی بزووتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستی. دووهەمیان لە شیعری جروم، Vj jerom، وتەبیژی فەرهەنگی حیزبی کۆمۆنیست بوو. ئەم بەرهەمە بەسەرهاتی کوریکە کە لە کاتی رۆژنامە فرۆشتن دا گەلیك روداو دەبینی کە وای لی دەکەن لە کەسیکی بی‌لایەنەوە ببی بە کۆمۆنیستیکی خۆبە بەرپرس زان. ناوبراو بیکاری بەربلاو (لەو سالانەدان ١٧ تا ١٥ میلیون کەس بیکار بوون)، هەژاری ترسناك، گەشەی راسیزم، خۆکوژی‌یەکان و خەبات لەدژی ئەوانە بەچاو دەبینی و دەکەویتە شوین دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم بەلایانە. بەسەدان هەزار بینەر، ئەم دوو شانۆیە چاو لی دەکەن. "بزووتنەوەی" مانگانە گۆڤاریکی تایبەت بە شانۆی دەردەکرد کە ١٠ هەزار نوسخەی لی دەفرۆشرا و کەسانیکی وەك پیسکاتۆر، Piscaton میرهولد Mayenhold و رومەن رولان Roman Rolland شتیان تیدا بلاودەکردەوە. دوای برینەوەی شکستی کۆمۆنیزم لە شورەوی و زال بوونی سیاسەتی "بەرەی هاوبەشی دژی راسیستی" بنەماکانی روخانی ئەم بزووتنەوە بەهیزە پیك هات و سەرئەنجام حکومەت بە نەدانی سوبسید بە گروپە بیکارەکانی شانۆ، سینگیانی بە فیشەکی خەلاسە پیکا.

لەبواری شیعر، موسیقی و چیرۆك نوسیش دا کارگەلیکی بەربلاو بەریوە چوو نوسەرانیك سەریان هەلدا کە ژمارەیەکیان وەك جان شتاین بەگ Jstainbeck و کارل سندبەرگ C.sabbung نیوبانگی جیهانی‌یان دەرکرد.

وەرگیردراوی شیعریکی والترسنو W snow بخوینەوە کە رەنگدانەوەی فەزای شۆرشگیرانەی ئەو سەردەمە:

شاعیری شۆرشگیر

لەو گۆرانیانەی کە من دەیانچرم- خەباتی کریکارانی کری گرتە- کە خرۆشاون و خراونەتە قەفەس- کارخانە پیسەکان- سوورەی قولینگەکان لە کانە گازدارەکانی خەلوز- هەلمەتی بێ ئامان لەگەل شەپۆلەکانی برسیەتی- و تۆو داچاندن و دروینە کردن لە زەوییە رەقەنەکان- دیتە گۆی- شیعرەکانی من سرودگەلیکن بۆ هۆدەکانی دانیشتن- بە قافیەکانی شیرین و هەستی ناسك نین- من دەبم بە مارشیك کە خرۆشان دەبارینمە سەر بینا پرتوکاوەکان- و فینك دەکەمەوە ئەو زەحمەتکیشانەی کە لە کەوێلە جەهننەمی‌یەکاندا بە وعدەی هاوینەهەواری جیهان دەژین.

لەنیو چیرۆك نووسانی ئەو دەورەیە تەنیا ئاماژە بە دوو کەسیان دەکەم.

١-جەك کونووی J.Conoy ، جەك کریکاریك بوو کە باوك و دوو براکەی لە تەقینەوەی کانزادا لەدەست دابوو. ناوبراو لەسالی ١٩٣٣ چیرۆکیکی بلاو کردەوە بەنیوی "بێ‌بەری کردن لە میرات" ئەم بەرهەمە ئەزمونەکانی خودی نوسەر بوون وەك: کریکاری کانزا، کریکاری ماشین سازی و کریکاری وەرزی کە بێ‌بەشیەکان، مانگرتنەکان، شیوەکانی برسیەتی و هەروەها خالە بەهیز و لاوازەکانی کریکاران و کارفەرماکان بە شیوەیەکی راستەقینە و بەدوور لەهەر چەشنە زیادەرەوی‌یەك نیشان دەدا.

٢- شتاین بەك چەند بەرهەمیکی لەیاد نەکراوی هەیە کە بەناو بانگترینی ئەوان "هیشوەکانی تورەیی"یە. ئەم شاکارە کە نوسەرەکەی وەك "چەکیك" لەدژی "کۆمەلیك جنایەتکار" چاوی لی دەکا، لەگەل بلاوبوونەوەی لەسالی ١٩٣٩دا نەفرەتیکی وای لەدژی سەرمایەدارانی گەورەی بەشی جوتیاری و دلسۆزی‌یەك وای بۆ کریکاران پیك هینا کە بەرپرسانی کالیفورنیا

دەست بەجی یاسایەکیان بە قازانجی کریکارانی کرێگرتە پەسەند و بە کردەوە دەرهینا. لە دەیەکانی دواتردا بە تایبەتی دوای ئەو رفورمانەی کە لە ئامریکا و ئورووپای رۆژئاوا بە قازانجی کریکاران بەریوە چوون و ناوی دەولەتی رفاهیان لی نا، ریژەیەکی زۆر هەر لە نیوخۆی ئەو چینە بە کۆمەلی هونەرمەندان و نووسەرانی کریکاری پەیوەست بوون. لەروی ناچارییەوە و بەهۆی کورتی بابەتەکە من لەو باسە و تەنانەت لەباسی دەیە پر بەرهەمەکانی ٦٠ و ٧٠ دەگەریم.

چەند سیما و بەرهەم

لەم بەشەدا ئاماژە بە ژمارەیەك لەسیما ناسراو و بەرهەمەکان دەکەم، کە لە دیرەکانی سەرەوەدا مەجالی ئاماژە کردن بە ئەوان نەبوو. یەکیك لە سەرەکی‌ترین هونەرمەندانیك کە پیویستە لیرەدا ئاماژەی پی بکری، شاعیری کۆمۆنیست گئورك ویرس G.Weerth ، (١٨٥٨- ١٨٢٢)یە، کە ئینگلس وەك "یەکەمین و پربایەخ ترین شاعیری پرولتاریای ئالمان" ناوی بردوە. لە کۆی شیعرە سوسیالیستی‌یەکانی "پنگوئن"، دوو شیعر لە ویرس چاپ و بلاو کراونەتەوە بەنیوی "تۆپیکی چکولە" و "سەد پیاوی ترسەنوك". یەکەمیان چیرۆکی کریکاریکی قالب سازی ئاسن تواندنەوەیە و دوهەمیشیان لە پەیوەند لەگەل روداویکە لە کانزادا. ئینگلس دوای هینانەوەی یەکیك لە شیعرەکانی ناوبراو بەنیوی "سرودی شاگردانی پیشەوەران"، بابەتیکی کورت و پر ناوەرۆك سەبارەت بەو دەنوسی. بەشیك لە "تۆپیکی چکولە" بخوینەوە. ئەم تۆپە چکولە لە تەمەنی ١٦ سالی‌یەوە دەست دەکا بەکار کردن و گەلیك تۆپ دروست دەکات کە دەبیتە هۆی فەتح کردنیکی زۆر بۆ ئینگلیس. ئەو هەر کە چرا و بازۆکانی و میشکی دەکەونە پرتەپرت، فرێ دەدریتە گوشە شەقام. رۆیشت بەلام سینگی پرلە بیزاری- دەجۆشا و دەخرۆشا بە وشیاری هەروەك تۆپ و گوللەیەك کە دائەباری- بە تیکرای دەورە کار و چالاکی

ئیستاش بەخۆی دەلی:"دوور نیە- ئەی چەپەلی کاربەدەستی خاوەندار تۆپەکان بە لیشاو لەپیناو خۆمان و ئاخیزی داهاتوومان بەسەرتانا برژینە خوار. شاعیریکی گەورەی دیکە ئوژن پوتیە E.potter (١٨٨٧- ١٨١٦)، کریکار، شاعیر، لە ریبەرانی کۆمۆنی پاریس و خولقینەری سرودی "ئەنترناسیونال" لنین لە ٢٥مین سالی کۆچی دوایی نوسی کە: ئەو یەکەمین سرودەکەی، "بژی ئازادی" کاتیك هۆنیوە کە تەنیا ١٤ سالی تەمەن بوو لە هەلمەتی گەورەی پرولیتاریا لەسالی ١٨٤٨ لەسەنگەرەکان دا شەری کرد لەکاتی هەلبژاردنەکانی کۆمۆن لە ٣٦٠٠ دەنگ ٣٣٥٢ دەنگی بۆخۆی مسوگەر کرد

یەکەمین جلدی شیعرەکانی لەسالی ١٨٨٤دا بلاو بۆوە. دووهەمین جلدی شیعرەکانی بەنیوی "سرودە شۆرشگیرەکان" چەند مانگ دوایی کۆچی دوای چاپ و بلاو بۆوە کاتیك پوتیە یەکەمین بەرهەمی هونیەوە، ژمارەی کریکارانی سوسیالیست بە قەد ژمارەی قامکەکانی هەردوك دەست بوون، ئەمرۆکە بەدەیان میلیون کریکار سرودە میژوییەکەی دەناسن.

خولقینەریکی دیکەی سرودە شۆرشگیرەکان کە دەبی لیرەدا نیوی بێ، جوهیل Joehill ، (١٩١٥- ١٨٧٩)ە. جوهیل لە سەرەمیکدا ژیان و کار و خەباتی کرد کە چینی کریکاری ئامریکا زۆرترین کیشەی لەگەل بورژوازی هەبو و بەحەق دەتوانری ئەو وەك سومبولی هەلمەت و لە سازش نەهاتوی کریکارانی پیشرەو لەو دەورەیەدا چاو لیبکری. ئەم ریبەرە کریکاری‌یە و ئەم شاعیرە شۆرشگیرە، ئامیلکە شیعریکی چکۆلەی هەیە کە لە جوملە بەرهەمە کلاسیکی‌یەکانی کریکاری‌یە. بە جورێئەتەوە دەکری بوتری کە ژمارەیەك لە سرودەکانی ئەم ئامیلکەیە وەك: "کێی جونزی مانگرتن شکین،" و "مەوعیزەگەر و کویلە"، کە

بەنیوی "کولیجە لە ئاسمان" ڕەش دەناسریتەوە، دوای سرودی "ئەنترناسیونال" لە بەناوبانگترین و پرکاریگەرترین سرودە کریکاریەکانە. جوهیل ئەم سرودەی لەدژی ریکخراوی مەزهەبی و دژی کریکاری "ئەرتەشی رزگاری دەر" نوسیوە.

بورژوازی کە زۆرترین رقی لەو ریبەرە کریکاریە بوو، سەرئەنجام پیلانیکیان بۆ دارشت و سەرەرای نارەزایەتی دەربرینی بەربلاو لە رۆژی ١٩ی دسامبری سالی ١٩١٥دا ئیعدامیان کرد. ناوبراو بەم شیوەیە چووە ریزی سەرفەرازانیکەوە کە ناو و یادەکانیان ئیلهام بەخشی خەباتە. هەستی خەباتکارانە و مرۆڤ دۆستی و هەروەها توانا هونەرییەکانی ئەم ریبەرەمان دەکری لەشیعری "وەسیەت نامەکەی" بو دەرکەوی کە شەویك بەر لە ئیعدام کردنەکەی لە زیندان دا هونیویەتەوە. ئەسعەدی حاج حەسنەیی ئەو شیعرەی وەرگیراوەتەوە سەرزمانی فارسی و لە ژمارە ٦ی گۆڤاری پیشەنگ دا بە ریکەوتی خاکەلیوەی سالی ١٣٦٧ چاپ و بلاو کراوەتەوە.



داخوازەکەم- ئاسانە، بۆم جیبەجی کەن!- میراتیکم نیە هەتا دابەش کری- پیویستیم بەوە نیە خزم و کەسم تازیەبار بن- بەردی ئاوەسوو خەوش و خالیتی نا ئالی- پەیکەرەم؟ئاخ- ئەگەر بەدەستی خۆم بوایە- پیم خۆش بوو ببمە خۆلەمیش- نەسیمی شادیش ئازاد بوایە و بە شنە- خۆلەمیشی ئەم پەیکەرەی ببردایەم- بۆ شوینیك کە گولالەکانی لی ئەروین- بەشکم لەو خۆلەمیشەوە- هەندیك گولی ژاکاو دیسان- بژیەنەوە و هەم دیسان پشکۆفینەوە- ئەمە ئاخرین داخوازمە- ئیوەش هەمووە- با شاد و بەختەوەر بژین!

"رژمینال" لە نوسینی ئەمیل زولا (١٩٠٢- ١٨٤٠)ە کە ئاندەر ژید ئەو رۆمانە بە یەکیك لەو دە رۆمانە گەورەیە لە قەلەم دەدا کە تا ئەو کات بە زمانی فەرانسەوی نوسراوە، ئەوە بەرهەمیکی گەورەی ترە کە سالی ١٨٨٥ بلاو کراوەتەوە. ئەو بەرهەمە، چیرۆکی ژیانی، کار و خەباتی کریکارانی کانزای یەکیك لە کانزاکانی شومالی فەرانسەیە کە زولا ئەوی هەلبژارد تاکو هەروەك خۆی دەلی بارودۆخی کۆمەلایەتی چینی کریکار و ریگا چارەکان بە ریکخراوەکان و حیزبە کریکاریەکان نیشان بدات. بەگشتی، زولا کریکاران بە "قوربانیانی کار، رقەبەرایەتی و ئەزمەکانی پیشەسازی" لە قەلەم دەدا.

لانی کەم دەبی لیرەدا یادیکیش بکەم لە مایاکوفسکی (١٩٣٠- ١٨٩٣) شاعیری شۆرشگیری روس و خولقینەری شیعری بەناوبانگی لنین.

لە دەیەکانی سی و چل دا لەئیران لاوان بۆ وینە لە ریگای چەند بەرهەمی کلاسیکی ئەدەبیاتی کریکاری بە بزووتنەوەی چەپ پەیوەست دەبن کە بریتی بوون لە "پاینیی ئاسنین" بەرهەمی جەك لەندەن، "دایك" شاکاری ماکسیم گورکی، "ئەو ١٠ رۆژەی جیهانی هینایە لەرزین" لە نوسینی جان رید و "مرۆڤی کۆنە پۆش" شانۆی "دایك" کە برتولت بریشت (١٩٥٦- ١٨٩٨) لەسەر ئەساسی رۆمانی "دایك"ی گورکی دایرشت، لە دەیەی ٥٠دا کەوتە بەردەست.

هەروەها لە کۆتایی دەیەی ٤٠دا، فیلمە کلاسیکیەکانی هەر ئەو بزووتنەوەیە وەك ژمارەیەك لە بەرهەمەکانی " چارلی چاپلین" و بە تایبەت "سەدەی بیستەم" نیوی ئەسلی "بەلەمی شەرکەری پوتمکین" شاکاری سرگین ئایزنشتاین، "دزی دوچەرخە" بەرهەمی ویکتوریو دیسکا، "هیشووەکانی تورەیی" کە دەرهینەرەکەی جان فورد و ئەکتەرەکەشی هنری فوندایە، "لەسەر رۆخ" بەرهەمی ئیلیاکازان کە ئەکتەرەکەی مارلون براندو، بونە هاوشانی رۆمانەکان.

دوای شۆڕشی سالی ٥٧، ژمارەیەك بەرهەمی کریکاری پربایەخ کەوتنە بازارەوە کە بەشیکیان بیرەوەری بوون وەك "لی گەری قسەبکەم" لە نوسینی خانمی دوچونگارا و "بیرەوەریەکانی دایە جۆنز" بەشیکیان نوسراوە هونەری و ئەدەبی‌یەکان بوون کە ئاماژە بە دوو بەرهەمیان دەکەم.

رۆمانی نینا، بەرهەمی سابت رەحمان، کە خەباتی جەماوەری و ریکخراوەیی کریکاران بە ریبەری کریکاریکی بولشویك لە باکو لە مەودای سالەکانی ١٩٠٤- ١٩٠١ باس دەکا. نینا نیوی چاپخانەی بولشویکەکانە کە دلی هەمیشە لەحالی لیدانی خەباتە. چیرۆکەکە لەسەر ئەساسی روداو و کەسایەتی‌یە راستەقینەکان داریژراوە. ئەم بەرهەمە بەناوبانگە کاتیك نوسرا کە لە شورەوی‌دا جیا لە دیمەنی بە توندی چەواشەکراوی بولشویزم لە ئەدەبیاتی رەسمی‌دا نەبوو.

"سەنگەرەکانی بەرلین" لە نوسینی کلاووس نیوکرا نتسە. کلاووس ماوەیەك لە کارخانەکان دا خەریکی کاری کریکاری بوو وەك کۆمۆنیستیکی حیرفەیی لە گۆڤارەکانی حیزبی کۆمۆنیست و گۆڤارە کریکاریەکان دا بابەتی دەنوسی. "سەنگەرەکانی بەرلین"، چیرۆکی خەباتی کریکاران دژی دەولەت و سوسیال دیموکراتەکان و تیك هەلچوونی ئەوان لە ئەوەلی مانگی مەی ١٩٢٩دا لەگەل پۆلیس بە ریبەری یەکیك هەر لەو سوسیال دیموکراتانەیە.

پیویستە لیرەدا یادیکیش بکری لە کەسانی کار لیهاتوو کە موزیکیان دەنایە بەردەست جەماوەری میلیونی خەلك. ئەوان بە گۆرانی موزیکەکانیان هیرشیان دەکردە سەر شەرخوازی بورژوازی، کاولکاری‌یەکانی ئەو لە بواری ژینگەدا، هیرشەکانی بۆسەر بایەخە ئینسانیەکان و ئاستی چاوەروانی و ژیانی کریکاران و تاریفیان لە بەرابەری و ئازادی و سەرفەرازی ئینسان دەکرد. کەسانیکی وەك جان لینون، باب دیلان، ترسی چاپمەن بە گۆرانی "قسە لە شۆرشیکە"، بروس سپرینگستین بە گۆرانی "رۆحی تام جود".و

لەنیو فیلم سازانی سوسیالیستی هاوچەرخیش زۆر پیویستە کە نیوی کین لوچ Ken Luch ، دەرهینەری بەناوبانگی ئینگلیسی بینین. بابەتی کاری ئەم دەرهینەرە، مەسەلە بەرچاوەکانی کۆمەلایەتی و بۆوینە مەسەلەکانی بە تایبەت کریکاریە. بەرهەمیك کە ناوبراو سەبارەت بە مانگرتنی یەك سالەی بارهەلگرانی لیورپول سازی کرد، ئەم مانگرتنە میژوویی و خاوەن کاریگەری‌یە بەهەمان جوانی‌یەوە لەسەر پەردەی سینەما دەمینیتەوە. بیگومان دەکری هەر بەو شیوەیە بەو لیستە زیاد بکری. بەلام ئەگەر ئەو بەرهەمانەی کەمن نیوم هینان و بەرهەمی‌تری لەو چەشنە پرولیتری بن، ئایا پاشماوەی شاکارەکان بەرهەمە بەناوبانگەکانی جیهانی بورژوازین؟ هیچ شك لەوەدا نیە کە بەرهەمە هونەری و ئەدەبی‌یە بەربلاوەکان لە جیهان دا کە لەریگای رادیو، تەلەفزیون، سینەما و سەرجەم کەرەسەکانی پەیوەندی بە کۆمەل بلاو دەکرینەوە، سیستمی لەسەر کاری هەمیشەیی دەزانن و بۆچونە بورژوازی‌یەکان بەلانی زۆرەوە لە شیوازی زۆر ئالوزدا تەبلیغ دەکەن.

بەلام بە جورئەتەوە دەکری بلیی کە بۆ هونەرمەندان و نوسەرانیك کە بەرهەمەکانیان هەروەك مارکس دەلی، بەو جۆرە دینە بەرهەم کە میشەنگوین لە گەلای کۆدەکاتەوە، ئومانیزمی پرولیتری، ئەنترناسیونالیزمی پرولیتری، بەرابەری خوازی پرولیتری و نەفرەت لە سیستمی زال و تەبلیغاتەکانی، بەجۆریك لە جۆرەکان و بە دەرەجەیەك لە دەرەجەکان سەرچاوەی ئیلهام بووە. مارکس یەکەمین کەسیك بوو کە بەلگەی هیناو کە سەرچاوەی مادی نامۆیی لە سەدەی ئیمەدا سەرمایەداری‌یە و ئەم نامۆیی‌یە، هونەرمەند و داهینانی هونەری بە توندی دەخاتە ژیر کاریگەری‌یەوە. ناوبراو ئاماژەی دا کە سەرمایەداری یەکەمین نیزامی چینایەتی‌یە کە لەگەل هیندیك لە لایەنە هونەری‌کان وەك شیعر و هونەرە جوانەکان Ant ، دوژمنایەتی

هەیە. ئەم راستی‌یانە بۆ هونەرمەندان ریگا خۆشکەر بوون. ئەوەی کە خودی نوسەر و هونەرمەند سەبارەت بەم راستی‌یە زانیاری‌یان هەیە یا نا کە لەژیر کاریگەری بۆچونی کریکاری و مارکسیزم دا بووە، کاریگەری‌یەك لەسەر خودی راستی‌یەکە دانانیّ.

ئاشکرایە کە ئەمرۆکە لەنیزامی سەرمایەداری‌دا، تەنیا ئەو هونەر و ئەدەبیاتە جیگای پەسەندە و پشتیوانی لی دەکری کە بە بەربلاوی وەك کالایەکی لی بیّ، سەرچاوەی داهات بیّ و لەخزمەت تەبلیغی بۆچونەکانی بورژوازی‌دا بیّ. لەم رووەوەیە کە بەرهەمە گەورەکان بەلانی زۆرەوە لەم دەورانەدا نوسراون یا مەجالی بلاوبوونەوەی بەربلاویان بۆ رەخساوە کە چینی کریکار و ریبوارانی ئازادی مرۆڤایەتی لە گۆرەپانی نارەزایەتی دەربرینی خەبات دا بووە یان لانی‌کەم قورسایی کۆمەلایەتی‌یەکەی هەست پیکراو بووە. چونکە لەوەها دەورەگەلیك دایە کە توندی کیشەی نیوان ئینسانەکان و چینەکان دەبیتە هۆی ئەوەی کە قولایی مەسەلەکان دەرکەوی، خۆسانسوری و سانسوری ئاشکرا و سەرجەم گوشاری دەولەتی و غەیرە دەولەتی بورژوازی دابەزیّ. بە پیچەوانەی ئەمە، "هەنگوین" و یان "هەنگوینی دانستە" نایەتە بەرهەم، ئەگەریش هاتە بەرهەم دەبی بە گومناوی بمینیتەوە و (نمونە بەرچاوەکەشی فرانتس کافکا، ١٩٢٤- ١٨٨٣، کە لە کتیبی "گۆران"دا نامۆ بوونی مرۆڤ لەخۆی هەلکەوتە نیشان دەدا) ئەگەر هونەرمەند بەهۆی بەرهەمە کۆنەکانی لە گومناوی‌دا نەمینیتەوە، ئەوجار بوی " Un- Amirican Activhies Committeeouse" (لە ئامریکا) تەرتیب دەدەن و زەربە لەژیان و هەلسورانە هورنەری‌یەکانی دەدەن، یان گوشاریکی ئاوای دەخەنەسەر کە خۆی بکوژی (نمونەکەی فادایف، خولقینەری "شکست"ە یان وەك سەلمان روشدی ناچاری دەکەن، سالانیك پاریزگاری لیبکری و بە شاراوەیی بژی.

بەگشتی لە کۆمەلگای سەرمایەداری‌دا، تەنانەت ئەگەر هونەرمەندانی کارامە نیوبانگ و جیگا و شوینی کۆمەلایەتیش بەدەست بینن، بەلام هیوا و مەجال بۆ ئال و گۆری بارودۆخ بەدی نەکەن، رەنجی لە رادەبەدەر، شیتی و خۆکوژی لە چاوەروانی خۆیان دا دەبینن.

وینسنت وان گوك (١٨٩٠- ١٨٥٣) شیت بوو مرد. مایا کوفسکی خۆی کوشت. جان لنون ئەوکاتەی کە لە بەنیوبانگترین و دەولەمەندترین گۆرانی بیژانی جیهان بوو، لە جوملەی ئازار چەشتوترین مرۆڤەکانیش دەهاتە ژمار. (خوینەر دەبی سەرنجی ئەوە بدات کە من جیا لە هیدایەت، قسە لە ولاتانیك دەکەم کە وەحشی‌گەری سەرمایەداری لە ئەوان دا تا رادەیەك مەهار کراوە ئەو ولاتانەی کە سەرمایە میزەری لەسەر کردوە و شمشیری لە کالان کیشاوە قسەی زۆرتر هەلدەگری).

دوای ئەم پیشەکی‌یە کورتە سەبارەت بە پەیوەندی سەرمایەداری و هونەر ئاماژە بە چەند بەرهەم و کەسی بەنیوبانگ دەکەم کە کاریگەری‌یەکانی بۆچونە کریکاریەکان لە بەرهەمەکانیان دا رەنگیان داوەتەوە.

یەکیك لە شاکارەکانی برتولت برشت، "ژیانی گالیلە"یە. ئەو بەرهەمە کە لە بواری هونەری شانۆیی‌یەوە لە جوملەی بەرهەمە بەنیو بانگە جیهانی‌یەکانی، بە کەلك وەرگرتن لە چیرۆکی ژیانی گالیلە (١٦٤٢- ١٥٦٤) ئەوەوە بیر دینیتەوە کە مەسیحیەت، کە یەکیك لە بنەما سەرەکی‌یەکانی کاپیتالیزمی رۆژئاوایە، دینی کە سەراپا دژی ئینسان، وەحشی و دژی زانستە کە بنەماکەی لەسەر درو، قسە بۆ هەلبەستن و خورافات سەقامگیرە.

شانۆی "مەرگی فروشیاریّك" بەرهەمی ئارتور میلر لە دایك بووی ١٩١٥یە. لە کۆمەلگا سەرمایەداری‌یە پیشکەوتوکان دا (بۆوینە لە ئامریکادا) ئەو مەجالە هەیە کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە منالانی بە توانای چینە نەدارەکان بە شیوەیەکی رۆتین تەنیا لە بواری ئیدئولۆژیکی‌یەوە ببن بە سەرمایەدار و بە بەرپرسایەتی پایەبەرزی سیاسی (تاجر لە ئینگلیس) و زۆرجاریش

نیزامی (ژنرال کلین پاول لە ئامریکا) و قەزایی بگەن. بورژوازی لەم کارە ئەفسانەی دروست کردوە و ئەو ئەساسە بە بەربلاوی دەستی کردووە بە تەبلیغی ئەوە کە، لە کۆمەلگادا مەجالی بەرابەری بۆ هەموان لە ئارادایە. بورژوازی ئەم راستییە دەشاریتەوە کە لە بەرامبەر هەر وەکیلیکی پارلمان و وەزیریك، سەدان هەزار منالی بە توانا و خاوەن ئاوات، بوون بە دز، شەرلاتان، قاچاغ فرۆش و موعتاد و بەرەو فەحشا پەلکیش کراون. ئارتور میلی لە بەرهەمەکەی خۆیدا، ئەم ئەفسانە سازییە لەقاو دەدا و بەشی دوهەم نیشان دەدا. فیلمی ئیسپارتاکوس کە ئیستانلی کوبریك S.Kabrick (لەرۆژی ۷ی مارسی سالی ١٩٩٩ لە تەمەنی ۷۰ سالیدا کۆچی دوایی کرد) لەسەر ئەساسی چیرۆکی هوارد فاست، سازی کردوە. کوبریك کەسیکی سەربەخۆ، بەلام هیوابراو بوو کە نامۆ بوونی ئینسانی دەدیت (و لە Aspace Odgse 20001 نیشانیدا، بەلام هۆکارەکەی نەدەزانی.

همۆ دەستی بۆ بەرهەمی نوسەریك برد کە راپەرینی کویلەکانی دوینیی نیشان دا تابواری شۆرشی کویلە نویەکانی وەبیر هینابیتەوە.

پابلو پیکاسۆ (١٩٧٣- ١٨٨١) هیچ هونەرمەندیکی ئەو سەدەیە بە جوانی ئەم هەلکەوتەیە، شکانی ئینسانەکان تیك روخانی لەناخەوە و، تیك چونی لە سیمادا نیشان نەدا. پیویستی نیشاندانی ئەم نامۆییە لە ناخ و لەسیمادا، ئەو هونەرمەندەی لەسەر ئەوە ساخ کردەوە تاکو شیوازی کوبیزم راهیێی.

هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری لەئیران

خواستەکان، نزیکایەتیکان، هەلاتنەکان، بیزاریەکان و هۆگریەکان و رقەکان و تیك هەلچونەکان و پاشەکشە کردن (یان بە واتایەکیتر هەلمەت و پاشەکشە)کانی کریکارانی ئیران (لەو رۆژەوە کە لە باکو لەگەل کۆمۆنیزم و خەباتی بولشویکەکان ئاشنا بوون تاکو بەم رۆکە) بە رادەیەکی جیگای سەرنج لە هونەر و ئەدەبیاتی ئیران دا رەنگی داوەتەوە. لیکدانەوەی چونیەتی ئەم رەنگدانەوەیە ئەرکیکی زۆر بنەرەتییە کە تا ئیستا و بە شیوەیەکی جیددی تەنانەت نەهاتۆتە ئاراوەش. تەنیا بە لیکدانەوەیەکی لەو چەشنەیە کە لایەنەکانی هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری ئیران ئاشکرا دەبن. بیێشك ئەمەش بۆخۆی کاری کەسیك و دوکەس و کتیبیك و دو کتیب نیە، چ بگات بە بەشیك لەم وتارە. من لیرەدا دەتوانم تەنیا ئاماژە بە چەند بەرهەمیك بدەم بە دەستەوە. بەناچاری باسی چرووپری دەمینیتەوە بۆ مەجالیکی گونجاو. کتیبی "هەمبانەی ئەستیرەکان"کە "هەلبژاردەی باشترین کورتە چیرۆکەکانی ئیرانە لەسەرەتاوە تا ئەمرۆ"، چەند کورتە چیرۆکی کریکاری تیدایە کە یەکەمینیان چیرۆکی "سبەینی" لە نوسینی هیدایەتە. (کات: شەری دووهەمی جیهانی. شوین: تاران و ئیسفەهان.) کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکە، کریکاریکی چاپخانەیە بەنیوی میهدی زاغی. ناوبراو تەواوی تایبەتمەندییەکانی کریکاریکی پیشرەوی هەیە: ١ - هۆگر بە نیشتمانیکی تایبەت نیە. دەلی: ئەو ژیانەی لیرە بەسەری دەبەم، دەتوانم لەو سەری دنیاش بەسەری بەرم. لەشاریکی دیکە جیهان دەبی چەند جوان و دلگر بێ" ٢- رقی لە بوروژوازی و نابەرابەرییە" ٣- لە چەوسانەوە و بۆوینە لەو چەوسانەوەیەی کە باوکی خەریکیتی بیزارە" ٤- سەبارەت بە پەیوەندی نابەرابەر و بۆ کە راسفەتانەی تاقمی دەسەلاتدار لەگەل ئامریکا نارازییە" میهدی لەماوەی پروسەیەکدا بێباوەری بەکاری حیزبی وەلادەنی، دەبی بە کەسیکی هەلسوراو و سەرئەنجام ریبەری کردنی مانگرتنیکی دەکەویتە ئەستۆ و بە فیشەکی "بەکریگیراوان" گیانی لەدەست دەدا. میهدی لەم چیرۆکە پر ناوەرۆك و جوانەدا بە جۆریك نیشان دەدری کە خوێنەر بەرەو خۆی رادەکیشی"کیش کیشر". رەزا بابامقەدەم (کات: دەیەی بیستی هەتاوی؟! کاتیك کە لە بەرانبەر کاریکی دور و دریژدا دوو قران وەك حەقدەست دەدری بە منالیك:

شوین کرمان.) ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی دلتەزینی منالیکی کریکاری حەوت سال تەمەنە بەنیوی حوسەین. ئەو منالە دەبی لە زستان و هاوین دا جۆمالی چوگەیەك بكات بە دریژایی سێ کیلومیتر کە ئاوی کاریزیکی پیدادێ. ناوبراو کە دوای مردنی باوکی ناچار دەبی جیگای بگریتەوە، دوای ٥ سال کارکردن، لەسەر کارەکەی گیانی لەدەست دەدات. حوسەین بەهۆی هەلس و کەوتی "یاوەر محەممەد تەقی خان" گیانی لەدەست دەدا. نوسەر کە چیرۆکەکە دەگیریتەوە و دلسۆزییەکی یەکجار زۆر سەبارەت بەم منالە لەخۆی نیشان دەدا، بەلام سەبارەت بە کاری منال نارەزایەتییەکی نیە. تەنیا رەخنە لە دژواری کار، حەقدەستی کەم و هەلس و کەوتی جینایەتکارانەی "یاوەر" دەگری.

"نەداعەلی سەر عەمەلەی ریگا" لە نوسینی حەمیدی رەهنەما. نەدا ماوەی چوارمانگە لە تاران بیکارە. ناوبراو خۆی و هاوسەر و منالەکەیان لە دیویکی سێ لەچواردا دەژین و مانگی ٣٢ تمەن کریی خانو دەدەن. سەرئەنجام نەدا عەلی لە شیرکەتیکی بیناسازی دادەمەزری و دەچی بۆ کرمان. کریکارە خۆجییەکان ئەو پیشنیارە بەسەر عەمەلەکە دەکەن کە هەمیشە جاجمیکی پی بێ. ناوبراو بەخۆ لە خۆرازیبوونی ولامی ئەو پیشنیارەی کریکاران ناداتەوە. سەرئەنجام کریکاران دەکەونە بەر هورژمی تەپ و تۆز. لەم هورووژمەدا نەدا عەلی چونکە جاجمی پێنابێ و گیانی لەدەست دەدا. خۆینەر دوای تەواو بوونی چیرۆکەکە بەو ئاکامە دەگا کە نابێ لە خۆرازی بێ و دەکری لەو کەسانەی کە لەژیر دەستیدا کار دەکەن شتی گرینگ فیر بێ. ئایا وا باشتر نەبوو کە خوینەر فیر بوایە کە کارفەرما بەرپرسی ئەمنیەتی شوینی کار و پاراستنی گیانی ئەو کەسانە بی کە لە شیرکەتەکەی ئەو دامەزراون؟

"بەیانی" لەنوسینی ناسری نەییر محەممەدی. (کات:؟ شوین: تاران) بەیانی رۆژیك داشقەچییەك کە کچەکەی لەحالی مەرگ دایە، لەگەل کورەکەی کە تازە پۆلی سیهەمی سەرەتایی کۆتایی پیهیناوە، دەچیتە سەر کارەکەی. ئەو منالە ١٠ سال تەمەنە خەریکی رۆژنامە فرۆشتنە. باوك لەبیری داپین کردنی خەرجی دەوا و دەرمان و دوکتوری کچەکەیە و دریژەدانی کورەکەی بە خویندن و کورەکەش بیر لە وەدەست خستنی پولی کرینی دەستیك جل و بەرگی پەشمی و جوتیك کەوشی یاری توپی پی دەکاتەوە. کورەکە وا فیر کرابوو کە لە هەر گەرەکیك سەردیریك بەدەنگی بەرز دووپات کاتەوە. بۆ فرۆشتنی رۆژنامە ئیوارەی ئەو رۆژە لە گەرەکی خۆیان، بە دەنگی بەرز هەوالی تەسادوفیك و کوژرانی دووکەسی دووپات دەکردەوە. بێ خەبەر لەوەی کە یەکیك لە کەسە کوژراوەکان باوکی خۆیەتی.

"کورە چکۆلەی لەبو فرۆش"، لە نوسینی سەمەدی بیهرەنگی. (کات: دەیەی چلی هەتاوی، کاتیك کە فەرش چنیك لە ئاوایی ٢٥ تا ٣٥ قران حەقدەست وەردەگری. شیون: ئاوایییەك) چیرۆکی کوریکی نزیکەی ١٢ سال تەمەنە کە لەگەل خوشکەکەی کریکاری فەرش چنن. خاوەنکار دەیهەوی خوشکەکەی سیغە بكات و بەوەشەوە ژن و ٥ ژنی سیغەکراوی دەبی. خوشك و برا و دایکیان ناچنە ژیرباری ئەم داوایەی خاوەنکار و لەسەر کار دەردەکرین. کورەکە دەبی بە لەبو فرۆش و کچەکەش دەست بەجی دەبی بە نان کەر. سەرئەنجام ئەوان بەرەی خۆیان لە قوراو دەردەکیشن.

"رۆژەکانی جنوب"، لە نوسینی مەسعودی میناوی. بەسەرهاتی ریبەریکی کریکارییە کە مانگرتنیکی وەری خستووە. بریارە بەتال کردنی کشتیکان راگیری. کورە گەورەکەی بورجی کەراکیت بکوژیتەوە. لولە سازی، کارخانەی بۆشکە سازی، کولیر سازی، ئیدارەی کەشتی رانی و ئیدارەی قوتترات پییەکان داخرین. بەلام کریکاران دەچنەوە سەر کارەکانیان و ریبەری مانگرتنەکەش دەستگیر دەکری. لەم چیرۆکەدا باسیك لە خواستەکان، ریکخستنی مانگرتن، سەندوقی مانگرتن و. نەکراوە. ئەم چیرۆکە دەیتوانی ببیتە چیرۆکیکی باش، بەلام لەلایەن نوسەرەکەوە ئەو کارە نەکراوە.

"تەبیك كه شیرۆ هەیبو"، له نوسینی ناسری موئەزەن.

لەو چیرۆكەدا ئاخرین ساتەكانی ژیانی كریكاریكی شیركەتی نەوت نیشان دەدری. شیرۆ لەو كاتەوە كه تەمەنی ۱٤ سالان بووە، لەلایەن باوكیەوە دەبریتە كومپانییەك. ناوبراو، ئیستا كه ددانی مەسنوعی هەیە، لەسەر ئەو بروایەیە كه باوكی كاریكی باشی نەكردوە. به دەردیكەوە دەچی، كه عارەقیش چارەی ناكا. ناوبراو هەرچەند سروشتیانە پیر دەكاتەوە، بەلام دەزانی كارەكە له شوینیكەوە خراپە. كیشەیەك لەنیوان كریكاران و كومپانییەكە له ئارادایە كه نازانی حەق به كام لایە. ناوبراو لەژیر گوشاری ماف خوازی ئەو وەزعە نالەبارەی له ئارادایە به گاز خۆی دەسوتینی. كریكاری شەرافەتمەندی زایە بوی بەتەنیا بەجی ماو لەدوزەخی بورژوازیدا یان دەبی بسوتی یان دەبی هەل بكات.

"ئەو رۆژەی كه دایكیش دەتوانی"، له نوسینی قودسی قازی نور. (كات: ۱۳۵۸ شوین: هەموو شاریكی پیشەسازی) ئەو بەرهەمە جوانە، بەسەرهاتی كچیكە كه هیشتا نەچۆتە مەدرەسە. ئەو كچە هاوری لەگەل دایكی له شۆرش دا بەشدار و دروشمی داوە. دایكی ئەو كچە كریكاری كارخانەی جل و بەرگ دروی كەژییە دایك، بەهۆی نەبونی باخچەی منالان و شوینیتر، ناچارە ئەو به تەنیا لەمال بەجی بیلی. براكەی كه دوانیوەرۆیان دەچیتە مەكتەب، بەیانیان له مالەوە هەم وانەكانی دەنوسیتەوە هەم چاوەدیری له خوشكەكەی دەكا. "زەری" كه به رۆژ لەسەر مان هەلدەلەرزی، نازانی دایكی كه ئەو هەموو كراسە دەدروی بۆچی كراسیك بۆ ئەو ناهینیتەوە. ئیستا كه كراسیك له ئارادا نیە، كچەكە هیوادارە كه خۆرئاوا بێ و براكەی به ئاوینەیەك ئەو كارە دەكات. كاتیك كچەكە به دایكی دەلی كه لەگەل هەلاتنی خۆر ئەویشی دیوە كه به بوخچەیەكی پر له كراسی تازەوە هاتۆتەوە، دایك قەولی پی دەدا: بۆت دینمەوە دایە گیان رۆژیك كه به مافەكانمان گەیشتین و دایك باسی شورا دەكا. كۆتایی چیرۆكەكە كه به ئاشكرا بۆتە مەسەلەیەكی سیاسی، له جوانی ئەو كەم دەكاتەوە. خانمی قازی نور كەلكی لەم پیشنیارەی ئینگلس وەرنەگرتوە كه سەد و یازدە سال لەمەوبەر بۆ خانمی هاركینسی نوسیوە: بیروباوەری نوسەر هەرچییەك شاراوەتر بێ، به قازانجی كاری هونەرییە.

"كارنامەی ئەحیا"، له نوسینی حەسەنی حیسام. كریكاریكی ناومال بەنیوی ئەحیا، بۆماوەی ٤۰ سال لەمالی دەولەمەندان كار دەكات، سوكایەتی و گالتەی پی دەكری. ئەو رۆژەی كه نەخۆش دەكەوی، لەجیاتی ئەوەی كه بیبەن بۆ نەخۆشخانە لەژیر زەمینیكی پیس و شێدار دا دەیخەوینن، تا ئەو رۆژەی دەمری. لەو ماوەیەدا كه له ژیرزەمین دەبی تاكاتی مردنی، بینەر لەریگای فەلاشبەگەوە لەگەل ژیانی پر له كارەساتی ئەو ژنە بەستە زمانە ئاشنا دەبی. سەرئەنجام ئەو بنەمالە كریكاریكی دیكە بەجیگای ئەحیا دەگرن. ئایا هەمان چارەنوس لەچاوەروانی ئەویش دایە؟

"پەلەوەرگە"، له نوسینی محەممەد محەممەد عەلی: موچەخۆریك دوای ۲۰ سال خزمەت كردن خانەنشین دەكری، بەلام بۆ دابین كردنی بژیوی بنەمالەكەی ناچارە كه دەست بەجی كار بدۆزیتەوە. كاركردن له "پەلەوەرگە"یەكی پی پیشنیار دەكەن. ئەو رۆژەی كه دەیبەن تاكو وەك تاقی كردنەوەیەك كار بكات، لەگەل بارودۆخیكی دژواری كار لەم "پەلەوەرگە"یە روبەرو دەبی. ئەو كه كەسیكی قەلەو و چاویلكە لەچاوە، لەلایەن سەرعەمەلەكەشەوە گالتەی پی دەكری. خاوەنكار پیویستی به ئەوە و ئەویش پیویستی به كارە. بەلام ئەوە نازانی، كه ئایا لەبواری روحی و لەشیەوە دەتوانی ئەو كارە بكات یان نا، كاریك كه دەتوانی كریكاری كریگرتە توشی نەخۆشی نەفسی بكات.

"قەرە"، له نوسینی عەلی ماتەك. ژنیكی دووگیان و كچە كەم تەمەنەكەی دەبی بچن بۆ رنینەوەی چا. هەردوكیان شەكەتن، به تایبەت كه ناتوانی له جیۆە هەستی. هاوسەرەكەی بیكارە و كچەكە دەپرسی كه بۆچی ئەو كارە ناكات. هاوسەری ژنەكە

داوایان لی دەکات لە مالی بمیننەوە و دەیهەوی گایەکەیان بفرۆشی و بۆخۆی بۆ کارکردن بچی بۆ شار. ژنەکە لەترسی ئەوەی کە نەکا تەنیا دارایی مال لەدەست بدەن، پیلی کچەکەی دەگری و دەچن بۆ کارکردن. پیاوەکە بەهۆی ئەوەی کە ناتوانی کاریك بۆخۆی دەستەبەر بکات، خۆی بەکەم دادەنی. ئەو پی دادەگری کە بچی بۆشار. ئەو پەیوەندییە تا رادەیەك سەربەستانەی کە لەو بنەمالەیەدا نیشان دەدرین، چێژێکی تایبەتی داوە بە چیرۆکەکە.

لەنیو چیرۆکە دریژەکان دا، ئەو بەرهەمە بەنیو بانگەی کە تەوەرەکەی ژیان و خەباتی کریکارانە، رۆمانی پربایەخی "دراوسێکان" لە نوسینی ئەحمەد مەحموده. لە پەراویزی ئەم بەرهەمەدا، کیشەی سەرجەم تویژەکان لە خەباتی کریکارانی شیرکەتی نەوت لە بزووتنەوەی میللی کردنی نەوت دا بە شیوەیەك رەنگ دەداتەوە. (کاتی بەرهەم: کۆتاییەکانی دەیەی ٢٠ ی هەتاوی تاکو بەرلە کودەتای ٢٨ی موردادی ١٣٣٢، شوین: ئابادان). خالید کریکاریکی چایخانە، کەسایەتی یەکەمی ئەم رۆمانەیە. ناوبراو هاوری لەگەل بنەمالەکەی، لە مالیکی روخاو و گەورەدا ژیان بەسەر دەبا. لەو مالەدا هەروەها چەند کریکار و زەحمەتکیش، خاوەنی چایخانەیەك قاچاخ چیەکی کەل و پەلی ژیانی رۆژانە ژیان بەسەر دەبەن. محەممەدیش کە مکانیکە و لە کریکارانی شیرکەتی نەوتە، لەو مالەدا دەژی. ناوبراو لە لایەنگرانی هەستاندنەوەی شیرکەتی نەوت لە ئینگلیسییەکانە. محەممەد باوەر بوون بە خورافات بە هۆکاری دواکەوتوویی دەزانی، نویژ ناکات، ماتریالیستانە بیر دەکاتەوە، دژی مەلایانە و لەگەل ئەوەش دژایەتی هەیە کە ئەوکار بکات و "تاقمیکی زگ زل" بیخۆن. بە بروای ئەو، دەکری ئال و گۆر لە هەموو شتیك پیك بێ. ئاخرین پی و شوینی محەممەدی مکانیك لەو رۆمانەدا لەوشۆنە دایە کە دەیبینین، لە کۆبوونەوەیەك دا شانی بەهۆی وێکەوتنی فیشەك بریندار دەبی. جان محەممەد یەکیکیتر لە کریکارانی شیرکەتی نەوتە. ناوبراو لەسەر ئەو بروایەیە کە نەوت دەبی میللی بکری و ئیرانیەکانیش توانایی بەریوەبردنیان هەیە. ناوبراو ئەو دلەراوکێیە دایگرتوە کە بە میللی کردنی نەوت، دەورەی "تالان کردن" و برسیەتی و بیکاری کۆتایی پی دێ. تەنیا قسەی جان محەممەد ئەوەیە کە "بۆچی برسییەکان دەبی برسیتر بن و دەولەمەندانیش دەولەمەندتر". لەو قسانە وا دەردەکەوی کە محەممەد نوینەری بۆچونی ریفورم خوازی چینەکەیە. بە داخەوە ئەو کریکارانە و کۆبوونەوە و مانگرتنەی دەیان هەزار کەسە و ئەو کاریگەریە بەرچاوانەی کە دایان ناوە، زۆر لاوەکی دینە ئاراوە. بەلام بەشی راگەیاندن، رۆژنامە، دروشم نوسین و مانگرتنی ژمارەیەك لە زیندانیە ئاساییەکان، ئەو قوربانیانەی نابەرابەری و هەلاواردن گەورە دەکرینەوە و سیبەر دەخەنەسەر ئەو شتانەی کە دەبوایە باسیان کرابا.

تەنانەت خالید لە ئاخرین ساتەکانی لە زیندانی تاکەکەسیدا تەنیا کەسانیك کە بیریان لی ناکاتەوە، محەممەدی مکانیك و جان محەممەدن. کریکاریکی دیکە کە خالید بێ، بە بینینی ژیانی بنەمالەکەی و دراوسێکانیان و سۆزی ئەوان، کاریگەری خراپ و دواکەوتوانەی مەلاکانی سوالکەر سفەت و مفتەخۆر، دەوری سەرکوتگەرانە و هەلاواردنانەی پۆلیس و مال پەرەستی و خۆویستی دوکان داران، دەبی بە کۆمۆنیست. سروشتییە، ناوبراو بە تەنیا ریکخراویك کە لە ئارادا بووە (حیزبی تودە) کە لاڤ کۆمۆنیستی لی دەدا، پەیوەست دەبی. جابۆیە لەجیاتی ئەوەی کە هەلسورانی شۆرشگیرانەی گری بدات بە محەممەدە مکانیکەکان، لە چوارچیوەی کتیب و رۆژنامە و دروشم نوسین دا قەتیس دەمینیتەوە و لە ئاکام دا دەبی بە یەکیك لە ریکخەرانی مانگرتنی زیندانیانی ئاسایی، بە واتایەکیتر دەچیتە ریزی قوربانیانیك کە وەدی هاتنی خواستی باشتر بوونی هەل و مەرجیان هاوری لەگەل بەهیز بوونی خەباتی کریکاران زیاتر دەبو.

یەکێك لە چیرۆکە درێژەکانیتر، "کرێکاران" لە نوسینی لاری کرماشانی‌یە کە مەبەستی خولقاندنی بەرهەمێکی کرێکاری نوسراوە. چیرۆکەکە لەسالی ۱۳٤٥ی هەتاوی‌دا کۆتایی پی هاتووە و سەبارەت بە ژمارەیەك کرێکارە کە لە دەرەوەی شار خەریکی کاری ڕێگا وبانن. ئەوان کاتی پشودانیان لە شوێنێك کە تا رادەیەك لە شوێنی حەسانەوە دەچی تێپەر دەکەن. نوسەرگەلێك دیمەنی ڕاستەقینە لە بارودۆخی دژوار، و نائەمنی کار نیشان دەدا کە ئەو دیمەنانە تەکاندەرن. کارفەرما هیچ کات حەقدەستی کرێکاران بە تەواوی لە کاتی خۆیدا نادا و بەردەوام خەریکی پیلان گێرانە تا لە یەکگرتن و کەوتنە گەڕی خەبات لەدژی خۆی بەرگری بکات. بەلام بەهۆی ئەوەی کە لە ئاکام دا نوسەر بە نیشان دانی ژمارەیەك کەسی فریشتە ئاسا بەنێوی کرێکار و ژمارەیەك جنایەتکار بەنێوی خاوەنکار و دەست و پەیوەندەکانی (ئەوان پیلان دەگێرن بۆ ئەوەی کە بە دەیان کرێکار بکوژن و حەقدەستەکانیان نەدەنی؟!) بەرهەمێکی بە تەواوی سانتیمانتالیستی خولقاندووە، نەیتوانیوە جێگا و شوێنی شیاوی خۆی بدۆزێتەوە. ئەگەری ئەوە هەیە بوترێ کە ئەو بەرهەمە ڕەنگدانەوەی لێ تێگەیشتنی کرێکاران لە پەیوەندی کار و سەرمایە لە دەیەی چلی هەتاوی‌یە. دەبێ لە ولام دانەوە بە ئەگەری هاتنە ئارای ئاوا ڕاو بۆچونێك بوترێ کە لەو ڕۆژەوە کە کرێکارانی ئێرانی لە باکو لەگەل بلشویکەکان و خەباتی کۆمۆنیستی ئاشنا بوون، هەتا هەر ئەو دەیەی چلە و تاکو ئەمرۆکەش ئەو کرێکارانە بە جۆرێك لەژێر کاریگەری دەرکی چینایەتی، هەل و مەرجی کاری و بارودۆخی ژیانی کرێکارانی ئوروپادا بوون و هەر لاوازی‌یەك لەم بوارەدا ناکری بەو هۆیە لێك بدرێتەوە کە چینی کرێکار لاوە. لاوبونی چینی کرێکار کاریگەری‌یەکانی خۆی هەیە، بەلام هۆکاری سەرەکی نیە. ئەمە ولام دانەوەیەکیشە بە مەحمودی دەولەت ئابادی. ناوبراو ئاوای بۆ دەچی کە "ژرمینال" لەئێران نەنوسراوە، چونکە تا ئێستا ڕەگ و ڕیشەی کرێکاری ئێرانی لە ئاوایی‌یەکانە. ئەو ڕۆژەی کە کرێکارانی شیرکەتی نەوت هێشتا "کلاوی خوریان" لەسەر بوو، بە ڕیبەرایەتی یوسفی ئیفتخاری، کادری "حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" مانیان گرتو حکومەتی ئێران و شیرکەتی نەوتی ئینگلیستان هێنایە لەرزە. ئەو هێزی ڕیکخستنە و تاکتیکی خەباتە لە کەسانێکەوە فێر بوین کە بواریان بۆ خولقاندنی "ژرمینال" ڕەخساند. هەلبەتە ئەو بەرهەمانەی کە کرێکاران تەوەرەیانە (وەك "جێگای بەتالی سلوچ"، بەرهەمی دەولەت ئابادی) لەئێران کەم نین و هەروەها ئەو بەرهەمانەی کە لەژێر کاریگەری بۆچونی کرێکاردا نوسراون، ئەوەندە زۆرن کە بەداخەوە لێرەدا مەجالی باس کردنیان نیە. ئێستا بە سەرنج دان بەو شتانەی کە لە سەرەوە وتران، پێناسەیەکی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری دەکەین.

هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاری چی‌یە؟

لەو کاتەوە کە چینی کرێکار وەك پارسەنگێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و خەباتکارانە لە کۆمەلگادا دەرکەوت، بەرادەی جۆراوجۆر دەرکەوتنی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریشی بە دوای خۆی‌دا هێنا.

لەو قوناغانەدا کە چینی کرێکار بەهۆی پێگەیشتن و ڕیکخراو بونی ئاوا بەهێز بوە کە ئیدعای دەسەلاتی سیاسی بکات (کۆمۆن و شۆڕشی ئوکتوبر و.) و یان ئەوەی کە خوازیاری ئال و گۆڕی بنەرەتی لە پەیوەندی‌یەکان و یاساکان دا بە قازانجی خۆی بووە ( دەیەکانی بیست و سێ لە ئامریکا و ئوروپا و.) هونەر و ئەدەبیاتیش وەك "چەکێك" زۆرتر پێویست بوە. لەم ڕووەشەوەیە کە لە ئاوا قوناغ گەلێك دا ئەم پرسیارەی سەرەوە لەلایەنی بەربلاودا هاتۆتە ئاراوە و ولامی جۆراوجۆریشی پی دراوەتەوە. وەك:لە بەریتانیا دەوترا ئەو ئەدەبیاتە کرێکاری‌یە کە لەلایەن ئەندامانی ئەو چینەوە ڕێك و پێك و نوسرابێ و یان: لەنێو ژمارەیەك لە ڕەخنەگرانی چەپی ئامریکا لە دەیەی سی دەوترا ئەو ئەدەبیاتە کرێکاری‌یە کە

خوازیاری روخانی دەولەتی بورژوازی لەریگای شۆرشیکەوە بێ و هتد. من لەگەل ئەو کەسانەم کە پیناسەیەکی تا رادەیەك لەم جۆرەیان لە ئەدەبیاتی کریکاری کردبی.

هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری، دەرخەری دوو بۆچونی کریکارییە. بۆچونی رفورم خوازی کریکاری (کە بورژوازی بە پالپشتی ئەم بۆچونە ریفورمیزمی هینا ئاراوە) و بۆچونی کۆمۆنیستی. ئەو بەرهەمانەی‌تر کە بەزۆری کاریگەرییەکانی ئەم بۆچونانەیان لەسەرە، میراتیکی ئینسانین و راستەوخۆتر لە هەموو میراتەکانی هەر ئەو چینە، کە خوازیاری شیلگیرترین ئومانیزمن، دینە ژمار.

بەپیی پیویست هونەر و ئەدەبیاتی کریکاری شۆرشگیرانە نیە. تەنیا ئەو بەشە لەو ئەدەبیاتە شۆرشگیرانە دیتە ژمار کە رەخنەی هەیە لە چەوسانەوە، ناسیونالیزم، دەولەتی بورژوازی، مەزهەب و بنەمالەی بورژوازی. رەخنەی هەیە لە نامۆ بوونی مرۆڤ لە داهاتەکەی، نامۆ بوونی مرۆڤ لە سروشت، نامۆ بوونی مرۆڤ لەخۆی و نامۆ بوونی مرۆڤ لە مرۆڤ و خوازیاری نەهیشتنی ئەم دیاردانە لەریگای خەباتیکی شۆرشگیرانەیە. یانی خوازیاری دامەزراندنی کۆمەلی کۆمۆنیستی‌یە. هەر بەرهەمیك بە شیوەیەك، بەشیکی یان گشتی بچیتە ناو ئەو بازنەیەوە، شۆرشگیرانەیە. هەر کەسیکی هونەرمەند بەبێ لەبەر چاوگرتنی سەرچاوە و بواری چینایەتی دەتوانی بەرهەمی لەم چەشنە بخولقینی. دەبی لیرەدا شی بکریتەوە کە سەرجەمی بەرهەمە کریکارییەکان سەرجەمی ئەو بەرهەمانەی کە کاریگەری بۆچونی کریکاری (ئومانیزمی کریکار) یان لەسەرە، شیاوی لیکدانەوەن. چونکە هاتنە ئارای خودی چینەکە، عەینی بوونی ئارەزوکان و ئەوین و تورەییەکانی و جۆری بۆچونی مادی و عاتفەکەی لەئاست مەسەلە جۆراوجۆرە کۆمەلایەتی‌یەکان لە بایەخی زۆر بەهرەمەندە. ئەگەری ئەوە هەیە کە کەسیك ئەو پرسیارە بکا کە ئایا کریکاران و کۆمۆنیستەکان تەنیا دەبی هەر ئەو بەرهەمانە بخویننەوە و هیچی‌تر؟ ولامی ئەو پرسیارە ئەوەیە، سروشتی‌یە کە هەرکەس بە پیی زەوقی خۆی شتیك هەلدەبژیری. لە بەرهەمە هونەرییەکان دا جوان ناسی جیگای تایبەتی هەیە. ژمارەیەك لە کریکاران و کۆمۆنیستەکان شیعرەکانی حافز و مەولەوی دەخویننەوە یا گوی لە سۆزی کەمانچەکەی "بەهاری" دەگری تا چیژ لە دیمەنەکان و سۆزە هەست بزوینەکان وەربگری.

تائەو جیگایەی کە هەلدەگەریتە سەر سوننەتی مارکس و ئینگلس، ئەوان هەموو بەرهەمیکیان (لە یونانی کۆنەوە تاکو سەردەمی خۆیان) دەخویندەوە و دەیانناسین. کاتیك کە لە مارکسیان پرسی کە هۆگری کام شاعیرێ، ئاماژەی بە هاوریانی نزیکی خۆی وەك: هاینە، ویرس و فردیناند فریلگراس نەکرد، بەلکو ناوی شکسپیر، ئاشیلوس و گوتە بزد. مارکس بۆ خویندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە دەیان خوینیتەوە ئەو خالانەی لەبەر چاوی مەسەلەی جوانناسی، سەرنج دان بە بەریوە بردنی یاسا و پروسە میژوویی‌یە کۆمەلایەتی‌کان، رادەی سەرنج دان بە مرۆڤایەتی و دژایەتی لەگەل مەزهەب.و کە لەو بەرهەمانەدا رەنگیان داوەتەوە، نەك کریکاری و غەیرە کریکاری بونی بەرهەمەکان.

هەلس و کەوتی لنینیش لەگەل ئەم مەسەلەیە بەزۆر شتمان دەگەیەنی. لەسالی ١٩١٧دا "پرولت کالت" کونفرانسی سەرتاسەری کلتوری کریکاری خۆی بەریوەبرد. بۆچونی زال بەسەر کونفرانسەکەدا ئەوە بوو کە یەکیك لە بەشداربوان دەربری:ئیمە بە کۆلیکەوە لە کلتوری پرولیتری دەچینە ناو ژیانیکی نوێوە. ئەوان دەیانهەوی کۆلیکی‌ترمان لی نین. ئەوان دەیانهەوی دەسکەوتەکانی کلتوری بورژوازی لە ئیمە نین. ئەوکات ئیمە وەك وشتریك کە باریکی زۆریان لی نابی ناتوانین بەرەوپیش بروین. وەرن سەرجەمی کلتوری بورژوازی هەروەك زبل بخەینە زبلدانەوە. لنین لەئاست ئەمە بەم جۆرە قسانە، کە رەنگدانەوەی کرچ و کالی خودی بزووتنەوە کلتورییەکە بوو، هەلویستی دەربری کە س‌یسال دواتر بۆ دارشتنی

بریارنامەیەك بۆ یەكەمین كۆنگرەی پرولت كالت بەمجۆرە گرد و كۆ كرا: ماركسیزم سەركەوتنی میژوویی خۆی، وەك ئیدئولوژی پرولتاریای شۆرشگیر، لەو ریگایەوە دەستەبەر كردوە كە نە تەنیا دەسكەوتە پربایەخەكانی سەردەمی بورژوازی رەد نەكردۆتەوە، بەلكو بە پیچەوانە بە دریژایی ٢٠٠ سال لە هەلدانی كلتور و ئەندیشەی مرۆڤ هەر شتیكی بایەخ داری بەرەو خۆی راكیشاوە و شیوازی نویی پی داون. تەنیا هەلسوورانی زۆرتر لەسەر ئەو بنەما و لەم پەیوەندیەدا، كە ئەویش لە ئەزمونەكانی بە كردەوەی دیكتاتوری پرولتاریا وەك ئاخرین قوناغ لە خەبات لەدژی هەر شیوەیەك لە چەوسانەوە ئیلهامی وەرگرتبی،دەتوانری وەك هەلدانی كلتوریكی كریكاری رەسەن بناسری.

بە رەسمی ناسین و خویندنەوەی هونەر و ئەدەبیاتی ئەم چینە پیویستە، تا هەم ریزی سەربەخۆی لەم بوارش دا جیا بكریتەوە هەم خویندنەوەی هونەر و ئەدەبیاتی چینەكانیتریش، هەروەها مەجالی خویندنەوەی ئەم بەرهەمانەش برەخسی كە بنەما چینایەتیيەكەیان لەدلی میژودا بەگور سپیردراوە و لایەنی جیهانی بە خۆوە گرتوە.

مارسی ٩٩، لەندەن

سەرچاوەكان:


١- Wonking- Clas Hollywood by Stewen Ross, priceton Uniwersitg press, USA, 1998.

2-Theaters of the left, 1880. 1935, by R samuel, Emac Coll and Scosgrov Rout lage and Kegan Paul ple, UK, 1985.

3-Wonking-Class Ficton, by Ian Haywood, Northcot, House Publisshing Ltd, UK, 1997.

لەراستیدا ئەم وتارە خۆی بە قەرزداری نوسەرانی ئەم سێ كتێبە دەزانی:

4-Onlitenature and Art, by Marx and Engels, progress publisher,Moscow, 1976.

5- Onliteratare and Art, bylenin, progress pu blisher, Moscow, 1982.

6- The penguin Book of Socialist Weres, Edited Aland Bold, 1970.

٧- "هەر ئەو ئەستیرانە" هەلبژاردەیەك لە كورتە چیروكەكانی ئیرانی لەسەرەتاوە تا ئیستا، محەممەدی خەلیلی، مستەفا فعلەگەری ناوەندی چاپەمەنی بیر وداهینان. تاران ١٣٧١

٨- "هاوسێكان" ئەحمەد مەحموود، ناوەندی چاپەمەنی ئەمیركەبیر، تاران ١٣٥٣

٩- ژیان و بەرهەمی ئەو هونەرمەندانەی كە نیوی خۆیان و ژمارەیەك لە بەرهەمەكانیان هێناوە.


ن: فەرەیدون نازری و: یونس.م

# سينەماى سانسور

و: يوسف عەلىپوور

موسلمى مەنسوورى سالى ١٣٤٢ (١٩٦٣)ى زايينى لە سەنگسەر لە دايك بوە. لە تەمەنى ١٨ سالىدا (١٩٨٥ بەهۆى بلاْوكردنەوەى كتێبى رێكخراوەكانى نەيارى كۆمارى ئيسلامى دەستگير كرا و بە دوو سال زيندان مەحكوم كرا. لە سالى ١٩٩٣ى زايينىدا وەكوو رۆژنامە نوسيك لە گۆڤاريكى سينەمايىدا، دەستى دايە لێكۆڵينەوە لەسەر فيلمەكان و وت و ويژ لەگەل فيلم سازان و هونەرمەندان، كە بەشيك لەو وت و ويژانە لە كتێبيك دا بەنيوى "سينەما و ئەدەبيات" چاپ كراون. ئەو كتێبە كۆمەليك وت و ويژ لەگەل ئەحمەدى شاملو، نەجەڤ دەريابەندەرى، سەفدەرى تەقىزادە، محەممەد عەلى سەپانلو، ئايدين ئاغداشلو، هوشەنگ گولشيرى، مورتەزا مومەيز، بەهرام بەيزايى، ناسر تەقوايى، پەرويز كيمياوى، عەباسى كياروستەمى، بەهمەن فرمان ئارا، موحسنى مەخمەلباف و داريوشى ميهر جوويى لە خۆ دەگرێ.

موسلمى مەنسوورى لە ماوەى سالەكانى ١٩٩٤ تا ١٩٩٨ لەژير چاوەديرى كارى چاپەمەنىدا بە دەر لە ئيدارەى سانسورى رژيم هەشت فيلمى موستەند دروست دەكا كە ليرەدا ئاماژە بە ژمارەيەك لەو فيلمانە دەكەين.

-"كلۆز ئاپ لانگ شات" كە شەش سال دواى فيلمى "كلوز ئاپ"ى كيا روستەمى دروست دەكرێ و بابەتى فيلمەكە سەبارەت بە هۆگرى لە رادەبەدەرى كەسيك بەناوى حوسنى سەبزيان بە سينەمايە.

- "سينەما و ئيتر هيچ" كە باس لە فيلم سازكردنى گروپيكى ئاماتۆر دەكا لە يەكيك لە ئاواييەكانى ئيران دا.
- "ديزالو" كە سال ى١٩٩٧ لە پاريس دروست دەكرێ.

-"شاملو شاعيرى ئازادى" كە باس لە ئەحمەدى شاملوو و ژيان و كارەكانى دەكا.

-"زەوى بى سيكس" كە ژيان و جيگا و شوينى ژنانى لەش فرۆش لە ئيران تاوتۆێ دەكا.

-"ژيانى قەدەغە" كە هەل و مەرجى ژنانى شەر لێدراو و بنەمالەكانيان نيشان دەدا.

-"مندال بۆ فرۆشتن" كە باس لە كرين و فرۆشتنى مندالان لە خيابانەكانى تاران دەكا و "غەريبى لە نيشتمان"دا كە بەسەرهاتى بەنديخانەكانى كۆمارى ئيسلامىيە.

* * *

باشتر وايە ئەم وت و ويژە ليرەوە دەست پێبكەين كە ئيوە لايەنى لاواز و بەهيزى سينەماى ئيران و كەلك لێوەرگرتنى كۆمارى ئيسلامى لەو هونەرە چون دەبينن؟

راستىيەكەى ئەوەيە كە كۆمارى ئيسلامى هەر لە سالەكانى سەرەتاى دەسەلاتداريتى خۆيەوە، سينەماشى وەكو سەرجەم ناوەندەكانى كۆمەلايەتى و فەرهەنگى خستە چوارچيوەى سانسور و سەرەرۆيى مەزهەبى و بۆ وەديهينانى خواستەكانى دەسەلاتى خۆى بەدەستيەوە گرت. هەموو سالى نزيكەى ٧٠ يا ٨٠ فيلم لە بوارە جۆراوجۆرەكانى بنەمالەيى، پوليسى، كۆمەلايەتى، شەر، مەزهەبى.و لە ئيران دروست دەكرێ. زۆربەى ئەو فيلمانە راستەوخۆ يا ناراستەوخۆ لە خزمەت

ئامانجە تەبلیغاتیەکانی رژیم دان. لەماوەی چەند سالی رابردوودا (زورتر لە دەیەی ٧٠ی هەتاویەوە بەولاوە) زۆریەك لەو فیلمانە بە مەبەستی بەشداری کردن لە فستیوالە خارجیەکان دروست کراون. ئەو فیلمانە لە روالەت دا بە پیك هینانی فەزایەکی سادە و خۆشەویستیانە هەولیان ئەوەیە ناوەرۆکی ئەخلاقی و عاتفی بکەنە دەست مایەی کاری خۆیان و گیروگرفتە کۆمەلایەتیەکان لایەنی ئەخلاقیاتی مەزهەبیەوە لیك بدەنەوە. بە واتایەکی‌تر، نیشان بدەن کە ناکۆکیەکانی زال بەسەر کۆمەلگادا، نەك سەرچاوە گرتوو لە پیوەندیەکانی داسەپاو و تالان و کوشت و کوشتاری رژیمی ئیسلامی ، بەلکو سەرچاوە گرتوو، بۆ وینە لە نەبوونی بارهینانی دروست یان بەریوە نەبردنی بنەما ئەخلاقی‌یە مەزهەبی‌یەکان.و لەلایەن کۆمەلگاوەیە. لەم جۆرە فیلمانەدا، گیروگرفتەکانی کۆمەلگا بە جۆریك لیك دەدریتەوە کە ئاکامەکەی ئەوە دەبی کە ناوەندە دەولەتیەکان بەباشی خەریکی بەریوە بردنی کارەکانی خۆیان بوون. کۆمەلگا لە بنەرەتدا سوباتی هەیە و تەنیا ژمارەیەك لە کەسەکانی کۆمەلگا تووشی گیروگرفتن، کە ئەویش بە یارمەتی کەسانی‌تری کۆمەلگا و یان بە یارمەتی ناوەندە دەولەتیەکان لە جەرگەی لیك تی‌گەیشتنیکی ئینسانی چارەسەر دەکریٚ. لە بەر ئەو هۆیەیە کە لە ماوەی ٢٢ سالی رابردوودا دوربینی سینەما لە ئیران، هیچ کات بە چاویکی رەخنەگرانە سەیری کاردانەوەی دەولەت و ناوەندەکانی ئەوی لە کۆمەلگادا نەکردوە. چاوخشانیك کە بە شیوەیەکی راستەقینە، پی‌شیل کردنی ماف خەلکی و پەیوەندیە سەرەرویەکانی زال بەسەر ژیانی ئەوان دا، نیشان بدات. لەو ماوەیەدا دوربینی سینەما بۆ هەر جیگایەك چوە، بە روانگەی تەبلیغی‌وە بۆ رژیم چوە. بەو مەبەستە کە لە ئیداراتی دەولەتی، لە پاسداران و هیزەکانی ئینتزامی، لە بیمارستانەکان و نیزامی پزشکی، لە مەدرەسە و دانشگاکان و هتد، سیمایەکی باش نیشان بدات.

لە هیچ کام لەو فیلمانەی کە لە ماوەی ئەو بیست و چەند سالەدا ساز کراون، ئاسەواریك لە جینایەتەکانی ئەو رژیمە نیشان نەدراون، ئاسەواریك لە پی‌شیل کردنی سەرەتایی‌ترین ماف ئینسانەکان لە گوری‌دا نیە" هیچ چەشنە هەولیکی جیددی بۆ نیشاندانی هۆکاری چارەرەشی خەلك و نیشان دانی جیاوازیە ترسناکەکانی چینایەتی کۆمەلگا، نادریٚ" ئاسەواریك لە بە فەساد کیشانی کۆمەلگا ( لە ئیعتیاد، لە لەش فرۆشی، لە خۆکوژی، لە خۆسووتاندن، لە ئەزیەت و ئازاری مندالان و فرۆشتنی ئەوان، لە یاساکانی دژی ژن و زەختی روحی و رەوانی بەسەر خەلك دا) بەدی ناکریٚ" ئەگەریش جار نا جاریك چاویك دەگیرن بەسەر گوشەیەك لەو گرفتانە هەر لە لایەنی ئەخلاقیاتی ئاخوندی و لەئاستی هینانە ئارای گیروگرفتی تاکە کەسی‌دایە. ئەویش بۆ ئەوە کە، فیلم ساز بە شیوەیەکی ریاکارانە باری ئەو جینایەت و نەهامەتیانەی کە لە ئارادان لە سەر شانی حکوومەت هەلگری و بیخاتە ئەستوی خودی خەلکەوە و لە لایەکی‌تریشەوە، بە کەلك وەرگرتن لە دەرد و چەرمەسەریەکانی خەلك، بازاریك بۆ فرۆشتنی بەرهەمەکانی وەری بخات. زۆربەی فیلمەکانی بنەمالەیی، هەر هەمان دەرسە ئەخلاقی‌یەکانی ئاخوندەکانی سەر مینبەر دووپات دەکەنەوە. کەسانی باش لەو فیلمانەدا نمونەی ئەو کەسانەن کە فەرهەنگی ئیسلامی دەیهەوی وەکوو کەسایەتی‌یەکی باش بە کۆمەلگایان بناسیٚنیٚ. تەنیا چوارچیوەیەك کە رژیم بۆ فیلم سازانی هیشتۆتەوە خەریك بوون بە ناوەرۆکی عاتفی و ئەخلاقی ئیسلامی‌یە. ئیستا ئەگەر تەنیا ئەو ناوەرۆکانە و ئەو جۆرە روانگەیە بۆ سینەمای ئیران شیاوی پەسەند کردن بیٚ، کە واتە بۆ شایی و نەبوونی ناوەرۆکی‌تر جیگای پاساو و چاوپۆشی لی کردنن. وە لەو حالەدا، دەبی بە جۆریکی‌تر بروانینە دیاردەی سانسۆر. یانی بە باشی لە سانسۆری کۆماری ئیسلامی تی‌بگەین و پیشوازیشی لی بکەین! چونکە تەواوکەری هونەر و دەبیتە هۆی دەرخستنی تواناییەکانی هونەر و هونەرمەند. لە حالیك دا کە لە روانگەی ئینسانی ئازادیخواز، سانسۆر کوسپی سەر ریگای داهینانە و وزە و تواناییەکانی

ئینسان تەنیا لە فەزایەکی ئازاددا دەپشکوێن. لەو جۆرە فیلمانە دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە لەراستیدا رژیمی ئیسلامی و فیلم ساز هەر دووکیان یەك قسە دەکەن. هەر دووکیان لە روانگەیەکی دواکەوتوانەوە سەیری ناکوکیەکانی کۆمەلگا دەکەن و هەر دووکیان دەیانهەوی سەرچاوەی ئەو گرفتانە شاراوە راگران و چەواشەیان بکەن. هەلبەتە دەبێ لە بیرمان بێ کە سینەما بۆ بینەر، بەبێ خەیال و سەرنج راکیشی دیمەنی پیك دینی و لەم روەوەیە کە کاردانەوەی زۆر مەترسی داری دەبی. ژمارەیەك لەو فیلم سازانە ئیددعای ئەوە دەکەن کە فیلمەکانیان هەلگری پەیامیکی ئینسانییە و ئەوان سەربەخۆ لە دەزگاکانی رژیم کار دەکەن. بەلام لە راستیدا، ئەوە خودی کۆماری ئیسلامییە کە پیداویستیەکانی دروست کردن و بواریك لە تەبلیغ و ناردنی ئەو فیلمانە بۆ دەرەوەی ولات دەگریتە ئەستۆ. ئەوە چونە کە ئەو فیلم سازانە هەم لە دەست بەریوەبەرانی رژیمەوە خەلات وەردەگرن و هەمیش لە دەست بەریوەبەرانی فستیوالە خارجیەکانەوە؟

٢_ یانی ئیوە سەرکەوتوویی هیندیك لە فیلمە ئیرانیەکان لە فستیوالەکان دا بە حیسابی سەرکەوتوویی دەزگا تەبلیغاتیەکانی کۆماری ئیسلامی دادەنێن؟

لەم مەجالەدا دەرفەتی لیکولینەوەی دروستی ئەم بابەتەمان نیە، چونکە بۆ ئەو هەلسەنگاندنە دەبی چونیەتی کارکردی دەزگاکانی فەرهەنگی و تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی هەم لە ئیران و هەم لە دەرەوەی ئیرانیش، ئامانجیك کە رژیم لەو پەیوەندیەدا بە شوینی دەکەوێ و هەروەها رەوتیك کە سینەما و لە بنەرەت دا هونەر، کە لە دوای دەیەی ٧٠ی زایینی لە جیهان دا ناویەتیە پشت سەر، بە وردی بدرینە بەر لیکولینەوە.

بەلام لە ولام بەو پرسیارەدا بەشیوەیەکی خیرا ئاماژە بە چەند خال دەکەم: دوای کۆتایی هاتنی شەری ئیران و عیراق، کۆماری ئیسلامی بۆ هاتنە دەر لە بەتاق کەوتنەوی نیونەتەوەیی، سیاسەتی خۆی لەلایەن رەفسەجانییەوە بەشیوەیەکی بەربلاو لەسەر کارە فەرهەنگی‌یەکان سەقامگیر کرد. ئەو حەرەکەتە، هاوکات لەگەل خواستی رۆژئاواش هاوئاهەنگ بوو. وەلاتانی رۆژئاوا کە تا ئەو کات بەهۆی وەحشیگەری رژیمی ئیسلامی‌یەوە نەیاندەتوانی هەلبەت لە روالەت دا لەگەل رژیم پەیوەندیەکی ئاسایی ساز کەن، پیشوازی‌یان لە سیاسەتی فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی کرد و لەژیر سیبەری پەیوەندی فەرهەنگی‌دا قەباحەتی پەیوەندی لەگەل کۆماری ئیسلامی‌یان شکاند و مەشروعییەتیان پی‌دا. دروست هەر لەو سەردەمەدایە کە رەفسەنجانی هەول دەدا سیاسەتەکانی بانکی جیهانی لە ئیران دا بەرەو پیش بەرێ. هەر لەو کاتەدایە کە هەیئەتە ئابووری و سیاسی‌یەکان دینە ئیران و لە پەراویزی قەرارداده ئابووری و سیاسی‌یەکان دا قەراردادی هاوکاری فەرهەنگیش ئیمزا دەکرێ. سروشتی‌یە کە سینەماش وەك لایەنیکی ئەو قەرارداده بە حیساب دێ. سینەمای ئیران، لەو خالەدا لەگەل بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بەرژەوەندیەکانی رۆژئاواش گرێ دەدرێ و سەرەنجام بە هەرا و هوریا دەچیتە ناو سینەمای جیهانی‌یەوە. لە راستی‌دا سینەماش هاوکات لەگەل بەرهەمەکانی‌تری فەرهەنگی کۆماری ئیسلامی لە لایەن رژیمەوە بەرەو لای رۆژئاوا رەوانە دەکرێ. کونسیرتەکان، پیشانگا جوراوجۆرەکان، گروپە وەرزشیەکان، بانگهیشتی نوسەران و هونەرمەندانی دانیشتوی ئیران بۆ سوخەنرانی لە ولاتانی جۆراوجۆردا.و، سەرجەمی ئەوانە بە شوین سیاسەتیکی دیاری کراودا دەست دەدەنە دەستی یەکتر بۆ ئەوەی لە سیمای جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی، سیمایەکی جیگای پەسەند دروست دەکەن.

لە لایەکیترەوە، بەهۆی زال بوونی هەمەلایەنەی سەرمایە و ئامرازە تەبلیغاتیەکانی لەئاستی جیهانیدا، فستیوالەکانی فیلم لە جیاتی ئەوەی کە پشتیوانی لە هونەرمەندانی سەر بەخۆ و نارازی بکات، زیاتر لە هەمیشە لەگەل دەولەت و ئەو فیلم سازانەی کە لە بواری سیاسەتەکانی دەسەلاتداردا بەرەوپیش دەچن، خەریکی سات و سەودا کردنن.

سەردەمیك، بەریوەبەرانی هیندیك لە فستیوالەکان تەنانەت ئامادە نەدەبوون بۆ نموونە لە دەورانی "فرانکو"دا فیلمیك لە ولاتی ئیسپانیاوە کە لەلایەن دەولەتی ئەو ولاتەوە نیردرابا، پیشانی بدەن، بەلام ئەمرۆکە ئەم فستیوالانە خەلات دەدەن بە کەسانیکی وەك: ئەحمەد رەزا دەرویش، کەمالی تەوریزی و... کە لە سەرکوتی هیزەکانی ئازادیخواز و رەوتە سیاسیەکانی دژی رژیمی ئیسلامی، هەلسوراوانە دەور و نەقشیان هەبوە و کەسانی سارولا و سیخوری کۆماری ئیسلامی بوون و هیشتاش لە دەزگاکانی رژیم دا هەلسوراوانە کار دەکەن. بەلام لەو نیوەدا، بە سەرهاتی رەخنەگەرانی رۆژئاوایی بە جۆریکیترە. فستیوالەکانی فیلم، تەنیا جۆریکی تایبەت لە فیلمەکان ئەو فیلمانەی کە لە ساڤ کۆماری ئیسلامی تیپەر بوون– نیشان دەدن، بۆ ئەو فیلمانە تەبلیغ دەکەن و ئیمکانی دیتنی ئەو فیلمانە بۆ هەموو کەس دەرەخسێنێ. لەوانەیە ئەگەر ئیمکانی دروست کردن و پیشاندانی فیلمی غەیرە حکومەتیش هەبوایە، بینەران و رەخنەگرانی رۆژئاوایی پیشوازی‌یان لەو جۆرە فیلمانەیش دەکرد. بەلام خەلکی ولاتانی رۆژئاوا و رەخنەگرانی سینەمایی ئەوان، بەهۆی خستنەپەراویزی سینەمای پیشرەو و پیشکەوتوو بەتایبەت دوای دەیەی ۷۰ی زایینی، زال بوونی هەمەلایەنەی سینەمای هالیوود لە بازاری جیهانیدا، لیك هەلوەشان و لەناوچوونی رەوت گەلیکی وەك نیئوریئالیزم و شەپولی نویی ئوروپا و، هەروەها پەك کەوتنی سینەمای ئورووپای رۆژهەلات و ئامریکای لاتین، چاویان بریوەتە سینەمای ئاسیای رۆژهەلاتەوە کە لە بنەرەت دا چونیەتی سینەماکەی بەهۆی بارودۆخی جوغرافیایی و ناوەرۆك و دروست کردنی ساکاری ئەو، لە فەزایەکی سەرەتایی‌دا لەئاست زال بوونی سینەمای تجاری‌دا قەرار دەگرێ. لەوەها بارودۆخیك دایە کە فیلمە سینەماییەکانی ئیرانیش سەرنجی رەخنەگرانی رۆژئاوایی بەروە لای خۆیان رادەکیشن.

۳– باشە ئیستاش با هیندیك سەبارەت بە جیاوازیەکانی سینەمای بەر لە شورش و دوای شورش قسە بکەین. بیروڕای ئیوە لەو پەیوەندیەدا چی‌یە؟

سینەمای باوی رژیمی رابردوو، لە چونیەتی روانینی سەبارەت بە بابەتە کۆمەلایەتیەکان، نە تەنیا جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەل سینەمای کۆماری ئیسلامی نەبوو، بەلکوو تەنانەت لایەنی ویك چوی زۆریشیان هەیە. لە زوربەی فیلمەکانی ئەو سەردەمەدا، قارەمانانی فیلم لە گەرەکەکانیان دا کەسانیك بوون کە هاتوچوی مزگەوتیان دەکرد یان کەسانیك بوون کە لە کور و کۆمەلەکان دا بەشدار بوون، خەریکی نەزر و نیاز و خیرات بلاو کردنەوە بوون، بەریوە بەرایەتی ری و رەسمی مەزهەبی گەرەکیان لە ئەستو بوو و بە ئیستلاح کەسانیکی "بە غیرەت و ناموس پەرەست" بوون، خوشك یان ژنی پیاوە قارەمانەکانی ئەو فیلمانە نەیاندەویرا بە بی لەچکە لە بەر دەرکی مال دەرکەون. ئەو سینەمایە لەگەل سینەمای دوای شورشی ۵۷ کە لایەنگری هەر ئەو سوننەت و بۆچوونە دواکەوتوانەیە، جیاوازیەکی نیە. بەلام لە لایەکیشەوە، لە فیلمەکانی ئەمرۆیی‌دا جیگای دیمەنەکانی کابارا و سەما و سیکس بە دیمەنی عیرفانی پر کراوتەوە. ئەگەر لە ژمارەیەك لە فیلمەکانی بەر لە شورش، ئەکتەری ژن عاقیبەتی گوشەی کابارا بوایە و دواتریش لە لایەن جوامیریکی بە غیرەتەوە، دەبوو بە ژنیکی مالدار و داوین پاك، ئیستا لە "سایەی بەرەکەتی کۆماری ئیسلامی"یەوە ژنان هەر لە سەرەتای فیلمەوە، ژنانیکی داوین پاك و مالدار و تەنانەت هیندیك جاریش بەر لە پیاوان کاروباری عیرفانیەکیان بەریوە دەبەن و بۆ بینەری

فیلم بەردەوام دەرسەکانی ئەخلاقی مەزهەبی دووپات دەکەنەوە. بەو حالەشەوە، لەنیوان سینەمای رابردوو و سینەمای ئیستا جیاوازیەکی بنەرەتی هەیە: لە نیزامی رابردوودا سینەما کاردانەوەی راستەوخۆی حکومەتی نەبوو. دەور و نەقشیکی سەرقال کەرانە و سوکایەتی پیکردنی هەبوو، بەلام ئەمرۆکە، سینەما کارکردی سیاسی و تەبلیغی دیاری کراوی بۆ رژیم هەیە. کۆماری ئیسلامی، سینەمای لە چوارچیوەیەکی ئیدئولوژی و بەرژەوندیەکانی حکومەتی خۆیدا رینوینی کردوە و هەر لەبەر ئەو هۆیەشە کە ئەمرۆ سانسۆر بەچەند قات توندتر لە رابردوو بە سەر سینەمای ئیران دا زاڵە.

٤- با بچینەوە سەر مەسەلەی سانسور، بە بروای ئیوە گرینگترین حەساسیەتەکانی ئیدارەی سانسۆری رژیم لە دروست کردنی فیلمەکان دا کامانەن؟ مەبەستم "دەبێ" و "نابێ"یەکانی سینەمایی لەو رژیمەدایە.

رژیمیك کە لە تایبەتیترین مەسایلی ژیانی خەلك دا دەخالەت دەکا و کاری بە چونیەتی لەبەر کردن و پیخەوی خەلکیش داوە، ئاشکرایە کە لە بواری سینەما و هونەردا تاکوێ دەتوانی بەرەوپیش بچیت! سانسۆر تەنیا ئەوە نیە، کە ئیجازەی رەخنەگرتن بە ناوەندە حکومەتی و دەزگاکانی سەرکوت نەدرێ. سانسوری کۆماری ئیسلامی، یانی ئەوە کە تەنانەت نابێ لەراستییەکانی کۆمەلگاش نزیك بیەوە. سانسور یانی ئەوە کە نابێ شەر و هەر شتیك کە بۆ رژیم بایەخ دارە و شورشگیرانەیە، رەخنەی لی بگیرێ. لەراستیدا ئەوە رژیمە کە بۆ فلیم ساز دیاری دەکا کە چون فیلم دروست کات" بانگەشە بۆ شیتك بکات و دیمەنی خراپ لە چ شت گەلیك هەلگرێ. ئەوە رژیمە کە بە پال پشتی تیغی سانسور دەستور بە فیلم ساز دەدا کە چ دیمەنیك لە ناکۆکیەکانی کۆمەلگا پیشان بدات" و فیلم ساز لە وتوویژ لەگەل چاپەمەنیەکانی ناوەوە و دەرەوە چ سنوریك لە بەرچاو بگرن" رژیم تەنانەت لە رووناکی و چونیەتی ئەو رەنگانەی کە لە فیلم دا بەکار دیْن دەخاڵەتی راستەوخۆ دەکات.



کۆماری سەرەرۆی ئیسلامی، ماف رەخنەگرتنی بە ماف تایبەتی خۆی داناوە. زۆربەی رەخنەگرانی رژیم، وەزیر و بە کریگیراوانی خونی. کەسیك ماف رەخنەگرتن لە سینەما هەیە کە لە سەرەتادا برایەتی خۆی لەگەل رژیم بە کردەوە بە ئیسبات گەیاندبێ. لە ئەساس دا فیلمە رەخنەگرانەکان لە لایەن فیلم سازانیکەوە دروست دەکرین کە کەسانی سەر بە رژیمن. ئەوان بە هینانە ئارای رەخنەگرتن لە مەسەلەیەکی تایبەت، مەسەلەکانی گرینگ تر و بنەرەتیتر حەشار دەدەن یان لە بەرچاوی ناگرن. دەبێ لیرەدا شی بکەمەوە کە فیلم سازانی دەولەتی بە وردی سەرنجی ئەم خالە دەدەن، ئەوان بۆ سەرنج راکیشانی خەلك بەرەولای سینەما، چەند خالی رەخنەگرانە- بۆ نمونە سەبارەت بە هەل و مەرجی ژنان یان شەر- لە فیلمەکانیان دا دەگونجینن و دواتر هەول دەدەن کە تەبلیغاتی دەولەتی لەو ریگایەوە دەرخواردی خەلك بدەن. لە ماوەی سالانی رابردوودا، چەند فیلم لە ئیران دروست کراون کە روانگەیەکی رەخنەگرانەیان سەبارەت بە کارکردی هیندیك لە ناوەندەکانی دەولەتی هەبوو. ئەو فیلمانەیان لە ریگای حەوزەی هونەری تەبلیغاتی ئیسلامی- سەر بە دەفتەری خامنەیی- و لەلایەن فیلم سازانیکی وەك بیهروزی ئەفخەمی، ئەحمەدرەزا دەرویش، رەسولی موللاقولیپور.و. ساز کراون، یان فیلمی "دایرە"ی جەعفەری پەناهی، کە بە بەشداری تەلەفزیون دروست کرا. زۆربەی ئەو فیلمانە دەور و نەقشیکی جیگای متمانە بۆ رژیم دەگیرن. هەموان دەزانین کە زۆربەی خەلك تا چ رادەیەك نەفرەتیان لە هیزەکانی ئینتزامی رژیمە. بەلام فیلم سازیك دیْت و لە فیلمەکەی خویْدا بەشیوەیەکی لاوەکی رەخنە لە هیزەکانی ئینتزامی یان لە شەر دەگرێ. بەلام هەر ئەو رەخنانە وەها بەکریگیراوانە باس دەکات کە سەرجەمی هیزە سەرکوتگەرەکانی رژیم یان پیویستی

شەر بۆ خەلك جیگای پەسەند بێ. لە ئاكام دا ئەوە كۆماری ئیسلامیيە كە لە پیشاندانی ئەم چەشنە فیلمانە قازانج دەكات و بە كردەوە دەتوانی بەشیوەیەكی باشتر ئەو تویژە لە هونەرمەندان كە سەبارەت بە ناكوكیەكانی كۆمەلگا نارازین، چەك بكات!

ئەگەر فیلم وەك ئامرازیك لە دەست فیلم سازی خۆ بە بەرپرس دا بزانین بە سەرنجدان بەو خالە كە رژیمی كۆماری ئیسلامی ئیجازەی دروست كردنی فیلم نادات مەگەر ئەوە كە زەرەر و زیانی نەبێ یان یارمەتیدەری تەبلیغ و بلاوكردنەوەی فەرهەنگی مەزهەبی بێ كە واتە ئەمرۆ لە ئیران فیلم سازی خۆ بە بەرپرسزان چۆن دەتوانی لە سینەما بۆ وشیار كردنەوە و حەرەكەت دان بە كۆمەلگا، بە پیشاندانی ناكوكیەكانی ناو ئەو كۆمەلگایە كەلك وەرگرێ؟

هونەرمەندیك كە لەم هەل و مەرجەی كە لە ئارادا نارازیيەوە دەرد و رەنجی جەماوەری بەش مەینەت مەشغەلەی ئەمرۆیەتی و نایهەوی نان بە نرخی رۆژ بخوا، بە دلنیایەوە شیوازی گونجاوی لەقاودانی ناكوكیەكانی كۆمەلگا و خەبات لەگەل ئەو رژیمەش دەدۆزیتەوە. هونەرمەندی خۆ بە بەرپرس زان ریگای ئەوەش دەدوزیتەوە كە چۆن كارەكانی لە دەرەوەی چوارچیوەی سانسوری رژیمیش بەرهەم بێنێ.

ئەمرۆكە بە دەست پیراگەیشتنی ئاسان بە دوربینی ویدیویی، دەتوانی راستییەكانی دل هەژینی كۆمەلگا بە دوور لە سانسوری رژیم بێنێتە سەر تەسویر و لە دوربینیش وەك ئامرازیك بۆ هاوخەباتی لەگەل خەباتی خەلك كەلك وەرگری. دەتوانری زۆر فیلم ساز بكری كە رەنگدانەوەی خواستەكانی خەلك بی و رژیم ریسوا بكەن. بواری بلاوكردنەوەی ئەو فیلمانە هەم لە ئیران و هەم لە دەرەوەی ئیرانیش هەیە. بە هەر رادەیەك كە لایەنەكانی سەركوت لە ئیران دا زیاتر دەبی، لە بەرامبەردا فیلمی بەرهەم هاتوی بە دوور لە چاوەدیری و سانسوری رژیمیش ئیمكانی بلاوبوونەوەیان بەشیوەیەكی بەربلاوتر بو دەرەخسی. ئەوە راستە كە خەلك، خیرا دوای دەست پیراگەیشتنیان بەو بەرهەمانە، لە ماوەیەكی زۆر كورت دا ئەو بەرهەمانە بۆ یەكتر كوپی و تەكسیر دەكەن. تەواوی هەولی كۆماری ئیسلامی ئەوەیە كە هیزی داهینان لە سەرجەم بوارەكاندا– بەتایبەت لەبواری بەرهەمەكانی فەرهەنگی و هونەری–دا، لە دەست نەدات. هەرچەند كە رژیم ریگا و لایەنی بەرهەمە فەرهەنگی و هونەریەكان بەجۆریك دیاری دەكا كە بەرەو شاراوە بەرهەم هینان– شورشگیرانە– نەچی، بەلام ئەگەر هونەرمەندانی سینەما و فیلم سازەكان بە هۆی بەرژەوەندی تاكە كەسی خۆیان سانسور قەبوول نكەن و بۆ ئازادی و مافی ئینسانی– بە رادەی هەر ئەو خەلكە سادە و نەدارە– بەهای بۆ بدەن، ئیمكانی ئەوە بوە و هەیە كە سینەمای ئیرانیش بەش بەحالی خۆی بۆ وشیار كردنەوەی خەلك و هاوری لەگەل خەباتی ئەوان هەنگاو هەلبگرێ.

ئەو فیلمە ئیرانیانەی كە لە ماوەی ئەم سالانەی دواییدا لە كۆر و كومەلی نیونەتەوەییدا پیشان دراون، زیاتر سەبارەت بە ژنان و مندالان بوون، بەبروای ئیوە ئایا ئەو فیلمانە مەسەلەكانی راستەقینەی ژنان و مندالانی ئەمرۆی ئیرانی پیشان دەدەن؟

ژنان و مندالان بەهۆی هەوراز و نشیوی دراماتیك و پیك هینانی هەستیكی خوشەویستیانە لە فیلمەكاندا، كەلكیان لی وەردەگیرێ. بەلام كەمتر فیلمیك دەبیندری كە ئاماژە بە بارودۆخی راستەقینەی زال بەسەر ژیانی ژنان و مندالان بكات. لەو فیلمانەدا، بۆ وینە منالیك گیروگرفتی هەیە" ئیستا یان مندالانیكیترن یان بەشیك لە كۆمەلگایە كە هەول دەدا گیروگرفتی ئەو مندالە هەرچونیك بێ چارەسەر بكا. بەلام هەر ئەوجۆرە كە پیشتریش وتم، مەسەلەی سەرەكی ئەوەیە كە هاوكات لەگەل پیشاندانی گیروگرفتی مندال، وا دەنوێنن كە ناوەندەكانی دەولەتی و حكومەتی بە دروستی كارەكانی خۆیان

بەریوە دەبەن و گیروگرفتی ئەو منداله، زیاتر لایەنی تاکە کەسی یان بنەمالەیی هەیە و هیچ پەیوەندی‌یەکی بە رژیمەوە نیە. هەر بۆیە، لەم جۆرە فیلمانەدا نە تەنیا ئاسەواریك لە گیروگرفتی راستەقینەی منالان یان خەباتی ژنان و خۆراگری ئەوان لە ئاست سەرکوت و سوکایەتی بەردەوامی رژیم بەرچاو ناکەوێ، بەلکو مەسایل و گیروگرفتەکان لە روانگەیەکی مەزهەبی و لە لایەنی بی‌تاوانی رژیمەوە دەخرینە بەرچاو.

بۆ نمونە، فیلمی "دوو ژن" کە سازکراوی تەهمینەی میلانی‌یە بۆ وینە دینینەوە کە ئەو فیلمە لە جوملەی فیلمە بەناو باشەکانی سینەمای کۆماری ئیسلامی بەحیساب دێ و بارەقەلایی زۆریشی پێ وتراوە، تا ئەو جیگایە کە تەنانەت لە هیندیك لە بەرنامەکانی ریز لێنان لە رۆژی ژن لە ئامریکا، لە سەرەتای بەرنامەکاندا، ئەو فیلمەیان لە پەیوەند لەگەل مەسایلی ژنان لە ئیران دا پیشان داوە و هیندیك جاریش بوتە هۆی فرمیسك هەلرشتنی بینەرانیش. لەو فیلمەدا، ژیانی دوو ژن پیشان دراوە: یەکیکیان لە بەر ئەوەی کە هاوسەریکی باشی بە نسیب دەبی، ژیانیکی سەرکەوتوانەی هەیە. ئەوی‌تریشیان کە شانسی نەبوە و هاوسەریکی باشی بە نسیب نەبوە، زۆر چەرمەسەری دەچیژێ. بەلام لەو فیلمەدا تەنانەت باس لە یەکیك لە یاساکانی دژی ژنی کۆماری ئیسلامی ناکری و تاوانی هەلاواردن و ستەم بەسەر ژن دا دەخریتە ئەستوی هاوسەر یان بە قەزا و قەدەر دادەنرێ. ناوەرۆکی فیلمەکە یانی ئەوە کە ستەم بەسەر ژن دا، نەك سەرچاوە گرتوو لە بونی ئەم حکومەتە دواکەوتوە و یاسا دژی ئینسانیەکانی ئەو، بەلکو، تاوانبار خودی کەسەکانی کۆمەلگا واتە هاوسەر، باوك، برا و یان خودی ژنەکەیە. فیلمی "ئەو رۆژەی کە بومە ژن"نیش کە سازکراوی "مەرزیەی مشکینی هاوسەری مەخمەلباف"ە هەر بەوجۆرە لەگەل مەسایلی ژنان رووبەرو دەبێتەوە.

بەلی، دەروون ناسان و کارناسانی کۆمەلایەتی کۆماری ئیسلامی، سالانیکی زۆرە کە تیدەکوشن قسە و باسە کۆمەلایەتی‌کان بەجۆریك بێننە ئاراوە کە هەل و مەرجی ئیستای کۆمەلگا نەك سەچاوە گرتوو لە ناوەرۆك و کردەوەکانی و لە تالان و دزی دەست رەنج و پی‌شیل کردنی مافی خەلك لەلایەن سەران و کارگیرانی ئەو رژیمە، بەلکو بە سەرچاوە گرتوو لە دواکەوتویی فەرهەنگ و ئەخلاقیاتی کۆمەلگای دادەنێن. لە راستی‌دا ئەو فیلمانە بۆ کۆماری ئیسلامی کارکردیکی سەرسور هێنەریان هەیە.

فیلمە موستەنەدەکانی ئیوە، " زمین بدون سکس" کە بارودۆخ و گیروگرفتی ژیانی ژنانی لەش فرۆش لە ئیران دا پیشان دەدا و هەروەها فیلمی "زندگی ممنوع" کە هەل و مەرجی پر ئیش و زامی ژنانی شەر لی‌دراو و بنەمالەکانی ئەوان پیشان دەدا و هەروەها فیلمی "بچە برای فروش" کە دیاردەی ترسناکی مندال فروشتن تاوتوێ دەکا، بە چ مەبەستیك ساز کراون؟

فیلمەکانی من خۆیان دەرخەری مەبەستی منن. من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی، کە لە فەزای باوی سینەمای ئیران دا ناتوانم فیلمیك ساز بکەم. دەمزانی کە ئەگەر دانیشم و فیلم نامەیك بنوسم و دواتر لە وەزارەتی ئیرشاد (ئیدارەی سانسور)، داوای پەسندکردنی ئەو بکەم و دواتریش ئیجازەی پیشاندانی فیلم.و ئەو کارانە لە فەزای پر لە خەفەقانی رژیم دا، بیجگە لە بەفیرۆدانی کات و وزە ئاکامیکی‌تری بۆ من نابێ. هەر بۆیە لەسەر ئەوە ساغ بومەوە کە فیلمەکان لەریگای ویدیوییەوە بە دوور لە چوارچیوەی سانسوری رژیم- بەشیوەیەکی نهینی ساز بکەم. هەموو هەولی من ئەوە بوو کە تا ئەو جیگایەی کە بۆم دەکرێ، سوچیك لە کارەسات و جینایەتەکانی ئەو رژیمە و نارەزایەتی دەربرینی خەلك لە ئاست ئەم هەل و مەرجە پیشان بدەم. جیاواز لەوە دەمهەویست لە ریگای ئەو فیلمانەوە رق و بیزاری و نارەزایەتی خۆم لەو چارەرەشی‌یەی کە سیبەری خستوتە سەر کۆمەلگای ئیرانەوە و ژیانی ئاسایی و سەرەکی‌ترین مافی ئینسانی بەتالان بردوە، دەرببرم. ئەمرۆ،

هەژاری و بیبەشی و رەنج و مەینەت لە هەر سوچیکی ئیران دا بەوپەری خۆی گەیشتوە. زۆریك لە کچانی خویندکار، بۆ دابین کردنی خەرجی دانشگای ئازاد، جارەجارە ناچار دەبن لەش فرۆشی بکەن" زۆریك لەو ژنانەی کە هاوسەریشیان هەیە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی بنەمالەکانی خۆیان هیچ ریگا چارەیەکیان بیجگە لە لەش فرۆشی نیە. جاری وایە هاوسەرەکانیان لەبەر دەرگای مالەوە رادەوەستن، بۆ ئەوەی هاوسیکانیان نەزانن کە مشتەری لەناو مال دایە" لە ژمارەیەك لە شارۆچکەکانی دەوروبەری تاران، ژمارەیەك لە باوکەکان مشتەری بۆ کچەکانیان دەبەنەوە مالٚ" لەسەر شەقامەکان و شوینەکانی وەستانی ئوتوبوس لە تاران ژنان و کچانیك بەرچاو دەکەون کە چاوەروانی مشتەرین، لە زۆریك لە پارەکەکانی تاران دا، کچانی هەلاتوو لە مالٚ دەبیندرێن کە سەر لێشیواوانە بەشوین کەسیك دا دەگەرێن کە بتوانن ماوەیەك لەلای بمێننەوە. ئەوانە هەرچەند شەویك لەمالی کەسیك دا بەسەر دەبەن و زۆر زوش بەرەولای کرین و فروشتنی مەوادی موخەدیر راکیش دەکرین و خۆیان دەنینە ئیختیاری دەلالانی جنسی، یان ئەوە کە لە ئاکام دا دەگیرێن و زیندانی دەکرێن" بۆ نمونە لە شەقامی لالەزار و مەیدانی قەزوین زۆر لاو دەبیندرین کە سەرقالی فرۆشتنی عەکس و فیلمی سێکسین. ئەوانە دوای فرۆشتنی ئەو شتانەی کە مشتەری داوای دەکات و دوای متمانە کردن بەو کەسە دەلێن کە "ژنیشیان" هەیە! و نەرخەکەشی ١٥ هەزار تمەن بەدیوەوە و ١٠ هەزار تمەن بەبێ دیوە" وە زۆرن ئەو کوڕە لاوە ١٥-١٦ سالانەی کە لە پارکەکانی تاران دا بەشوین مشتەریدا دەگەرێن نمونەی لەم چەشنە زۆرن

رۆژیك چوومە مالێك کە تەنیا دیوێکی ١٢ میتری بوو، پەتویەکی سەربازی لەناوەراستی دیوەکەدا بە میچەکەوە هەلواسرابوو، لەلایەکی پەتوەکە کوریکی ١٢ سالە لە تەنیشت خوشکە ٨ سالانەکەی، لەسەر زەوی دانیشتبوون و هەردووکیان خەریکی نوسینەوەی وانەکانیان بوون و لەلایەکەیتری پەتوەکە دایکی ئەو دوو مندالە لەش فرۆشی دەکرد تا بەلکو بتوانێ خەرجی بژیوی ژیانی خۆی و دوو مندالەکەی دابین بکا. هاوسەری ئەو ژنە کرێکاریکی ساختومانی بوو کە دوای کەوتنە خوارەوە لەسەر بینا، گیانی خۆی لەدەست دابوو.

رۆژیکیتر لەسەر کورسی پارکێك دانیشتبووم کە کوریکی ١٣-١٤ سالە هات و لە تەنیشتم دانیشت. دوای ماوەیەك پێی وتم:

-هیچت ناوی؟

-وەك چی؟

-هەر شتیك کە بتهەوێ. تریاك، هیروئین، ژن.

-تۆ ژن کە کوێ دێنی؟

-من کار بۆ مامم دەکەم. بۆ هەر مشتەرییەك کە بۆی ببەم، پولێکم پێدەدا.

- تا ئیستا لەگەل هیچ کچێك خەوتووی؟

-زۆر، چوار دۆستیشم هەیە، یەکیان ناوی مینایە، زۆر ژیکەلەیە، ئەگەر چاوت پێی بکەوێ عاشقی دەبێ(دوای چەند ساتیك بێدەنگی) دەتهەوێ ببیە دۆستی مینا؟ من پێویستیم بە هەزار تمەنە بۆ ئەوەی سەگیك بکرم. لەم نزیکانە حەمامێکی گشتی لێیە. دەتهەوێ بچینە حەمام خاوەنی حەمامەکە ناسیاوە زیاتر لە ٥٠٠ تمەنمان لێ وەر ناگرێ.

- لە تاران بە چەند حەمامی لەم چەشنە دەزانی؟

دەزانم دوو حەمامیتریش لە شەقامی نیزام ئابادن، یەکیکیش لە مەیدانی خوراسانە"

لە زۆریەك لە مزگەوتەکانی تاران، لە ئیمام زادە داوود و مەرقەدی ئیمام رەزا.و، ژنانیك خەریکی لەش فرۆشین کە بە ژنانی سیغەیی ناسراون و ئاخوندەکانی گەرەکیش، سیغەکەیان جاری دەکەن. زۆربەی ئەو ژنانە، ژنی ئەو پاسدار و بەسیجیانە بوون کە لە شەردا کوژراون. مشتەریەکان بەگشتی، ژنانی لاو و جوان هەلدەبژێرن و ئەو ژنانەی کە جوان نین یان تەمەنیان زۆرە، بیمشتەری دەمێننەوە. یەکیك لە مزگەوتەکانی ئەهواز داهینانیکی سەرنج راکیشی بۆ بەریوەبردنی عەدالەت بۆ ئەو ژنانە بەکار هینابوو: ژنەکانیان دەناردە ناو مزگەوتەوە. لە بەر دەرگای مزگەوت بەریژی ژنانی نێو مزگەوتەکە، سەرپاییان بە ژمارەی تایبەت دادەنا و دواتر بە هەر کام لەو ژنانە ژمارەی یەکیك لە سەرپایەکانیان دەدا. مشتەری، سەرپایەکی هەلدەگرت و ژنیك کە خاوەنی ژمارەی ئەو سەرپایە بوو، دەبوو بە سیغەی ئەو پیاوە"

لە زۆریەك لە شەقامەکانی تاران، لە پشت چرای سەر چوارراکان و لە نیوان ماشینەکان دا مندالانیکی رەش و روت بەرچاو دەکەون کە یان خەریکی فرۆشتنی بنیشت، رۆژنامە و نوقول یان خەریکی ئەسپەندەر سوتاندن و سوالکەرین ئەو مندالانە بە دور لە چاوانی دایك و باوکیان و لە کەلاوەکانی دەوروبەری تاران دا ژیان بەسەر دەبەن. زۆریك لە مندالانی لادێ و شارەکان، لەلایەن دەلالانەوە لە دایك و باوکیان جیا دەکرێنەوە و دەهینرێن بۆ تاران. دەلالەکان، ئەو مندالانە ناچار بە بەئەنجام گەیاندنی هەر چەشنە کاریك دەکەن. دواتریش بەرهەمی کاری ئەوان داگیر دەکەن و لە بەرامبەردا پولیکی کەم دەدەن بە بنەمالەکانیان. ئەو مندالانە دەکەونە ژیر هەرچەشنە ستەم و ئازاریك لەلایەن ئەو دەلالانەوە، لە سوئیستفادەی جنسیەوە بگرە تا بەکار هینانیان بۆ کرین و فرۆشتنی مەوادی موخەدیر. زۆرن ئەو مندالانەی کە هاوکات لەگەل دایك و باوکی خۆیان لەشەقام و مەیدانەکانی تاران دا، لەوانە مەیدانی ئینقلاب، ئیمام حوسێن یان راهئاهەن خەریکی سوالکەرین. جاری وایە ژمارەیەك لەو دایك و باوکانە، پیشنیاری فرۆشتنی مندالەکانی خۆیان بەو کەسانە دەکەن کە لەوێوە تیپەر دەبن. ئەمرۆ لە تاران کور و کچی ١٠ تا ١١ سال تەمەن بە ١٠٠ هەزار تمەن لە کرین دێ.

لە سەرەوەی پردی گیشا لەتاران، پردیك هەیە بەناوی پردی مودیریەت. ماوەیەك بوو کە شەوانە، ئەو دایکە هەژارانە کە لە شارەکانیترەوە هاتبونە تاران و جیگا و شوینیکیان بۆ ژیان بەسەر بردن نەبوو، لە قەراخ جادە دادەنیشتن و کاتیك کە ماشینەکان لە پشت چرای سوور رادەوەستان، مندالانی ٤-٥ سالەی خۆیان دەناردە لای ماشینەکان. شوفیریش کە لە تاریکایی شەودا مندالەکەی نەدەدیت، کاتیك کە چرا سەوز دەبۆو، وەری دەکەوت و لە ئاکامدا مندالەکە دەکەوتە بەر ماشینەکە. دواتر لە ناکاو، دایك بەقیژەقیژ دەهاتە ناوەراستی شەقامەکە و بەری بە شوفیرەکە دەگرت و دەستی دەکرد بەهات و هاوار کردن. شوفیرەکەش ناچار دەبوو پولیك بدات بە دایکەکە تا لەم کارەساتە دەرباز بێ. زۆرکەس بەو کارەیان زانی، تا ئەوەی کە سەرەنجام کومیتەی ئەو ناوچەیە لەسەر ئەو ساغ بووە کە شەوانە لە دەوروبەری پردەکەدا گەشتی دابنێ و بەر بە هاتنی دایکان و مندالان بۆ ئەو شوینە بگرێ.

ئەمرۆ لە ئیران کارەساتی لەم چەشنە زۆر بەرچاو دەکەوێ. زۆرن ئەو مندالە ئیرانی و ئەفغانیانەی کە لە کورەخانەکاندا خەریکی کارن. ئەوان بە سیمایەکی هەلقرچاو و چاوە لە قولەوە چوەکانیان، زیاتر لە بەسالاچوان دەچن نەك لە منالان. زۆرن مندالانی ١٢-١٤ سال تەمەن، کە ناچاری کەلك لێوەرگرتن یان کرین و فرۆشتنی مەوادی موخەدرن.

زۆرن ئەو کچولانەی کە لەلایەن شەبەکەکانی فرۆشتنی منال لە ولاتانی حەوزەی کەنداودا دەفرۆشرێن. زۆرن ئەو کورە چکولانەی کە بۆ تیرکردنی سکی خۆیان و بنەمالەکانیان لەئاست وەرگرتنی ٥٠٠ تمەن، لەگەل پیاوان دەچنە حەمامە گشتییەکان.

تەنانەت خودی رژیمیش ئیتر ناتوانی نکولی لەو کارەساتانە بکات. رۆژ نیە کە رۆژنامەکانی نیوخۆی ولات، هەوال و ئامارگەلیك لەم پەیوەندییەدا چاپ نەکەن. هەرچەند کە ئەو هەوال و ئامارانە لەلایەن رژیمەوە دەپالیورین، بەلام بە هەر حال دیمەنیکی دل هەژین دەخەنە بەرچاوی ئیمە.

# دەستکێشی چەرمی:

## ن: سەلاح ئەمانی

زەنگی مەدرەسە لیدرا. مندالەکان بە قاو و قیژ لە حەوشەی مەدرەسەکەوە رژانە سەر شەقام. لە ماوەیەکی کۆرت دا حەوشەی مەدرەسەکە کەسی تیدا نەما. مندالەکان دوو دوو و سی سی، هەر کامەیان بەرەو شوینیك رویشتن ئەحمەدیش ریگای مالی گرتبۆ بەرو لە دلی خۆی دا دووپاتی دەکردەوە:"زۆر چاك دەبی ئەگەر بتوانم بەو پوولە جووتیك دەسکیشی چەرمی بکرم. بۆچی ناتوانم؟ ئەوەندە دەگەریم تا بلووزیکی هەرزان و گەرم بکرم. دیسان ئەوندە دەگەریم تا کوو جووتیك دەسکێشی چەرمی هەرزان پەیدا بکەم." ئەو جار سەد تمەنی یەکی شەق و شری کە بە هەزار زەحمەت لە دایکی وەرگرتبوو، لە گیرفانی دەر هیناو، دوای ئەوە کە هیندیك چاوی لیکرد لە گیرفانی پاتولەکەی ناوە و بە قایمی لە دەستی دا رایگرت.

رۆژ گەیشتبۆ سەر کەلەپەیۆ. زریانیکی ساردی دەهات، ئەحمەد بە هەنگاوە بچۆلەکانی راستە شەقامی سەهول بە ستووی گرتبۆ بەر و بەرەو بازار دەچوو. سەهۆلەکان لە ژیر پیی دا کرمە کرمیان دەهات. شووشەی دووکانەکان سیخواریان گرتبوو. ماشینەکان بۆ ئەوەی هەلنەخلیسکین زنجیریان بەستبوو لە تەنیشت ئەحمەدی پازدە سالەوە تیدە پەرین. لەو وەختەدا ئەحمەد چاوی کەوت بە داشقەیەکی پر لە جل و بەرگ کە لەو بەری شەقامەکە راوەستا بوو. لە شەقامەکە پەرییەوە ئەو بەر و خۆی گەیاندە لای داشقەکە. چوونکە تەواوی بلۆوزەکانیان بە تیکەلاوی لە سەر داشقەکە هەلرشتبوو، بۆی هەبوو هەرکس دەستیان تێ وەرداو کام بلووزی پی باش بی هەلیبژیری. ئەحمەد دوای ئەوە کە چەند بلووزیکی تاقی کردەوە، یەکیك لە بلووزەکانی بە دەستەوە گرت. لەو کاتەدا بلووزە شین و زستانییەکەی بە دەستیك راگرتبوو، چاوی لە دەورو بەر کردو بە شوین خاوەنی داشقەکەدا دەگەرا. چاوی کەوت بە پیاویك کە تۆزیك لەو لاترەوە راوەستابوو. هیندیك لە جیی خۆی هەلبەزاییەوە و بە دەنگیکی بەرز وتی ئەری خاوەنی ئەو بلووزانە کیە؟ بەلام لە هیچ لایەکەوە ولامی نەبیست. ئەحمەد بۆ جاریکی تر بلووزەکەی تاقی کردەوە. چەند جاریك هووی لە دەستی کردوو ئەو جار بلووز و کتیبەکانی لە سینگی قایم کرد. لەو کاتەدا ئەو پیاوەی کە نەختیك لەو لاترەوە سیگاری دەفرۆشت چاویکی لە ئەحمەد کرد و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی سیگارەکانی. هەمووی لە تەلیسیك ناو نایە سەر شانی و بەرەو ئەحمەد هات . ئەحمەد وای زانی ئەو پیاوە خاوەنی داشقەکەیە هەر بۆیە بلوزەکەی بە دەستیکی بەرز کردەوەو وتی خالە گیان ببورە نرخی ئەو بلوزە چۆناو چونە؟ دوای ئەم پرسیارەی ئەحمەد سیگار فرۆشەکە لە حالیکدا کە بارەکەی سەر پشتی جیبەجی دەکرد لە کن ئەحمەد راوستاو وتی

وەللاهی بلیم چەندەیە خاوەنەکەی لیرە نیە. خالە عەلی عادەتیتی داشقەکەی بە جی بیلی و بروا کەس نازانی لە کوێیە بەلام لەو دەورو بەرە بگەری دەیدوزییەوە پاشان بە دەستە بەتالەکەی یەخەی کۆتە رزیو و کونەکەی لە پشت مل و گویچگەکانییەوە پیچاو پشتی لە ئەحمەد هەلکرد و رویشت. ئەحمەد بیری کردەوە خاوەنەکەی بدوزیتەوە. هەر بۆیە داشقەکەی بە جی هیشت و رۆی بۆ دووکانیك کە هیندیك لەو لاترەوە بوو. دەزگیرەی درگای دوومانەکەی داگرت و دەستی بە دەزگیرەکەوە نووساو بە ناهومیدییەوە چاویکی لە ناوەوە کرد و پاش تاویك پشتی لە دووکانەکە کرد. چاویکی تری لە بلووزەکە کرد و لەدلی خۆی دا وتی شتیکی خراپ نیە دەسکیشە چەرمەکانیش دەبی بکرم. لە سەرمانە کولمەکانی سوور هەلگەرابوون. بلووزەکەی هاوری لە گەل کتیبەکانی لە بن هەنگل ناو لە حالیك دا کە دەستی لە گیرفانی پاتولەکەی دەنا، ریگەی مالێی گرتەبەر. دایکی ئەحمەد لە سەر کار نەگەرابۆوە. لە ناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو. دەستەکانی لیك هەلدەسوو وهووی لیدەکردن. دوای تاویك کوورە نەوتیکەی هەلکردو لە پەنای دانیشت. چاوی لەو عەکسە بری کە بە دیوارەکەوە هەلواسرابوو. بلیسەی ئاوری کوورەکە دیوەکەی رۆناك دەکرد. ئەحمەد چاوی لە عەکسەکە هەلنەدەگرت. خەیال هەلیگرتبوو. خەیالیکی خۆش لە رابردوویەکی نزیك. لەو کاتەدا کەسیك لە دەرگای داو ئەحمەد راچلەکاو هەودای خەیالی پچراند. ئەحمەد لە تەنیا دیوی مالەکەیان وەدەرکەوت و چووە حەوشەوە. ئالقەریزی درگاکەی کردەوە. ژنیك بە چارشیویکی رەشەوە کە تەنیا روخساری ماندوو و سوور هەلگەراوی لە نیوان تاریکی شەو و رەشی چارشیوەکەیەوە دیار بووو لە بەر دەرگا راوەستابوو. ژنەکە بە مەحەبەتیکی زۆرەوە سلاوی لە تەنیا جگەر گوشەکەی کردو بە لیوە وشك هەلاتووەکانی نیو چاوانی ئەحمەدی ماچ کرد. پشتی درگاکەیان خست و هاتنەوە مالەوە هەوای دیوەکە کەم کەم گەرم دەبوو. دایکی ئەحمەد لە دوای گۆرینی جلەکانی خەریکی پاك کردنی یەرەماسی و سوور کردنەوەی بوو. ئەحمەد لە سوچیکی دیوەکە لە پەنا کورەکە خۆی گرمۆلە کردبوو و چاوی لە دایکی بریبوو. دایکی لە کاتی پاك کردنی یەرەماسییەکاندا وتی بریا بمان توانیبا مالیکی باشتر و هەرزانتر بە کرێ بگرین و لە دەست ئەو خاوەن مالە رەزیلە رزگارمان بۆایە. لەو کاتەوە باوکت عەمری خودای کردووە هەر رۆژیك بیانویەکمان پی دەگری ئەو بەیانییە دەیگوت کری کەتان زیاد دەکەم پیموابی کری نشینی لە ئیمە باشتری گیر کەوتووە. ئەحمەد بی ئەوەی کە ولامی قسەکانی دایکی بداتەوە چاوی لە ئاوری ناو کوورەکە بریبوو. چەند جاریك چاو لە کتیبەکانی دەکات کە لە سووچیکی دیوەکە فریی دابوو. پاش تاویك بلووزەکەی لە ژیر کتیبەکانی دەست دایە بەرو دایکی هات"دایە گیان جوانە" " دادەی؟ نەکا تەواوی پوولەکەت پی دابی؟ زۆر ئەستورە. دادەی لە بەری کە." ئەو جار یەرەماسییە قاش کراوەکانی کردە ناو ئەو تاوەیەی کە لە سەر کوورەکە رۆنی تیدا هەلقرچابوو. ئەحمەد بلووزەکەی لە بەر کردبوو و لە حالیکدا کە سەری داخستبو وتی"دایە گیان چونە؟" دایکی هیندیك چاوی لیکرد و پاشان پیلی ئەحمەدی گرت و دەوریکی سوراندو و وتی"وەلا خۆ زۆر باشە لیت جوانە. لیت جوانە. پیم نالیی بە چەندت کریوە؟" ئەحمەد پاش تاویك لە حالیکدا کە خۆی لە چاوی دایکی دەشاردەوە بە منە منەوە و وتی ئەوەم دەوروبەری شەست تمەن یانی دەزانی چونە؟ هەول وتی نەوەد و پنج تمەن بەلام کەم کەم هاتە خواری، خۆشت باشتر دەزانی ئەوانە هەروان هەولی نرخیکی زۆر دەلین و دوایی کەم کەم دینە خۆاری.



پاشان بلوزەکەی فریدا سووچیك و بە پەلە سفرەکەی لە سووچیکیتری دیوەکە هیناو لە پەنا کوورەکە رایخست پاشان پارچیك ئاو و هیندیك نان و خۆیدانیکی لە سەر سفرەکە دانا و لە سوچیکەوە لای سفرەکە دانیشت. کە بۆنی یەرەماسی

سوورەوە کراو ژوورەکەی درگرتبوو ئەحمەد چاوی لە دایکی دەکرد و لە دلی خۆی دا دەیگوت"ئای دایە گیان" پاش تاویك دیسان لە دلی خۆی دا دەیگوت"زۆر کز بووە راوستە با مەدرەسە تەواوبی دەچم و بە جیگەی ئەو تەون دەکەم ناهیلم دەست لە رەش و سپی بدا. بەلام خۆ من نازانم تەون بکەم کاریکی دیکە دەکەم بەلام چ کاریك." دایکی یەرەماسیەیە سوورەوە کراوەکانی لە سەر کوورەکە داگرت و نایە سەر سفرەکە"رۆلە گیان ئەورۆهەر لە فکر دای. بیر لە چی دەکەیتەوە؟ وەرە بانانەکەمان بخۆین تا سارد نەبۆتەوە راستی ئەوە تازە بیرم کەوتەوە ئەمرۆ یەکیك لە دۆستە هەرە نیزیکەکانی باوکتم دی. کێ بوو؟ وەستا رەحیمی بەننا زۆری لیدە پرسی. دایکی ئەحمەد دوای وتنی ئەو قسەیە چاوی لە سووچیك بری و هەناسەیەکی هەلکیشا لە حالیکدا کە دەنگی دەلەرزی وتی"باسی ئەو کاتی دەکرد کە لەگەل باوکت کاری کردبوو. دیگوت زۆربەی کاتەکان پیکەوە کارمان دەکرد. پیاویکی مەجلیس خۆش و کاسب بوو راستە ئەو فەعلابوو و منیش وەستا بەلام زۆر جار کارەکانی لە من باشتر دەکرد."

فرمیسکەکانی بە سەر گۆنای دا خزانە خواری و لە دریژەی قسەکانی دا وتی بە راستی باوکت پیاویکی شەریف بوو. دوای خۆاردنی نانی شەو دایك و کور هەر کام لە سووچیکەوە بۆی راکشان. دایکی ئەحمەد هەر کە لە جیگا خزا پاش نەختیك خەوی لیکەوت. ئەحمەد تا دەرنگانیك نەخەوت هەر خۆی دەتلاندەوە و بیری دەکردەوە.

ئەحمەد وەکوو هەموو رۆژکانیتر کاتیك لە خەو هەستا دایکی لە مال وەدەرکەوتبوو. نانی بەیانی خوارد و هەتا نیورۆ خەریکی دەرس و مەشقی رۆژانە بوو. نیوەرۆ دایکی بە پەلە گەرایەوە و چیشتیکی سووکی لینا. ئەحمەد نان و چایەکەی خۆارد و کتیبەکانی لەبن هەنگل ناو بەرەو مەدرەسە کەوتەری منداڵەکان لە هەمووڵایەکەوە پۆل پۆل و تاقو لۆق بەرەو مەدرەسە دەچوون. ئەحمەد گەیشتە سەر پیچی شەقامیك و چووە ناو شەقامەکەوە، لە دوورەوە چاوی بە داشقەیەك کەوت. کە بریك جلیان لە سەر دانابوو بۆ فرۆشتن بەرەو داشقەکە وەری کەوت لە پەنا داشقەکە وە دوکەلیکی کال لوولی دەبەست پیاویکە پیر کە سەرو چاوی بە دەستمالیك هەلپیچابوو لە پەنا ئاورەکە لە سەر لیواری قەناوەکە خۆی گرموله کردبوو. منداڵیکی دەساڵە باڵتەیەکی تەنگی لە بەر دابوو و لە تەنیشت ئاورەکە هەلتروشکابوو چیلکەیەکی بە دەستەوە بوو و لە خۆلە میشی ئاورکەی وەر دەدا ئەحمەد بۆ ماویەك لە دوورەوە چاوی لیکردن پاشان بەرەو داشقەکە رۆیشت داشقەکەی ناسیەوە هەر ئەوەی دوینی بوو. هیندیك چاوی لە بلووزەکان کرد و پاشان وتی "خالە گیان ئەوانە بایی چەندەن" "هەرزانن کورم هەر کامیان هەلگری بایی پنجاتمەنە" ئەحمەد هیندیك چاوی لە پیرە پیاوەکە بریو، پاشان پشتی لی هەلکرد و رۆیشت. هیشتا چەند هەنگاویك دوور نەکەوتبوۆ کە بەرەو داشقەکە گەرایەوە سەد تمەنییەکەی لە گیرفانی دەرهیناو لە سەر لیواری داشقەکەی دانا و بە هەلاتن ریگەی مەدرەسەی گرتە بەر. پیرە پیاوەکە بە پەشوکاوییەوە هەستایە سەر پی و هەرای کرد"ئەوە هی چییە کورم؟!"

# دووزەلەکان :

و: سەباح ئیسمائیل

دووزەلەکان گشت شوینکانیان تەنیوەتەوە.. فەرمانی توندوتیژو یەکلایی بە شکاندنی هەرچی دووزەلە هەیە راگەیاندرا. مندالان گەمەو فووکردن بە دووزەلەیان لێ قەدەغەکرا..هەرچی زۆنگ و قامیشەلان هەبوو گریان تی بەردا و سوتینران. رووەکی گۆی رووبارەکان لە بنجەوە هەلکیشران یاسای قەدەغەکردنی رووەك چاندنیش جاردرا. ئاخر هەر لە رووەکەوە دووزەلە دروست دەکریت. خو مندالانیش کولارەی لی دروست دەکەن و هەرکە بە ئاسماندای هەلدەدەن دەقیژینی، فیقەی دی و دەنگی لی هەلدەبری. وەلی دووزەلەکان بلاو بووبوونەوە و هەموو شوینکیان تەنی بوو. جاری لە مل دانی هەموو ئەوانە درا کە دووزەلەیان پییە یا گوی بیستی دەبن و خەبەر نادەن، یاهەر یەکیك بەدەنگی بانگەوازییەوە هەلپەری، یا وینەی هەلگری. هەروەها پاکوکردن و وردوخاشکردنی هەر دووزەلەیەك کە بەدەست یەکیکەوە بگیریت لەکاتیك دا کە لە سنوور ئەودیو دەبی وەلی دوزەلەکان بە فەراوانی تەشەنەیان کردبو، دەنگیان گوێی دەسمی و لەناخ دا نوقم دەبوون.

دەنەرێنی: بیدەنگیان کەن، دووزەلەکان بیدەنگ بکەن. سەربازەکانی سولتان بەملاو بەولادا دەسوورینەوە، بەدووی هەر زەلامیکدا دووزەلەی پیبی و هەر مندالیکیش زەلی بەدەستەوەبیت. لە هەموو ئەوانەی بەلایاندا تی دەپەرین دەپرسی:

ئەری خەون بە دەنگی دووزەلەوە نابینیت؟

کاتی هەریەکی لە هاتوچوکەران بەدەم ریگاوە وشەی قەدەغەکراوی"دووزەلە"ی بە زاردا بهاتایا سزای کوشتن دەیگرتەوە. سولتان خەو نەدەچووە چاوی، دەنگی دووزەلەکان بەدوویەوەن. جاچار چییە؟! لە سەربازەکانی دەپرسیت: پیم نالین دەنگی ناسازی ئەو دووزەلانە لە کەیوە دیت؟

هەموو بی دەنگ، ۆرتەیان لەخۆ بریبو .. کەسی جورئەتی وەلامدانەوەی نەبوو. سولتان دەهری بوو، لەملی یەکە بەیەکەیانی دا، لاشەکانیشیان توور درانە بیریکی قوولەوە..

هەستی بەژانی قورسی سەری کرد، سەربازی دی لە جییان دامەزراند، ئەوانیش خۆیان وا دەردەخست کە لەوانی پیشوو باشتر و بە توانترن. لێی پرسین:دەنگی دووزەلەکان لە کەیوە دی؟

یەکیان وەلامی داوە: قوربان لە سەر لەبەری ولاتا دووزەلە نییە.

سولتان بوو بە توپەلی رق، هەلمەتی بردە سەری و دەستی لەبینا قاقای گیر کرد، بە سەریا شیراندی:

–بەلام ئەوەتا گویم لە دەنگیانە وا میشکم کون دەکەن.

–سەربازیکی دیکە خۆی بردە پیشەوە و وتی:

– بایەکەیە، قوربان بایەکەیە، رەنگە ئەو دەنگە دوزەلانەمان بۆ هەلگرێ کە لە ولاتانی دییەوە دێن

هەلری کەلە ولاتای دیەوەدین...

–لە ولاتانی دییەوە...!

تیفکری.. پاشان گوتی:

گفتوگو لەگەل هەموو ولاتانی دیدا سازدەکەین، تا زونگەکان قەدەغە بکرین.

سەربازی سییەم پرسی:

گەورەم ئەگەر ئەو ولاتانە بە دەنگمانەوە نەهاتن، ئەوجا چی بکەین؟

نەراندی: لە گەلیاندا دەجەنگین، دەنگی ئەو دووزەلەنە دەستدریژییە بۆ سەر ولاتەکەمان.

سەربازەکان یەکدەنگ هاواریان کرد: دەجەگین ،دەجەنگین، دەجەنگین.

* * *

سولتان دەسبەجی نامەی دۆستانەی بۆ ولاتە دراوسیکان ئاراستە کرد، تییدا داوا دەکات بەهانایەوە بین و خوازیاری گرتی بەردانە لە هەموو ئەو زۆنگ و قامیشەلانانەی ولاتەکانیانی تەنیوەتەوە و دووزەلەیان لی دروست دەکری. هەروەها دەیەوی هەرچی دووزەلەیەك لە ولاتەکەیان دا شك دەبەنبشکینرین و لەناو ببرین، ئامادەشە هەرچەندیان بۆیت بۆیان بژمیریت.

سولتان وەلامی سەیر سەیر و چاوەروان نەکراوی پی گەیشت،

هەندیکیان دەلین کە ولاتەکەیان نەی تیدا ناروێ!

سەروکی ولاتیکی دی فەرمووی کە ئەو ئازادە لە ولاتەکەی خۆیدا هەر چییەك بکات. ولاتی سییەمیش رایگەیاند کە ئەوە رەتدەکاتەوە مندالان لە گەمەو رابۆاردنیان بە دەنگی دووزەلەکان بەهرەمەند نەبن. یا یا قەدەغە کردنی شوانەکان لە گورانی چرین بەدەم دووزەلە لیدانەوە.

یەکی دیش مەرجی ژماردنی پارەو پوولیکی زۆری بەرابەر بە نەهاوردنی دووزەلە و ری نەدانی هاتنە ژوورەوەی بۆ ولاتەکەی لە دوا رۆژدا دانابوو.

سولتان غەمیکی قورس دایگرت و لە پرمەی گریانیدا، سەربازەکان گریانی ئەویان لا کاریکی چاوەروان نەکراو بوو.. هەوالی دووزەلەکانیان لیّی پرسی. بە سەرنجە تیژە رقئامیرەکەی لییان وردبۆوە.. بە هەندیان نەزانی، بۆیە دووبارە لییان پرسییەوە.. ئاخیریکی بۆ کرد، دەستی بۆ لایان بەرز کردەوە، تا پرسیارەکانیان زیندەبەچال بکات. ئەو دەیزانی کە ئەوان هەموویان مانای دەنگی دووزەلەکان دەزانن، باشیش دەیانزانی کە پرسیارەکانیان دەربارەی ئەو شتانەیە کە بەخۆیان دەیزانن. دووزەلەکان یەك بەیەك بۆیانیان گیرابۆو، کەس نە لەولات و نەلەدەرەوەیدا نهینی دەنگی دووزەلەکانی نەدەزانی. سولتان هەمیشە ئاگار بوو، نەرەی سەرنجە تیژو رقنەکانی بە سەریاندا دەباراند..تا دواساتەکانی..ئەنجا توی رووەکەکان چووزەرەیان کرد، چیروکی سۆلتانیان بۆ خەلکە کە دەگیراوە. ئەوانیش پاش ئەوەی گوێبیستی بوو بوون و بە ئاشکرا گوییان بۆ ئاخاوتنی دووزەلەکان شل کردبوو، بەنهینی و لە سەرخۆ دل و میشکیانی دادەگرت. وەلی خۆیان وانیشان دەدا کە کەرن و نابیستن. خەلکی هەموو گوییان کرایەوە، وایان لیّهات دەربارەی چیرۆکەکە بەشیوەیەکی نامۆ کە پیشتر پیّی ئاشنا نەبووبوون دەدوان... یەکیان گوتی:

–کە واتە مەسەلەکە وابووا! دووزەلەکان هەموو شتیّکیان ئاشکرا کرد، سولّتان شاخی لیّ روابوو، هەر سەرتاشیّك کاتیّ کە سەری دەتاشی ئەم نهیّنیەی لە لا ئاشکرا دەبوو، دەکوژرا توور دەدرایە بیرەوە.

ئەوەیتر قسەکەی لەدەم قۆستەوە:

–تەنیا سەرتاشیك رزگاری بوو، بلێسەی رۆحەکەی مایەوە و دەم و دەست نەکوژایەوە، بەردەوام لە بیرەکەدا دەینالاند و نهێنیەکەی سوڵتانی رادەگەیاند. سەوزەی گیای رواوی دەم بیرەکە بیستیان.

سێهەم دریژەی پێدا:

–شوانیٚ: بەلێواری بیرەکەیا رەت بوو، ئاوی هەلێنجا، خۆی و پەزەکانی ئاویان خواردەوە، ئەنجا دەم و چاوی لی شوشت ولەسەر سەوزەگیاکە لێی راکشا، بە ئاسپایی دەستی بۆ گیا کێوییەك برد و دوزەلەیەکی نایابی لی دروست کرد، دووزەلەکە کارەساتی دلتەزینی سەرتاشی ناو بیرەکەی بۆ گێراوە.

پیاوی چوارەم مگێزی بەشداری ئەو وتوویژەی کرد، هەموو گوێیان بۆ رادیرا، ئەویش دەستی پیکرد:

–شوانە راپەری، پارچە گوریسیکی لە ملی یەکی لە بەرخەکان کردەوە، بە گوریسێکی دییەوەی گرێدا، پاشان یەکی دیش... گوریشەکە دریژ بووە، هاویشتیە بیرەکەوە. دەستی بە هەلکیشانی کرد. هیچی چنگ نەکەوت، کاتی کە دووهەم و سیهەم جار هیچی بەدەست نەهێنا خەریك بوو واز بێنێ و ملی رێگا بگریتە بەر. وەلی دوزەلەکە دیسانەوە چیرۆکە دلتەزینەکەی دایەوە بەر گوێیا، ئەویش گوریسەکەی شۆر کردەوە و کەوتە چاوەروانی، پیچەکە گوریسەکەی هەلکیشا، پیچەی دیش... هەستی بە قورسیەك کرد.

هەناسکە هەناسکی ماندوویی بەربینی گرت، حەزی دۆزینەوە و بەرچاوکەوتنی ئەو شتە نادیارەی لە لا بە جۆشتر بوو. ئەوەی چاوەروان نەکراو بوو روویدا، سیمای کابرایەکی نالە نالکەری کەوتە بەرچاو، باوەشی لیدا و لەسەر گژ و گیاکە دریژی کرد. سەوزایی گژوگیا خۆرسکەکە لە ئامێزی گرت و دایپوشی. کابرا تاوی لە مامێزی گەرمی سەوزایی زەبەنەکە نوست... شوانە بێداری کردەوە، وەلی کابرا سەوزایییە قەرسیلیەکەی زەبەنەکەی هەلبژاردبوو.

* * *

بەهەر چوار کەسەکە چیرۆکەکەیان دوایی پیهینا. سەربازەکان چیرۆکەکەیان لە یەك بە یەکەیان بیست. ئەوان ترسان، وتیان ئەوە دووزەلەکانن وایژن نەك ئیمە.

سەربازەکان گوتیان:

–قەیدی نیە، ئیمە پێی دەزانین کە دوزەلەکان شتگەلیك دەلێن، وەلی ئەوان گەلیٚ لە ئیمەی سەربازانی سوڵتان و لە ئیوەی مسکێنی ژیر دەستی سوڵتان مێرخاسترن!

هەر چواریان سەریان داخست. لەو دەمەیدا کە دووزەڵەکان دەنگیان لی بەرز کردەوە و زایەڵەی لە هەردا پەخش دەبووەوە، سەربازەکان ملیان کەچ کرد و رۆیشتن.

١٩٥٥/٢/٩

*سەرچاوە حسب اللە ...یحیی– الاشواق (قصص)– بغداد ١٩٨٦

ص ١٩–٢٦

باتلاغ: زەلکاو، زەل، زۆنگ، چەق.

زەبەن: چوغر، جیگای پڕگیا و قامیش و پووشەلان.

پاوان: قەدەغە، قۆرخ.

# ئاخرین رەگبار

ن: سوهەیلا شەهرەبانی
و: سوهەیلا نیك نژاد

سەعات ١٢ی‌نیوەرۆ بوو. مەدرەسە تەعیتل بوو، وەکو هەموو رۆژیك من و زارا بەرەو مال دەگەراینەوە. لە حالیکدا دەم و چاوی خۆمان بە چارشیوەکەی سەرمان توند پیچابوو، لە ریگا دا لاسایی موعەلیمەکەمان دەکردەوە و پیکەوە پیدەکەنین. بە پیاسە و هیواش هیواش گەیشتینە مەیدانی شار کە لە راستی دا تەنیا مەیدانی شارە چکۆلەکەمان بوو وچوار شەقامی شاریش دەهاتنەوە سەر ئەو مەیدانە.

خەلکیکی زۆر لە دەوری مەیدانەکە کۆ ببوونەوە. بە زارام وت: چەند قەرەباڵخە رەنگە دیسان شەهیدیان هینابیتەوە؟! ئەویش لە حالیکدا چاوی بە دەورو بەرمان دا دەگیرا بۆ ئەوەی بەلکۆ ریگایەك بەرەو ئەو بەری مەیدانەکە، کە ژنان لەوی ویستابوون بدۆزیتەوە وتی: پیم وانیە، چونکە دوکانەکان کراوەن و خەلکیش شوعار نادەن و بیدەنگن.

لە شارە بچکولەکەی ئیمە کاتیك شەهیدیك دیننەوە تەواوی دوکانەکان دەبەستن. تابووتی شەهیدەکان لە ناوەراستی مەیدانەکە دادەنین و دوای ئەوەی کە خەلك لە دەوری مەیدانەکە کۆ بوونەوە هەموویان بە شۆین تابوتەکانەوە بەرەو تاقە گۆرستانی شارەکەمان وەری دەکەون.

بە هەول و تەقالایەکی زۆر بە پال پیوەنان بەم و بەوەوە درم بە شەپۆلی خەلکە زۆررەکە داو ریگایەکم دۆزیەوە و خۆمم گەیاندە ئەو شوینە کە ژنەکان لیی وەستابوون . بەلاّم زۆر لەوە کورت تر بوو کە بە سەر ئەو خەلکە زۆرەوە ناوە راستی مەیدانەکە ببینم. هەستی گەران و پشکنین بە شۆین دیاردەکاندا تەواو وەجۆش هاتبوو. سەر بزیوی و لە خۆبایی بوونی لاویتی‌مان ئیمەی بەرەو لای ریزی پیشەوە کە بەرانبەر بە نیوە راستی مەیدانەکە بوو، هاندا. لە نیۆ ئاپورایی خەلکەکە ریگایەکمان دۆزیەوە و توانیمان خۆمان بگەیینە ریزەکانی ئەوەل، هەر چوار دەوری مەیدان پر ببوو لە خەلك، دەنگی دروشمی "الله اکبر، خومەینی رەهبەر،و حیزب تەنیا حیزبوڵلا ریبەر تەنیا روح الله" لە گوشەیەکی مەیدانەکە بەرز دەبووە. لە نیوراستی مەیدانەکە چالیکیان هەلکەندبوو وەلەگۆشەیەکی تری مەیدانەکە تەپۆلکەیەك لە بەردو چیۆ بەر چاو دەکەوت.

بەدەم پیکەنینەوە بە زارام وت: زارا دیانهەوی چ بکەن؟ ئاخر مەگەر دەکری شەهید بە پیوۆ بنیژری؟

بۆ لە ناوە راستی مەیدانەکە ئەو چالە گەورەیان هەلکۆلیوە؟

ئەو لە حالیکدا خۆی بادەدا وتی: نازانم!

وتم: درەنگە ، دەرنگ من دەبی زۆر زوو خۆم بگەیەنمە مالەوە.

ئەویش وتی: دەقیقەیەك بوەستە بەلکۆ بزانین چ باسە، ئەو جار دەرۆین.

ئالەم قسانەدابووین کە هاواری اللهاکبر لە ناو خەلکەوە بەرز بۆوە. ماشینیکی پر لە مەئمورانی کومیتە لە ناوە راستی مەیدان راوەستا. ئاپورای خەلکەکە شلەژا و پالیان بە یەکەوە دەنا و ژنەکان لە پشتەوە رابەرەو ریزی یەکەم هیرشیان دینا.

من و زارا زۆری نەمابوو لە ژیر دەست و پیٚدا پان بینەوە. بە هەزار زەحمەت خۆم گەیاندە نەردەکانی لیواری مەیدانەکەو و بەخیرایی و توند دەستم پیگرتن. بەلام دیسانیش فشارو ئاپواری خەلکەکە هەر جارەی بەرو لایەك پالیان پیوە دەنایـن. دەرگای ماشینی کومیتە کرایەوە، دوو پاسدار لە ماشینەکە دابەزین و دەرگای پشتەوەی ماشینەکەیان کردەوە. ژنێك کە چارشیوو پەچەو رووبەندی رەشی بە سەرەوە بوو لە ماشینەکە دابەزی بەلام بەر لەوەی خۆی دابەزی فرییان دایە خوارەوە. دەنگی بەرزی دروشمەکان گوێی ئینسانی کەر دەکرد ژنان و پیاوان لە حالیکدا دەستیان بەرز کرد بووە، دروشمی"حیزب تەنیا حیزبوڵلا و ریبەر تەنیا روح الله" و"ژنی خراپکار دەبی ئیعدام بکری"یان دەدا و بەدەنگی بەرز دووپاتیان دەکردەوە. دەنگ و سیمای توورەی ئەوان منی زۆر ترساند. ویستم لە ناو خەلکەکە ریگایەك بدۆزمەوە و خۆم دەرباز بکەم. بەلام لە بەر ئاپورایی حەشیمەت ریگا نەبوو. لە ناکاو بە هۆی پال پیوەنانی خەلکەکە هەروەکۆ بەرد لە جیگای خۆم وشك بووم، بەلام جار و بار بەم لاو بەولادا دەرۆیشتم ئاخرەکەی ژنیکی پاسدار ئەوکەسەی لە ماشینەکە دابەزاند و بردی بۆ ناوە راستی مەیدانەکە. ژنیکی گەنج بوو، سەر تاپای لەشی بە هۆی ترسەوە دەلەرزی. پارچەیەکی سپییان وەکۆ چارشیو توند تیوە پیچاندبوو، دەوری ملیان بەستبوو و لە سەریان جیا کردبۆوە وهەروەها دەوری کەمەریشیان توند پیچابوو، هەر دوو دەستی لە پشتەوە بەسترابوون و نەیدەتوانی بجولیتەوە. ئەو ژنە راست وەکۆ مردوویەك دەچوو کە لە کفنیان پیچابیت. لە ناکاو لە ناو ئەو هەموو حەشیمەتەدا چاوم بە چاوی ژنیکی بیچارە کەوت کە هەرکات لە ئیمە نیزیکتر دەبۆوە. واقم ورما! دلە کوتەیەکی سەیرم گرت و گەرووم لە ویشکی دا دەبرژایەوە. نا ئیمکانی نیە ئەو بیت ! رەنگە چاوم بەهەلە ببیینی. دیسان روانیمە دەم و چاوی ژنەکە. بەلی، هەر خۆی بۆو."تاهیرە" تاهیرەی کچی پوورە سەدیقە بوو. دەم وچاوی سپی هەلگەرابوو چاوە رەشەکانی، چاوە گەورەکانی هەروەکو چاوی ئاسکیکی لەتەلە کەوتوو بۆ دۆزینەوەی ریگای

دەرباز بوونیك ویان یارمەتی دانیك بەرەو هەموو لایەك دەسووران. دەوری دەمی لە ترسان کەفی کرد بوو. ئەژنۆکانی سست ببوون و نەیدەتوانی بیجوولینیتەوە ژنە، پاسدارە کە بە زۆرە ملی بەرەو ریزەکانی پیشەوە پالی پیوە دەنا.

هەر لە منالیەوە دەمناسی . تەنیا ٤یان٥سال لە من گەورەتر بوو. دایکی لە گەل دایکم هاو شیرەخۆرە بوون.

ئیمە هەر کاتیك دەچووین بۆ ئاواییەکی مالی دایکم، چەند رۆژیك لە مالی ئەوان دەماینەوە. ئەو رۆژانە دەهاتەوە بیرم کە لە نیو باغ و "شالیزارە"کان بە شوین یەکتردا رامان دەکرد و کایەمان دەکرد. بەلام هەمیشە دوای هەر کایە کردنیك لیدانیکی زۆر توندی بە ردەکەوت. چونکە پوورە سەدیقە دەیوت: ئیتر لە سەردەمی کایە کردنی ئەو گوزەراوە و کاتی شوو کردنیەتی. بە شۆین ئەوە دا هیشتا تەمەنی ١٥سال زیاتر نەدەبوو کە لە پیاویکی ٥٠سالەیان مارەکرد کە ئەم پیاوە ژنەکەی مرد بوو، دووکوریشی هەبوو، بە قەولی خۆیان ئەویان رەوانەی مالی"بەخت" کرد بوو. کۆرەکانی میردی "تاهیرە"لە خۆی گەورەتر بوون وزۆر لە خۆشك و برا دەچوون هەتا دایك و زرکۆر.

لە کاتیکدا نووقمی خەیال و بیرو بۆچونەکانم بووم. مستێکی زۆر توند دای لە پشتم و دای چلەکاندم، ژنیك بوو کە دەیهەویست خۆی بگەینیتە ناوە راستی مەیدانەکە و من سەرەریی ئەوم گرتبوو. سەر ریگاکەم بۆ چۆل کرد. ئەو،زارا ژنیکی کورتە بالاو گەراوە بوو کە لە شارەکەمان بە ناو بانگ بوو، هەموو کاتیك لە تەواوی خۆپیشاندانەکانی رژیم وری و رەسمی لە

گۆر نانی شەهیدەکان لە ریزی پیشەوە رادەوەستا. زۆربەی ژنانی شار لە ناو براو دەترسان. چونکە چەندین جار ژنان و کچانیك کە چەند تالە موویەکیان بەدەرەوە بووە، ئەو هیرشی کردوونە سەرو و بە توندی لیی داون.

ئەو ژنە خۆفرۆشە هەمیشە چار شیویکی وەك چارشیوی عەرەبەکان بە خۆی دا دەدا و هەروەك قەلە رەشە بەو ناوەدا دەهات و دەچوو. زۆرتر لە شەمشەمە کویرەیەکی خۆین مژ دەچوو کە هەمیشە ئامادەی هیرش بۆ سەر ژنان بوو. سەرەنجام خۆی گەیاندە ناوە راستی مەیدانەکە و بەرەو رووی تاهیرە وەستا. قیژاندی: پەتیارە! ئیستا دەلیی بیگۆناهم! فرمیسکی بەدرۆ هەلدەریژی! ژنیکی خاوەن میرد کە بە دزییەوە بړواتە باوەشی پیاویکی غەریبەوە بخەوی، سزای مەرگە، مەرگ، دەزانی.

لە هەمان کاتدا گریان و نالەی تاهیرە لە گەل جنیودانی زارا ئاویتەی یەکتر بوون و وەکو تیریك دلمی ئاژن ئاژن دەکرد. خەریك بوو بخنکیم. دەمویست گەروی زارا بگرم و بلیم: کام شوو!؟ ئایا دەزانی میردەکەی لە تەمەنی باوکی دایە!؟ ئایا دەزانی چەندین جار میردەکەی لیی داوە؟ بەلام بە دیتنی ئەو خەلکە کە شووعاریان دەدا ترسام. ترسیکی زۆر دایگر تبووم، چاوم بە چاوی زارا کەوت بە خۆمم وت: نەکا بتوانی بیرو رای من بخۆینیتەوە و ئەوکات، ئەو بەلایە کە بە سەر تاهیرەیان هینا بە سەر منیشی بینن.

ئارەقەیەکی سارد هەموو گیانمی تەر کرد. دەلەرزیم و سەرم گیژی دەخوارد. هەر لەم کاتەدا بوو کە ماشینکی دیکەی کومیتە گەیشتی. دەرگای ماشینەکە کرایەوە، ژنیك کە چارشیویکی رەشی بە سەر چاوی داکیشا بوو، پاسدارەکان هینایانە خوارەوە. بە شوین ئەودا کچیکی مندال کارە لە ماشینەکە دابەزی.

لە ناکاو بەرەولای ژنە بیچارەکە هیرشیان بردو و دەستیان کرد بە لیدانی. خەلکە کە بە سیمایەکی ترسناکەوە کە چیتر لە ئینسان نەدەچوون و چاویان بە مۆلەق وەستا بوو، لە حالیکدا دەمیان کەفی کردبوو شوعاریان دەدا. کە ئەمانە زۆرتر زارایان ئازار دەدا و زیاتر هەستی بە کۆیلەیی دەکرد.

ژنی بیچارە دەیویست ریگایەکی دەرچوون بدۆزیتەوە بەلام چارەی نەبوو. زارا دەستی بە چار شیوی ژنەکە گرت، لە سری داکەوت،"ئا" ئەو ژنە پورە سەدیقە بوو. زۆر سەیر بوو. ژنیکی ئارام و لە سەر خۆ کە لە ژیانیدا سەختی زۆری دیبوو. تەمەنی ٤٠سال زیاتر تینەدەپری. بەلام زۆر تیکچوو بوو.٦٠سالە دەینواند قژەکانی ئالۆزکا بوون. رووخساری هەموو شوینی نینوکی پیوە بوو. چاوە رەشە جوانەکانی ئیستا زۆرتیك چوو بوون و سوور هەلگەرابون. کچە مندال کارەکەش"سولماز" بوو تاقانە کچی تاهیرە

تاهیرە بە دیتنی دایك و کچەکەی دەستی کرد بە نالە و گریان. سولماز توند خۆی بە پورە سەدیقەوە چەسپاندبوو تاهیرە دەپارایەوە کە دایك و کچەکەی برۆن بۆ ئەوی شاهیدی سەنگسار کرانی نەبن. زریکەو هاواری ئینسانی ئازار دەدا. زارا دەستی لە لیدانی پورە سەدیقە هەلگرت. لە کاتیکدا خیرا خیرا نەفەسی هەلدەکیشا. ناوە راستی مەیدانەکەی گرتبوو. دەیویست دەرسیك فیری ژنانی شار بکات کە هەرگیز لە بیریان نەچیتەوە! وئەم کارە ساتە هەتا هەتایە لە میشکیان دا بمینیتەوە!

هاواری دەکرد ئیسلام دینی محەممەدە! چارەنووسی ئەم جورە ژنانە لە ئیسلامدا مەرگە. جەستەی ئەم جۆرە ژنانە لە ئاگری جەهەننەم دا دەسووتی. بەدوای ئەو قسانەدا کە بە قامك ئیشارەی بۆ تاهیرە دەکرد وتی: دەبی کچەکەت شاهیدی مردنی تۆ بیت، ئەو دەبی فیر بی ئەگەر ریگای دایکی بگریتە بەر، چ چارە نووسیکی دەبیت!؟

پورە سەدیقە سولمازی گرتە باوش و ژێری کردەوە هەتا چیتر فرمیسك نەریژێو چار شیوەکەی بە سەر دا دەکیشا بۆ ئەوی هیچ شتیك نەبینێ.

ژنە پاسدارەکە کە لە ناوە راستی مەیدانەکە لە تەنیشتی تاهیرە وەستابوو، ئیشارەی بە زارا کرد تا بدات و تاهیرە بەرو لای چالە کە بەرن. دیمەنیکی ترسناك بوو تاهیرە بەربەرەکانی دەکرد راکیش راکیش بردیان بۆلای چالە کە .

چریکەی دل تەزینی تاهیرە بە چاوی مۆلەق وەستاو، نیشانەی ترسی ئەو لە زیندو بە چال کردنی بوو. بەلام ئاخرییەکەی خستیانە ناو چالەکەو ئیتر مەجالی دەر چوونی نە بوو. لال ببوو. بە چاوە رەشە جوانەکانی بۆ خەلکی دەرۆانی بەلکۆ کەسیك روحمی ببزوی و بەزەیی پیی دابیت و رزگاری بکات. بەلام کەس دەسەلاتی نەبوو. پاسدارە درندەکان چالە کەیان پرکرد لە خاك و خۆل و هەتا سەرسینگی بە پیوە لە چالەکەدا دفنیان کرد. دیمەنیکی ترسناك. تاکەی دەبێ شاهیدی ئەم جۆرە شانۆیانە بین!؟

تاهیرە وشك ببوو، نەدەجولاوە لە بەرد دەچوو. بە خۆمم دەوت ئیستا چ حالیکی هەیە ئیستا ئەم خاکە لەعنەتیە تەزوی مەرگی بە لەش دا دەگیری و خاو بۆتەوە. ئاخ! چ مردنیکی تال و بە ئیش و ئازارە چ ناخۆشە بە چاوی خۆت شاهیدی مەرگی خوت بیت. مردنیك کە تیکەل بە ئیش و ئازار و سووکایەتی پی کردنە. کەسانیك کە سووکایەتیت پی دەکەن، لە نیۆیاندا گەورە بویت و دەیانناسی و سەردەمانێك خۆشت ویستون. بە هاتنی حاج ئاغا ئەنساری کە یەکیك لە ئاخوندە ناسراوەکانی شارەکەمان بوو و پاش شورشی ١٣٥٧بوو بە بەرپرسی مەقەری سپای پاسداران، دەنگی دروشمەکان پچران، ناو براو لە ناوە راستی مەیدانەکە، کە بلیندگۆیەکی دەستی پی بوو، دەستی کرد بە خۆیندنەوەی حوکمەکە. قسەکانی بە چەند ئایەتیك لە قورئان دەست پیکرد و رایگەیاند کە تاهیرە بە جورمی"زنای محسنە" مەحکوم بە مەرگە و بە دەستووری شەرعی ئیسلام و ولایەتی فقیە دەبێ بەرد باران بکری. دواتر داوای لە تەواوی ئەو کەسانەی کە لەوی بوون کرد کە لە پیدادانی بەرد بەشداری بکەن و بە رەولای کەلەکە بەردەکە چوو. هاواری "الله اکبر" تەواوی فەزای مەیدانەکەی پر کرد.

ئەنساری نۆینەری"ئەحکامی ئیلاهی" لە پیشەوەی خەلکەکە بەردیکی هەلگرت و بەرەو رووی تاهیرە فریی دا یەکەمین زەربەی بەردەکان تاهیرەیان داچلەکاند. لە ناکاو دەستی کرد بە هات و هاوار و هەرلەو کاتەش دا هەولی دەدا خۆی لی چالەکە رزگار بکات. بەلام چالەکە لەوە تنگ و تەسکتر بوو کە بتوانیت بە دەستی بەستراو خوی دەرباز بکات.

هاواری ئەو کە داوای هاوکاری دەکرد لە ناو دروشمەکانی خەلکدا ون دەبوو پورە سەدیقە بە هات و هاوار کە بە خۆی دا دەدا و قژی خۆی دەرنیەوە، سولمازی بچکولەی لە بیر چوو بووە. سولماز کە زۆر ترسابوو و سەرو رووی ئالوزکابوو، سەیری دایکی دەکرد و دەگریا. ئاواتی ئەوە بوو کە بۆ جاریکی تر باوەشی گەرمی دایکی ببینیتەوە و خۆی بخاتە کۆشی دایکی و لەوی دەرباز بن، بەلام مەخابن دایکی ئەسیر ببوو و ریگا چارەیەکی بۆ نەمابۆوە. هەنیسکە هەنسکی گریان بەری نەدەدا. چاوەکانی تاهیرە لە ترسان دەرپەریبوون و تەواوی گلینەی چاوی سپینەکەی داپیوشیبوو. کۆمەلیك خەلك بەردەوام بەدەم دروشمی"الله اکبر"ەوە خەریکی هاویشتنی بەرد بوون و جنیۆیان بە تاهیرە دەدا. تاهیرە بە جوولاندنەوەی سەرو ملی هەولی دەدا خۆی لە بەردەکان لابدا، بەلام کەلکی نەبوو. بەردەکان لەوە زیاتر بوون کە ئەو بتوانی خۆیان لی بپاریزی. پەلەی خۆین دەم و چاوی داگرتبوو.

چارشیوە شپیەکەی شەلالی خوین بوو. دەنگی لە گەرویدا قەتیس مابوو، لە ناکاو بی دەنگ بوو. هیواش هیواش سەری بەرو خوار چەماندەوە.

رووخساری جوان و ناسکی خوینی تیزابوو، کاتیك سەری بەرەو خوار شۆر کردەوە، وام بیردەکردوە کە رەنگە بیهەوی چاوە جوانەکانی لەبەر پیکانی بەرد بپاریزیت. یان رەنگە لە بەر هیلاکی بیویان باوە رهینانی بە درندەیی ئەم جەماعەتەو نەبوونی ریگا چارەیەك بوو کە بە ناچار تەسلیم بوبێ و سەری داخستوەو.. یان ویان شایەدیش دەیهەویست بە نالە و هاوار چیتر دایکی و سولماز ئازار نەدات. چاوەکانم لەرقان لە سەریەك دانان و دەستم کرد بە گریان و بیهۆش بووم. کاتیك چاوم کردەوە دایکم لە تەنیشتم دانیشتبوو بە خاولی تەر خەریك بوو "تاو لەرزەکەم" بهینیتە خوارەوە.

چاوەکانم لە بەر گریان هەلماسیبوون قیژاندم دایە: دیتت چۆن تاهیرەیان کوشت!؟ گریان گەروی گرتبووم و قسەم بۆ نەدەکرا. دایکم لە وکاتەدا کە دەیویست ژیرم کاتەوە، بە تووڕەییەوە دەنگی هەلینا وتی:

گویم لە دەنگی باوکم بوو کە وتی: باشە، ژنەکە ئیستا لیی گەری! ئەم بۆ خۆی مندالە و ئیستا ترساوە و تۆش شەری لە گەل دەکەی.

دایکم بە گریانەوە وتی: ئاخر زیندە بە چال کردنی ژنیکی بەستەزمان بۆ سەیر کردن دەبی! نەدەبوو رویشتبا بو ئەوی! دایکم و باوکم پیکەوە مشت ومریان بوو. دیسان گویم لە دەنگی باوکم بوو کە دەیگوت. ژنەکە. لە مانە گەری. بەیانی دەتانهەوی چبکەن؟ سەدیقە ئەمرۆ کەسیکی نارد بۆ دوکان و دەیهەویست لە گەلی بچم بۆ ئیجازە وەرگرتن. من ئەمرۆ دوای نیوەرۆ رۆیشتم بۆ لای"حاج ئاغا ئەنساری" سەرەتا حازر نە بوو تەرمەکە بداتەوە. دەیگوت: جەنازەکە گلاوە و ناکری لە گورستانیك بنیژری کە گۆری شەهیدانی لێیە. بەلام ئاخری چەند کەسیك لە پیاو ماقولان و ریش سپییەکانی گەرەکمان کۆ کردەوە و سەر لە نوی چووینەوە بۆ لای. سەرەنجام رازی بوو جەنازەکە بداتەوە، بەلام بەو مەرجەی کە لە بەشی ئاخری گورستانەکە بینیژین و کەسیشمان بۆ ناشتنی تەرمەکە لە گەل نەبی.

دایکم بە گریانەوە پرسیاری کرد: ئیستا تەرمەکەیان بۆ کویێ بردووە؟

باوکم وتی: نەیان هیشتووە تەرمەکە لە سەردخانە بمینیتەوە و لە مەقەری سپای پاسداران دا رایانگرتووە. هەر بەم شیۆەیەکە لە جیگاکەم دا راکشا بووم و گویم لە قسەکانی ئەوان راگرتبوو هەستم دەکرد لە ژیر فشارو تەوژمی"تا"ی لەشم، چاوەکانم قورس بوون و حەزم دەکرد دیسان بخەومەوە و بەرەبەرە خەو دایگرتم.

خەونم بە تاهیروە بینی! لە خەونم دا تاهیرەوە هەروەکو فریشتەیەك بالی گرت و رۆیشت و لە وچالە رزگاری بوو. زۆر لە جاران جوانتر ببوو و سەیری منی دەکرد. بانگم کرد "تاهیرە" هەلیێ، هەلێ.. ! بەلام هەرکە ویستی دەمی بکاتەوە و وەلامم داتەوە لە ناکاو سیلاوی بەرد و چیۆ لە دەمی رژانە خوارەوە.

چاوەکانی زۆرگەورە ببوون و لە گۆشەی چاوی بە جیگای فرمیسك خۆین دەرژا. لە گوی و کونی لووتیشییەوە ورکە بەردی تیکەل بە خۆین دەهاتە دەر. دیسان لە ناکاو رویشتەوە سەر شۆینەکەی خۆی و هیواش هیواش لە چالەکە دا نوقم بوو. سولمازیش بەرەولای دایکی دەرۆیشت، بەلام هەرچی دەکرد نەدەگیشتە لای دایکی. دەستی بەرولای تاهیرە دریژ کردبوو. پەلە قاژەی بوو دایکی لە باوەشی بکات

لە ناکاوهەر دوو دەستی سولماز لە قولی جیا بوونەوە و وەکو دووبالندەی چکۆلە و جوان بەرەولای تاهیرە رۆیشتن و منیش هەر دەمقیژاند

لە ناکاو بە تەکانی توندی دایکم، لە خەو داچلەکام. دایکم سەرمی لە باوەش گرتبوو، پیکەوە دستمان کرد بە گریان. چ شەویکی سامناك و تاریك و دریژ بوو. ئەم شەوە هەر رۆژ نە دەبووە!!

بەیانی زوو بە دەنگە دەنگی دایك و باوکم خەبەرم بۆوەو خۆیانیان حازر دەکرد بە شۆین پوورە سەدیقە دابچن و تەرمەکەی تاهیرە لە مەقەری سپای پاسداران وەربگرنەوە. خیرا لە جیگاکەم هەستام و لیباسەکانم لەبەر کرد.

لە کاتیکدا دایکم بە سەرنجەوە سەیری منی دەکرد وتی:ئەمرۆ ناتەوەی بچیتەوە



قوتابخانە؟ ئیستا چۆنی، باشتری

وتم: نامەوی برۆم بۆ قوتابخانە، منیش دەمهەوی لە گەل ئیوە بیم.

بە توورەیی‌یەوە وتی .نا! نابی تۆ بیت، تەواو. ئیستا وەزعت زۆر باش نیە!

شەوی رابردووت لە بیر چۆتەوە دۆینی شەو خەو نەچووەتە چاوانمەوە دەتەوی دیسان بێیت و خرابتر بیتەوە باش نیە کچیکی کەم تەمەنی وەك تۆ مردوو ببینیت. بە دەم گریانەوە دەپارامەوە لە گەل خۆیان بمبەن، وتم : ئەگەر جەنازەکەی تاهیرە نەبینم بۆ هەمیشە لە میشکم دا "مردوویەکی زیندوو" بەچاوی پر لە خوێنەوە دەمینیتەوە. دایکە ریگام بدەن ببینم. بۆ جاریکی تر چاوم بە رووخساری مەندو ئارامی بکەوی کە چۆن ئیش و ئازاری تەواو بووە و بۆ هەمیشە چوتە خەویکی ئارام و ئەبەدەی‌یەوە. دایکم کە هەروەها دەگریا ، رازی بوو لە گەلیان برۆم ، بەو مەرجە کە هەتا ئەو ئیجازەم پی نەدات تەرمەکە نەبینم، منیش بە مەرجەکەی رازی بووم و وتم: باشە

چووین بۆ مالی پورە سەدیقە و لە دەرگامان داو پورە سەدیقە هاتە بەر دەرگاو خۆی خستە نیۆ باوشی دایکم.

ئەو دوو ژنە تیك هالان و دایانە قولتی گریان. دەیانویست بەرشتنی ئەسرین باری غەمەکانیان سووك بکەن ..و من و باوکیشم دەگریاین باوکم ئارام و لە سەر خۆ وتی: گریان بەسە دەنگە دەنگ مەکەن ئیتر برۆین دەرنگە

.... سەیری پورە سەدیقەم کرد، زۆر نارەحەت و تەواو شیوابوو فرمیسك دەم و چاوی سوور هەلگەراندبوو.

گەیشتینە بەر دەرکی سپا. قاچەکانم دەلەرزین. لە تەواوی پاسدارەکان کە هەموو ریش و پەشمیان هیشتبووە و رووخساریکی تورە و توسنیان هەبوو دەترسام. شان بە شانی دایکم درۆیشتم و لیی دوور نەدەکەوتمەوە.

باوکم بۆ پیشتر چوو، هیواش لە گەل پاسدارەکە کەوتە قسە کردن. پاسدارەکە ئیشارەی بۆ پلیکانەکانی حەوشەی سپا کرد و ریگای بۆ ئیمە چۆل کرد هەتا بچینە ناو حەوشەکە.

بانگی پاسداریکی تری کرد کە ئیمە بەرەو ژیر زەمینەکە رەوانە بکات. لە پلیکانەکان کە هەر دواییان نەدەهات و زۆر باریك و شۆینەکەش تاریك بوو چووینە خوارەوە. لە بەر تاریکی بەر پیی خۆمانمان نەدەدی و زۆر جاریش دەکەوتین. گەیشتینە ژیر زەمینیکی تەنگ و دریژ کە ئەم بەرو ئەو بەری دیوی چکولە چکولەی تیدا بوو و بەمیلەش داخرابوون. دەنگی پۆتینی پاسداریك، کە بەرولای ئیمە دەهات لە فەزای ژیر دەمینەکە دا دەنگی دەدایەوە لە تاریکی ژیر زەمینەکەدا لامپیکی زۆر کەم نووریان داگیرساند بوو دەرگا داخراوەکان و سەرمای ژیر زەمینەکە، بە جۆریك تووشی ترس و دلە راوکی‌یان کرد بووم کە سەر تاپام دەلەرزی.

سەرەنجام گەیشتینە کۆتایی ژیر زەمینەکەو پاسدارەکە ئیشارەی دا بە پورەسەدیقە و دایکم کە برۆنە ناوەوە و جەنازەکە بپیچنەوە و بیبەن بۆ حەوشەکە. پورەسەدیقە دەستی بە دیوارەکە گرتبوو، ئەژنۆی دەلەرزین و بەرولای دەرگاکە رۆیشت. دایکیشم لە پیشەوەی دەرۆیشت پەتۆیەکیشی بۆ پیچانەوەی تەرمی تاهیرە هینا بوو. لە ناکاو دوای چەند ساتیك بە دەنگی زریکەی پورەسەدیقە و دایکم داچلەکاین. بەرەولای دەرگاکە رامان کرد و خۆمم گەیاندە دیوەکە. زۆر تاریك بوو هیچم نەدەدی.پورەسەدیقە بە دەست ئاماژەی بۆ گوشەی دیوەکە کرد هاواری کرد: مندالەکەم کچەکەم تاهیرە زیندووە تاهیرەی من زیندووە سەیر کەن بەلام ئیمە وەها شلەژابووین کە نەمان دەتوانی لە جیگای خۆمان جوولە بکەین باوەرم بە چاوەکانم نەدەکرد. ئەری تاهیرە زیندوو بوو. زیندوو لە گوشەیەکی دیوارە سیمانیەکە تاهیرە سست و بی هیزفری درابوو چارشیوە سپیيە دراووەکەی لە خوین گەوزا بوو. خۆینی سەرو چاوی وەشك ببوون و هەلمسابوون. جەستەی کز کردووی وەك بەرد بە زەویيەکەوە نووسابووله تەواوی ئەو جەستە جوان و ریك و پیکە تەنیا چاوە جوانەکانی دەدروشانەوە. دوو دلۆپ ئەسرینی گەرم لە گوشەی چاوەکانی دا هیلانەی کرد بوو؟، دەری دەخست کە لە دەروونیدا چ دەگوزەرێ را کردنی پاسدارەکە و هاواری پاسدارەکانیتر ناو ژوورەکەی قەرەبالغ کرد. چەکەکانیان بەرەو روی تاهیرە گرت. پورە سەدیقە زۆر لە بەر پاسدارەکان پاراوە کە ئیجازە بدا تاهیرە بەریتەوە بۆ مال. تاهیرە لە مەرگ گەراوەتەوە. بەلام پاسدارەکە بەر دەوام ئیمەی بەرەولای دەرگاکە پال پیوە دەنا. هیشتا نەگەیشتبووینە لای دەرگاکە کە دەنگی رەگباری موسەلسەلێك ئەم ناوەی پر کرد. دووکەل و خۆین تیکەل بوون گوشتی تیکە تیکەی تاهیرە دارو دیواری داگرتبوو. چاوم نوقاندو پالم دا بە دەرگاکەوە و دونیا لە بر چاوم تاریك و لیل بوو، هەمووشتیك بە لامەوە لەناو تاریکیيەکی هەمیشەیيدا نوقم بوو.



# " ئینسانەکان وشیار دەبنەوە "

نوسینی: عەزیز نەسین

وەرگیر: عەزیز ئاجیکەند

کۆتاییەکانی زیندان زۆر سەخت و دژوار بوو بۆی. هەر بۆیە دەورانی دوور خرانەوەی دوای بەندکردنی هیچ بەلاویەوە گرنگ نەبوو. سەر و دەمانیك کە دەورانی زیندان و لە تاراوگە بوونی، کۆتایی پیهات و گەرایەوە بۆ پایتەخت، خۆی لەناو ئەو شارە گەورە و پر حەشیمەتە، بە تەنیا و بیکەس دەزانی. ژنەکەی لەسەر دەمیك دا کە ئەو لە زیندان و تاراوگە بوو لیی جیاببووە.

مرۆڤ لەوەها دوخیك دا بیهەوی و نەیهەوێ، تووشی ئالۆزی دەرونی دەبێت. بەتایبەت گەر دەردی بێپوولی و فەقیریشی بێتە سەر… ریگا چارەی چی بوو؟ ئایا دەبوو مالاوایی لە دونیای سیاسەت بکات و وەشوێن کاریك بکەوێ؟

دەیوایە کەسیکی دیبایەتەوە تا کاریکی بداتێ کە لەو رێگایەوە پارەو نانیك بۆ ژیانیکی مەمرەومەژی لێ وەدەست بێنێ. جیا لەوەش دەبوایە جیگا و رێگایەکیشی بوایە بۆ حەسانەوە و ژیان کردن ماڵەکانی ناوەندی شار زۆر گران بوون دەرەقەتی کرێکەیان نەدەهات. با ئەوەش بلێین کە نەك هەر لە ناوەندی شار، بگەرە نەیدەتوانی لەباقی شوینەکانیتری شاریش دا هەڵبکات چۆن پوولێکی بۆ دانی کریی مال نەبوو. بە ناچاری رووی کردە ماڵە دەولەمەندیك و کاریکی لەسەر ماشینی چاپ پێدرا. لەو ریگایەوە خەرجی رۆژانەی وەدەست دێنا. بەلام لەژیان بردنەسەر لەو شوینەش بیزار ببوو.

لەلایەکیترەوە، سەرنج، پارێز، نیگەرانی و ترس و خوفەکانی خزم و ئاشنا و دوستەکانیش جار لەگەل جار زیاتر ئازاریان دەدا و لە دەست هەموو شتیك وەزالە هاتبوو.هەر بەم هویە بوو کە دەیویست لە شوینیکی دورتر لەوان، لە دەرەوی شار ژیان بکات تا نەکەویتە بەر هیچ نیگایەکی تورە و قیناوی. ئەو خوازیاری تەنیایی بوو وە بە شوین جیەگەیەکی تەنیادا دەگەرا، شوینیکی زۆر بچووك، وابێ دەرەقەتی کرییەکەی بیت.

لە کوتاییدا بە هەزار زەحمەت و دوای هەولیکی زۆر ئەو شوینەی مەبەستی بوو دیەوە. مالیکی بچووك، بە سەر تەپۆلکەیەکەوە، بە دیویکەوە کە تەنیا بۆ خەوتن دەشیا. لە سەر یەك بە پێیان نزیك بە دوو کات ژمیر لە شار دوور بوو. مالە بوێیەکەی لە شوینیکی فەقیر نشین و بە ئیسلاح لە حەلەبیاوا دا هەلکەوتبوو. خانووەکانی ناوچەکە چکۆلە و لیك دوور بوون و ئەم تایبەتمەندییەش زیاد لەحەد خۆشحالی کردبوو. جیا لە دوو چەمەدانی پر لە کتیب و کیسەیەك پر لە جل شتیکی بۆ راگواستن نەبوو. مالە بچووکە تەنەکییەکەی بە رۆژنامە رازاندەوە و شووشە چکۆلە ماتەکانیشی بە لاپەرەی رۆژنامە گرت لەوەی کە وەها شوینیکی دەس کەوتبوو زۆر خۆشحال و خۆی بە بەختەوەر دەزانی. ئیستا تەنیا کاریك کە دەبوایە بیکردبایە دوزینەوەی کاریك بۆ بەدەس هینانی بژیوی ژیانی بوو. دوای ماوەیەك لە بەرامبەری مالەکەی دا بازاریك کرایەوە کە هەموو شتیکی بە ئاسانی تێدا دەس دەکەوت. شلوغی بازارەکە بوو بە هوی ئەوەی کە کریکاریکی شارەداریش بیت بۆ شوێنەکە و رۆژانە خەریکی خاوین کردنەوەی شەقامەکان بێ.

ماوەیەکی پی نەچوو کە کەسانی لە چەشنی سیگار فرۆش و قاچاقچی و کریکاری تر لە گەرکە کە کۆبوونەوە. سەرنج راکیش تر لەوە ئەوە بوو کە رۆژ بە رۆژ هات و چووەکانیش زۆرتر دەبوون و خەلکی زیاتر رووی لە گەرەکە کە دەکرد. هاوکات بە دوای ئەوانەش دا لە نیوان دوکانی میوە فرۆشەکەو بەقالیەکە قاوەخانەیەك کرایەوە کە رۆژلەگەل رۆژ خەلك زیاتر روویان تیدە کرد.

سەرتان نەیەشینم رۆژ بەرۆژ بە ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە زیاد دەبوو. هەروەها ئەو مالە کۆنانەش کە تا سەر و دەمانیك کەس حازر نەبوو بە کرێیان بگرێ، بەکرێدران و ئاوەدان بوونەوە.

ئەو ئیستا ئیتر چیژی لەم کەش و هەوا و هەل و مەرجە پر لە جم و جۆڵە وەردەگرت. بەڵام بەداخەوە ئیستاش خۆی هەر بێکار بوو.

ئەوەندەی ئەو بەشوین کاردا دەگەرا ئەوەندەش کارەکان لەدەس ئەو دەرئەچون و لەهیچ شوینیك کار بۆ ئەو دەس نەدەکەوت. هەر کەس دەیویست کاریکی پیبدات، هەرکە دەیزانی لە پیشوودا چ کەسایەتیك بووە، پەشیمان دەبۆوە.

هاوری‌کانیشی وەکوو ئەو بیکار و بی‌پوول بوون، هەر بۆیە نەیدەتوانی پولیان لی قەرز بکات. بە هەر شیوەیەك بوو دەبوایە کاریکی وەدەس خستبایە تا لانی کەم کرێ مالەکی لی داپین کردبایە. هەولیدا هیچ نەبێ پولی ئاخرین مانگی مانەوەی بدات تا بە سەربەرزی بروات ە ئاپارتمانی هاوری‌کەی کە لە ناوەراستی شاردا هەلکەوتبوو. ئەو دەبوایە بە هاوبەشی پولی ئاپارتمانەکەی لەگەل دا بایە. ئەو پیشنیاری هاوری‌کەی قبوول کردبوو، بەڵام چۆل کردنی ماڵە فەقیرانەکەی بەلاوە زۆر ئاسان نەبوو. قەرزداری دوکانە بەقاڵییەکە و دوو دوکانەکەی‌تر بوو. دەبوایە بەر لە رۆیشتنی قەرزەکانی دابایەوە.

یەکیك لە شەوەکان لەبیری ئەوەدا بوو کە کامیك لە کەل و پەڵەکانی بفرۆشی تا قەرزەکانی بداتەوە کە لەناکاو دەرگای ماڵەکەی لیدرا و ٣ کەس وە ژور کەوتن.

بەقاڵەکە و میوەفرۆشەکە و قاوەچی‌یەکە. شەرم سەرتاپێی داگرت نەیزانی چی بکا و بە خەجاڵەتی‌یەوە دەرگای ماڵەکەی بۆ کردنەوە و پاشان وتی: دەبی ببورن، دەزانن کە هەژارم و ماڵەکەم شتیکی بۆ خواردن تیدا نیە. نە قاوەیەکەم هەیە بۆتانی بینم و نە شتیکی‌تر.

بەقاڵەکە خۆی قیت کرد و وتی: ئیرادیکی نیە. خۆمان هەندیکمان شت هیناوە. ئەمە قاوە و ئەمەش بریك قەند و چەن کەل و پەلیکی‌تر کە لەناو پاکەتەکاندا بەستەبەندی کرابوون.

پاشان پاکەتەکانیان لەسەر میزەکە دانا. زۆری پی سەیر بوو. سەری سوور مابوو. ئەو هەموو کەل و پەلانەیان بۆ هیناوە؟ لەسەرەتادا وا بیری کردبۆوە کە بۆ وەرگرتنی قەرزەکانیان هاتبیتن، بەڵام ئەی ئەو هەموو دیاریانە چ مانا و مەفهوومیکیان هەیە.

میوەفرۆشەکە وتی:

–ئەگەر ئەو شتەی بیستومانە– راست بێ، بۆمان جیێ داخە. ئایا بەراستی دەتانهەوێ لیرە برۆن؟

–بەلی راستتان بیستووە نیازم وایە.

ئیستا ئیتر دەیزانی بۆچی هاتوون. حەتمەن هەوالی رۆیشتنەکەیان بیستووە. نەکا وتووتانە مەبەستی نەدانەوەی قەرزەکەی بووە هەر بۆیە وا زوو بۆ سەردانم هاتن تا قەرزەکەیان وەربگرنەوە. لە حالیك دا کە زۆر سەری سوور مابوو بە دڵەراوکی‌یەوە پرسی: ئیوە لە کویوە زانیتان نیازی کۆچ کردنم هەیە"

قاوەچی‌یەکە ئارام ئارام کەوتە دوان:

–ئیمە هەرشتیك دەبیستین لەسەرچاوەیەکی باوەر پیکراوەوە پیمان دەگا...

–نیگەران مەبن، دلنیاتان دەکەم بەر لەوەی لیرە برۆم حەتمەن قەرزەکانتان دەدەمەوە.

–براکەم ئەوە چ قسەیەکە، مەگەر بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانمان هاتووین؟

میوەفرۆشەکە لە دریژەی قسەکانی قاوەچی‌یەکەدا وتی:

–من لە خێری قەرزەکەی خۆم دەگوزەریم. چاوەروانییەکم لە تۆ نیە. تەنانەت ئەگەر خۆشت بتەوێ پوولەکەم بدەیەوە، وەری ناگرم... بە گیانت

–لەبەر چی؟

–ئیمە لە ریزی ئەو کەسانەداین کە رێز و حورمەتی تۆمان لە لایە برای خۆشەویستم. تۆ بۆ ئیمە زۆر پر بایەخ بووی.

تف لە زاریدا وشك بوو. نەی دەزانی چ بلّی. هەناسەیەکی توندی هەلّێنایەوە و وتی:

–ئەستەغفیرەلّلا... مەگەر من کیم کە بۆ ئیوە بەکەلك بوبێتم؟

وادیار بوو ئەویان دەناسی و دەیانزانی کە بۆ خەلك و بۆ ئازادی زۆر تێکۆشاوە. بەلام هەرچی بوو ئیستا ئیتر هیوا براو ببوو. هەرچەند بیری دەکردەوە فکری بۆ هیچ کوێ نەدەچوو. بە تەواوی شیوابوو. هەولی ئەوە بوو کە لە سیاسەت دوورە پەریزی بکات. بەلام خۆ خەلك نەیاندەهیشت ئازاد بێ بۆ ئەوەی بتوانی بۆ خۆی لەسەر چونیەتی ژیانی تەسمیم بگرێ؟

قاوەچی وتی:

–ئەم جارەش رای خۆتان بگۆرن و لیرە مەرۆن. دەمهەوێ پیشنیارەکەم وەربگری.

میوەفرۆشەکە لە درێژەدا وتی:

–بەلی ئیمەش داواتان لی دەکەین...

–بەلام ناچارم برۆم. چوونکە ناتوانم کرێ خانووکەم بدەم...

میوەفرۆشەکە دیسان وتی:

–دەزانین. ئیمە خەبەرمان لە هەموو شتیك هەیە. ئیمە یانی خەلکی گەرەکەکە بیرمان کردوەتەوە و لە ئاکام دا بەوە گەیشتوین کرێی مالّەکەت لە نیوان خۆماندا بەش کەین و خۆمان بیدەین. تەنیا گرینگ ئەوەیە لەو هەلویستەت پاشگەز بیتەوە. ئەوەیتری بۆ ئیمە...

بەقالەکە وتی:

–تەنیا ئیمە بەجێ مەهێلە و کارت بەهیچ نەبێ و ئەوەیتر بۆ خۆمان جێ بەجێی دەکەین. خەمی کرێ مالّەکەشت نەبێ...

لە خۆشیان چاوەکانی پراوپر بوون لە شایی و خۆشی. تۆزیکی مابوو کە فرمیسکەکانی لە گونای بێتە خوارەوە. دوای ئەو هەموو سالە خەباتی بیوچان بۆ رزگاری بەش مەینەتان و رزگاری چەوساوەکان و خەلکی کەم داهات، ئیستا بۆ یەکەمین جار دەیدیت کە خەلك یەك بە یەك رێز بۆ خەباتەکەی دادەنین و سپاس و پێزانینی خۆیانی ئاراستە دەکەن. بەلّام دیسان وتی:

–نا ئیمکانی نیە... ئاخر گرفتی من تەنیا کرێمال نیە. من بیکارم. ژیان لیرە دژوارە. دەبی برۆم بۆ لای هاورێکەم و لەوێ گیروگرفتەکانی ژیانی لەگەل بەش کەم.

قاوەچی وتی:

–نا ئەسلّەن نابێ. ئیمە قەبوول ناکەین. خەلکی گەرەك چەن رۆژە لەسەر ئەو مەسەلەیە قسە دەکەن. پیکەوە راویژمان کردوە کە چ بکەین. سەبارەت بە هەموو شتیك قسەمان کردوە. تەنانەت خەرجی رۆژانەشت دەدەین.

–پوولی مانگانەی تۆ هەرچەندە بێ بەدل و بەگیان دەیدەین...

–چ دەبێ ئەگەر دلمان نەشکینی و لیرە بمینیەوە؟

–تکات لیٚ دەکەین لیرە مەرۆن ئیمە سەر شۆر و بی‌هیوا مەکە

هەر سیٚ کەسەکەیان تیکرا داوایان لیٚ کرد.

نەیدەزانی بگری یا پی‌بکەنیٚ. لە خۆشحالیان ئەیویست لە دلەوە بگری. لیگەری خەلك هەرچی پیٚیان خۆشە بیلین. لیرەدا خەلك وشیارانە لە کردەوەیان دانیشانیان دەدا کە لە ولات دا شیوەیەك لە وشیاری و پیشکەوتن خوازی لە حالی گەشە و هەلدانە و هاکا سەر بەرز کاتەوە. کە واتە هەولەکانی ئەو لەو ماوەیەدا بیٚ‌سەمەر نەبووە. ئەگەر چەن سال لەمەوبەر بوایە، خەلك حازر نەبوون وەلامی سلاوەکەشی بدەنەوە.

بە نەرم و نیانیەوە وەلامی دایەوە:

–سپاس بۆ هەلوستی جوامیرانەتان. بژین. ئیوە بەم هەلویستەتان منتان شاد کردو کاریگەریتان لەسەر دانام. بەلام یارمەتی‌یەکانی ئیوە ناتوانم وەربگرم...

بۆ جاریکی‌تر داوایان لی کرد. بەقالەکە وتی:

–ئەم مالە شیاوی تۆ نیە. بروا بکە ئیرە شوینی ژیانی تۆ نیە. ئەگەر ئیرەتان بەدل نیە دەتوانن چۆلی کەن و برۆن بۆ ئەو مالە ٢ قاتەی کە تازە لەم رۆژانەدا دروست کراوە. هەموو پیداویستیەکی تیدایە. ئاشپەز خانە، حەمام، دەستشویی فەرەنگی و هی‌تر...

قاوەچی لەدریژەدا وتی:

–تەنیا داوای ئیمە لەتۆ ئەوەیە کە ئەم گەرەکە چۆل نەکەی و ئیمە بەجیٚ نەهیلی.

لەسەرجەمی ئەو قسەوباسانە، سەری سوور مابوو، خۆف تەواوی وجودی داگرتبوو. بەدلەراوکیٚوە وتی:

–باشە زۆر باشە. لانی کەم پیم بلین بۆچی خوازیاری ئەوەن لیرە بمینمەوە؟

–شتیکی روون و ئاشکرایە بەریز گیان، تەواوی گەرەك بە ئومیدی تۆ رۆژگاریان بەسەر دەبەن.

–ئەستەغفیرەللا... من ئەوەند خیرم نیە کە بەهەرەیەکیش بە ئیوە بگەینیٚ... شتیکی وام لی نەدەکرین.

–کرینەکانی ئیوە بەجیگای خۆی... لەگەل هاتنی ئیوە خۆشی رووی کردە ئەم کۆلانە... پیش هاتنی تۆ بۆ دوکانەکەم زیاتر لە ٢ و ٣ مشتەریش رووی لە دوکانەکەم نەدەکرد. ئیوە گیانیکی تازەتان دایەوە بە گەرەکەکە، لەگەل هاتنی ئیوە خۆشی بالی بەسەر گەرەك دا گرتو و ژیانی ئیمەشی خۆش کرد. چاو لیکە ریك دوای تۆ بوو کە دوکانی‌تر لم ناوە کرانەوە.

بەقالەکە وتی:

هەموو لە سایەی لوتف و مەرحەمەتی ئیوەوە بوو.

قاوەچی‌یەکە لە دریژەدا وتی:

رەحمیك بە ئیمە بکە. ئەگەر ئیوە لیرە برۆن هیوایەکی وامان نامینیٚ. ئەگەر ئیوە برۆن، بریار بیٚ منیش دەرگای دوکانەکە داخەم و برۆم...

میوەفرۆشەکە وتی:

–چۆن ئیجازە دەدی ئاوامان هەلس و کەوت لەگەل بکەیٚ؟

–لەوە ئەچی چاکەکانی خۆت لەبیر چووبیتەوە؟ بۆ هیچ کات خۆشەویستی‌یەکانی تۆ لەبیر ناچنەوە. کاتیك کە تۆ هاتیتە ئەم گەرەکە، هیزەکانی سەر بە دەولەت هەر جارە بە لیباسیك و لەژیر ناوی کارکردن روویان دەکردە ئەم شوینە و بەشوین

تووْدا دەگەران. پیویستە بزانی کە پۆلیس تەواوی کون و قووژبنی ئەم ناوچەیەی بە شوین دا پشکنی. هیزەکانی دەولەت بۆ چاوەدیری زیاتری گەرەکەکە هیزیان لە هیزەکانی سەر بە ئەمنیەتی شارەکەش وەر دەگرت. بزانە کە گەشانەوەی ناوچەکە، سەمەرەی لیهاتووویيەکانی تۆ بوو.

بەقالەکە وتی:

–لە سەرەتادا لە ئیمەیان دەپرسی کە تۆ چ دەکەی و بۆ کۆی دەچی و هات و چۆی کێ دەکەیت و کێ دێ بۆ لات.

میوەفرۆشەکە دەیوت:

–لەگەل هاتنی هیزەکانی سەر بە ئەمنیەتی شارەکە، موشتەرییەکانی ئیمە زیاتر دەبوو... بە دوای ئەودا دوکانی لە چەشنی پینەچی و ترشیات فرۆشی و نانەواییەك لە دوای یەك گەرەکەکەیان رازاندەوە.

قاوەچی وتی:

–منیش توانیم بێئەوەی زەوییەك بکرم قاوەخانەیەك بکەمەوە و لەو دەربەدەریە رزگار بم. لە ئەوەلی بەیانیەوە تا ئیوارە کە دەرگا دەکەمەوە پرە لە مەئمور و کەسانی جۆراوجۆر پیکەوە تەختە نەرد دەکەن، گورانی دەلین، قسە دەکەن. لەپال ئەوەش دا منیش چایی و قاوەکەم دەفرۆشم. خۆتان دەتوانن بەراوردی کەن، ئەگەر بیت هەرکامیان ٣ چایی بخۆن،ئەو رۆژە کاسبی زۆر باش دەبێ.

لێیانی پرسی:

–یانی ئەوان و تەواوی دانیشتوانی گەرەکەکە هیزی نهینی دەولەتن؟

–نا شتی وا نیە! هەمویان کە نا! لە نیواندا پۆلیسش هەیە. لە هەر کوێیەك چەن کەس کۆبنەوە، دەس بەجی دەوریان دەگرن. ئەگەر ئیوە ئیرە بەجی بیلن، دلنیابە هەر وەك جارانی لێدیتەوە. لەگەل رۆیشتنی تۆ پولیسەکانیش ئەم ناوە چۆل دەکەن.

بەقالەکە وتی:

بلێ کە بێچارە دەبین.

میوەفرۆشەکە لە دریژەدا وتی:

– بیریك لەو فەقیر و هەژارانە بکەوە و لیرە مەرۆ.بێچارە کە هەر هیچ، بێمال و حال دەبین. ئاغا گیان وەرە و لە قسەمان دەر مەچوو!

قاوەچییەکە وتی:

- لانی کەم هەتا ئیمە سەرمایەیەك پیکەوە دەنین لیرە مەرۆ.

چوە ناو فکرەوە. بۆ هەر شوینیکیتر رۆیشتبایە هەمان ئاش و هەمان کاسە بوو.

هەر بۆیە وتی:

–باشە لیرە نارۆم بەلام ئەو شتانەی کە لەگەل خۆتان هیناوتانە، لەگەل خۆتان بیانبەنەوە...

٣ پاکەتە میوەکە و قاوەکەی کە لەسەر میزەکە دانرابوو هەلی گرت و دای بە بەقالەکە.

میوەفرۆشەکە هاوکات لەگەل ئەوەی کە دەرۆیشت وتی:

–مزگینی بدەم بە هاوریکانیتر یان نا؟

–بەلی لیرە نارۆم دلنیابە. شتیکیشم لە ئیوە ناوێ

قاوەچییەکە وتی:

هەلویستەکەت جوامیرانەیە خوات لێ رازی بێ!!!

# بەسەرهاتی کورێکی چەتوون

ن: مارك تواین

و: سەیران رەحیمی

رۆژیك لە رۆژان کوریکی چەتوون هەبوو کە نیوی جیم بوو. هەرچەند کە دەزانن تەقریبەن ناوی هەموو کورە خراپەکانی ناو چیرۆکەکانی کتیبە مەزهەبیەکان مەدرەسەکانی رۆژی یەك شەممە، رۆژی کەلیسا جیمزە. هەلبەتە ئەم مەوردە سەیر بوو، بەلام راستە. بە پیچەوانەی منداله چەتوونەکانی نیو کتیبەکانی رۆژی یەك شەممە کە دایکی هەموویان نەخۆش بوون، بەلام بەهۆی هۆگری و خوشەویستی لە رادەبەدەریان بۆ کورەکانیان بۆ ساتیکیش ئارام و ئوقرەیان نەبوو بە نەرم و نیانی‌یەوە شەوباشیان بە جیمزە خراپەکان دەوت و ئەوانیان ماچ کردن بەلام دایکی جیم وا نەبوو. بەلام ئەمەیان لەگەل ئەوانی‌تر جیاواز بوو. نیوی ئەم کورە جیم بوو دایکیشی هیچ عەیب و کەم و کوریەکی نەبوو. دایکی جیم ساغ و سەلامەت، بەهیز و لەخۆ رازی بوو وە هیچ سەرنجیکی بە جیم نەدەدا. دایکی هەمیشە دەیوت، ئەگەر جیم ملیشی بشکی، گرینگ نیە و شتیکی سەیر روو نادا. دایکی هەمیشە بە زەبری لیدان و نقورچك گرتن لە جیم ناچاری دەکرد کە بخەوی و هیچ کات شەو باشی پی نەدەوت وە کاتی خەوتنیش ماچی نەدەکرد. بە پیچەوانەوە، کاتیك کە بە زۆری دەیبردە سەر پیخەفەکەی، زلەیەکی توندیشی لی دەدا. جاریکیان ئەو کورە چەتوونە کلیلی دەرکەی ئەنبارەکەی لە دایکی دزیبو و خۆی گەیاندبوە نیو ئەنبارەکە و هیندیك لە مرباکانی کە دایکی سازی کردبوو نوشی گیانی کرد و شوشە بەتالەکانی پرکرد لەقیر بۆ ئەوەی دایکی شوشە بەتابەکانی نەبینێ. بە پیچەوانەی نەسیحەتەکانی کتیبە مەزهەبیەکان جیم بۆ یەك ساتیش لەو کارەی خۆی نارەحەت نەبوو وە هیچ دەنگیکیش لە غەیبەوە پیێ نەوت و لیێ نەپرسی کە ئایا کاری باش دەکەی کە گوی بە قسەکانی دایکت نادەی؟ وە ئایا ئەوە گوناه نیە کە مرەباکان بە دزیەوە دەخۆی؟ جیم بە پیچەوانەی جیمزە خراپەکانی نیو کتیبە مەزهەبیەکان هیچ کات قەولی بەخۆی نەدا کە ئیتر کاری خراپ نەکات. ئەو بە پیچوانەی جیمزە خراپەکانی نیو کتیبە مەزهەبیەکان نە تەنیا راستیەکەی بە دایکی نەوت، نە تەنیا دانی بە تاوانەکەی‌دا نەنا،

نەتەنیا داوای لیبوردنی لە دایکی نەدەکرد بەلکو دوای ئەوەی کە مرباکانی بە تەواوی خوارد، بە ناجسنی شوشە بەتالەکانی پر کرد لەقیر و بە دایکی کە بە زویی شوشە پرلە قیرەکانی دەدی پیدەکەنی. جیم بیری دەکردەوە کە کاتیك دایکی زانی، ئەو بە ساکاری وادەنوینی کە هیچ شتیك سەبارەت بە مرەبا و قیرەکە نازانی. هەروەك دەبینین هەموو شتیکی ئەو کورە چەتوونە لەگەل سەرجەم کورە خراپەکانی چیرۆکە مەزهەبیەکان جیاوازی هەبوو. جاریکیان ئەو لە داری سیوی ئاکرۆن چووە سەر بۆ ئەوەی سیو بدزێ. بەلام بە پیچەوانەی جیمزە خراپەکان، نە لق و پۆی داری شکاند، نە لەسەر دار کەوتە خوار، نە باسکی شکا و نە سەگی خاوەن باغەکە دەلینگی پاتۆلەکەی گرت و نە بۆ ماوەی چەند حەوتوو لە جیگادا کەوت. جیم تا توانی سیوی دزی، بە ئاسانی و بێ سەرئیشە لە دار هاتە خوار، هەرکە سەگەکە ویستی دەلینگی بگری لیدانیکی باشیشی لە سەگەکە دا. هیچ کات لەو رووداوانە بۆ جیمزە خراپەکانی کتیبەکانی رۆژی یەك شەممە نەهاتبوە پیش.

جاریکیان چەقۆ چکولەکەی موعەلیمەکەی دزی و لەترسی موعەلیم و تەنبی کردن و رەسوایی، بە دزیەوە چەقۆکەی لە کلاوی جورج ویلسون کوری بیوەژنیکی دەستکورت هاویشت. جورج لەشار و گەرەکەیان کوریکی خوشەویست بوو، هەمیشە گوێی بە قسەکانی دایکی دەدا و هیچ کات درۆی نەدەکرد. کاتیك چەقوەکە لە کلاوەکەی جورج کەوتە خواری جورجی بێچارە سەری بەرداوە و لە خەجالەتیان سوور هەلگەرا. وەك ئەوەی کە خۆی چەقۆکەی دزیبی. موعەلیمەکەیشی تاوانەکەی خستە ئەستۆی.

لیرەشدا بە پیچەوانەی کورە چەتوونەکانی نیو مەدرەسەکانی رۆژی یەك شەممە، هیچ هاوار و نالەیەك لەلایەن پەری عەدالەتەوە کە وەك پیرە پیاویکی نورانی لە ناکاو لە کەلاسی دەرس دەرکەویت جورج تەبرەئە بکات و دزیەکەی جیم ئاشکرا بکات نەبیسترا. ئەو پەریە یان ئەو پیرە پیاوە نورانییە لە چیرۆکە مەزهەبیەکان دا، دەستی کەسانی وەك جورج دەگرن و دەیانبەنەوە مالی خۆیان تا جورج دیوی کارەکەی گەسك بدا، ئاگری بۆ بکاتەوە و دار بشکینی، ئەوەی ئەو دەیلێ بۆی جێبەجێ بکات، دەرسی وەکیلی و قەزاوەت بخوینی و لەکار و باری ناو مال یارمەتی ژنی پیرە پیاوە نورانیەکە بدات و مانگانە چل پێنی وەربگری و رازی و خوشحالیش بیت. ئەوانە هەموویان لە نەسیحەتەکانی کتیبە مەزهەبیەکانن. بەلام هیچ کامیان بۆ جیم و جورج نەهاتە پیش. هیچ فریشتەیەکی عەدالەت نیو بژی نەکرد. جورج کە سومبولی کوریکی باش بوو، ئابروی چوو جیم هەروەك دەزانن زۆریش خوشحال بوو چونکە هەمیشە رقی لە کەسانی باش و بە ویژدان بوو.

سەیرترین رووداویك کە بۆ جیم هاتە پیشەوە ئەوە بوو کە رۆژی یەك شەممە کاتی چوون بۆ کلیسا و مەدرەسە چوو بۆ ئەوەی سواری بەلەم بی، بەلام بە پیچەوانەی کورە خراپەکان نەخنکا و لەکاتی ماسی گرتن دا توشی توفان و هەورە تریشقەنەهات. بۆچی؟ ئەگەر سەرنج بدەنە سەرجەم چیرۆکە مەزهەبی و نەسیحەتەکانی، هەموو ئەو کورە خراپانەی کە رۆژی یەك شەممە لە جیاتی کلیسا و مەدرەسە دەچن بۆ سواربوونی بەلەم وماسی گرتن، لە دەریادا دەخنکین و یان کاتی ماسی گرتن توشی توفان و هەورە تریشقە دین ئیستابۆچی جیم کە کوریکی خراپیش بوو، توانی بە سەلامەتی

بیتەوە و هیچ رودوایکیشی بۆ نەهاتە پیش. ئەوە بۆمن بوو بە موعەمایەك. ئەو جیمە بە ژیانیکی ئاسودە و بێسەرئیشە گەیشت. هیچ شتیك زەفەری پێ نەدەبرد و بێکیشە و بەلا دریژەی بە ژیانی خۆی دەدا تەنانەت ئەو جاریکیان توتنی دا بە فیلیکی سیرك. بەلام لە خۆش شانسی هەمیشەیی جیمی چەتوون، فیلەکە بە خورتومی سەری پان نەکردەوە. جاریکیش جیم چەکەکەی باوکی دزی و روژی یەك شەممە چوو بۆ راو و هیچ کام لە پەنجەکانی نەشکا و پان نەبوەوە.

جیم کاتیك کە تورە دەبو بە شەق و مست بەر دەبوە گیانی خوشکە چکۆلەکەی خوشکەکەشی بە پیچەوانەی خوشکی جیمزە خراپەکانی چیرۆکە مەزهەبیەکان نەتەنیا لەژیر شەق و مستی جیم دا وە لەحالی مەرگ دا لەخوا نەدەپاراوە وە بەسەبر و تەحەمول دلی جیمی نەدەشکاند، بەلکو بە کەیف و قەلەو بوو وە هیچ جیگایەکیشی نەدەشکا. جیم هیچ کات لە نارەحەتی دایك و باوکی دلی نەدەگیرا، بەلکو سەرخۆش و شەرلاتانە خەریکی کەیف و خۆشی خۆی بوو.

جیم گەورە بو و ئیزدواجی کرد و بنەمالەیەکی گەورەی پیك هینا و چەنها کچ و کوریکی بوو. شەویك بە تەوور سەری هەمووییانی بڕی. ئەو لە ریگای جۆراوجۆرەوە بە دزی و فیل توانی سامانیکی زۆر بۆ خۆی کەلەکە بکات و ئیستاش فیلە بازترین و بی ئابروترین کەسی ئەو شارەیە. ئیستا جیگای ریزی هەموو کەسە و لە جوملە یاسا داریژەرانی سەرەکی و کار بەدەستانی شارەکەیەتی.

زۆر باشە، هەر بەو شیوەیەی کە دەیبینین، ژیانی جیمی چەتوون لە جوری هیچ کام لەو منالە خراپانەی کە لە کتیبەکانی رۆژی یەك شەممەدا دەیخویننەوە ناچێ. هیچ کام لەو کورە خراپانەی ناو کتیبەکان بە رادەی ئەم کورە چەتوون و تاوانبارە خۆش شانس و بەختەوەر نەبوون.

# ئیرنیست بووش

## گورانی بێژ، ئەکتەر و دەرهێنەری بزوتنەوەی جیهانی کرێکاران



کۆکردنەوة و نوسيني: "سرخود"

لە جیاتی پێشەکی:

مەبەستی ئەم نووسراوەیە هەوڵ و کۆششیکە بۆ ناساندنی "ئێرنیست بووش" بە کرێکاران و لایەنگرانی رزگاریyan که تا ئیستا سەبارەت بە نابراو نووسراوەیەکیان بە زمانی فارسی نەخویندوەتەوە. ئەم نوسراوەیە بە شیوەیەکی رۆژ ژمێرانە و خێرا و زۆر بە کورتی جێبەجێ کراوە و بەو هیوایە کە لە داهاتوودا کەسیك یان کەسانیك کە خەریکی کاروباری هونەر و ئەدەبیاتی پیشکەوتنخوازانە و لەحالی گەشەدان بەجی هینانی ئەم ئەرکە بە ئاکامی خوی بگەیەنن.

شیاوی باسە کە کۆکەرەوەی ئەم نوسراوەیە خۆی تا ئیستا سەبارەت بە "ئێرنیست بووش" نووسراوەیەکی بە فارسی نەبینیوە و نەیخوێندوەتەوە و نوسینی ئەم بابەتە بە مانای تەییدی تەواوی بوارەکانی کەسایەتی و بۆچوونەکانی ناوبراو نیە.

لە هەل و مەرجیك دا کە رژیمی درندەی ئیسلامی دژ بە شادی و خۆشی، فەزایەکی زاڵ کردووە کە تەنانەت ئەو هیزانەی کە نیوی کریکار و کۆمۆنیست یان لە خۆیان ناوە لە بڵاوکردنەوەی سروودەکانی بزوتنەوەی جیهانی کریکاری خۆ دەپارێزن و ژمارەیەکیان بە بیانووی بەرەو لای خۆ راکیشانی کۆمەڵانی خەڵك، لە رادیوکانیان دا وەها ئاهەنگ گەلیك کە هەلخرێنەری هەستە و خەلك بەگشتی حەزیان لێیانە و بێناوەرۆکن، خستوویانەتە دەستووری کاری خۆیان، ناسین و ناساندنی هۆنەرمەندانیکی وەك ئێرنیست بووش و کەسانی دیکە لە هەل و مەرجی ئیستادا گرینگیەکی زۆری بەدەس هێناوە.

* * *

"ئێرنیست بووش" ریکەوتی ١٩٠٠/١/٢٢ی زایینی لە شاری کیل هەلکەوتوو لە باکوری ئالمان لە دایك بووە. باوکی کریکاریکی بیناسازی و ئەندامی حیزبی سوسیال دیموکراتی یەکەم بوو کە لە وەرزی زستان دا بێکار دەبوو و داین کردنی بژیو و بارهینانی ئەندامانی بنەماڵە دەکەوتە سەرشانی دایکیان و بژیویان لە ریگای کاری ئەوەوە داین دەبوو. لەم سەردەمەدا بوو هاوکات لەگەل هەست پێکردنی بەهەژاری و نەداری و لەژیر کاریگەری بارهینانە سیاسیەکانی باوکی فیری ئەوە بوو کە رزگار بوونی خۆی و کەسانیتر نەك بەدەستی شا و خوا، بەلکو بە دەستی خۆیان مسوگەر دەبێ.

لەسالی ١٩١٥ی زایینی لە ئاوا بارودۆخیك دا ئێرنیست بووشی لاو هاوکات هەم خەریکی فیربوونی پیشە و هەم خەریکی کار کردن بوو. وەك کریکاری فلزکاری میکانیك لە کەشتی سازی گرمانیا لە شاری کیل دەستی بەکار کردن کرد و شتیکی سروشتیش بوو کە لە مانگی نوامبری سالی ١٩١٨دا لە شورشی چەکدارانەی کریکاران و سەربازان بەشداری کردبێ و بە وتەی ماکس لینگر، وینەگەر و گرافیستی دانیشتوی ئەوکاتی شاری کیل:

"لە هیرش بوسەر زیندانی هیزی دەریایی لە ریکەوتی سێیەمی مانگی نوامبری ئەو سالەدا پیکەوە بە شوین سەنگەریکدا دەگەران بۆ خۆ پاراستن. ریکەوتی دووهەمی ژانویەی سالی ١٩١٩ بوە بە ئەندامی حیزبی سوسیال دیموکراتی یەکەمی ئالمان کە بە دوای دوو شەقە بوونی، بە رەوتی ئیسپارتاکیستەکان پەیوەست بوو. لەم قوناغەدا هاوکات لەگەڵ کاری فلزکاری مکانیك خەریکی فیربوونی وانەکانی گورانی بیژی و ئەکتەری بووە کە ئەم کارە تا سالی ١٩٢١ کە لەسەر کارەکەی لە کەشتی سازی گرمانیا دەردەکرێ دریژەی هەبوو. لە پاییزی هەر هەمان سال دا سەرەرای ئەو هەموو ئالٚ و گۆرە سیاسیيانە کە لە کۆمەلگادا رویان دا، توانی لەمالی ئەکتەری شاری کیل کاریك بۆ خۆی بدۆزیتەوە و تا سالی ١٩٢٤ لەو شوینە خەریکی کارکردن بوو هەروەك خۆی لە وتوویژیك دا دەڵێ: "سەرەتای

دەورگێرانی لە بەرهەمە کلاسیکەکانی سەردەم دەست پێ دەکا کە دواتر بۆ دەورگێرانە پرولیتریکانی یارمەتی‌یەکی بەرچاوی‌دا". پێشنیاریشی بۆ نەسلی لاو ئەوە بوو کە بە دەورگێران لە بەرهەمە کلاسیکەکان دا دەست بەکاری ئەکتەری بکەن.

هۆی ئاشنا بونی لەگەل ئەکتەرە، بەناو بانگەکانی ئەو سەردەمە وە ئەستۆ گرتنی گێرانی چەند دەور لە بەرهەمەکانی کلاسیکی شانۆگەری بوو. لە سالی ١٩٢٤ تا ١٩٢٦ لەگەل گروپی شانوی شاری فرانکفورت هەلکەوتوو لە نزیك چۆمی Oder خەریکی کار بوو. بە دوای ئەوەدا لە شانۆگەری "پومرشن واندربونە" کە هاوکاتە لەگەل دەست پێ‌کردنی کاری دەرهینەری خەریکی کارکردن بوو. لەئاکام دا توانی لە سالی ١٩٢٧دا خۆی بگەینیتە شاری بێرلین و لە شانۆگەری پیکاتۆر درێژە بە هەلسوورانی بەربلاوی خۆی بدات و هەر لیرەدا بو کە "باهانس ئایزلیر" ئاواز دانەری بەناوبانگی پرولیتاریای ناسی کە تا کۆتایی تەمەنی هاوری‌یەتی و هاوکاری‌یان درێژەی هەبوو و بەهۆی وتنی گورانی و سرودەکانیان بوون بە سومبولی بزوتنەوەی جیهانی کریکاران: بۆ نمونە ئەوکات کە ئەو و باهانس ئایزلیر بە پیانوکەیان لە مەیدانی شارە گەورەکانی ئوروپایی ئەوکات خەریکی بەرێوە بردنی ئاهەنگی سروودی "بۆ پیشەوە و هیچ کات لە کاتی تێری و برسیەتی‌دا هاوپشتی لەبیر مەبەوە... بوون" بەشدار بووان لە کۆبونەوەی کریکاری و نارەزایەتیکانیان دا هاوکات لەگەل ئەوان دا دەکەونە جولّە، کە بەوتەی ئەو کەسانەی ئەو دیمەنەیان دیوە لە باس کردن نەهاتوویە.

هەر لەو کاتانەدا لە پال هەلسوورانەکانی گۆرانی بیژی و شانوگەری، بەهۆی دەورگیرانی لە فیلمەکانی وەك "کۆلەوامپە" بەرهەمی بیرتولت برێشت و کێ دەبیتە خاوەنی جیهانیك بەرهەمی ئیرنیست ئیتوالد کە سالاتان دۆدۆڤ دەرهینەری هەر دوو فیلمەکە بوو نیوبانگی زیاتری دەرکرد.

ئەمە لە کاتیك دا بوو کە ئیرنیست بووش ئیتر دانیشتوی "گەرەکی هونەرمەندان" لەشاری بێرلین بوو.

کات ژمیر دوازەدەی نیوەرۆی رۆژی ٩ی مارسی ١٩٣٣ گروپی زەربەتی نازیەکان بە مەبەستی دەستگیر کردنی چوون بۆ شوینی نیشتەجی بوونەکەی لە شەقامی "بون" ژمارەی ١١ و بەدوای ئەوەدا کە لە دەرگایان دا و کەس لێی نەکردنەوە وایان زانی کە ناوبراو لەم کاتەدا لە مال نیە. ئەمە لە حالیکدا بوو کە شەوی پیشوو ئیرنیست بووش بەهۆی درەنگ هاتنەوەی لە چایی خانەی هونەرمەندان، ئەو رۆژە لە خەودا مابوو. ئەم لە خەودا مانەوەی بوو بەهۆی ئەوەی کە دەستگیر نەکرێ. چونکە نازی‌یەکان لەسەر ئەم بروایە بوون کە ئەویش وەکوو زۆربەی هونەرمەندان، تا ئیستا ئالمانی نازی بەجی هیشتوە! هەلبەتە ئەو هەر لەو رۆژەدا ئەم کارە دەکات و دەچی بۆ هولەند، بیلژیك، زووریخ، پاریس، وییەن و لە ئاکام دا لەسەر بانگهیشتیك بەرەو شورەوی وەرێ دەکەوێ و نیشتەجی دەبێ و لە سالی ١٩٣٧ هاورێ لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە هاوبیرانی بە مەبەستی بەشداری کردن لەخەبات لە ریزەکانی "بریگا دەکانی جیهانی" دەچیتە ولاتی ئیسپانیا و بەهۆی گورانی و کۆنسیرتەکانی خۆی لە دژی فاشیسم بە "کوتری سەنگەرەکان" نیوبانگ دەر دەکات.

ئیرنیست بووش لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە هاوسەنگەرە پەنابەرەکانی، بەدوای کوودتای فرانکۆ و سەرکەوتنی فاشیستەکان دەگەریتەوە بۆ بیلژیك و لە مانگی مەی ١٩٤٠ دا کاتیك کە ئەرتەشی داگیرکەری نازیەکان هولەند و بیلژیکیان داگیر کردبوو، لەسالی ١٩٤٢ لەگەل ژمارەیەکی زۆر لە هەلاتوە سیاسی‌یەکان و هەروەها جوولەکە ئالمانی‌یەکان لە فەرانسەدا دەستگیر دەکریت و دەگوازریتەوە بۆ "ئوردوگای بێگانەکان" و لە سالی ١٩٤٣دا لەویشەوە گویزرایەوە بۆ ئوردوگای گیراوەکان لە باشووری فەرانسە و ویستی لەم زیندانە هەلێ بەلام سەرنەکەوت و لەسنووری

سوویس دەستگیر کرا و گیشتاپۆ (پۆلیسی شاراوەی نازیەکان) ئەسپیردرا و بردیان بۆ زیندانی ترسناکی موابێت. زیندانی ناوبراو لەلایەن هیزی ئاسمانی ئامریکاوە بوردمان کراو ئێرنیست بووش سەری بریندار بوو لای چەپی دەم و چاوی و گویچکەی زیانی پی گەیشت.

دوای شەر و تیمار کردنی لە شورەوی تا رادەیەك باش بوو. بەلام بە وتەی هاوکارەکانی بەردەوام بەر لەوەی بچیتە سەر سەحنە بەهۆی برینەکانی دەم وچاوی تووشی نارەحەتی دەهات، بەلام کاتیك لەسەر سەحنە بوو وەهاپەیوەندیەکی راستەوخۆی لەگەل بینەرانی هەبوو کە ئیتر هیچ چەشنە نیگەرانی‌یەك لە روخساریدا بەدی نەدەکرا!". لە بیرلین لە "دادگای خەلك"ی نازیەکان دا بە تاوانی "خیانەت و هەنگاونان لەدژی ئەمنیەتی ولات" حوکمی لە سێدارە دانی دار کە بەنیو بژیوانی گوستا و گروندگنز کە کەسایەتیکی بەنێو بانگی هونەری بوو و هەروەها جیگای باوەری نازیەکانیش بوو لەلایەن دادستانەوە حوکمەکەی بۆ دەسال و پاشان بۆ حەوت سال و لە ئاکام دا بۆ چوارسال داشکا. لە مانگی ئاوریلی ١٩٤٥دا زیندانی ئیالاتی براندنبورگ بەهۆی لەخۆ بردوویە میژوویەکانی سەربازانی ئەرتەشی سووری شورەوی ئازاد کرا و ئرنیست بووش سەر لەنوی لە مالەکەی پیشوی لە "گەرەکی هونەرمەندان" نیشتەجێ بۆوە.

دوای ماوەیەکی کورت لە ناوچەی ویلمیرزدۆرۆ بوو بە ئەندامی شوورای هونەری شار. لە مانگەکانی سەرەتای سالی ١٩٤٦ چووە سەر سەحنە و لە بەرامبەر لایەنگرانی‌دا دەستی کردەوە بە دەور گیران لە شانۆ رەخنە ئامیز و تەنزاوی‌یەکان و هەروەها گۆرانی وتن. بە دەور گیران لە شانوی "دیمەنی خەلك" کە لەژیر چاوەدیری ئیروین پیکاتوردا بوو، دریژەی بە کاری شانۆیی دا و لەم دەورانەدا واتە لەنیوان سالەکانی ١٩٥١- ١٩٥٠ بیرتۆلت بریشت دەیبات بۆ شانوگەریەکەی خۆی بەنیوی "بیرلیز ئینسامبوول"، و بەم شیوەیە دەبیتە دانیشتووی بیرلینی شەرقی! لەسالی ١٩٦٠ لە ئالمانی شەرقی بە شیوەیەکی رەسمی وترا: کە بەهۆی نەخۆشی‌یەکی توند کە توشی بووە ناچارە کە دەست لە هەلسوورانە هونەریەکانی بکیشیتەوە!؟ هەلبەتە گوایا لە یەکیك لە دانیشتنەکانی کومیتەی ناوەندی حیزبی دەسەلاتدار زیلەیەکی لە بناگویچکەی "ئیریش هۆنکێر" داوە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە لەلایەن کار بەدەستانی ئالمانی شەرقی‌یەوە بایکوت بکری. بەلام بەهۆی ئەوەی کە لە سەردەمی "شەری سارد" لەنیو لایەنگرانی‌دا لە رۆژهەلات و رۆژئاوادا لە خۆشەویستیەکی زۆر بەهرەمەند بوو، سزا دانەکەی هەر لەو ئاستەدا مایەوە و بە وتەی ئەو کەسانەی لە نزیکەوە دیویانە و هەروەها بە وتەی هاوکارەکانی تا کۆتایی تەمەنی هیچ کات بێکار نەبوو و بەردەوام وەك کریکاریك خەریکی بەرهەم هینانی هونەر و کۆکردنەوەی ئاوازی سروودەکانی بوو کە دەربری هەوراز و نشیوەکانی یەك سەدە لە تیکوشانی کریکاران بون. هەول و کۆششی بێوچانی بو و بەهۆی ئەوەی کە بەرلەوەی کۆتایی بە تەمەنی بێ کۆمەلیك لە بەرهەمەکانی خۆی بە شیوەی سەفحەی گرامافۆن یان کاسیت کە بەدەستی هەموو کەس بگات، بلاو بکاتەوە. کۆمەلیك بەرهەم کە بریتی بوون لە سروودەکانی شەری جوتیاری و سروودەکانی هەلمەتی فاشیستی و سروودەکانی هەلمەتی پارتیزانی لە ئیسپانیا و گۆرانی‌یە ئازادیخوازانە و دژی شەر و گۆرانی ئاشتی نەتەوەکانی جیهان و هتد.

دەور گیرانی لە بەرهەمەکانی بریشت، دیکلەمە و خویندنەوەی شیعرەکانی بیرتولت بریشت، کۆرت توخۆلۆسکی، مایکوفیسکی .و. بە ئاواز و هاورێیەتی هانس ئایزلر. ئەو بەرهەمە هونەریانەی کە لەپاش ئەو بەجی ماون بێگومان بەشیك لە میژووی هونەری پرولتاریان. سەرەنجام ئیرنیست بووش دوای تلانەوەیەکی زۆر بەدەست نەخۆشیکەوە رۆژی هەشتەمی مانگی ژوئەنی سالی ١٩٨٠ی زایینی لە بیرلین کۆچی دوایی کرد. لەسەر داوای خۆی لەپشت دیواری ئەو

باغەی کە ژیانی لی دەبردە سەر کە لەنیو گۆرستانی "پانکوڤ" بیرلین دا بوو بە خویندنی سروودی "بەرەی خاراما" کە خۆی لە شەری نیوخۆیی ئیسپانیادا وتبوی، ریو رەسمی ئەسپەردە کردنی بەریوە چوو. کاتیک کە چەند سەدکەس لە بەشداربوانی ئەم رێ و رەسمە ناچار بوون کارتی پیناسی خۆیان نیشانی هیزەکانی پۆلیس بدەن کە بە جل و بەرگی شەخسییەوە هاتبونە ناو خەلکەکە، دەرکەوت کە رەنگە یەکیك لە بەرپرسانی حکومەتی بیهەویت لەو رێ و رەسمەدا بەشداری بکات. ئەو بەرپرسە کەسیك نەبوو بیجگە لە "ئاریش هۆنکر" کە بۆ کرنووش بردن و مال ئاوایی کردن لە "ئیرنیست بووش" هاتبووە ئەو شوینە!

سەبارەت بە بووش قسەو باس و نووسراوە لە زمانی ئەوانەی کە هەلس و کەوتیان لەگەل بووە گەلیك زۆرە.

جێی خۆیەتی ئەو نووسراوەیە بە وتەیەکی فیلم ساز و سیناریو نووس و نووسەری ئالمانی شەرقیی پیشو سەبارەت بە ئیرنیست بووش کۆتایی پی بینین: "لە ئاوازەکانی بووشی کریکار، کۆمۆنیست و هۆنەرمەند وا دەردەکەوی کە گۆیا ئەو بەرپرسی سەرجەمی ئەم گوی زەوییەیە".

و: کەیوان- خ



# ناتوانیت

پەخشانە شیعری: حەمە عەزیز

بۆ هاوریی گیانبەخت کردوو(کاک سەدیقی کەمانگەر)

گەر پیت وایە بە لەت بوونم

بە دانانی تەونی بۆسە و،

پلان بۆ نەخشەی تیا چوونم

شەنگە بالای بەژنی سوورم لە ناو قەددا دەبریتەوە

لافاویکی...

لە ئاپورەی هەلکردنی چنگی مەرگا بیسەر و شوین

میژووی گەشی خۆشەویستی بۆ ئینسان دەسریتەوە

هەرزە مەبە

بچووۆ ناو کیلانە کەی ژیر عەباکەت

بەر لە تۆ زۆر

دەمامکی ئەهریمەنان لە پشتەوە

هەلیان کیشایە خەنجەر و،

بەو نیازەی لە پال لوورەی گیژەنی گەرووی زریانا

شەقار شەقار

جەستەی ئەسپی یاخی بوونم

کە سیرە بووی زام و خوین کەن

بارگەی کارم

بۆ جلەوی ئاوەدانی.و.

عەشقی سوورم لە گەل ئامانجی ئینسانا

بە جاری بیسەر و شوین کەن

* * *

هەرزە مەبە

بچووە ناو کیلانە کەی ژیر عەباکەت

بەر لە تۆ زۆر

سکلی رقی داخەوە بووی ئەو دۆزەخەی

دەرگاکانی ئاوالایە

ئەو دوزەخەی کە رۆژانە مەرگ تیایدا گەلای دارە

بۆ ئینسان لە هەژمار نایە

وەك تارمایی ناو تاریکی هاتنە بۆسە

لە هەلۆیستم چنگیان تیژ کرد

دانیان کرۆشت

لە کارگەریم، گۆرەپان و شۆینەواری کاری منیان

تەلخ و پیس کرد

بەو نیازەی چۆك دابدەم، مل کە چ بکەم ترسە نۆك بم

جەستەیەك بم

بێورە بم

هەر کە هاواری مەرگیان کرد وەکوو خۆیان لە سەر چۆك بم

* * *

نا، ئەمجارەش هەرزە مەبە!

ئەو خەنجەرەی لە پشتەوە تۆ بۆ منت هەلکرتوە

ئەو دۆزەخەی گوایا هەقە تۆ بۆ منت هەلکردوە

ئەوە سەرابی بیابانە

لە نیۆ ئەفسانەی وەهمەوە بەرە و کۆتایی خۆت ئەتبا

بە یتی خۆرافەی داستانە

لە توولە ریی تاوانەوە بەرەو زیندان و کۆت ئەتبا

هەرزە ئیتر چۆن دەتوتانی

پی دابگری و سەرت باد ەی لە ئاست زەبری وەرچەرخان و شارستانیتی میژوودا

چۆن دەتوانی

ئارام بگری و ئاگر رادەی

لە ناو دنیای کارگەرێتی کارگەرانی گرگر تووا

بچۆوە نا کیلانەکەی ژیر عەباکەت

من ئینسانم

من سەر چاوەی ئاوەدانی و سەرهە لدانی وزە و نانم

چۆن دەتوانیت لەتم بکەیت

شەنگە بالای بەژنی سوورم لە ناو قەددا ببریتەوە

لافاۆیك بیت ، ئاسەوارم

ئامانجم، بەرهەمم، کارم

لە ناو دلی تازەگەری ئەم کەونەدا بسریتەوە

هەرزە مەبە

بچۆوە ناو کیلانەکەی ژیر عەباکەت



## سوسیالیزم

شەر و ئاشتی

رق و کینە و خۆشەویستی

رەش و سپی

بەندی و کویلەیی‌و سەر بەستی

شەو و رۆذ، طرية و ثیکەنین

دوست و دوژمن

سارد وگەرم

تەر و وشك

ژین و مردن

بی بوونی تۆ لاسەنگ دەبن

سوسیالیزم

١٩٨٨/٣/٥سلیمانی

فریدون پینجوینی

# " دنیا فره رەنگاو رەنگه "

چاوەکانت

به رەنگی شیعریٚ رابینه

پربی له گولی زەردو سوور!

لیوی تاسەت

به سەر سنگی گولیکەوه بتوینەوه

پربی له شیعری ئال و مۆر!

دنیا فره رەنگاو رەنگه

چاوشین!

مندال..!

بەژن بەرزی ژیر کراسی تەنك و کال

***

**تۆ هەرگیز خووت به کچی هارو هاج داوه؟**

(کشمیر!) به گشت بۆن و بەرامەو رنگینەوه

چۆن له نیۆ مەمکولەی بەرزیا راکشاوه؟!

دنیا چەنده رەنگا رەنگه؟!

چەند قەشنگە؟!

***

چاوەکانت به رەنگی شیعریٚ رابینه

پربی له گۆلی زەردو سوور!

لیوی تاسەت

به سەر سنگی گولیکەوه بتوینەوه،

پربی له گولی ئال و مۆر!

دنیا فره رەنگا رەنگه!

وەلی تۆ قەت کۆلی ئاوازی غەمگینت ژنەفتووه؟!

تۆ ئەزانی له سەرمانا چۆن له کەسیره کەوتووه؟!

١٩٩٠سلیمانی

فریدون پینجوینی



## "نهینی چاوە ماندووەکان"

لە دوورەوە

لە خوار سنووری ولاتی گرو کلپەو

لووتکەی بەفرینی سوورەوە

دوور لە چاوی منالانی زیتەلەی گەل

دوور لە جوانی و لە دەشت و هەرد

دوور لە گوڵالە و نیرگزی قەدپالی سەوز

لە قارچکی هەلتوقیوی بن تاشە بەرد

ئەگەرا.و

(کار)سیبەر بوو!

لە سەر جادە سوورەکانی (بەغدا)وون بوو!

ولی لە برسا ئەلەرزی!

ئەگەرا.و

لە ناخەوە

ئەگریا بۆ، گریانی تاساوی ناخی !

ئەگەرا و

هەر ئەگەرا !

(کار) هەتاو بوو !

لەبن گوشکە بەرزەکانی شاردا وون بوو !

چەندەها چاویش بە دەوریا ،

لە قوولایی چاوەکانیا

ئەیانروانیبەرەو بەرزی

١٩٨٨/١٠/١٠سلیمانی

فریدون پینجوینی

# " بای پیروز "

ئەی (با) بگڤێ!

عەبای رەشی پرسەمان بدە بە سەرتا !

لە هەر کۆشکیکی سپیدا پیت زەویی گرت ،

لە هەر مەسکۆیەکی دیلدا چاوەکانت شین هەلگەران ،

کۆشی هەموو دەعبایەکی در هەلماله !

سەری گەورەت بە بناری هەموو شاخیکدا بماله !

بگڤی.. سەرت ، بە ژیر لیفەی

قژە نەرم و چاوە مەستەکاندا بخنه !

بە گژ هەموو رووباریکی کۆلەوارا هەلبشاخی !

کەزیی گشت بەرزە درەختی

حەوشه دەنگ زلەکان برنه !

دەچیه ولاتی بروسکه و خۆین لی چۆراو !

هەر کچە کارگەریکت دی !

قژی (خۆر سووت)ی چاوی پۆشت !

جەرگی خۆته ، بۆی پەرچەمەکه !

دوا هەوالی ئەم دەڤەرەو

هەر دەڤەریکی سوتاوی لا پەخش که !

بلی: زۆرن

بتله ویسکی گرانبەها

تەزینی بینیان دەرناکا!

زۆر چاوی سەوز و قژی خاۆ

دەچنە گەرووی بردن سووتنی هەتاو !

باسیکە بۆی ،

چۆن ئەوەی لە بوخچەی زاما گیرماندا بوو

راپیچت کرد !

باسیکە بۆی

حەکایەتی ئەو دیۆەزمەی هاکا مرد !



؟/؟/١٩٩٠

فریدون پینجوینی

# مارکس لە ئاوینەی ئەدەبیات دا



ئامادە و وەرگێرانی: بێستون

"گوڵ لیرەیە، هەر لیرە سەما بکە". مارکس بلیمەت و پسپۆر و ئابووریزان هەلکەوتووی دانەری فلسەفەی زانستی مارکسیزم و شارەزای بواری سیاسەتی چینایەتی و راهینەر و رابەری بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان لەئاستی جیهانی و لەنیو بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلگای بەشەریدا زیاتر وەك ئابووریزان و گەورە سیاسەتمەداریکی زانستی وشیاری چینایەتی ناسراوە و ئەگەر لەچەند بواریکیتریش دا توانایی هەبووبێ و ئەسپی قەلەمی بە برشتی لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان وبە تایبەت لەبواری شیعردا تاودابێ، ئەوە کەمتر باسی لیکراوە و تەنانەت زۆر کەسیش لە توانا کەم وینەکانی ئەدەبی مارکس ئاگادار نەبوون و لەم بارەوە زانیارییان نەبوە. بەلام مارکس وەك سەرجەم بوارە سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتییەکان، لە مەیدانی ئەدەبیاتیش دا خۆی دەرخستوە و هەولی داوە لەم لایەنەشەوە کاریگەری خۆی لەسەر رەوتی رووداوەکانی سەردەمی خۆی هەبی.

بە بروای مارکس ئەدەبیاتیش هەروەك سەرجەم کار و تیکوشانەکانیتری بیر و زەینی ئینسانەکان، سەرچاوەی لە مەسەلە مادی و چینایەتییەکاندایە. هەربۆیە هەولی داوە لە بەرنامەی راگەیدراوی خۆیدا کە سەرچاوەیەکی بە نرخی ئەدەبیاتی سیاسی چینی چەوساوەی کۆمەلگایە، مەسەلەکان شی بکاتەوە و تارمایییەکان روون بکاتەوە و راستییەکان بۆ نەسلەکانی دوای خۆی دەربخات و شی بکاتەوە. مارکس لە "مانیفست"دا دەنووسی: ئەشراف فەرانسە و ئینگلیس بەپیی بارودۆخی گونجاوی میژوویی خۆیان، ئەرکیان ئەوە بوو کە لەدژی کۆمەلگای سەردەمی بورژوازی "هجو"نامە بنووسن. لە شۆرشی ژوئیەی سالی ١٨٣٠ لە فەرانسە ولە بزووتنەوەی لایەنگرانی ریفورمی پارلمانی لە ئینگلستان، ئەشراف جاریکیتر هاتنی دەورانیکی تازە پێگەیشتووی بیز لیکراودا شکستیان خوارد. لەوە بەدواوە ئیتر قسە لە موبارزەیەکی جیددی سیاسی لە ئارادا نەبوو. تەنیا دریژەدان بە خەبات لە ریگای ئەدەبیاتیان بۆ مابۆوە، بەلام لە مەیدانی ئەدەبیاتیش دا ئیتر قسە و قسەلۆکی دەورانی ژیانەوەی سەلتەنەت ئیمکانی نەبوو. ئەشراف بۆ راکیشانی روحم و بەزەیی، دەبوو بە روالەت بە جۆریك بنوینن کە ئیتر تەنیا لەبیری بەرژەوەندی خۆیان دا نین و دادخواستی ئەوان لەدژی بورژوازی تەنیا بەهۆی پاراستنی بەرژەوەندی چینی کریکاری چەوساوەیە. ئەوان خۆیان بەوە دلخۆش دەکرد کە لەدژی سەروەری تازەی خۆیان هەزەلیاتیان خویندوە و بە بانگ و هاوار هەولیان داوە هیندیك لە پیش بینییە کەم تازۆر شوومەکانی خۆیان بەگویی ئەواندا بچرپینن.

بەمجۆرە سوسیالیزمی فیئودالی کە نیوەی لە پیاهەلگوتن و نیوەی لە هەزەلیات و بەشیکیشی داستانی رابردوو پیکهاتبوو وە نیوەیەکیشی هەرەشە لە داهاتوو بوو، کە جار و بار دادنامەی تال و پر لە رق و قینی راستەوخۆ دلی بورژوازی بریندار دەکرد بەلام هەمیشە بەهۆی تێنەگەیشتن و بێئیستعدادی تەواوەوە بە دۆزینەوەی رەوتی میژووی سەردەم، شوینەواریکی بی ئاکام و گالتەجارییانەی هەبوو.

بەهەر حال ئەدەبیات لە روانگەی مارکسەوە مانایەکی کۆمەلایەتی هەبوو، لە تەواوی بوارەکانیشدا تیکۆشاوە ئەم مانا و مەفهوومە بۆ نەسلەکانی سەردەمی خۆی و نەسلەکانی داهاتووشی بکاتەوە. هەر بۆیە جیهانی پر لە بەرهەمی ئەدەبیات پانتاییەکی بەرینی هەیە و بابەتیکی کورت هەلگری ئەو بارە قورسە نیە کە زانایان و پسپۆران لە بواری ئەدەبیاتدا رۆلی خۆیان گیراوە. هەربۆیە تەنیا وەك نموونە و بۆ زیندوو راگرتنی یاد بەرزی مەزنە شۆرشگیری پیشرەوی چینی پرولتاریا تەرجەمەی دوو پارچە شیعری مارکس دەخەینە بەر دیدەی خوینەرانی پیشەنگ.

یەکەم شیعر بەناوی "بۆیەنی" کە مارکس ئەم شیعرەی لە سەردەمی لاویتیدا و لە هەل و مەرجیکی تایبەتیدا بۆ هاوسەرەکەی نووسیوە کە دایك و باوکی لەگەل ئیزدواجی ناوبراو دژایەتیان دەکرد. شوینەواریك کە لەو شیعرەدا بەرچاو دەکەویٚ، رەنگدانەوەی ئەم هەل و مەرجەیە. دووهەم شیعر بەناوی "پاپۆرەوان".

***

**"بۆیەنی"**

ئاوازەکانم کە عشق و ئەوینی سەر ریگەتە
بلیٚسەی گرکانی هەست و سۆزی سەرەرۆمن
لە دەنگدانەوەی ئاوازدا، کەف و کولی دەروونم دەریژن،
لیٚمی وەربگرە
ئەو کاتە کە ئاوازی گورانیەکانم
سینەت لیوریژ لە تامەزرۆیی و حەز و تاسە دەکەن،
تریپەکانی دلت دەخەنە لیدان.
سازی ئاوازی تریپەکان لە ریگای دوورەوە
کە بە هەنگاوی سەرکەشەوە، بە ئەسپایی هەلت گرتوون
بەرەو من دەگەڕینەوە
ئەوکات، بە جەربەزەتر شەر دەکەم و
لیبراوانەتر دیمە مەیدان
نەوای سروودم زولال ورەهاترەو
ئاوازەم بەرزتر دەبیتەوە
بەم هەموو ناوبانگەی لە جیهان دا هەن و
زەوی و زەمانیان داپۆشیوە و
لە رینەوەی لەناو جەستەدا دەشنیتەوە،
هەموو بە هەلاداوان و بە دلخۆش بە پیشوازیەوە دەچن

سەرنجی نادەمی

تیشکیك کە لە چاوانتا ئەدرەوشی

کەف و کولی گەرمایی‌یەك کە دلت ئەگریتە خۆ و

ئەوەیکە دوو مرۆڤی سەوداسەر دینیتە گریان

نەوایە کە، سۆزیکە لە چاوانی من ئەتکیتەوە.

ئەگەر بە حەز و تاسە مەزنەکان بگەم و

باشتر ئاکامەکەی بەدەست بینم

کە بە گریە و سۆز و ئەوینەوە کەویت بکەم

هەموو خەیال و ئارەزووەکانم، سەوداسەرانە

ئاویتەی ئاهەنگی زیل و بەمیك ئەکەم و

لە تراویلکە مەرگا هەست بە سەربەرزی ئەکەم

* * *

ئەم دیرانە ئەبی بەرەو تۆ بفرن و

بە سەما و هەلپەرکێوە لە تۆ نزیك ببنەوە

ئەندیشەکانم ژانی جیایی و گومانیان تیزاوە و

خەیالەکانم بێپەروا، لە رەوتیکی ترسناك دا دەهوندرینەوە

وزە و توانای دەست راگەیشتن بە بەرزترین دیاردەم

لەدەست داوە

بەلام بە خیرایی، بە ئازارترین ژانەکان تیپەر دەبن و

کاتیك کە لە حەز و تاسەی سەرپەنایەکی پیرۆزا

لە ریگایەکی دوور بگەریمەوە

دەزگیرانی خۆشەویستم!

پر بە ئامیزم دەتگرمە باوەش و

بە شانازی‌یەوە، بە سینگمەوە ئەتکوشم و

تەزوویەك لە تاوویاو سەرتاپای لەشم دادەگری

لیم ببورە!

بە راشکاوی دەیدرکینم

کەف و کولی هەلچووی دەرونم ناشارمەوە و

ژیی تاری دەنگم هەڵدەبرم و

خۆ لە بلیسەی ژان و ئازار دەدەم

ئایا دەکری ئینسان لەخۆی جیا بکریتەوە؟

ئایا دەتوانم بە گاڵتەوە بیژم

گۆرانی و سروود ئەچرم؟

ئایا دەکری پر بە بیناییم سەیرت کەم خۆشم نەویی؟

هەرچەند رۆحم سەرکەشە

بەلام لەئاست گەورەییتا نووقم بووم

مەخابن بیجگە لە ئەسرین چیم خەلاتە

وە لە تۆ ئەخوازم کە تەنیا

گوێ بۆ ئاوازم رادیری

دیاری پیشکەش کەیت و بیرازینیتەوە.

***

"گۆرانی پاپۆرەوانیك"

ئەی شەپولەکان، هەرچی کایە بکەن

هەرچەند خۆ لە لیواری پاپۆرم بدەن و

هەرچەند ئاویرژینی پاپۆرم کەن

دیسانیش هەر ئیوەن کە دەبی

پاپۆرەکەم بەرەو وشکانی ببەن

ئیوەن کەوتوونەبەر رقی ئیرادەم

ئەی شەپولی سەرکەشی شین

لەوێ، لەژیر ئاوەکان، برا چوکەی من رۆچوە و

ئیوە بوون کە لەناخی خۆاتاندا، شاردتانەوە

ئیستاش ئیسقانەکانی ئەشکینن

هیشتا منالکارەیەك بووم کە

جەسوورانە پاپۆرەکەی لە "ئیسکەلە" رەها کرد و

لە شۆرەکاتی بیابانەوە، لەناخی دەریا رۆچوو

هەر ئەو کاتە لەناخی دلەوە لە بەردەم شەپۆلی شینەوە

سویندم خوارد، کە تۆڵەی ئازارەکانم لە تۆ بکەمەوە و

بێ بەزەییانە هیرشت بۆ بەرم

بەلینی خۆم بەجێ هینا و

سویند و پەیمانم وەدی هینا

کەمتر خۆم لە وشکانیدا

هەتا بتوانم ئیوەی دلرەق تەنبی بکەم

هەتا کاتیك کە ناخی زەریا دەخرۆشی و

هەتا ساتیك کە ساعەتی بورجی کلیسا زەنگ لی دەدا و

بایەکی هیور، شنەیەکی کەم هەلدەدا

بەگژ تووڕەیی گەردەلوولدا ئەچیتەوە

لە نوینەگەکەم رادەپەرم و

مەنزلگەی ئارامم جێ دەهیلم

شاری بە سۆز و هیور تیپەر دەکەم

هەتا لەناو دلی گەردەلوول، لەناو هەورەتریشقە و باران

سواری پاپۆری خۆم ببم

من لەگەل با و بۆران و شەپۆل شەردەکەم و

لە دەرگانەی پەروەردگاریك ناپاریمەوە

بای مراد، دەکەمە "بادبانەکانم" و

ئەستیرەکانی ئاسمان دەکەمە رینوینم

لیوریژ لە ئاگر و پراوپر لە زاتیکی جەسوورانە و

لە گیژاوی مەرگ و لەناو چوونا

وزە و توانا کۆ دەبنەوە

نەوایەك لەناخی سینەمدا سەر هەلدەبری

# شەهیدان

خورە کاستلان (شاعیری کورۆواسی)

هاوڕێیانی گیانبەخت کردوو

ئەوانەی کە لە ئیمەدا دەژین، ئەوانەی کە دڵمان بەوانەوە بەندە

ئەوانەی کە وەك گوڵ لە گوڵزارا دەڕوێن.

هاوڕێیانی دڵوڤانم، ئەی ئیوە کە لێواولێوی سرودن

هاوڕێیانی گیانبەخت کردووم، نەمردوون، ئەوان وزەی زیندووبونمانن

هەموو جارێ، لە کۆڕی هاورێیان دا، لە کۆڵانی کرێکاران دا، لە کارگە و لە سپێدەی بەرەبەیان دا

یەك بەیەك دەر دەکەون و رادەبوورن.

سروودی سەردەمی نوێ

ئێمە لاوانی سەردەمی نوێ

دەستی یەك دەگرین و بەرەو ئامانج رێ دەپێوین

رێگە تەواو، رێگە تەواو بووە.

لەخەبات داین ئیستا ئیمە، ئازادییە، ئالأی دڵمان

ئیمە لاوانی سەردەمی نوێ

پەروەردەی ئەم خاك و زێدە

پەروەردەی دەرد و ئێش و ئازار

رەنج دیتوی سوکایەتی و بەکەم زانین

تازە ئیتر راپەڕیوین، کۆت و زنجیر و دەم بەستن زاتیان نەماوە.

ئیمە لاوانی سەردەمی نوێ

زادەی ئێش و مێحنەت

ئارمانی گەل خوازی- مرۆڤایەتیمان لەدڵ دایە

مەزنتر لەیاسای رابردووەکانمان

لە پانتایی گێرە و کێشەی خوێناوی ئەم جیهانە

سەركەوتن هى بەش خوراوان و هەژارانە

سەركەوتن لەوپەرى شۆڕ و شەوقى دەسەلاّت دا

ئازادى ئەندێشە و رادەربرين-يش بۆ هەمووان.

ئێمە لاوانى سەردەمى نوێ

حازرين بۆ خەباتى رزگارى

لەپێناو ئازادى‌دا

گيانى شيرين دەبەخشين.

## ميگچنى (١٩١١-١٩٣٨) شاعيرى ئالْبانى

و: پيشەنگ سادقى

# بانگەواز

وەرن با ئاگرێگى نەكوژاوە هەڵكەين

لەدلّى شەوى ئەنگوستە چاودا

چونكە پەرەسێلكەكان خوويان گرتووە

بەئاسمانى شينى شەوانى رەشەمەوە

هەنگەكانيش راهاتون

دەگەل باغى گولّ و شكۆفە كردوى ئالّوبالّوو.

تسوتى وان (شاعيرى چينى)

# گوڵی سوور

(؟)

لە ئاستانەی پشکۆتنی گوڵێکی سووردا

لە رۆژانی خەزان گرتووی وەرزەکان دا

لە بێگەلایی گولان و تەنیا مانەوەی گوڵی سوردا

بیر لەچی دەکەیەوە؟

لە مرۆوە تا سبەینیەکی‌تر

مەودا هەیە.

لە هۆرمانی رۆژەوە تا پشکۆتنی گوڵێکی سوور

مەودا هەیە.

دەکرێ

لەنیوان دوو رۆژدا

تووی گوڵی سور بچێنین

دەکرێ چاوی زستان ببەستین

لەئاسمانی پشکۆتنی گوڵی سووردا.

ژیانەوە

(بۆ ٢٦ ڕێبەندان)

## هێشتا کۆیلەکان

هەر لە زیندەخەوی مانگەشەوێکی ڕێبەندان دان

هێشتا دایکان چاویان لە رێیە و

باوکان حەقایەتی ژیانەوە دەچڕن.

دەکرێ بڕوات بەژیانەوە بێت

کاتێ شنەبا لە رێدایە و

هەناسەی ژیانەوە دەبەخشێتەوە.

# وت و ویژ لەگەل بەریز شێرزاد حەسەن



## ئاوردانەوەیەك لە پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان و ون بوون لەتەمی سەرخەرەندا

سازدانی: سەعیدی ئەمانی

سەرەتا زۆرت سپاس دەکەم بۆ ئەو مەجالەی کە پێت دام تا بتوانم ئەم وت و ویژەت لەگەل دا پێك بێنم.

شیرزاد حەسەن: زۆر سپاس. منیش خوشحالم بەم دیدارە.

پرسیار: چونە تا بە ئیستاش خەمی شیرزاد حەسەن هەر لە دووپات بوونەوەدایە؟ بۆ وێنە ئەگەر باسی "حەسار و سەگەکانی باوکم" و "پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان" و داویین بەرهەمت واتە "تەمی سەرخەرەند" بکەین. دەبینین کە تیمی سەرەکیyان یان باشتر بلێین ئەو بیرەی کە دەوری سەرکی دەگێرێ، واتە باوك سالاری و ستەم لیکراوی ژن، بەردەوام بەرجەستە دەبێتەوە؟

شیرزاد حەسەن: هەلبەت بابەتێك نیە کۆتایی بێت. یانی با بلین ئەگەر قسە لەسەر سیستمی پاتریاکیت بکەین سیستمی باوك سالاری یا میردسالاری یا پیاوسالاری ئەمە شتیکە ئەگەر تۆ دەیان و سەدان دەقی لەسەر بنووسی کۆتایی نایەت ئەگەر چەوەسانەوەش بێت بۆ نموونە تۆ باسی سێ رومانت کرد، ئەگەر سەیری پێ دەشتی کارمامزە کوژراوەکان دەکەی ئەگەر سەیری تەمی سەر خەرەند دەکەی هەر دووکیان باس لە کوشتنی ئیروسیەتە، باس لە کوشتنی ژیان دووستیە. کلتورەکە کلتوریکە کە پاشخانی کار کردن و بیرکردنەوە و ئاراستە کردنی بۆ بینینی دونیا بە بروای من پاشخانیکی ئاینیە و لە ئاییندا حەلال و حەرام هەیە. ئەگەر باس لە حەسار و سەگەکانی باوکم ئەکەی دیسانەوە دەگەریمەوە سەر پێ دەشت و دەگەریمەوە تەمی سەر خەرەند. سەیر ئەکەی لەوێدا دیسانەوە هەر سێکیان قسە لەسەر چەوسانەوەیەك دەرحەق بە ژن، دەرحەق بە پەیوەندی نێر و مێ، دەرحەق بە پەیوەندی ئینسانەکان دەکەن با وا قسە بکەین بەگشتی من لە هەر سێکیان دا وە تاکو ماویشم ئەگەر من ئەو بابەتە یا تیمەی سەرەکیم وەستانیك بێ دژ بەو سیستمە کە ناوی سیستمی باوك سالاری، مێرد سالاری، پیاوسالارییە. رەنگە دەیەها دەقیتر بنوسم تیر نەبم بۆیە من ناوی نانیم دووپات بونەوە. دووپات بوونەوە ئەوەیە تۆ خۆت دووبارە بکەیتەوە، بەلام من کاریکتەری جیاوازم هەیە. راستە فەزاکە هەمووی کوردستانە، شوین و کات و زەمەندی خۆمانە، بەلام تو هەمیشە لەریگای چەند کارەکتەریکی جیاواز لەریگای چەند رووداویکی جیاواز ئەتوانی دایمەن ئەو شتە قولتر کەیتەوە و هەول بدەی سەرنجی خەلك بۆ ئەو بابەتە راکێشی کە ئەگەر ناوی چەوسانەوەی ژنە، ئەگەر ناوی

چەوسانەوەی منالە، ئەگەر ناوی قسە کردنیکە لەسەر سیستمی باوك سالاری کە ئەزانین ئیمە گیرودەین هەتا لەبواری کۆمەلایەتی و سیاسیش بەدەست ئەمجۆرە تەرح و بیرکردنەوەیە، بۆیە من بە پیچەوانەی ئەو پرسیارە ئەگەر دووپات بوونەوەیەك بێ یان دوبارە کردنەوە بێ ئەو خۆ دوبارە کردنەوەکە لە پیناو جەخت کردنەو و روشنایی خستەنە سەر زیاتری ئەو کیشەیەیە کە واتە لە وی‌دا گرفتیك هەیە و ئەگەر بێت و ئیمە بگەرێینەوە سەر ئەدەبیاتی کوردی هیشتا قوناغی دەرەبەگایەتی لە بواری نوسین تیر نەکراوە، بۆ ئەوەی هەموو کیشە و گرفت و دەردە سەرەکی‌یەکانی ئەو قوناغە بەرجەستە بکەین، من تاکە نوسەریك کە ئیستا لە یادمە حەسەنی قزلجی‌یە، لە "پیکەنینی گەدا"دا ئەگەر بە هەلەدا نەچوبم ئەو توانیویەتی هەندی شت باس بکا بەلام هیشتا دەیان حەسەن قزلجی و دیان کتیب، کۆمەلە چیروك و دەیان رومانی زیاترمان پیویستە بۆ ئەوەی ئیمە زیاتر ئەو کیشە و گرفت و دەردە سەرەیانە بە تایبەتی ئەگەر بروامان بەوە بێ، ئەدەب هەلکولینیکە لەناو کۆمەلگا و چوونە ناو بنج و بناوانی ئەو دەرد و کیشانەیە. من بروام بەوە نیە کە زۆر کەس تەسەوری وایە ئەدەب چارەسەرە. نوسینی رومان و چیرۆك پتر پەردە هەلدانەوەیە لە شتە شاراوەکانی ژیانی ئیمە، کە دەلێم ژیانی ئیمە مەبەستم ئەو ژیانە فەرهەنگی و ئەخلاقیەیە کە ئیمە تێی‌دا جوانین یان ناشیرین، لە کوی‌دا دەبێ هەموو بەرجەستە بکرێ؟

پرسیار: لە رومانی تەمی سەرخەرەندا فەرهاد لەسەر گوناهی عەشق شاربەدەر دەکرێ، ئەدی نەنکە لەسەر چی؟ بە هەموو ریگای سەفەر کە لە کاروانیش دا دەبرێ هەمان سوزی شەوانی لە خشتە بردن و گیرانەوەی عەشق لە چاوی‌دایە، بە سوزەوە فەرهادی ناوە بە سینگیەوە. ئایا نەنکە هەمان حەوای فریودەر، هەمان شەیتانە کە هەمووان فیری بەزاندن دەکات یان بلێین تێری بەزاندن دەکات؟ ئایا غەیری مەوعزەی عەشق هیچی‌تری لا نیە؟ یان وەك گشت مێینەکانی‌تر حەسرەتی عەشقیکی دوراوی لەناخ دایە؟

شیرزاد حەسەن: دەکرێ بەشی لەو تیبینی و سەرنج و لەتە پرسیارەکانی ناو ئەو پرسیارە دریژە، من لەسەر هەرکامیان قسەیەکی دریژم هەبێ بۆ تێرکردن، بەلام زۆر بە کورتی ئەگەر من لە پیدەشتی کارمامزەکان باس لە کوشتنی ئیورسیەت یان ژیان دۆستی دەکەم لە تەمەنیکی کامل دا لە قوناغیك کە دیارە قوناغی دەرەبەگایەتیە کە هەمو ئولفەت و نزیك بوونەوەیەك و خۆشەویستی و عەشقیك کە تەعبیەر لە تاك رەوی فەردانیەتی ئینسان لە ناو کۆمەلگای ئیمە وونە لەبەر ئەوەی بە بروای من کۆمەلگای کوردی تا ئەم لەحزەیەش کۆمەلگایەکە کە زۆر گارانی‌یە، زۆر مێگەلی‌یە، مێگەل بە مانای هەلگری رۆحی مێگەل لە دەرەوەی جەماعەتەوە هیچ نیە، لە دەرەوەی کۆمەلگا هیچ نیە، لە دەرەوەی حیزب هیچ نیە، لەناو دەزگا ئائینی‌یەکان و دەزگا کۆمەلایەتی‌یەکان تۆ هیچ نیت، تۆ دەنگیکی تاك رەوی، دلیری، تایبەتمەندی خۆت نیە. بۆیە بە قەناعەتی من عەشق تاکە شتیکە کە تەعبیر لە فەردانیەت دەکا کە لە لای ئیمە وونە. سەرکوت کردن و نەهیشتن و ریگانەدان بە عەشق تەعبیریك لە نەبوونی فەردییەتە لەلای من، نەبوونی تاك رەویە چونکە تو لە عەشق دا بە ئاشکرا دیارە کە تاکیکی و داوایەکت هەیە و داخوازیەکت هەیە و تەعبیر لە کارەکتەری خۆت دەکا، لە رۆحی خۆت دەکا، لە هیزی هەلبژاردن دەکا لە لای خۆت. بۆیە وەختیك لە پیدەشتەوە دەگەریمەوە ناو تەمی سەرخەرەند دەمهەوی ئەوە بلێم کە لەوی‌دا، لە پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان عەشق لە تەواوی کامل بوون و پی‌گەیشتنی خۆیدایە کە دەبێ بەقەرار بێ کەچی بەرقەرار نابێ. لەوی‌دا من دیسانەوە دەگەریمەوە سەر ئەو تێمەی نەبوونی عەشق لەناو کۆمەلگای کوردی. داستانیکمان هەیە ناوی داستانی شیرین و فەرهادە. هەمووومان خویندومانەتەوە ئەوان لە تەمەنی بالغ بوونیك دان. زۆربەی چیروکەکانی عەشق لە رۆژئاوا و رۆژهەلات ئەگەر تیبینی بکەین بە مەرگ یان لیك دابران کۆتایی پی‌دێت. تەنانەت ئەگەر رۆمن و ژولیتی شکسپیر دەخوینیەوە. ئەگەر بگەرێین

داستان و چیروکەکانی حەکایەتەکانی عەشق لە رۆژهەلات ژمارە هەرە زۆرەکەی دیسانەوە بە لیك دابران و مەرگ کۆتایی پیدێت. بۆ مەرگ و لیك دابران ئەونە هەیە لە چیروکی عەشق. لەبەر ئەوەی ئەو قوناغە میژوییە هەرگیز ریگای بەوە نەداوە کە ئەم عەشقە یان ئەم خولیایە یا ئەم حەزە یا ئەم ئارەزوە یا ئەو باوەش کردنە بە ژیاندا لەریی پەیوەندیەکی نێری و مییی کە بەبروای من جوانترین پەیوەندیە لەسەر عەرز، بۆچی دایمەن ریگری لەبەردەم دایە؟ لەبەر ئەوەی ئەساسەن لە کۆمەلگایەکی وەکو کۆمەلگای ئیمە وەکو کۆمەلگای‌تریش کە هاوشانی ئیمەیە میللەتی‌تریش و خەلکی‌تریش لە ئیمە ئەچێ. لە رۆژهەلات و رۆژئاوا بەتایبەتی لە رۆژئاوا لە قوناغی جیا چ بە رۆخسار و چ بە ناوەرۆك زۆر لە ئیستای ئیمە چوە. من توزیك هەست دەکەم لە پرسیارەکەی تۆ، تو وات زانیوە فەرهاد عاشقە، فەرهاد عاشق نیە. فەرهاد تەنیا و تەنیا ئولفەتیکی هەیە لەگەل شیرینی‌ها و پۆلی، و من بۆیە ناوم لێی ناوە شیرین و فەرهاد لە بەر ئەوەی کە هەست دەکەم لە خەیالگەی ئیمەدا چیروکیك هەیە بەناوی شیرین و فەرهاد. بەس ئەم شیرین و فەرهادەی من زۆر ساوان کە چی لیك دائەبرین، زۆر ساوان مەحکوم ئەبن بە مەرگ لەبەر ئەوەی هەموو شیوەکانی ئولفەت و هۆگر بوون و خولیا بوون و حەز و ئارەزو، دەمهەوی ئەوە بلییم کە هەر لە مندالیەوە لە کلتوری ئیمەدا ئەکوژری و نەنکە حەوایە نیە نەنکە تەنها و تەنها ژنیکە پیرە ژنیکە هەلگری روحی حەکایەتەکانە. من و تەی پیاویکی نەمسام لەبیرە کە لەسەر عەشق زۆری نوسیوە ناوەکەییم لەیاد نیە ئیستا ئەوە ئیمە نین کە عاشق ئەبین بەلکو ئەوە حەکایەتەکانن وامان لی ئەکەن خەیال بکەینەوە کە گەورە ئەبینەوە، عاشق ئەبین بۆیە من لە تەمی‌سەر خەرەند بە ئاشکرا یەك لە ئیشەکانم ئەوە بوو ئەمەوی باس لە فریوی حەکایەتەکان بکەم نەك فریوی کەسانیك کە حەکایەت خوانن. دەکرێ حەکایەت خوان فریو دەر بێ بەلاّم ئەو حەکایەت خوانە نیە، ئەو ئەو پیرەژنەی نیە ئیمە هاوشیوەی کەینەوە بە حەوای فریودەر. وەك ئەفسانە ئایینیکە ئەلێ، بەلکو نەخیر تەنها و تەنها دەمهەوێ ئەوە بلێم کە ئیمە حەکایەتیکمان هەیە فریومان ئەدات وەبیریشمان نەچی لە ژیانی سیاسی ئیمەش دا حەکایەتی شورشگیری و فریومان هەیە، زۆر جارە قەسابخانەیەکی گەورەمان دروست کردوە بەناوی ئەوەی حەکایەتی شورش هەیە. وە زۆرجار لە ژیانی سیاسی ئیمەدا حەکایەتی شورش بیجگە لە مەرگ هیچی بۆ ئیمە دروست نەکردوە بە دریژایی میژووی کورد، وە بەقەد ئەوەی حەکایەتی عەشق، فریو و دۆران و مەرگی تیایە بە قەد ئەوە لای من حەکایەتی شورش دیسانەوە فریو و مەرگ و درۆی تیایە. بەلام ئەمە ئاسان نیە من دەبێ زیاتر خۆم رون کەمەوە، ئایا ئیمە ئەتوانین بە بێ حەکایەتی عەشق و شورش بژین؟ نەخیر ناتوانین. بەلام ئەمە گرفتیکە کە حەکایەتەکانن قەناعەت بە ئیمە دەکەن کە ئیمە دەبین بە عاشق ئیمە ئەبین بە شورشگیر. بۆیە نەنکە تەنها و تەنها دەتوانم بلّیم کانگایەکە، سەر چاوەیەکە بۆ حەکایەتەکانی عەشق، و من بۆ ئەونە تەئکید لەسەر عەشق دەکەم  یا لەسەر پەیوەندی نێر و مێ، چونکە بە قەناعەتی من خولاسەی، پوختەی کاکلّە و رۆحی هەموو پەیوەندیکی ئینسانی لە هەموو ئاستەکانی کۆمەل ئەگەر بگەریتەوە لەوێدا خەست دەبێتەوە، توند دەبێتەوە، تەواو تەواو بەرجەستە ئەبێت. لەچی؟ لە حەکایەتی عەشق دا. چونکە لای من عەشق بە مەعنای ژیان دۆستیە. عەشق لای من بەمانای هاوشیوەی ئەوەی کە شورش ئەکا بۆ شورش ئەکا؟ دەیهەوێ ژیان جوانتر بکا. ئەگەر ژیان جوانتر دەکا بۆ چی ژیان جوانتر دەکا بۆ ئەوەی مرۆڤەکان تیی‌دا بەختەوەر بن. مرۆڤەکان کێن بیجگە لەو نێر و می‌یانەی کە پەیوەندی‌یان هەیە بە یەکەوە. ئەگەر تۆ شورش دەکەی تەنها و تەنها ئەتهەوێ ئاسودەیی بەرقەرار بکەی ئەگەر ئەتهەوێ بەختەوەری بێنیت تەنها بۆ ئەوەیە کە ئینسانەکان بەختەوەر بن و مرۆڤەکان تیی‌دا ئاسوودە بن. کێن ئەو مرۆڤانە؟ ئەو نێر و می‌یانە کە لەسەر ئەم عەرزەدا ئەژین. ئەوانە کێن. کوردن، بلوچن، فارسن، تورکن ئەمە مەسەلەیەکی‌ترە. بۆیە من قەناعەتم وایە دەبێ ئاگامان لەو کارە بێ.

لە تەمی سەر خەرەنددا دەمهەوی دل رەقی کۆمەلگای کورد بنوینم. دیسانەوە بەرانبەر بەوەی کە ئیمە چەندە درۆ دەکەین کە ئەلێین ئیمە ژیان دوستین ئیمە بەلێ شورش دەکەین، عەشق دەکەین، ژیان دوستین ئینکار ناکرێ. بەلام لەناو رۆحی ئەو کلتورەدا دلرەقیەکی گەورەش هەیە، بەرانبەر هەموو ئولفەتیك و هوگر بونیك و خۆشەویستی‌یەك و دیسانەوە من بەشیکی زۆری ئەوە ئەگەیەنمەوە بۆ پاشخانی ئاینی کە رەنگریژی ئەخلاقی ئیمەی کردوە. دیارە ئەگەر جۆری مارکسیانە قسە بکەین قوناغی بەرهەم هینانەکە ئەگەر ئیمە بروامان بەوەی بێ کە هیشتا کۆمەلگای کوردی لە قوناغی کشت و کالی دەرنەچوە لە قوناغی دەرەبەگی دەرنەچوە ئەبێ قەناعەت بەوە بکەین تاك تیی‌دا ونە و عەشقیش قسەیەکە لەسەر تاك و تەعبیرە لە رۆحی تاك کە ئیمە لەو قوناغەدا نەژین هەموو جورە ئولفەت و نزیك بوونەوەیەکی دەکەویتە قوناغی بە حەرام بوون. بۆیە من لە پێ دەشتەوە دەگەریمەوە قوناغیکی ساواتر کە قوناغی مندالیە کە تۆ فامت نیە دەرکیك لە عەشق ناکەی بەلام بەلانی کەم ئیمە دەبێ قەناعەت بکەین کە هەموو ئەو کەسانەی کە مرۆڤیان خویندوەتەوە، مرۆڤ دەناسن بەتایبەتی دەرون زانەکان. قەناعەتیان وایە ئینسان کە هیشتا کورپەلەیە لە سکی دایکی‌دا، دەلەمەیەکە لەسکی دایکی‌دا، هەست بە خۆشی و ناخۆشیەکانی دنیای دەرەوەش دەکا. ئینجا کوجای ئەوە کە دیتە سەر دونیا. بۆیە من دەمهەوێ رەگ و ریشەی ئەو چەوسانەوەیە رەگ و ریشەی ئەو مەرگ و لیکدا برانە، رەگ و ریشەی ئەو ئیرۆس کوشتنە بگەرینمەوە رۆژگاریکی زۆر زووتر کە ئمیە هیشتا تازە سەرمان لە هیلکە جوقاوە، هیشتا زۆر منالین، زۆر چکولەین هەموو ئەو جوانیانە لە ئیمەدا دەکوژرێ زووتر.

پرسیار: فەرهاد بەر لە مردنی بزنە شیتە نایەوی دەستە مۆبیت ناشیەوی یاخی بێت، بەلام دوای بزنە شیتە جگە لە دەستە وەستان هیچی‌تر ناکات. بۆ هیندەی بە بینینی خەرەند سەرسامە نیو هیندە بە پی دەشتەکان سەرسام نابیت یانی سام نایگریت؟

شیرزاد حەسەن: بیرمان نەچی خەرەند وەکو شوین لەو رۆمانەدا تەعبیریکە لە خەرەندیك، قولاییك یا بلیین هەلدیریك کە لەناو رۆحی هەریەك لە ئیمەدا هەیە ئەگەر فەرهاد بەو ساوایەتیە خەرەند ئەفسونیکی لیی کردوە سیحریکی لیی کردوە، وە شوینی خۆشی و ناخۆشیەکانی فەرهادە، بوەتە شوینی لەوەراندن و موتالعە کردن و یاری کردن و هەموو ئەو شتانەی کە منالیك دەی‌کات، خەرەند بۆ ئەو شوینیکە جاری وەك منالیك هۆگری بوە. بەلام خەرەند بە دیوە رەمزیەکەی، بە دیوە تەعبیریەکەی بۆ من شوینیکی ترسناك و پر ئەفسونە. شوینیکە کە هەمیشە ئەتگەرینەتەوە لای خۆی، روناکی و تاریکی ناو خەرەند تەعبیریك لە روناکی و تاریکی رۆحی فەرهادە خۆی. فەرهاد ئەو خەرەندە لەگەل خۆی ئەبا بۆ ئوروپا و ناتوانی فەراموشی بکات، کە دەگەریتەوە یەکەم هەوار و مەلبەندیش هەر خەرەندە، خەرەند پالاوانیکە وەك چۆن فەرهاد پالەوانیکە، وەك چۆن بزنە شیتە پالەوانیکە، نەنکەکە پالەوانیکە، خەرەندیش پالەوانیکە. کە دەگەریتەوە بەسەر ویرانەیەکدا دەرگەریتەوە. بەلام نابی بمبەیتەوە پیی‌دەشت چونکە هیچ پەیوەندی نیە چونکە ئەمە تەنیا شوینیکە، خەرەندیکە، هیچ پیویست بەوە ناکا لەم بارەیەوە پرسیارم لی بکەی، شوینەکە خەرەندیکە و هەواریکی کونە. فەرهاد لە ئوروپا دەگەریتوە و دەکەوی بەسەر دنیایەکی ویران، زمانیکی ویران و کومەلیك خەلکی ویران، وەکو بلێین لە قەیامەتیك را بووبن دەست بەسەر لەنوی وجود ئەکەنەوە. بنیاد نانەوە ئەکەنەوە. دیارە من بە جۆریك لە جورەکان ئەمەوێ بلیم لە ژینگەی ئیمە لە ژیانی ئیمە من نەهاتووم بلیم ئەمە هەلەبجە وایە ئەم کوی وایە. کوردستان هەمیشە بەدەست دوژمنەکانەوە ویرن بووە، چ وەك شوین چ وەك زمانی ئیمەی کورد نیمانە لە میژوو دەرکراوین، ئیمە لە دەرەوەی میژوو دەژین چون دەرکراوین وەك چۆن هندیە

سوورەکان دەرکران وەك چۆن ئەرمەنیەکان لە قوناغێك دا دەرکران، وەك چۆن خەلکیتر، ئوسترالیە کونەکان دانیشتوانی یەکەمی ئوسترالیا دەرکراون، ئیمەیش دەرکراوین بویە نە زەمانی خۆمانە نە شوینی خومانە و ئیمە ئەو کەسانەین کە بەردەوام نەك هەر لە رووی فەرهەنگی و کلتوری بەلکو لەرووی جەستەی فیزیکیشەوە ئیمە لەناو بروایین. بۆیە من دەمهەوی باس لە ویرانەیەك بکەم وە خەرەندکەش جگەلە هەلدیر و زەندۆل و ویران بوویەك هیچیتر نیە لەلای من و فەرهاد تەسلیم نابی لەبیرت نەچی، دیویکی ئەم چیرۆکە چیروکیکی زۆر واقعیە فەرهاد منالیکی شوانە شوانیکی چکولەیە و قوتابیشە کە دوای ئەو هەموو کارەساتانەی کە لە خانەوادەکەی تیی ناگان بە تایبەتی گۆران یانی باوکی تیی ناگەن، بە تایبەتی من دیسانەوە هیرشیکی زۆرم کردوەتە سەر دەزگای پەروەردە کە چەندە گەندەل و پرلە رۆحی دل رەقی و چەوسانەوەیە لیرە. دیارە من دیسانەوە وەك هەموو ئیشەکانی ترم هەمیشە هیرش ئەبەمە سەر ئەو دل رەقیەی لە نیو خیزانی کوردی دایە لەناو دەزگا پەروەردەییەکان دا هەیە، لەناو دەزگا ئائینیەکان دایە، ەلناو دەزگا کۆمەلایەتیەکان دایە هەتا لەناو دەزگا سیاسییەکان دایە بۆیە من فەرهاد بە بەزیوی نابینم فەرهاد قەدەریکە توشی دێ لەوە باشتری پی نیە وە فەرهاد نوینەری هیچ کەسیك نیە جگە ئەتوانم بلیم ئەگەر هەلگری کۆمەلیك رەمز بی وەکو زووتر باسم کرد فەرهاد ئەگەر هاوشانی کەمەوە بە فەرهادی عاشقی ناو داستانی شیرین و فەرهاد، ئەم فەرهادیکی چکولەی منە و لە میژە وتراوە کە هەر نووسەریك ئەبی ئەفسانەیەکی چکولەی خۆی هەبیت، رەنگە ئەو ئەفسانەیەکی چکولە و شەرمنی من بێ ئەو شیرین و فەرهادە. بە تەئکید من لەهیچ شوینیك ئەم جۆرە گەمەیەم نەدیوە لەسەر داستان رەنگە کەسیکیتر هەبووبی نووسەری تر هەبووبی بە حەق من نەمدیوە نەمخویندوەتەوە. بەلام دەمیك بوو با بلێین بابەتیکی وام لە خەیال دا بوو بۆیە با فەرهاد نەکەین بە نوینەری چینیك یا تویژیك، بەلکو فەرهاد فەرهادە وەك هەزارها منالی کورد کە زوو لە رۆحی دا هەرچی جوانی و ئولفەت و خۆشەویستی هەیە دەکوژری و کەسیك نیە تێبگا و من حەزیش دەکەم بەوە بزانی کە منالی کورد هەمیشە بە دریژایی ئەو میژووەوە و تا ئیستاش بوونەوەریکی زۆر فەراموش کراوە، بوونەوەریك کە بە کەم عەقل ئەزانری دوور لە تیگەیشتن لە جوانی و ناشیرینی بەلام پیچەوانەکەی راستە. منال بوونەوەریکی وەکو ئیمەیە کە لەهەموو شتیك تێدەگا، من باس لەو دلرەقیە دەکەم کە لە کلتوری ئیمە بەرامبەر بە منال بەرامبەر بە هۆگربوون و خەون و ئارەزو و جوانییەکان هەیە، ئەو چاك فام دەکاتەوە بەلام دەورو و بەر زۆر لەوە نافامیدەترن، زۆر ناکاملترن کە لە رۆحی فەرهاد تێبگەن، دیارە هەمان دەردیش توشی شیرین دەبی ئەگەر فەرهاد حەکایەت خوانە لەم رۆمانە، شیرین هەر ئەسەری نیە، وەك چۆن لە پێدەشتی کارمامزەکان هەمین وەنە، هەروا لیرەش شیرین. زۆر کەس دەلی تۆ ئەو کچ و ژنانە چ لی دەکەی ئاوا ونیان دەکەی ئەوە لەبەر ئەوەی کە ئەوان لە دەرەوەی میژوو دەژین، لە دەرەوەی روداوەکان دەژین، راستە رەنگە ئەوان جوولینەری هیندیك روداو و حالەت بن بەلام دواجار ئەگەر سەیری کلتوری ئیمە بکەی لە دنیای سیاسی و کۆمەلایەتی هەتا فەرهەنگی ئیمە ژن بوونەوەریکی زۆر فەراموش کراوە.

پرسیار: قورسایی پرسیارەکانمان هەر خستە سەر تەمی سەرخەرەند وەك بەرهەمیکی نوێ. رۆمانی تەمی سەرخەرەند گۆری تەواوی ئەو چیرۆکانەیە کە باسی عەشق و خۆشەویستی دەکەن لە یەکچوونی بکوژەکان بە باسەواد و بێسەوادەکان چیمان پێدەلێن کۆمەلگای ئیمە سەرتاپای توند و تیژیە بە شیوەیەك توشی نوخۆشی بوە ئایا سەرەنجام چارەسەریەك بۆ ئەم نەخۆشیە دەدۆزریتەوە؟

شیرزاد حەسەن: نەخێر بە هیچ شێوەیەك، لە ئەدەب دا چارەسەر نیە شتێك كە من حەز ئەكەم ئەوەت پێ بلێم كە تەنها چەند جارێكی دیكە دووبارەم كردۆتەوە، چەند نووسەرێك لەوانە سەلمان رۆشدی ئەلێت: رۆمان ئەو تەفاسیر و وردەكاری و حالەتانە ئەنووسێتەوە كە مێژوو بۆ خۆشی فەراموشیان دەكا. شتێك هەیە ناوی مێژووە، مێژوو ئەنووسرێتەوە، مێژوو پرە لە راستی و درۆ بەس لەبەر ئەوەی ئەدەبی پەخشان و ئەدەبی چیرۆك و رۆمان یەكێك لە پێگەكانی ئەستونە بەهێزەكانی، یەكێك لە زەمینە هەرە پتەوەكانی خەیالە، تۆ هەمیشە قەرز دەكەی لەواقع دا بابەتەكان، رووداوەكان، كار ئەكتەرەكان، شوێن و كات هەمیشە تو لە دەرەوە قەرزی ئەكەی بۆ كاری ئەدەبی خۆی. بەلام دواجار ئەگەر كەسێك بیهەوی بزانی دۆخی عەشق لای ئیمە هۆگر بوون و خۆشەویستیی‌یە ئارزو و ژیان پەیوەندی نێر ومێ پەیوەندی مامۆستا و قوتابی، ئەتوانی زۆر بە ئاسانی لەتەمی سەرخەرەنددا هەموو ئەو رایەلانە بدۆزێتەوە، پەیوەندی باوك و فەرزەند، پەیوەندی دایك و فەرزەند ئەگەر تۆ سەیری كەی كارئەكتەری نەنكە زۆر بەهێزە پیاوەكان شەرمی لێ دەكەن ئیمە لەبیرمان نەچی لە كۆمەلگای كشت و كالی، لە كۆمەلگای كوردی زۆرجار ژن كە ئەگاتە تەمەنێك دەبی بە سەردار یان قسەی دەروات زۆرجار وەكو كەسێكی دمراستی ئەو تایفەیە یان ئەو خانەوادە و عەشیرەتە قسە دەكا. ئەگەر تۆ سەیری كەی نەنكە كارەكتەرێك نیە بەتەنیا حەكایەت بۆ كورەزاكەی و كچەزاكەی بگێریتەوە، بەلكو هەست بە بوونی دەكەی و لە هەمان حالدا هێزی هەیە ئەو هێزەی لە تەمەنیەوە هیناویەتی لە هەلگری رۆحی حەكایەتەكانە، ئەمانە دواجار ئەویش ژنێكە كە لەناو ئەو كلتورە پیاوانەی كە تۆ وتت بۆ شار بە دەر دەكری ئەو تەنیا كەسێكە كە لەگەل فەرهادە كە نەخۆش و خەستەیە ئەیبەن بۆ كویستان حەكیمێك بدۆزنەوە بەلام كەس نادۆزنەوە جگە لە نەنكە و، من دەمهەوی بلێم كە نەنكە هەلگری حەكایەتەكانە و مێشكی ئەم فەرهادەی چێنخاخ كردوە بە حەكایەتی عەشق و جوانی، بۆیە هەر ئەبیت ئەو لەگەلی بروات لە كۆتاییش دا هەردوو لەناو تەمدا ون دەبن، كە نەنكە بەسەر فەرهاددا بەسەر ئیسترەكە ئەبووریتەوە قورسایی حەكایەتەكانە. وە بكوژەكان بۆ لەیەك دەچن لەبەر ئەوەی وەكو پێم وتی و تۆش لەناواخنی پرسیارەكەت دەستنیشانی دەكەی من ناتوانم بلێم كۆمەلی كوردی بە درێژایی ئەو مێژووە كە توشی توند و تیژی بوە، توند وتیژی بەرهەم دینیتەوە، یانی حەز ئەكەم ئەوەت پێ بلێم، وابزانم ئەگەر بە هەلەدا نەچوبم یەكێك ئەگەر ئێریك فروم و ویلهیم رایش هەردوكیان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەكەن كە خیزانی پتریاكی خیزانێك كە باوك تییدا سالارە، كە نێر تیدا سپا سالارە، گەورەیە یان دم راستە، یان خودایەكە بۆخۆی، ئەم جۆرە كۆمەلگایە جگە لە زەلیلی و ترسنوكی و شەرم هیچی‌تر بەرهەم ناهینیتەوە وەختێك من لە دایك دەبم بمهەوی و نەمهەوی هەلگری كۆمەلێك سیفاتی باوكمم یانی من ئەگەر خوێندەواریش بم بە بەراورد لەگەل باوكم هەلگری شتێك لە رۆحی باوكی خۆمم، بە هەموو دلرەقی و ناشیرینیەكانیەوە، یانی ئەگەر ئەو بەرامبەر بەو خانەوادەی كە من تێی‌دا گەورە بووم ناشیرینیەكی نواندبی، هەرچەند من رۆشنبیریش بم بەلام بەشێك لەو میراتە لەناو رۆحی مندا ماوە مەگەر بە زەبری فكر. ئەوەی كە تۆ ئەپرسی چۆن چارەسەری هەیە؟ ئەبی قوناغەكەیان بۆ خۆیان تێپەر بن وە كۆمەلێك، بۆ نموونە تۆ ناتوانی بلێی كۆمەلگای رۆژئاوایی ئەمرۆ كە بۆچی خیزان تێی‌دا هەلوەشاوەیە؟ لە قوناغی كشت و كالی ئورووپادا خیزان وەكو ئیمە توكمە و دامەزراو بوون، كە شورشی پیشەسازی دی ئیدی خیزان هەلدەوەشیتەوە بەو مەعنایەكە تەقلیدی‌یە كۆنەكەی خۆی نامینی پیمان باش بی یا پیمان خراپ بی خیزانی ئورووپایی ئەمرۆكە وەك ٢٠٠ سال لەمەوبەر نیە كەسێكی فەرانسەوی، كەسێكی ئینگلیسی، كەسێكی ئیتالیایی بە بەراورد لەگەل ٢٠٠ سال لەمەوبەر نەوەی تازە لەناو هەمان سیستم و لەناو هەمان فەرهەنگی ئەخلاقی خیزان دا ناژیت. ئیمە دەزانین لەزۆر ولاتان خیزان خەریكە ئەو مانا كۆنەی خۆی بە تەواوی ئەدۆرینی وای لی هاتووە دەزگا

دەولەتیەکان ئەبن بە خیزان، یانی دایەنگا ئەبی بە مال بۆ منال پتر لە مالەکەی خۆی، چونکە بە حوکمی ئەو شورشە تیکنولوژیە کە هاتووە، شورشی پیشەسازی کە هات هیچ شتیك وەك خۆی نامینیت، ئەگەر بە من ئەلی ئایا خیزانی کوردی پیمان باش بی یا خراپ بی جوانی و ناشیرینیەکانی لە قوناغیك دا کە ئیمە تیدا قەتیس ماوین گیرمان خواردوە کە هیشتا قەناعەتی من وایە کە هیشتا نەش و نمای بورژوازیشمان نەکردوە بەلکو شتیکی زۆر روکەشانەیە لەو بوارە، ئیمە هیشتا گیرمان خواردوە لە قوناغی دەرەبەگی، کەی ئەو قوناغە تێپەر ئەبی، تەبعەن بە هاتنی سەنعەت ئەگوری، بەلام تا ئیستا پیشەسازی بە هەموو دام و دەزگا و گورانە روحی و مادیەکانی خۆی نەهاتوەتە ناو ژیانی ئیمە، بۆیە ئەو فەرهەنگەی کە ئیستا ئیمە تیی‌دا دەژین جا پیمان جوان بی یان ناشیرین، ئەوە تا قوناغیکی زۆر دریژخایەن ئەمینیتەوە و بە داخەوە شورش تا ئیستا لەسەر ئاستی فکری گەمەی خۆی کردوە. دیارە لە ئەدەبا وەکو وتمان چارەسەریك نیە، وەکو ئەوەی تۆ ئانفلانزاتە، فلۆئاوت دوخویت چاك ئەبیت، ئەگەر قسە لەسەر شورش و گۆرانە، شورش و گۆران لە سەر ئاستی فەوقی لەسەرووەترەوە، لەرێی چەند کەسیکی سەر دەستە کە قسە لەسەر فکر دەکەن، کۆمەلگا بۆخۆی لە بناوانیەوە ناگۆری، گورینی کۆمەلگا، هاتنی ژیانیکی تازە، دروست بوونی ئایدیای تازە، بیرۆکەی تازە، لە خۆیەوە بۆ شەو و رۆژیك دروست نابیت، ئەبی ئەو قوناغە میژوویانە بە تەبیعەتی خۆی تیپەرینی، ئینجا تۆ حەز بە گۆرانکاریەکان دەکەی بروا ناکەم ئیستا کومەلگای ئیمە وەك ٥٠ سال لەمەوبەری بیت بەلی من ئەزانم بزافە و جوولە سیاسیەکان گەمەی خۆی هەبوە لەناو کۆمەلگای کوردی. هاتنی جۆریك لە سەنعەت ئەگەر بە شیوەیەکی رووکەشیش بیت، جۆریك لەژیانی ئیمەی گۆری، هەر ئیستا هاتنی ئینترنیت و سەتەلایت جۆریك لەژیانی ئیمە دەگوریت ئیمە ناتوانین تازە بەر بە گورانکاریەکانی دەرەوە بگرین، هەر کەسیکیش خۆی قوفل دا، بچیتە ژیر زەمینیك تازە باوی ئەوە نەماوە بوشت نارەخسیت و هەر کەسیك قەناعەتی وابی کە فەرهەنگیکی توکمە و دامەزراوی هەیە، هەر ئیستا حالی ئێران دەبینین بەدەس ئەوەی کە دەیهەوی لەرێی فەرهەنگیکی بەدیدی خۆیان تۆکمە و دامەزراو بەر بە هەموو ئەو شتە تازانەی کە لەدنیای دەرەوەی هیرش دەکەنە ناوەوە بگری، ئەگەر هیچ نەبی نەوەی کۆنیشی پی رازی بی نەوەی تازەی پی رازی نابی من قەناعەتی تەواوم هەیە گۆرانەکان لەناو ئەدەبا نیە بەس شتیك لەنیو رۆحی ئەو کەسانە دەگۆردریت کە دەتوانین بلێین خوینەری ئەدەبن بۆ نموونە کۆلن وسل، ئەلی ئەوەی کە رۆمانی ئینگلیزی کردی، فروید و مارکس نەیانتوانی بیکەن، کۆلن وسل بیلیاریکی ئینگلیزی ئەلی لەبەر ئەوەی رۆمانی ئینگلیزی هات گومانی خستە پەیوەندی نیوان ئینسانەکان، بە تایبەتی پەیوەندی نێر و مێ لە کۆمەلیك رۆمانی وەك جوزفیڤ ئاندرۆز و پامیلا و ئەوانە سەیر دەکەی ژنە ئووروستراتیەکان، خوا پێداوەکانی ئینگلیز کە کاریان نەبوو، لەبەردەمی ئاگردانەکان دا، دائەنیشتن رۆمانی دریژیان ئەخویندەوە لەسەر خولقی ئینسان دەلی ئەو زۆرکاری کردە سەر بیرۆکە و دید و بۆچوونی خەلکی ئەو سەردەمە، بۆیە ئەدەب بەلی کاریگەری خۆی دەبی، نووسین کاریگەری خۆی دەبی، بەس ئەم کاریگەرە زۆر لەسەر خۆیە زۆر هێواشە، ئاسان نیە لەزەرفی سالی تۆ هەستی پێ بکەی، بەلکو قۆناغیکی دریژ هەیە تا ئەدەب کاریگەری خۆی دەکات. بۆ نموونە لابردنی قەنارە لە فەرانسە، کۆمەلێك نووسەر باس لەو ئازار و تلانەوەیە دەکەن کە کەسێکی لە قەنارە دراو ئەیبینێ. سەیر ئەکەی نووسەران کە لە رۆمانیك، لە دوان، لە نووسین دا باسی ئەکا دەبی بەباسی کۆمەلگا، لەوێدا ئەتوانی شتەکان چارەسەر بکەی. هێندی جار ئەدەب توانیویەتی ئەو کارە بکات و زوویش دەرئەنجامی دەبیت، بەلام بە گشتی ئەوەندەی من تیی گەیشتم ئەدەب بە گشتی و بە تایبەتی چیرۆك و رۆمان، راستە باس لە ئینسان و پەیوەندیەکان و نهینیەکانی ئادەمیزادە و وکو زووتر وتمان بە قەولی سەلمان رۆشدی نووسینەوەی ئەو نهینیانەیە یا ئەو

تەفسیرانەیە کە مێژوو ناتوانی و دەرقەتیان نایە یان فەراموشیان دەکا، بەلام لەگەل ئەوەش دا قەناعەتی تەوا تەوات هەبی کە ئەدەب هیچ چارەسەریکی یەك سەری و یەکجارەکی و پەلەی نیە بۆ گۆرانی کۆمەل هەر کەسیك وا تەسەور کا بە هەلەدا چووە.

**پرسیار**: لەگەل ئەوەی کە ئیمە دەبینین بە دریژایی مێژوو دیارە بزووتنەوەمان بوە شورشمان بوە لەگەل ئەوەش دا رەنگە بزووتنەوەی فکریشی نیو بنین یا باسی ئەم پیشکەوتنانەمان کرد لەباری پەیوەندی جیهانی و ئینترنیت و ئەو شتانە بەلام لەگەل ئەوەش دا لەتەمی سەرخەرەند دا دەبینین تەقریبەن داخراویەکی فکری و عەقلیمان هەیە هەتا بە نیسبەتی نواندنی ئەم شیوە توند و تیژیانەی کە باسمان کردن ئەمە دەگەریتەوە سەرچی؟

**شیرزاد حەسەن**: بێ گومان لە بەر ئەوەی کە کۆمەلگای ئیمە بیرت نەچی لە لادێ بۆ شار جیاوازە ئیستا ئیمە ئەگەر دەچینە کویرە گوندەکانی خۆمان کە کەوتونەتە پشت شاخەکان ئیستاش لە قوناغی دەتوانم بلیم زۆر سەرەتاییدا دەژین، تۆ دەچیە ناو هیندیك شوین لە کوردستان هیشتا لە قوناغی شوانکاری دەرنەچوە یانی قۆناغی ٢٠٠٠ سال لەمەوبەر، چۆن مرۆڤ کشت و کالی کردوە گەنمی چاندوە جۆی چاندوە بەهەمان شیوە چاوەروانی باران و قەدەری خوایە، ئیستاش ئیمە لە زۆر شوینی کوردستان بەمجۆرە دەژین وەك چۆن لە دارستانی ئافریقا خەلکیك هەیە تا ئیستا ژیانیکی زۆر سەرەتایی و لەرووی فەرهەنگییەوە زۆر سادە دەژین، بەلام سیستمیك لەناو ناختەوە حوکمی خۆی دەکات لەناو ئەو جۆرە کۆمەلگایانە، هەتا هیندیە سوورەکان و بگرە لە قوناغیکی زووتردا ئوسترلیە کۆنەکان کە تا ئیستا هیندیکیان ئامادە نین تیکەلی کۆمەلگا بن لەناو خودی ئوسترالیا کە ئوسترالیا ولاتیکی زۆر پیشکەوتوە هەن ئامادە نین بینە ناو کۆمەلگای ئوسترالیا کە ئەوانەش ئەگەر لە بیرمان بیت موهاجیرانی ئورووپایی بوون، باشە ئیمەی کورد تەماسمان هەیە لەگەل شارستانیەتی تورك، عەرەب، عەجەم، ئەگەر بروا بەوە بینین، شتیکمان لەوان قەرز کردوە و شتیکیان لە ئیمە قەرز کردوە فەرهەنگەکان تیکەل بوون تەنانەت جاری واهەیە جیا ناکریتەوە و ١٠٠٠ و ئەوەندە سالە کلتوری عەرەب و ئیسلام هاتووە.

کلتوری عەرەبی ئیسلام بە بروای من کۆمەلگای کوردی لەبواری فەرهەنگیەوە گۆریوە، بەلام لەزۆر مەقتەعی مێژوویی‌دا لەزۆر حالەت دا بەرەو داخستنی بردووە نەك بەرەو کردنەوە ئەوە بوچوونی منە هەر چەندە هەیە بوچوونی جیاوازی هەیە و وادەزانی قەلەم و کاغەز لە رووی ئەوانەوە بۆ ئیمە هاتوە ئەگەر ئەوە بی من ئەوەندەی ئاگام لە مێژووی کوردی بی مێژووی کورد و فارس لەو ناوچەیە مێژووی خۆی هەبوە بەس لە دوای هیرش و جەنگەکان، فتوحات و غەزەوات، لەناو چووە. ئەمن ناگەریمەوە دەولەتی ماددی داخۆ ئیمە دەولەتمان بوە ئەوەند هەزار سالە لەمەوبەر، بەلام بەلانی کەم تۆ بە قوناغی ئیستا قسەی لی دەکەی، ئیمە هیشتا دەکرێ بلێین لە بەینی شاریك بۆ شاریك لە بەینی گوندەکان لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری جوغرافیای کوردستان بکەین، جۆریك شاخاویە، دەتوانین بلێین گوندیکی لە گوندیك جیا کردوتەوە، پارچەیەکی لە پارچەیەکی‌تر جیاکردوەتەوە. ئیستا ئیمە راستە زۆر جار داوای دەولەتی کوردی دەکەین ئەمە حەقیکی رەوای خۆمانە. بەلام تۆ ناتوانی بلێی لە هەستی نەتەوایەتی رەنگە کەسیکی سلیمانی و دیاربەکر هەست بە چەوسانەوەی نەتەوایەتی بکات تاکو دەگاتە سنە سابلاغ و تا دەچیتەوە قامیشلی بەلام لە هەمان کاتیش دا بەجۆریك لیك جیابووین بە جۆریك سنورەکان ئیمەی لە یەکتر دور خستونەتەوە کە زۆرجار وایە زەمانی لیك حالی بوونیشمان ئاسان نابێ. ئیمە جاری وایە حیزبیك کە لەناو خۆی تیدەکوشی بوسەر خستنی پەیامیك یا ئایدئولوژیك یا رێ و رەسمیك بۆ کۆمەلگا خەونیکی شورشگیرانەیە کە چی

حیزبه که بۆ خۆی هەزار و ئەوەندە کەسیه لەت دەبی لەناو خۆیدا. که واته ئیمه پیمان سەیر نەبێ که بۆ چی ئەو داخستنه هەیه. بەلکو ئیمه لە رووی میژوویی مەحکومین بەو داخستنه لە بەر ئەوە پیشتر وتم ئیمه لە دەرەوەی میژوو ئەژین، ئیمه جوغرافیای خۆمان نیه، ئیمه ولاتیکی لەت و پەتمان هەیه، بۆیه ئەو قفلدان و ئەو داخستنه لە رووی فەرهەنگیەوە، لەرووی ئەخلاقیەوە لە رووی بیروبۆچوونمان بۆ دنیا شتیك نیه ئیمه خۆمان حەزمان پیی بێ بەلکو شتیکه لە سەرەوە فەرز کراوە، بەلام دیسانەوه ئەوە هەولی هەموو ئەو کەسانەیه که دەیانهەوی ئەو درگا داخراوانه بکەنەوە و ئەو داخستنانه ئەو هەمووە روحه داخراوانه بەرەو جیهانیکی بەربلاوتر و ئاسویکیتر و فراوانتر بکریتەوە، دیارە من قەناعەتم وایه کاری ئەو کەسانەیه که خۆ بە خویندەوار دەزانن ئەو کەسانەیه که سیاسەت دەکەن ئەو کەسانە که قەلەم و کاغەز بەدەستن، بەلام ئەمەش دیسانەوه با بلیین جۆریك لە تیکوشان و ماندوو بوونیکی دریژخایەنی دەوێت. ئاسان نیه، بە تایبەتی ئەگەر بزانی بەردەوام ئەو کەسانەی که سەرداری ئیمه بوون ئاغای ئیمه بوون چەوسینەری ئیمه بوون بە هیچ شیوەیەك ریگا نادەن بە ئاسانی تۆ بێیتەوە ناو میژوو و بەتایبەتی من ئەبی ئەوەش لیرە بلیم تا ئیستا ئەگەر شتیك هەبی ناوی ئیرادەی سیاسی بی و ویستی سیاسی بی لەناو کورددا هەتا ئێستا ئەو ئیرادەیه ونه. بەداخەوە رەنگه خەلکی عەوام زورتر خەونی هەبی تا سیاسیەکانی ئیمه بەداخەوە بیئیرادەیەکی زۆر گەورە هەیه لەناو ئیمەدا، وە دیسانەوە من دەتوانم بلیم ئەو بیئیرادەیەش زادەی ئەو کەلتورەیه که تۆی تیدا پەروەردە بوە. سەرکردەیەکی سیاسی که گویا دیپلوماسیەت دەکا یان تاکتیك بازی دەکات ناویرێ ئەو پەیامەی لە دلیدایه لەسەر زاری بیلێت گویا دوژمنەکانمان سەرسەختن، لەشوینیکیتر بە ٥٠٠ کەس ئەو بریارە ئەدەن و ئەیکەن. ئەوەش بەو مەعنایه نیه من بانگەشە بۆ ئەوە بکەم ئەبی ئیمه بەردەوام خەریکی موغامەرەی سیاسی بین، خەریکی سەرکیشی بین، با بلیین گەمه بە ژیانی خۆمان بکەین، من هەرگیز لەگەل ئەوەدا نیم بە پیچەوانەوە، مانەوەی هەر ئینسانیك بۆ خۆی شتیکی چاکە که بمینێتەوە وەك چی، وەك هەلگری کۆمەلیك پەیام و خەون و شورش، بەلام لەگەل ئەوەشدا من زۆر زۆر بیئیرادەیی سەرکردە سیاسیەکانی کورد لەوە دەبینم که ئەوانەش کوری ئەو کەلتورەن که تییدا زەلیلی و ترس بەردەوام بەرهەم هاتوە زۆر بەداخەوەدیتەوە ناو دەزگای خیزان داری لە ناو دەزگای خیزانی کوردی بەردەوام زەلیلی و ترسنۆکی و مل کەچی بەرهەم دەهیزی وەکوو پیم وتی ئەو سیستمه دل رەقەی که تییدا پیاو خۆدایه که بۆ خۆی لە ناو مال، که دییته ناو حیزب ئەتەوی ئەو هەمووە حەق و جوانیی و مافانەی که لە ناو خیزان لیت زەوت کراوە بەلکو ئەوە خودای حیزب پیت بدا که چی حیزب دیسانەوە بە جوریك بە دووبارە بوونی هەمان دەزگای خیزان که ئینسانەکان تییدا جوریك فیری یەخسیری و زەلیلی و مل کەچی دەکا، بە داخەوە چ دەزگای خیزان چ دەزگای پەروەردە چ دەزگای سیاسی چ دەزگای ئاینیی ئیشەکەیان هەر هەمووی پروسەیەکی زۆر دریژ خایەنی خەساندنی ئینسانه بە نیر ۆ می یانەوە خەساندن بە مەعنای رۆحی مەعنەویه کەی دەلیم بە داخەوەو قەناعەتی من تەواو تەواو وایه تا ئیستاش.

پرسیار: ماموستا با بێینه سەر تەوەریکی دیکەی وتوو ویژەکەمان، وەکوو کەسیك لە دەرەوی بەرهەمەکانی خۆتەوە تا بە ئیستا رەخنەی ئەدەبی کوردی، چون مامڵەی لە گەل بەرهەمە کوردیەکانەوە و بە تایبەت بەرهەمەکانی شیرزاد حەسەن دا کردوە، زۆر جار ئەم کیشەیه دروست بووە که ئەدەبی کوردی رەخنەگری بە خۆیەوە نەبینیوە، یان تا بە ئیستا رەخنەی ئەدەبی کوردی دروست نەبووە؟

شیرزاد حەسەن: بە دریژایی بوونی میژویی ئەدەبی کوردی رەخنە لە پاش دا بووە بە بەراورد لە گەل بەرهەمەکان یانی بەرهەمیك هەبووە، دوای ئەو رەخنە دیت، هەلبەت ئەگەر دەقیك نەبی رەخنە نایەت، بەلام من میژویی رەخنەی کوردیم باش نەخوێندۆتەوە تا کو قسەیەکی حەق و دروست بکەم لە سەر ئەوە، بەلام ئەوەندەی فریا کەوتبم هەست دەکەم پی بە پی قۆناغەکان شتیك هەبو ئەگەر شەرمنانەش بۆوبی لیکولینەوەیە بس زیاتر ئەگەر بەرعەرەبی بلێین وپیی دەلین شەرح و تەفسیر یەعنی شتیك نەبووە لە ناو روحی دەقەکەوە بی قسەبکا بەلکو زیاتر شی کردنەوەیەك بووە لە ئاستی رووکەش دا نەك لە ئاستی رۆحی دق و ناواخنی دەقەکە دا، نەهاتووە هیندیك نهینی کەشف کا کە نووسەر بۆ خۆشی جاری وایە پەی پێ نابا ئەو نەهاتووە هەست و نەست و ئاگاهی و نائاگاهیی نووسەرەکە بخونیتەوە، لە وێوە دی قسە لە سەر ئەو پەیوەندییە زۆر توند و تۆلە بکا لە نیوان دەق و دەرەوە دیارە دەقیك نیە لە دەرەوەی زبان، هیچ فیکریکیش نیە لە دەرەوەی زبان، ئەم پەیوەندیە ونە لە سەرتاکانی رەخنەی کوردی بەلام لەم سەردەمەی ئیستا دا من قەناعەتم وایە هیندیك هەول ی زۆر جوان هەیە بۆ گەیشتن بەوە و نووسەر فەراموش دەکا بە مانایەك نەك نووسەر و بوونی نیە بەلکو دەقیك هەیە قسە دەکا، ئەو جۆرە رەخنەگرانە نیاز پاکانە دین ئەو دەقە خۆی ئەگرن و شی ئەکەنەوە و ئەچنە ناۆ ئاخنی و نهینییەکانی ئەو دەقە و پەیوەندی ئەو دەقە لە گەل دونیای دەرەوە ئەدوزنەوە، بەلام من قەناعەتم وایە لە قوناغیکی زۆر دریژی میژووی ئەدەبی کوردی بە داخەوە ئایدولوژیایەکی رەسمی حیزبی زۆر جار وای کردووە یەکیك بیت لە دیدی بیرۆ کەیەکی سیاسی تایبەت ئایدولوژیایەکی رەسمی تایبەت یا دەولەتی بی یا غەیری دەولەتی هاتووە ئەدبی شی کردوەتەوە، بۆ نموونە لە قوناغیك لە قوناغەکانی ئەدەبی کوردی هەر شتیك ئەدەبی کریکاری نەبوایە ئەدەبیکی سووك بووە هەر ئەدەبیك خۆی لە ئەدەبی بەرگری نە دابایە باسی لە پیشمەرگە و سەرکەوتنەکانی شورش و پیشمەرگە نەکردبا ئەدەبیکە هیچە، بۆیە قسە کردن لە سەر مەینەتیەکانی قەیرە کچیك بیوە ژنیك عاشقیکی دوراو، منالیکی وەکوو فەرهاد کە لە تەمی سەر خەرەند باسی ئەکەم ئەوانە هەموو جۆریك بووە لە دابەزین لە ئاستی ئەدەب و هونەر. هونەر هەمیشە کاری بەوە بووە باس لە کیشەی ئاغاو دەربەگ بکا، ئاغاو جوتیار بکا، کریکار و سەرمایەدار بکا، پیشمەرگەو دوژمنەکانی بکا، کەمتر لە بەر ئەوەی لە ژیانی سیاسی ئیمەدا بە جوریك کورد بەر لەعنەتی سیاسەت کەو تووە لەم ١٠٠سالەی دواییدا بە تایبەتی لەم چەرخە تازەیەدا ئیتر هەموو شتیك رەنگ ریژی سیاسەتە هەموو شتیك لە وێوە سەرچاوە دەگری و ئەگەر سەیری ئەدەبی کوردی کەین بە نووسەرەکان و بە رەخنەگەرەکانەوە هەمووی لە ناو خانەکانی حیزبەوە هاتوونەتە دەرەوە وەختیك سەیر ئەکەین لە ئەدەبی کوردی کوردستانی باشوور دا تیبینی زۆر بەی ئەوانەی کە هەل گری بیروکەی کە حیزبی شیوعی عیراق بوو هەموو ئەو کەسانە یەکەم کتیب کە خویندویانەتەوە سەر سام و دایکی ماکسیم گورکی بووە و پالەوانی نموونەی لای ئەوان، پالەوانی پاول بووە کە من بۆ خۆم هەرگیز کە دەستم پی کردووە پاولم نەکردوە بە نموونەی خۆم بەلکو بیوە ژنیکی گەرەکەی خۆمانم کردووە بە نموونەی بالای خۆمو بی بەشیەکانی ئەو بیوە ژنە بیبەشیەکانی قەیرە کچیکم کردووە بە خەمی خۆم، من لە ژیانما چیرۆکیکم نەنووسیوە لە سەر پیشمەرگەش و تا ماوم ناینوسم و کارم پیی نیە لە بەر ئەوەی من هەست دەکەم لە مەیدانی ئەدەب و مەیدانی ژیان، مەیدانی فیکر ئەوەندە بەر بلاوە تو کارت ئەوە نیە ئەو هەموو شتانە فەراموش کەی تەنیا و تەنیا وابزانی کریکار و جوتیار و پیشمەرگە پالەوانی تون ئەو هەموو خەلکەی تر ئیتر ئادەمی زاد نین خەلك نین من بۆیە بە داخەوە ئەتوانم ئەوەت پی بلیم رەخنەگرانیش کە دەهاتن زیاتر ئەگەر دەقیك کریکاری تێدا بۆایە ئیتر ئەمە دەقیکی زیندووە، ئەگەر جوتیاری تێدا بایە بەرنگاری ئاغا بووەتەوە ئەگەر پیشمەرگەیەکی نەبەزیوی تیایە بەرانبەر بە دوژمنەکانی ئەمە ئەدەبیکی زۆر بالا بووە ئەوانی

تر هەر هەمووی ئەدەبی سوور بون ئەدەبیك بوون شایستەی خۆیندنەوە نەبوون، بۆیە من قەناعەتم وایە ناكری بلێین ئەدەبی كوردی رەخنەی تیا نەبووە، رەخنەی‌تیا بووە، بەلام بە قەد حالی ئەدەبەكە، بیرشت نەچی لە بواری پەخشان، چیروك، و رۆمان مادامیكی بازنەی قسەكردنی من وتو زیاتر لە سەرە وەیە من حەز ئەكەم ئەوەت پی بلیم كە بۆ خۆی داهینانی گەورەش لەو بوارە هەر كەمە نەك لە سەر ئاستی كورد و بەلكو ئەگەر تو بگەرێیتەوە پەخشانی فەرەنسی ئالمانی و رۆسی و ئینگلیزی سەیر ئەكەی ئەوانەی رۆمان نووس و چیرۆك نووسیكی باشن یەكجار ژمارەیان كەمە بە بەراورد لە گەل ئەو هەزاران نووسەرەی كە لە هەریەكیك لەو میلیەتانە پەیدا بووە، بۆیە رەخنەگر لە ناو ئەدەبی كوردی هەیە بەلام ئیدی زۆرجاریش بە داخەوە با بلێین نیازی پیشین هەیە لە ئەدەبی كوردی من هەستم پی كردوە بەر لەوەی من بەرهەمیك بلاو كەمەوە كومەلیك كەس هەیە ئەیانهەوە پیشتر بلین ئەم بەرهەمە خراپە یانی با بلێین روحی دوستایەتی و دوژمن كاری گەمەی خۆی كردووە بە دریژایی میژووی ئەدەبی كوردی ، قەناعەتی من تەواو بەوەیە هیندیك رخنەگرمان هەیە فامیدەن بە بناماكانی رەخنە بەلام ئەوەندە مەیلە زاتیەكانی شكاندنی نووسەریك مەبەستیان بووە ئەوەندە مەبەستیان نەبووە رۆحی ئەو دەقە هەل كولْن بزانن چیی تیایە جاری واشە ئەگەر ئەو رەخنەگرە و نووسەرە دوستبن پیكەوە شەوان بخۆنەوە بەیەكەوە بژین دوستی سەر جادە و چایخانە و مەی‌خانە بن زۆر جار بەشان و بالی یەكتریان دا هەلداوە و زۆر جاریش ئەگەر كابرا مەیلی بە كەسیك نەبی حەزی نەكردبی توانیویەتی هەر لە خۆوە هەموو ئەدەبەكەی ناشیرین بكا و ئەو دیاردەیە لە ناو ئەدەبی كوردی زۆر جار تا ئیستاش تا ئەم ساتە وەختەش هەیە بە داخەوە، بەلام ئیدی لای ئیمە ئاساییە بەس من هەرگیز بیرم نایە رۆژی لە رۆژان ئاورم دابیتەوە چیم لە سەر ئەوترێ بە باش و بە خراپەوە خۆم بێ باكم لەوە نەك بەو مانایە كە سووك سەیری ئەوە بكەم بەلام خەلك لە دەرەوەی من ئازادە چی ئەلی، دەقیك هەیە دەقەكە لە دەرەوەی من هەناسەیە ئەژی خەلكیك ئەتوانی باشی پی بلی خەلكیك ئەتوانی خراپی پی بلیٚ لەوە دا ئازادە من بە دریژایی ژیانم تا ماوم بۆ خۆم هیچ وەلامیكم نیە بۆ هیچ كەس كەباش دەلین یا خراپ دەلین.

پرسیار: بەلی ماموستا لە نیو ئەو رەخنەگرانەی كەتا ئیستا لە ساحەكەدا وجودیان هەیە كەسیك توانیویەتی ناخی بەرهەمیكی شیرزاد حەسەن هەلكولی بە شیوەیەك كە بە قەناعەتی تۆ باش بۆ ناوە رۆكەكی چووبێت؟

شیرزاد حەسەن: بەلی من لە ئەو ناوانە ئیستا لە بیرمە ئەتوانم بەختیار عەلیت پی‌بلیم كاتیك لە سەر "میم" ئەنووسی لە كومەلەی گولی رەش دا، مەریوان وریا قانع كە لە سەر گولی رەش ئەنووسی، بارزان فەرەج كە لە سەر حەسار ئەنووسی ریبینی ئەحمەد هەردی كە لە سەر حەسار ئەنووسی دەكری بلیم چەن كەسیكی تریشن محەمەد ئەحمەد لە سەر گەرەكی داهۆلەكان، كاك عەبدول خالقی یەعقوبی كە لە سەر پی دەشتی كارما مزەكان دەنووسی، یەعنی من خوم هەستم كردووە لە كاتی خۆیندنەوەی لیكولینەوەكەی یا رەخنەكەی عەبدول خالقی یەعقوبی قەناعەتم ئەكرد كەمن ۱۷سال لە گەل ئەو رۆمانە لە خولیا بووم دیارە من بە ۱۰سال یان ٥سال هیچم نەنووسیوە بەس خوولیام هەبوو، لە گەل پالەوانەكەی خۆم هەستم ئەكرد ئەو خولیایانەشی خویندبیتەوە یانی بە رادەیەك لە رۆحی دەقەكە نزیك كەوتبووە بۆیە من قەناعەتم وایە ژمارەیەك رەخنەگری پاك هەن و دەق بۆ خۆیان دەخویننەوە بە دەر لەوەی كە دوست هەن یان دوست نین دوور و نزیكن لیت بۆیە من بە دلنیاییەوە چەن كەسیك یان رەنگە چەن ناوی كی‌شم لەبیر چووبی بە داخەوە ئەگەر وابی بەس چوون كە دیدەنیەكەی من وتو رادیوییە ئەو ناوانەم لە بیرە.

پرسیار: ماموستا بۆ داهاتو یان بلێین وەك بەرهەمیكی تازە چی‌تان بە دەستەوەیە بە تایبەتی لە بواری رۆمان دا؟

شیرزاد حەسەن: من هیندیك پرۆژەم هەیە بەلام قەد باسی ناكەم تا لە دایك نەبن من لە یەك دوو پروژەی دیكە دا ئیش دەكەم بەلام رەنگە لە سالیكی دیكە دا دەرفەتم هەبی بتوانم شتیك بكەم رەنگە دەسالی دیكەش هیچ هەتاو نەبینی نازانم. من لە گەل پروسەی نووسینا زۆر بە عیشقەوە كار دەكەم جا ئەگەر شتیك زۆر تەواو دامەزراونەبی یەعنی تەواو لە خەیالم پۆختە نەبوو بی هەموو لایەنەكانی نەتوانم زال بم بە سەر ئەو دونیایەی كە دایدەمەزرینم چوونكە نووسینی چیرۆكیك یان رۆمانیك ساختمانیكە بۆ خۆی بالە خانەیەكە پر بە هەموو شتەكانی خۆیەوە بۆیە من قەناعەتم وایە من رەنگە خەونم هەبی بەلام رەنگە لە داهاتوویەكی نزیك دا كە كومەلە چیرۆكیك بە چاپ بگەیینم لەو چەن مانگەی داهاتوو دا، بەلام بۆ مەسەلەی رۆمانیش من ئیش دەكەم ئیستا لە یەك دووشت بەلام بە راستی ناتوانم بلیم كەی تەواو دەبن ناویشیان بنیم ئیستا رەنگە پەشیمان بمەوە لە ناو نیشانەكەیان، زۆر جار ناو نیشانیك چەن مانگیك چەن سالیك لە سەری ئەوەستم ناونیشانیشم بەلاوە زۆر مەبەستە من دوای ۱۰ سال توانیم ناونیشانیك بۆ پیدەشتی كارمامزە كوژراوەكان بدوزمەوە چەن ناویكی تری هەبوو پیشتر بۆیە من پرۆژەم هەیە نالیم نا. خەونم هەیە بەلام هەروەكو هەردی شاعیرەدلی ژیان و ئەركی ناخۆشی بوو دەیان ئەركی دیكەم لە سەر شانە ئیمە بە پیت شاد نین من كە دەنووسم بە هەوس دەنووسم ولە ژینما بواری ئەوەم نەبوە وەك نووسەرانی دنیای پیشكەوتوو كە تەنیا لە سەر نووسینی بژیم بەلكو دواجار ماموستایی ئەفسەری، گەچكاریت، كریكاریت بەلام دەنووسیت بۆیە ئەم دەرفەتە كەمەی دەمینی‌تەوە ناتوانی تو بلیی چی تیدا دەكەی ئایا ئەتوانی چی جوانی تیا بكەی بەلام دیارە عەشق و تەقالا و هەول و خولیا وا ئەكا زۆر جار تو هەمیشە وەختیك بدوزیتەوە وەختیك بدزی و بتوانی هیچ نەبی كەمیك لەو خەونانەی خۆت بێنیتە دی.

پرسیار: ماموستا من پرسیاریكی ئاوا تایبەتم نەماوە تو ئەگەر پیت وایە قسەیەك ماوە كە نەت كردبی تكایە فەرموو.

شیرزاد حەسەن: نەخەیر من قسەیەكی ئەوتوم نەماوە بەلام قسە زۆرە لە سەر ئەدەب و هونەر بیكەین بەلام من دلم زۆر خۆشە بەو بزافەی لە كوردستانی رۆژهەلات هەیە بەتایبەتی من ئەگەر دەنگم بگا بەوەی زۆر جاركە شتیك دەنووسم لەو دیوەوە و نازانم ئەوە رای خۆمە هەلە بی یان راست، من هەست دەكەم لەو دیوەوە عاشقانی ئەدەب ژمارەیەكی یەكجار زۆر خوینەری باشی تیدایە و من زۆرجار كە ئەنووسم یان كتیبیك بلاو دەكەمەوە. زۆر دلم خۆشە كە لەو دیو خەلكیكی زۆر دەیان خوینی‌تەوە و بە وردیش ئەیخوینی‌تەوە و هەست دەكەم جوولەیەكی باش یان بزافیكی ئەدەبی باش كەوتووە تە كوردستانی رۆژهەلاتەوە چەن سالیك لەمەوبەر هەستم پی نەدەكرد بەلام ئیستا هەست دەكەم ئەو شتە خەریكە بەتایبەتی لە رووی فەرهەنگی‌یەوە باش دەكریتەوە من تەنیا و تەنیا ئەوە دەلیم كە حەقە لەو دیو لە بەر ئەوەی زمانی فارسی من ئاگام لیە هەر كتیبیكی تازە كە دەر دەچی ئەوان زوو بە پەلە فریایی كەون وەری بگیرن حەقە ئەو خۆینەرە كوردانەی كە لەو دیوە وەن یا ئەو نووسەرانەی هەمانە یا ئەو كەسانەی خولیا ی ئەدەب و هونەرن حەقە بتوانن زۆرتر كەلك لە رووی زمانی فارسی یەوە بەتایبەتی چوونكە كتیب خانەی كوردی هەژارە بتوانن زیاتر و زیاتر خۆ چەك دار كەن بە فیكر و بیروبۆچوونی تازەوە ئەو بوارەش لەو دیو زۆر زۆرە، بواریك لە بەر دەم دایە بەداخەوە هیندیك جار هەست دەكەم لەو دیو لە كوردستانی رۆژهەلات خەلكیك كە گرفتیكی سیاسی لە سەر ئاستی ئیران، تی‌ببینی ئەكەم ئەوەی كە بە گرفتیك لە رووی

فەرهەنگی و رەق بوون واتە لە زمانی فارسی ئەمە زۆر کاریکی خەتەر ناکە فەرهەنگی هەمو دونیا هی تویە و ملکی تویە و من پیم خوشە ئینسان هاونیشتمانییەکی دنیایی بێ بە تایبەتی تۆ کە فکر و ئەدەب دەکەیت، عەرەب پیی دەلی "مواطن العالمی"یا هاونیشتمانیەکی جیهانی بۆیە من بۆ خوم دژی ئەو جۆرەلە جودا کاریم چونکە فەرهەنگ یان مەسەلەن داهینەران یا هونەرمەندان و ئەدیبان هەمیشە برای یەکترن ئەگەر برای شیریش نەبن برای فیکرو برای خەونن بەیەکەوە، بۆیە من لیت ناشارمەوە، فورسەتیك بواریك هەیە کەمن دلخوشی خۆم بەیان کەم بەوەی کە لەو دیو جوولەیەکی بزاڤیکی ئەدەبی و فیکری جوان هەیە، واتە لەو براوایە دام زۆر گەورەتر دەبی.

زۆر سوپاست دەکەم کاك شیرزاد بۆ ئامادە بوونت لەم وتوو ویژەدا.

من خوشحالترم زۆر سەپاس بۆ ئیوە.

**وت و ویژ یك لة طآل شورش ئةمین**



**داهاتوو هەر بۆ ئەوە هزرەیە،**
**کە رزگارکەری مرۆڤایەتییە**

**سازدانی: پەیمان**

١- هاورێ شۆرش جەنابت وەك خاوەن ئیمتیاز و ئەندامی دەستەی بەریوەبەری وەرزە گۆڤاری "هەنگاو" دەکری بلین هەنگاو لە چ هەل و مەرجیکدا پیی نایە گۆرەپانی رۆژنامەگەری کوردییەوە و مەبەست و ولام دانەوە بەکام نیازی کۆمەلایەتی بوو لەبواری نووسیندا و پر کردنەوەی کام کەلینی رۆژنامەگەری لە کوردستانی عیراق دا بوو؟

٢- هەنگاو چەند ژمارەی لی دەرچوە و پیشوازی خوینەران لە چ ئاستیك دابوە؟ ئایا هەنگاو توانیویەتی خوینەری تایبەت بۆ ناوەرۆك و بابەتەکانی بەدەست بینی؟

٣- ئاستی روشنبیری پیشکەوتن خواز و کریکاری لەم بەشەی کوردستان دا چۆن دەبینن؟

٤- بۆ هەرچی زیاتر پەرە و گەشە پیدانی هزری چەپ و پیشکەوتن خواز پیویستیمان بە چ هەول و هەنگاویکی تایبەتیترە؟

٥- دوای روخانی یەکیتی سۆڤیەت و بەو بەهانەیەوە لەلایەن لایەنگرانی نەزمی نویی جیهانییەوە شایی مەرگی باوەرە ئینسانی و عەدالەت خوازەکان گیردرا، جەنابت بارودۆخەکە چۆن دەبینی؟

**راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١، سەردەمی رژێمی بەعسی خوێنرێژی کۆتایی پێهێنا لە کوردستانی ئازاد کراودا، بەمەش دەروازەیەکی نوێ کرایەوەلەسەر ئازادیەکانی خەلك. بواری رۆژنامەگەریش لەم نێوەندەدا جێگای خوی کردەوە، رۆژنامە و گۆڤارە جیاوازەکانیش لەریزی یەکتری لەسەر شۆستە و کتێبخانەکان کەوتنە بەر دەستی خوێنەران، بەلام زۆربەی زۆری ئەو رۆژنامە و گۆڤارانە لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکان دەرنەچوو، کە ئەوە تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی توانای ماددی کوردستان کەوتۆتە ژێر دەسەلاتی حیزبەکانەوە، ئەمەش جاریکی دیکە بووە ریگر لەبەردەم رۆژنامەگەری سەربەخۆدا و، زۆربەی زۆری رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەکان، لەنیو باوەشی حیزبەکاندا بلاو بوونەوە.**

بەمەش کێبرکێی نیوان حیزبەکان لەو بوارەشدا پەرەی گرت، بە تایبەتیش لەنیوان هەردوو هیزە دەسەلاتدارەکە، هەریەك هەولی زیاتری دەدا بۆ کۆنترول کردنی ژمارەیەکی زیاتر لە رۆشنبیران، لە دام و دەزگا رۆشنبیریەکانیاندا. لەدەرەوەی ئەم بازنەیەدا هەولی زۆر درا بۆ بوژاندنەوەی رۆشنبیریەکی سەربەخۆی دور لەدەست تیوەردانی حیزبەکان، زۆریك لەو پرۆژانە لەبەر خراپی باری دارایی نەیانتوانی بەردەوام بن، بەلام لە کۆل نەدان بۆ ئەو مەبەستە، رۆژنامەی هاولاتی و چەندان رۆژنامە و گۆڤاری دیکە لەدایك بوون، کە لەدەرەوەی دەست تیوەردانی حیزبەکان ئیستا دەردەچن. لەگەل ئەمەش نابیت رۆلی ئەو دەست پیشخەریەی حکومەتی سلیمانی لەبەرچاو نەگرین کە بریاری دا بۆ پالپشت کردنی میدیای سەربەخۆ کە گۆڤاری هەنگاویش کەلکی لەو بریارە وەرگرتووە. هەست دەکریت باوەشکردنەوە بۆ رۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆکان زیاترە لەلایەن خوینەرانەوە بە بەراوەرد لەگەل ئەوانەی سەربە حیزبەکانن، جگە لەوەی قەیرانیکی زۆریشی بۆ بلاوکراوە حیزبییەکان دروست کرد.

هەنگاو گۆڤاریکی وەرزیە و تا ئیستا ٤ ژمارەی لی دەرچووە، ئەوەی بزانین پیشوازیەکی زۆر هەیە لەلایەن خوینەرانەوە بۆ گۆڤاری هەنگاو، ئەویش بەوەی لە زۆربەی ئەو شوینانەی دامزراون بۆ فرۆشتن، هەر زوو فرۆشراون. لەو ماوەیەی ژمارەکانی هەنگاوی تیدا دەرچووە، هەست دەکریت خوینەرانیکی زۆر پەیوەندیمان پیوە دەکەن،کە زۆربەیان دەیانەوی هاوکاری بکەن لە گۆڤارەکەدا، جگە لەوەی ئیمە پەیوەندیەکەمان بە دەرەوەی کوردستان هەیە و، رۆشنبیرانیکی زۆر لەویوە بەشداریمان لەگەل دەکەن و ژمارەیەکی زۆری گۆڤارەکە دەگاتە ولاتانی دەرەوە و لەوی دەفرۆشری.

پاش ئەو هەموو گۆرانکاریە بەرفراوانانەی لەسەر ئاستی جیهانی لەگشت بوارەکانی ژیاندا رویان داوە، ناکری بە شیوەیەکی پیشتر رۆشنبیر پۆلین بکەین، بەلکو دەکری باس لە دیالۆگ بکەین لەنیوان رۆشنبیریەکاندا، بەلام لەگەل ئەوەش تەوژمیکی رەخنەگرانەی پیشکەوتن خوازی هەیە، کە رەخنە لە یەکجەمسەری جیهانی و بازاری ئازاد و ئەو یاسا و ریسایانە دەگری و بەرپەرچیان دەداتەوە، کە زیاتر ولاتانی کەنار برسی و ولاتانی ناوەند دەولەمەندتر دەکات ئەم ئاستەش لەبیر کردنەوە، دەتوانری بە تیروانینی چەپەکان دابنری. بەرامبەر بەمەش چەندان تەوژمی دیکەی سەلەڤ و ئەوانەی پروپاگەندە بۆ بازاری ئازاد و کۆتایی میژوو دەکەن، هەموو داهاتووی مرۆڤایەتی بە داهاتوی لیبرالیزمی نوێوە دەبەستنەوە.

لە بارودۆخی نائاسایی کوردستانی ئازاد کراویشدا، ئەمانە هەمووی رەنگدانەوەی خۆیان هەبووە، لەسەر ئاستی رۆشنبیری و بیرکردنەوەی رۆشنبیرانیش.

بە هۆی ئەو هەموو گۆرانکاریانەی لە جیهاندا رویان داوە و بەرەو پیش چونی تەکنولوژیا، گەیشتۆتە ئاستی سەر سورهینەر، سەرمایەداریش لەجیاتی ئەوەی بەپێی بۆچونەکانی پیشوتر هەرەس بهینی، خۆی نوی کردەوە و تا ئیستاش ری دەکات، کە ئەمەش ئەوە ناگەیەنی قەیرانەکانی نیو هەناوی سەرمایەداری کۆتایی هاتووە. هەر بۆیە زۆر ریك لەو چەمك و بۆچونانەی دۆگماوی کرابوون و بیرۆکراسیەتی زال دەورەی دابوون، پیویستە پیدا چونەوەی تیدا بکریت و زۆریکیشیان

بخرینە بەردەم پرسیاری سەردەمەوە.هەر بۆیە لی خورد بونەوە و پیداچونەوە و تیرامانی نوێی دەوی و داننان بەو راستیانەشدا، خۆی لەخۆیدا هەنگاو نانە بۆ پیشەوە.

بیری چەپ و پیشکەوتن خوازی، پیویست بەوە دەکات کە خۆی دابمالی لەو بەرگ و فۆرمە کۆنەی و بە بەرگ و فۆرمیکی نوێوە کە سەردەم باوەشی بۆ بکاتەوە، بەردەوامی بە تیکۆشانی خۆی بدات، کە خودی هزرەکەش باس لە ناوەرۆکی ئەو گۆرانە دەکات.

ئەمەش پیویستی بەوە هەیە کە بە چاویکی رەخنەگرانە لە رابردوو بروانین و بە بیر و بۆچونەکانماندا بچینەوە و وردەکاری تیدا بکەین، ئەوکات دەتوانین لەبواری کار کردندا، گیان بکەینەوە بە بەر ئەو لەشکرە زۆرەی هەژاراندا بۆ بەردەوامی تیکۆشان و رزگار بوون لە نەهامەتی و برسیتی.

ئەو رۆژانەش کۆتایی پیهات کە بیر کردنەوە لە قالب بدری و تەنها ناوندیك هەبیت بۆ ئاراستە کردن، بەلکو هەرکەس بەپیی هەل و مەرجی شوینی کارکردن دەتوانی باشترین ریگا هەلبژیری بۆ تیکۆشان.

روخانی یەکیتی سۆڤیەت و بلوکی رۆژهەلاتی کاریگەریەکی زۆری هەبوو، لەسەر هەموو تەوژمە چەپ و هیزە پیشکەوتن خوازەکانی جیهان، بەوانەی لەو ناوەندەوە سیاسەتیان بۆ دادەریژرا و، بەوانەشەوە کە رەخنەگر بوون لەو ناوەندە.

کیشەکە لەوەدا بوو، کە سۆڤیەت و ئەو ناوەندە کەوتبونە نیو کیبەرکیێ یەك لەگەل سەرمایەداریدا، کە کیبەرکیکە لە بەرژەوەندی مرۆڤایەتیدا نەبوو، جگە لەوەی ئەو دەولەتانەی کە پروپاگەندەی سوسیالیستییان دەکرد، ولاتەکانی خۆیان لەژیر ئەو ناوەدا کردبووە بەندیخانەی گەلەکانیان.

کە ئەمەش پیچەوانەی ئەو بیرەیە کە ئەوان پروپاگەندەیان بۆ دەکرد بە پیچەوانەوە لایەنگرانی نەزمی نوێی جیهانی و رابەرانی بازاری ئازاد و پروپاگەندەی زۆر شیواویان کرد، بۆ هەرەس هینانی فکری سوسیالیستی، نەك هەرەس هینانی سیستمیك کە لە ناوەرۆکەکەی بەتال ببۆوە.

ئەمە زۆری لەسەر گوتراوە، لە میانەی وەلامی پرسیاریکدا ناتوانین وەلام بە هەموو لایەنەکانی بدەینەوە، کە ئەو رەوتە لەگەل خۆیدا هینای و پاشانیش سەردەمیکی نوی لەگەل خۆی بردی. ئیستا بارودۆخەکە ئەوەیە، کە هەموو شتەکان زیاتر ئاشکرا و رونن و ئیستا کویرانە تەپل بۆ ئەو رژیمانە لی نادری کە گەلەکانیان بەند کردبوو. ئیمەش لەریێ حیزبەکانەوە، کە پیادەی سیاسەتی سۆڤیەتیان دەکرد بە کویرانە، ئیلهاممان وەر دەرگرت، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا ئیجابیەتیکی هەیە، بۆ ئەوەی هەرکەس بتوانی ریگای راستی تیکۆشانی خۆی دیاری بکات ئیستاش لە هەموو کاتیێ زیاتر پیویست بە بەخۆدا چونەوە دەکات و، دەبی خویندنەوەی بابەتیانەمان هەبی بۆ واقعی خۆمان و سەربەخۆییانە سیاسەتی خۆمان دابریژین و، دەرگا لەسەر هەموو را و بۆچونەکان بکەینەوە و بە دیالوگ بگەینە راستیەکان لەبەر ئەوەی لیبرالیزمی نوی و سەرمایەداری جیهانی ناتوانی رزگاری بێ لەو قەیرانانەی لەناو خۆیدا بەرهەمی دەهینی و، ناتوانی مژدەی یەکسانی بدات بە مرۆڤەکان، لەبەر ئەوە داهاتوو هەر بۆ ئەو هزرەیە کە رزگار کەری مرۆڤایەتییە مرۆڤ ناتوانی دەست برداری بیت، چونکە تا ئیستا تەنها ئالترناتیوە بەدەست سەرجەم مرۆڤایەتییەوە.






## وت و ویژی رۆژنامەی "روزگور پولیتیکا" لەگەل یاشار کەمال



### دنیا بۆ من، گولستانیکی فەرهەنگییە
### کە تێیدا هەزار و یەك گوڵ هەیە

ئەمرۆ دەسەلاتدارانی تورکیە، نایانهەوی میژووی چەواشە کراوی سالەکانی پر رووداوی ۱۹۱٤ و ۱۹۱٥ی ئەو ولاتە هەلبدریتەوە و راستییەکان بە ئاگاداری هەموان بگا. چونکە لەو سالانەدا، ئەرتەشی تورکیە زۆر شەری خویناوی لەناوچەی "اناتولی" وەری خست و بە تایبەت ئەرمەنییەکان و کوردەکانی قەتلی عام کرد. ئەرشیفەکانی ئەرتەش و پولیسی تورکیە، پرن لە گوزارشی تەکاندەر و ترسناك لە سەرکوت و کوشتار و پاکتاو کردنی قەومی خەلکی "انا تولی". تا ئیستا لە ئەدەبیاتی تورکیەدا، هیچ کەس نەیتوانیوە بەم شیوەیە پەروەندەی رەشی کۆتاییەکانی حکومەتی ئیمپراتوری عوسمانی و کۆماری تازە دامەزراوی تورکیە، بە ریبەری "مستەفا کەمال پاشا" ئاتاتورك هەلبداتەوە.بە راستی بویری و هونەری لەم چەشنە بیجگە لە یاشار کەمال لە هیچ کەسیتر نەدەوەشایەوە. یاشار کەمال، لە رومانی تازە چاپ کراوی خوی، لەژیر ناوی:"ئاوی فورات"، پەردە لەسەر چەواشە کارییەکانی میژوو لادەبات و راستییە میژووییەکان لە چوارچیوەی رومانیکی دلگیردا بەیان دەکا. بە داخەوە میژوو، بە تایبەت لە ولاتانی دیکتاتوریدا، سفارشی و ناراستە. دەبی هەولی زۆر بدری تا راستییەکانی میژوو لەژیر بە خەروار ویرانیدا دەربکیشری. ناسینی راستەقینەی میژوو و گواستنەوەی ئەزمونی نەسلەکانی رابردوو بۆ نەسلەکانی داهاتوو، بۆ پیکهینانی کۆمەلگای نوی، یارمەتی دەریکی گەورەیە. لەم رووەوە ناسینی میژوو، گرینگی و بایەخیکی تایبەتی هەیە.

یاشار کەمال سالی ١٩٢٣ چاوی بە ژین پشکووت. یەکەمین شیعری، سالی ١٩٣٩ چاپ کرا. سالی ١٩٤٣، کۆمەلە شیعریکی بەناوی:"چەمەرەکان" چاپ کرا. یەکەمین داستانی بەناوی:"چیرۆکی پیس" سالی ١٩٤٧ نووسی. سالی ١٩٥١ چوە ئیستانبول، لە رۆژنامەی "جمهوریت" کاری پی سپیردرا و بوە هەوالنیری ئەم رۆژنامە.

یاشار کەمال سێ خەلاتی لە بواری کاری ریپورتاژ، رومان و نمایشنامە پیدرا و هەروەها کاندیدی وەرگرتنی خەلاتی ئەدەبی نوبل لەسالی ١٩٧٣ بوو.

بریك لە بەرهەمەکانی یاشار کەمال بریتین لە: ٥٠ رۆژ لە دارستانی بلیسەدا، چوکوراوا لەکاتی سووتان دا، هیلانەی پەرییەکان و، رۆمانەکانی: حەمە دۆك، زەوی ئاسن و ئاسمانی مس، ئاغاکانی ئاقچەساز، ئەگەر دایك بکوژن، بیگرە و تەماشای کە سالح، ئەفسانەی ئاناتولی، ئەفسانەی چیای ئاگرین، ئەفسانەی هەزار ورزو، چاکر جالی افە، سەرتاسەری ئەم مەلبەندە، گیای دایم، خوینی نیو هەنگوین، هەروەها یادداشتەکان و تەرحەکان.

رومانی "حەمە دوگ" خەلاتی ئەدەبی "وارلیق" لە سالی ١٩٥٥ و ئەربابانی "ئاقچەساز" خەلاتی باشترین رومانی لەسالی ١٩٤٧ بەدەست هینا.

سیما و زمانی ئەدەبی یاشار کەمال، نووسەری ناسراوی چەپ و سوسیالیست بۆ هەموو ئەو کەسانەی ئاشنای زمانی فارسین، ناویکی ئاشنایە.

رۆژنامەی "اوزگور پولیتیکا": لە کتیبە تازەکەتاندا بەناوی "ئاوی فورات" زۆر مەسەلەی گرینگ باس دەکرین. لە حالیکدا ئەم کتیبە باس لە مەسەلەی شتە راستەقینەکانی دەورەیەك لە میژوو دەکا، بەلام لەگەل بیدەنگە کردنی راگەیەنە گشتییەکان بەرەوروو دەبی. جوریك هەلس و کەوت دەکری کە هەر دەلیی کتیبیکی لەو چەشنە وجوود و بوونی نیە. تو ئەم بیدەنگییە چۆن لیك دەدەیتەوە؟

یاشار کەمال: من ئەم بیدەنگییەم نەزانی. لە پەیوەند لەگەل ئەم کتیبەدا، دوو نووسەراوە دراونەتە دەری، یەکیان نووسراوەیەکی زولفی ئەیوان عەلی و ئەوی تریان نووسراوەیەکی محەممەد فوئادە. بەلام هەموویان بیدەنگەیان کرد. بیدەنگەیان کرد چی بوو؟ تائیستا ٦٥ هەزار جلد لەم کتیبە فروشراوە. دیسانیش هەر لیّی دەفروشری. بۆ کتیبی یەکەم، هەموو راگەیەنەرە گشتییەکان بیدەگەیان کرد، بەلام بۆ کتیبی دووهەم کەسیك بیدەنگەی نەکرد. ناتوانم بۆ ئەمەش دەلیلیك بدوزمەوە. بەهەر حال لەوانەیە هەلەکە لە منەوە بێ لەوانەیە پیشوازییەکی باش لە کتیبی سیهەم و چوارەم بکەن.

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکا: ئەو ئینسانانەی لە "ئاناتولی" دەژین، بەهەر ملییەت و عەقیدەیەکەوە کە هەیانبی، میژوویەکی دوور و دریژیان هەیە. ئایا ئەم میژووە لە چوار کتیب دا جیگای دەبیتەوە؟

یاشار کەمال: من لەسالی ١٩٧٣دا ئەم رومانەم دەست پیکرد. باسی نیو ئەم رومانەم لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لەسالی ١٩٧٧ بۆ "زلفی ایوانعلی" لە سوئید، "عایدین دینو" و دواتریش بۆ "سیمواف" گەورەترین نووسەری شوورەوی باس

کردبوو. من ئەوەم بۆ خۆم کردوەتە عادەت کە ئەو رومانانەی کە مەبەستمە بیانووسم، بۆ دۆستانی جیگای مەبەست و عەلاقەی خۆم باسیان دەکەم. سەردەمانیك گیرانەوەی داستانەکانیش بەشیك لە هەلسوورانەکانم بوو. ئەم کتیبە باس لە شەر و لەبەین بردنی سروشت دەکا. کاتیك کە ئینسانەکان سروشت ویران دەکەن، بە ناچار خۆیشیان لەبەین دەبەن. لە ئەساس دا رومان "بەسەر هاتی جەزیرەیەکی" روو بە تەواو بوونە. لەو رومانە نزیك بە ١٥ لاپەرەیەکی ماوە. ناوی کتیبی سیهەم "کەلە شیرەکانی خوا"، کتیبی چوارەمیش ناوی "زەریای رووت و دۆرگەی رووت"ە.

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکاس: کاتیك کە ماجرای "یەزیدییەکان"ت لە لاپەرەکانی کتیبی "میرولە ئاو دەخواتەوە"دا جیکردوەتەوە، وا بە نەزەر دەگات کە لە ئەدەبیاتی تورك دا، ئەوە یەکەم جارە کە بابەتی لەو چەشنە باس دەکری. ئایا دەتوانی بلیی کە سەبارەت بە ئەوان هەستیکی تایبەتیت دەربریوە؟ لە کتیبەکەتان دا پەیوەندیکی تایبەتی لەنیوان رومانی "دۆرگە"دا لەگەل جیزرە و پیش هەموویان لەگەل خەلکیك کە لەم شوینە دەژین، وجوودی هەیە. بە تایبەت لەگەل کەسایەتییەکانی وەك "دەنگ بیژ و سوو". هەرچەند واژەکان پیکەوە جیاوازییان هەیە، بەلام تو تیدەکوشی زمانی هاوبەشی دەرد و رەنجیان پیبدەی ، ئایا ئەمە وایە؟

یاشار کەمال: یەزیدییەکان لە ئاوی فورات تیپەرین. لە کتیبی چوارەم دا بەشی زۆری بەسەرهات و روداوەکان لەگەل یەزیدییەکان دەبی. لە کتیبی " میرولە ئاو دەخواتەوە"، زیاتر کوردەکانن. لەو کتیبەدا "فەقی تەیران" گەورەترین شاعری کوردم نووسی. ئو شیعرانەی کە ئەو، لەسەر بالندەکانی نووسیوە زۆر تایبەتین.

فەقی تەیران یەکیك لە کەسایەتییەکانی ئەم رومانەیە و کەسایەتییەکەی دیکەش "دەنگ بیژ و سوو"یە.

دنیا بۆ من گولستانیکی فەرهەنگییە کە تییدا هەزار و یەك گول هەیە. ئەگەر گولیك لەم گولستانە لیبکریتەوە، رەنگیك و بویەکی پر بایەخی خۆی لەدەست داوە. کاتیك کە فەرهەنگیك کەم دەبیتەوە، ئینسانەکان زۆر شتیان لە پەیوەند لەگەل ئینسانیەتیان لەدەست دەدەن. فەرهەنگەکان یەکتر بەهیز دەکەن. لە رەوتیکی ئاوادا، دنیا دەبیتە گولستانیکی فەرهەنگی. بەلام لەم نیوەدا، فەرهەنگی خەلکی ولاتانی فەقیر و لە حالی گەشەدا، کەوتوەتە ژیر سولتەی ولاتانی ئەمپریالیستی. ئەوانە لە حالیکدا کە فەرهەنگی خەلکی‌تر لەبەین دەبەن، بیر لەوە ناکەنەوە کە فەرهەنگی خۆشیان لەبەین دەبەن.

تورکیە، بەهۆی ئەوە کە فەرهەنگ و زمانەکانی دیکەی قەدەغە کردوە، گەلیك شتی لەدەست داوە. ئایا دەتوانری زمان و فەرهەنگی "فەقی تەیران" شاعری بالندەکان قەدەغە بکری؟ ئایا کەسیك پەیدا دەبی کە هەل و مەرجیك کە فەرهەنگی خەلکی "ئانا تولی" بەدەستی هیناوە، بیرەبت بەم قەدەغە کردنانە بزانی؟ لە حالیك دا کە "ئاناتولی" خاوەنی زۆر فەرهەنگی جۆراوجۆر لە سووچیکی گوی زەوییە. لە رومانەکەی من دا، هەن ئەو ئینسانانەی کە بە هەموو فەرهەنگەکانەوە دەوریان هەیە. بەشیك لەم فەرهەنگانە ئیستاش هەیە.

هەولیکی لەو چەشنە بۆ نووسەریکی "ئاناتۆلی" کاریکی ئەوندە دژوار نیە. من لە ئەساس دا رومانەکانی خۆم لە دریژماوەدا دەنووسم. ئایا "حەمە دۆك" زیاتر لە ۳۰ سالی پی نەچوو؟

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکا: لە چەند بەشیکی ئەو کتیبەدا ئاماژە بە ئەرمەنییەکان کراوە. کاتیك کە ئەوان پەنایان بردە بەر کیوەکان، پەیوەندی دۆستانە و هاوپشتی ئینسانی لە نیوان ئەوان و عەشایری کورددا هەبوو. چۆن دەکری ئەو فەرهەنگانەی کە هەزاران سالە لە ئاناتۆلی دا وجوودیان هەیە، ئەزموونیان لی وەربگیری و هەلسەنگیندرین؟

یاشار کەمال: ئەمرۆ عەشایری کورد و ئەرمەنی بەو شیوەیە لە ئاناتۆلی نەماون. ئەگەر کەسانیك نەدەبوون کە پەیوەندی نیوان ملییەتە جۆراوجۆرەکان لیك بترازینن، دنیا دەبوە بەهەشتیکی پر لە ئاشتی. کوردەکان لەشەری یەکەمی جیهانیدا، زیاتر لە هەر کەسیکیتر پشتیوانییان لە ئەرمەنییەکان کرد. نووسراوەکەی منیش ئەم راستییە ئاشکرا دەکات. ملییەتە جۆراوجۆرەکان لەهەر مەجالیك کەلك وەردەگرن بۆ ئەوەی یارمەتی یەکتر بکەن. دوای ئەمەش، ئەگەر مەجالیك بەدەست بینن، بیشك یارمەتی یەکتر دەکەن.

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکاس: "رەمزی" لەنیو ئەو شوینانەی کە ویرانی کرد، کلیساکانیش هەبوون. کاتیك کە لە شەری "چاناك قلعە" تورکەکان و کوردەکان مقاومەتیان دەکرد، لەپەنا ئەوان، رومییەکان، ئەرمەنییەکان، یەهوودییەکان و عەرەبەکانیش دەستیان دایە مقاومەت. بەلام نیویك لەوان نابری. بە بروای تۆ بۆچی نیویك لەوان نابری؟

یاشار کەمال: ئەو کلیسایەی کە رەمزییەکان ویرانیان کرد، دیتوومە و "کاراکوی"ش تالان کرابوو. لە زۆربەی ئەو ئاواییانەی کە رۆمییەکان لیی دەژیان، لە یونانەوە هاتبوون و ۲۰ هەزار پارچە زەوییان هەبوو و لە هەمان کاتدا لەنیو ئەوانەدا کەسانیکیش هەبوون کە لەبرسان دەمردن و هیچ شتیکیان نەبوو. من کاتیك چوومە "گلی بیبولو" گلکوی گیانبەخت کردوانیکم دی کە لەنیویاندا ناوی کوردیکیش بەناوی حەسەن بەرچاو دەکەوت. نازانم ئەرمەنییەکان و رومییەکان گلکویان هەیە یان نا، بەلام هی کوردەکانم بە چاوی خۆم دیت. من لە بابەت کەسانیك کە لەو شەرەدا بە سلامەت گیانیان بەدەر بردبوو، شتی زۆرم نووسیوە. لەو رۆژگارەدا، ئەم شارومەندانە، لەشەردا، شان بەشانی یەك شەریان کرد. ئەمانە، تەنیا من نیم کە لە رومانەکانم دا دەیاننووسم، بەلکو میژوو نووسانیش دەیاننووسن. ناتوانری سەرپوش بخریتە سەر راستییەکان. هەرچەندی کە بیانهەوی راستییەکان چەواشە بکەن و یا بە ئانقەست چاوی خۆیانی لی بنووقینن، دواتر راستییەکان ئاشکرا دەبن. بەم شیوەیە، باس کردنی راستییەکان، لە بەرژەوەندی میللەتیك دایە. سەرەرای ئەوە کە هەر ملییەتیك بیجیاوازی نیە، لەم شەرەدا دیفاعی لەخۆی کردوە. کە وایە نابی سەرپوشی لەسەر دابنری.

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکا: "پویراز" یەکیك لە کەسایەتییەکانی رومانەکەی تۆ، کەسیکی خەلکی"ئاناتۆلی"یە، ئەم پیگە جوغرافیاییە بە سروشتی جوانیەوە، تایبەتمەندی شیوەیەك لە هاوپشتی لەخۆ دەگری. تورکیە تەنانەت لە داوای

لیبوردن کردن و هەستی هاودەردی کردن لەگەڵ شارومەندانی ئەو ناوچەیە خۆ دەبویری. هویەکەی چیە کە نایانهەوی خۆیان لەم مەسەلەیە رزگار بکەن؟ ئایا کتیبەکەی تۆ هەول دەدا ئەم بەندە فەرهەنگی‌یە لیك ترازاو و زەرەر دیتوانە پیکەوە پەیوەند بداتەوە؟

یاشار کەمال: "پویراز" ئینسانیکی لاوە کە باوەری بە شەرەکان و شکستەکان نیە. کەم نین ئەو ئینسانانە. ئەوانە چوونەتە نیو شەرەکان و لیی هاتوونەتە دەری، بەلام هیوا براو نەبوون و یا خۆیان بەو شیوەیە نیشان نادەن. لە ئاوایی ئیمە، کەسیك هەبوو بەناوی ئیسماعیل چاووش کە بەردەوام بیرەوەری‌یەکانی خۆی لەشەر، بە تایبەت شەری "چاناك قلعە"ی بۆ هەموو کەس دەگیرایەوە. ئەو ئەوەندە ئەم بیرەوەری‌یانەی دووپات کردبووەوە کە خەلکی ئاوایی، لیی ماندوو ببوون. بەلام من و چەند هاوریم بەردەوام گویمان بۆ رادەگرت. ئیسماعیل بە جۆریك بیرەوەری‌یەکانی خۆی لە قوولایی دلەوە و بە هەستیکی تایبەتی‌یەوە دەگیرایەوە کە ئیمە دەمانوت هەرچەندی ئیسماعیل ئاغا بی‌گیریتەوە ئیمە حەزی پی‌دەکەین و ماندوو نابین. لە کۆتایی‌دا ئیمە هاوری لەگەل ئیسماعیل چاووش، خۆمان بە کایەی شەرەوە خەریك دەکرد. راستی‌یەکەی ئەوە بوو کە ئیمە، لە شەریك دا بەشدار نەبووین، بەلام بە تیپەربوونی زەمان، لە بەسەر هات و قسەکانی ئیسماعیل چاووش، بەو ئاکامە دەگەیشتین کە شەر چ بەلایەکی ترسناکە.

دواتریش گویم بۆ رووداوەکانی شەرەکان لە زمان عەلی، لە دانیشتوانی "کادیر کور" دەگرت. قسەکانی ئیسماعیل چاووش، لە دەروونی من دا گەورە و گەورەتر بوو، ئەوە کە ئینسان چۆن دەستی بە مەسەلەی لەم چەشنە رادەگات، بەردەوام بیر و زەینی منی بە خۆیەوە خەریك دەکرد. بە تیپەر بوونی زەمان، شەرەکان لە زەینم دا دەبوونە شتی تەکاندەر و ترسناك. لە بابەت ئەوە کە شەر چیە؟ زۆرم بیر کردەوە و زۆرم خویندەوە. بەلام ئەو هەموو شەرانەی کە "پیراز موسی" تییدا بەشداری کردبوو، بۆ ئەو ترسناك و سەر سوور هینەر نەبوو، لە حالیك دا کە ئەم هەموو رووداوە ترسناکەی نابوە پشت سەر و برینداریش ببوو. ئەو برینی زۆر قوول لەسەر جەستەی هەبوو و ئەگەر بە سەختیش بوایە، ریگایەکی بۆ چاك کردنەوەی برینەکانی دۆزیبووەوە.

رۆژنامەی اوزگور پولیتیکا: "ئاناتۆلی" لە ماوەی سەد سالی رابردوودا، تەنیا لەباری فەرهەنگی‌یەوە زەرەری لی نەکەوتوە، بەلکو سروشتی گەورە و گرانیشی زەرەری پی گەیشتوە. ئایا دریژەی ئەم هەل و مەرجە، داهاتووی ئەو ئینسانانەی کە لەم ناوچەیە دەژین لیل و تاریك ناکاو نایانخاتە بەر هەرەشەی جیددی؟

یاشار کەمال: سروشتیش وەك شەر، لە هەل و مەرجیکی ترسناك دایە. سالی ١٩٥٣، کاتیك کە بۆماوەی ٥٠ رۆژ جەنگەلەکان سووتان، من ریپورتاژی جۆراوجۆرم ئامادە کرد. کاتی ئامادە کردنی ئەم ریپورتاژانە، لەگەل زۆرکەس چاوپیکەوتنم کرد. پیم دەوتن ئەگەر سووتانی جەنگەلەکان هەر بەم شیوەیە دریژەی هەبی، تەواو دەبن و لەنیو دەچن. بەلام بریك لەم کەسانە باوەریان بەم قسانەی من نەدەکرد. لەو سەردەمەدا کەس ئەوەلی قەبوولی نەدەکرد کە جەنگەلەکان تەواو دەبن.

له سالەکانی دواتردا، کاتیك دەچمە"تورس"ەکان، سەر له هاوینەهەوارەکانیش دەدەم، خەلکی ئەوی بە من دەلین:"تو وتت و نووسیت، بەلام ئیمە باوەرمان نەکرد". دوای ئەم قسەیان ئاهیکی قوولیش هەلدەکیشن. له دنیادا، نەسلی زۆربەی گیان لەبەران و بالندەکان تەواو بوە. بەهۆی ئەوە کە ئیمە ئینسانەکان، سروشت لەبەین دەبەین، نەسلی ئەوانیش کۆتایی پیدی. هەرچەندی جەنگەلەکان لەبەین بچن، هەر بەو رادەیەش بوونەوەرانی نیو ئەو جەنگەلانە تەواو دەبن و دواتر نوبەی لەنیو چوونی ئینسانەکان دەگا. لەوانەشە نەسلی ئینسانەکان تەواو بی و ئەم دنیایە خالی بمینیتەوە. زۆرکەس نە تەنیا باوەر بەم قسانە ناکەن، بەلکو لەپشت سەری منیشەوە پیدەکەنن. دەلین ئینسانەکان بسووتینی تا جەهەننەمیش ریگایان هەیە. ئەوانە توانای چارەسەر کردنی چکولەترین مەسەلەیان نیە. ئەگەر من نەتوانم بەم رومانە شتیك فیری ئینسانەکان بکەم، دیسانیش هەر دەنووسم. من لەم کارەدا بە تەنیا نیم. هیوادارم لەمە زیاتریش بی. زۆرکەس ئاگاداری ئەوە هەن کە ژینگە لەحالی لەنیو چوون دایە. ژمارەی ئەو کەسانە تادی زیاتر دەبی. ئەم ریکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان، کی پیکی هیناوە؟ ئەو ریکخراوەیان بۆ چە مەبەستیك پیك هینا؟ گەورەترین ئەرکی سەرشانی ئەم ریکخراوە، دەبی دیفاع لە سروشت بی. ئەگەر ئەم وەزعە هەروا دریژەی هەبی و هەر رۆژیك کە تیپەر دەبی، بەشیك لە سروشت لەبەین دەچی. لە هەل و مەرجیکی ئاوادا، ئیتر هیچ هیزیك توانای زیندوو کردنەوەی نابی. ٦٥ میلیون کەس لە خەلکی تورکیە، لە داهاتوویەکی نزیك دا، لەگەل گیروگرفتی زۆر بەرەوروو دەبن. پیشتر دەیانوت دەریاکانی تورکیە، هەرسالە، بە قەدەر قبرس، وشك دەبی، ئیستا ئەوەندە و نیویك زیاتر بوە. ٢٥ سال دواتر، ئیوە ئەنجامی ئەم هاوارانە دەبیننەوە.

١٦ی ژوئەنی ٢٠٠٢

## نامەیەکی کراوە دەربارەی پیشەنگ:



ن: حوسین بەفرین

دوای حەوت- هەشت سال بێدەنگی کردن لە دەرچوونی گۆڤاری پیشەنگ جاریکی‌تر ئەم گۆڤارە سەری هەلدایەوە و خۆی وەك دیارییەك گەیاندە منیش و خۆی بە جۆریکی‌تر و بە بەرگیکی‌ترەوە ناساند. لەبەر ئەوە حەزم کرد زۆر بە کورتی و بە کوردی، بەپیی ئەو ئاگاداری و نزیکایەتی‌یەی سەبارەت بە کاتی لە دایك بوونی گۆڤاری پیشەنگ هەمە، هەندیك قسە وباسی خۆمتان بۆ بنووسم، بە ئومیدی ئەوەی شایەتیکی بێ مەبەستی سەر ئەو گۆڤارە بیت دەرهەق بە رابردووش و بە ئایندەش کە ئەگەر ویستی دڕزیك بخاتە سەر کردنەوەی دەرگایەکی ئەدەبی مرۆڤانە.

کاتی خۆی لە دولیکی گەورەی نیوان مالوومە و چۆخماخ دا کە پیی ئەوترا "قولّی گۆمێ" لەنیوان بریك نووسەر و شاعیر و هونەرمەندی هەر دووبەشی کوردستانی ئەم دیو و ئەو دیو دا قسەو باسیك لە پیناوی هینانە کایەی ئەدەبیکی کوردی تازە و شۆرشگیر خۆی سەپاند و ئەیویست دەرگایەك بۆخۆی بکاتەوە. ئەوسا کۆمەلە هیزیکی گەورەی سیاسی و چەکداری دەست رۆیشتوو بوو، لە لایەکەوە ئەیویست هیزیکی کۆمۆنیستی بۆ سەرتاسەری ئیران پیادە بکات و لە لایەکی‌تریشەوە ئەیویست خۆی بەدەم راست و شۆرە سواری رزگاری کوردستان حساب بکات. لیتان ناشارمەوە ئەم هیز و بۆچوونەی کۆمەلە فیز و غرووریەتیکی وردە بورژوازیانەی بەو برادەرانە دابوو کە پەیوەندی ریکخراوەیی‌یان بە کۆمەلەوە هەبوو. چونکە ئەوان بە حوکمی کۆمەلە بوونیان وەهایان لە خۆیان رائەبینی، ئەوان هەموو شتیکن و دنیا و ژیان بەبێ بوونی ئەوان هەرەس ئەهینی. هەر ئەم قەناعەت و لەخۆ رازی بوونە وای لیکردبون ئەگەر بریاریکی حیزبی بۆ پیکهینانی ئەدەبیکی تازە و شۆرشگیر دەربکەن یەکسەر دیتە دی و هیچ سەرئیشەیەکی نابیت، بە راستی مامەلە کردن لەگەل ئەو برادەرانە بۆ کەسیکی وەك من زۆر سەخت بوو چونکە من وەك ئەوان نەبووم و تەنیا دۆستیکی کۆمەلە بووم و لە دەرەوەی بازنەی سیاسەتی کۆمەلە بووم لەبەر ئەوە مەرج نەبوو ئەوان وەك پیویست گۆیم لی بگرن و وەك خۆزان بە نوینەری حیزبیکی پیشرەو هیچ پیویستیان بەو گوی لیگرتنە نەبوو. بۆیە لە سەرەتای ریگەوە من کشامەوە و دەست بەرداری کیشەکە بووم و دوور کەوتمەوە. بەلام برادەران وەك ئەرکیکی حیزبی دریژەیان بە کارەکەیان دا و گۆڤاریکیان بەناوی پیشەنگ کرد بە میوانی ئەدەبی کوردی و چەند ژمارەیەکی لی دەرکرا. بەلام گۆڤاری پیشەنگ نەیتوانی لەماوەی ئەو ژمارانەیدا ئەو مانا ئەدەبی و بۆچوونە ئەدەبی و هونەرە ئەدەبی‌یە مسۆگەر بکات کە ئەو برادەرانە بەیانیان بۆ دەرکردبو. چونکە کیشەی لە دایك بوونی ئەدەبیك بەناوی ئەدەبی کریکاری زۆرتر قسە و باسیکی سیاسی هەل ئەگرت تا ئەوەی داهینانیکی روتی ئەدەبی بیت. لەبەر ئەوەی لە هەموو سەردەم و رۆژگاریکدا کاری ئەدەبی خۆی لەسەر دوو بنەرەت دارشتووە. یەکیك لەو بنەرەتانە هەلویستی چینایەتی و بیر و بروای چینایەتی‌یە و ئەوی‌تریان داهینانی هونەری ئەدەبی‌یە هەموو کارە ئەدەبیەکانی یوژین پۆتیە و گۆرکی و بریخت.و. هتد وەها لە دایك بوون ولەو روانگەیەوە بەرگریان لە چینی کریکار و چەوساوەکان کردوە نەك بە بەرز کردنەوەی دروشمی سیاسی و بریاری حیزبایەتی دروست بکری چونکە زاراوەی ئەدەبی کریکاری قسە وباسیکی بێ‌بناغە و مایە پوچە و لە قسە و باسیکی توندرەوانەی وردە بورژوازی زیاتر نیە و لەسەرجەم ئەدەبیاتی مارکسیسەت دا ئەو زاراوەی کوردی زادەیە بەو مانایە باسی لیوە نەکراوە، تەنیا لە قسە وباسی سیاسەت و حیزبایەتی‌دا قابیلی قسە لەسەر کردنە بەلام لە بواری ئەدەبی و هونەری ئەدەبی‌دا هەر قابیلی باس نیە.

کاتی خۆی ئەمە یەکیك بوو لە خاڵەکانی جیاوازی نیوان بیر ورای من و هی برادەران، رۆژگاریش دواتر سەلماندی کە ئەوان هیچیان بۆ نەکرا و شتیکی جیاوازیان بەرهەم نەهینا و گۆڤاری پیشەنگیش لە چاو گۆڤارە کوردی‌یەکانی‌تر جگە لە ناوەکەی جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نەبوو.

دوای ئەوە رۆژگار هات و رۆژگار رۆیی و زۆر گۆران بەسەر ژیان و دنیا و کوردستانیش دا هات. ئەوە بوو کوردستان بەر شالاوی ئەنفال کەوت و ئیمە کەوتینە ئیران و برادەرانیش کەوتنە عیراقەوە و هەموو حیزب و هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستان بە کۆمەڵەشەوە تووشی کارەساتی داوەرین و کەم بوونەوە و کەم هیزی و شتی‌تر بوون و وەکو جاران نەمانەوە. وەك دەرکەوت زۆر لە کورەکانی کۆمەڵە بەرەو هەندەران چوون و لەویش گۆران و گۆرانکاری دەستی بە سەر و رویاندا هینا. هەروەها قەڵای بەرەی بەناو سوسیالیستی و کۆمۆنیستی رووخا و کیشەکانی سەرمایەداری ئیمپریالی یەکلایی بوونەوە و درۆ و دەلەسەی جەنگی ساردیش تەواو بوو. هەموو ئەمانە رویان دا و جەنگی کەنداویشی بەسەردا هات و کوردستانی عیراق ئازادی بەخۆوە بینی و ئیمەش لە ئاوارەیی و دەربەدەری گەراینەوە و لەگەڵ هەندیك لەو برادەرانەی لە کۆمەڵەدا مابوونەوە و نەچووبوونە هەندەران و خەریکی سازدانەوەی کۆمەڵە بوون، چاومان بە یەکتر کەوتەوە، بەڵام ئەمجارە شتەکان هەر هەموو گۆرابوون تەنانەت بە مرۆڤەکانیشەوە. لەو سەر و بەندەدا جاریکی‌تر گۆڤاری پیشەنگ هاتەوە کایە و جیاواز لە رەوت و قسە و بۆچوونی پیشووی و چەند ژمارەیەکی لی دەرچووەوە. بەهۆی مشت و مری جیاوازی بۆچوونی سیاسی ناو کۆمەڵە جاریکی‌تر گۆڤاری پیشەنگ بێدەنگی دەستی بەسەردا گرتەوە. ئەمجارە ئەبینم دوای ئەو گۆرانانەی بەسەر کۆمەڵەدا هات و دوای ئەو چەند ساڵە بێدەنگی‌یە پیشەنگ دەرکەوتەوە و جاریکی دی سەری هەڵدایەوە. ئیستا بە بروای من هەرکەس شارەزای ئەدەب و سیاسەتی ئەدەبی بیت و بیەوی لەو روانگەوە پیشەنگ هەڵبسەنگینی بە ئاشکرا ئەبینێ ئەم گۆڤارە ۲ جار سێ قوناغی جیاوازی بەسەردا هاتوە. ئەم قۆناغانە هیچ کامیان ناچنەوە سەر یەکتر و هیچ مانا و موعاناتیکیش لەگەڵ یەکدا کۆیان ناکاتەوە، مەگەر ناوی پیشەنگ نەبی کە بۆیان بووە بە سیبەر و چەتر، ئەگینا چۆن ئەو کەسانەی لەهەر قۆناغیکدا کاریان تیادا کردووە لەگەڵ ئەوانی قۆناغیکی‌تر جیاوازن، هەر بەو جۆرەش گۆڤارەکانی پیشەنگ جیاوازن و لە بۆچوون و قسە و باس و بیرو رادا ناچنەوە سەر یەکتر و هەرگیز نەیتوانی ئەو دروشمە سیاسی‌یەی ناوی ئەدەبی کریکاری‌یە بەدی بهێنێت. بۆیە هیوادارم لەمەوبەدوا ئەم گۆڤارە لەسەر ئەرزی واقیع جێی پیی خۆی بکاتەوە و بە بیر وبۆچوونیکی ریبازی واقیعی (ریالیستی) خۆی گۆش بکات و خزمەتی گەل و نیشتمانەکی بکات و سەرجەم ئەو دروشمە بریقە دارانەی وردە بورژوازی گەرەکی‌یەتی ئەم وەلای بنی و پەردەی خەیاڵی رەنگاورەنگ توور بدات و ژیان و ژیانی چینایەتی بە چاوی واقیعی سەیر بکات و ئەو موعانات و مەرگەساتانە بخاتە روو کە دەیانی وەك گورکی پەنجەی بیریان بۆ دریژ کردووە، چونکە کیشەکانی ئەدەب هەر بەناو و ناونان کاری مەیسر نابیت بەڵکو بەو بۆچوونی ناوەرۆك و تیگەیشتنە هونەریە سەرکەوتن بەدەست ئەهینی کە دەرهەق بە ژیان و بوون و گۆرانکاریە کۆمەڵایەتی و چینایەتی‌یەکان خۆی لەسەر بونیات ئەنی.بەرای من بۆ ئەوەی خەڵکانی مارکسی لە بۆچوون و راگەیاندنە بورژوازیەکان بە دوور بن پیویستە گەشە بە ریباز و بۆچوونی واقیعی

ریالیستی و بە بەهرە و تواناکانی خۆیان چروپرتری بکەن و نەزۆکی و بیمانایی و ناراستییەکانی بیروبۆچوونە بورژوازیەکان زۆرتر ریسوا بکەن و مرۆڤایەتی لی ئاگادار بکەنەوە.

حوسێن بەفرین

١٠/ ٨/ ٢٠٠٢

سلیمانی

# تایبەتە بە بیرەوەری



# ٨ سلول ٨ ئیعدامی

ن: جاوید و: بەهار

٨ سلول ٨ ئیعدامی بەسەرهاتی دوورەهاتی ئەو مرۆڤانەیە کە سیاچاڵەکانی رژیمی ئیسلامی نەیتوانی ورەی پۆڵایینیان تیك بشکینی، گوشەیەکە لە هەل و مەرجی نیو زیندانەکانی رژیم و لەقاودانی جینایەت و درندەیی دادگای بێ دادگای رژیم لە کوردستان کە لەماوەی دەسەلاتی رەشی خۆیدا سەدان کەس لە هەلسووراوانی کۆمۆنیست و شورشگیر جەماوەری خۆراگر و زەحمەتکیش لە کوردستان ئازار و ئەشکەنجە و سەرەنجام ئیعدام کردوە.

٨ سلول ٨ ئیعدامی گۆشەیەك لەخەبات و خۆراگری زیندانیانی سیاسی لە کوردستانە دژی رژیمی جەهل و خورافە کە بارودۆخی نیو زیندانەکانی رژیمی ئیسلامی بە روونی و بە بەلگەوە ئاشکرا دەکات. یادی سەرجەم هاورێیانی کۆمۆنیست و شۆرشگیر کە لە زیندانە رەش و تاریکەکانی رژیمی ئیسلامی سەرمایەدا گیانیان بەخت کرد، بەخیر.

... یەك، دوو، سێ، چوار، پینج، سەرلەنوی لەوبەرەوە، یەك، دوو، سێ، چوار، هەنگاویکیتر بەلام ئەم هەنگاوەی کەمتر و بچوکتر هەلدینیتەوە، شوینەکە تەنگ و تاریکە، یەك، دوو، سێ،، ئەمرۆ زۆر دژوار بوون بە چەتوونی تیپەری، سلولی ژمارە ٢ چۆلە و بردوویانە، هیشتا نەگەراوەتەوە، رەنگە ئیتر هەر نەگەریتەوە. کەسی ناوسلولی ٥ ئۆقرەی لی براوە، دەرگا دەکوتی، داوای سیگار دەکات و پاسەوانەکە بانگ دەکات و چەند قسەی ناخۆش و تالی پی دەلی: جینایەتکاران، خوین مژان و سەرکوتگەران دەبنەوە. ئای چەند سلولیان دروست کردوە، ٥٤ دانە، هەموویان پرن، وەلامی کەس نادەنەوە، سێ رۆژە پیداویستی و خۆراکی رۆژانەم نادەنی، چیبکەم. شەقیك لە دەرگا ئاسنەکەی سلولەکە دەدات. ٨سلول ٨ شورشگیر، بەریز سلولی ١ حوجەت، ٢- بارام ٣- حەمید، ٤- ئەحمەد، ٥- شەریف وەیسی، ٦- بورهان، ٧- رەسول و ٨- سەلیم. سلولوکانیتر ژمارەیەکیتری تیدا بوو کە جیایان کردبوونەوە و تا رادەیەك ئارام بوون. تەنیا لەوە دەچوو کە ئەم ٨ سلولە لەناو ژووری تەنگ و تاریکدا دەجولین. حوجەت بە دەنگی تەقەی دەرگای سلولی شەریف خەبەری بووە، کی بوو؟ دەنگی کوتانی دەرگا و مست و پیلاقەی حوجەت سالونی سلولەکانی پر کردبوو. بۆ لی ناگەرین بخەوین، لە مردن دەترسن؟ مەگەر تەنیا تۆ ئیعدامی؟ لە ئیعدام ئەترسی و پیت باشترە کە زیندوو بمینیتەوە؟ تف لەم ژیانە. ٢٥ مانگی رەبەقە لەم گرتووخانەیەدا گیان دەدەم نە ئیعدامم دەکەن و نە ئازاد. رزگار بوون

لەدەست ئەوانە چەتوونە. دوو سالە ئەزیەت و ئازارم دەدەن. بۆ "اوین" و دیزل ئاباد و سەقز و سەرەنجام هینایانم بۆ سنە، ئەم شکەنجە و ئیعدامە هەر دریژەی هەیە. کەمیك بیدەنگی و سەرلەنوی دەستی پیکردەوە، وەك ئەوەی کە لەگەل خۆی قسە بکات. چەندین کەسی باش و شەریف لەو چەند سالەدا ئیعدام کران و بێسەر و شوین چوون. مستیکی لە دیواری سلولی ٣ دا و هاواری کرد: حەمید، حەمید، زیندووی یان مردوو، ولام دەوە. حەمیدیش ئارام وەلامی دایەوە، سلاو رۆژباش. حوجەتیش لە حالیکدا کە پیدەکەنی وتی: سلاو ئازیزم لەگەل گۆرانیەکی لوری چۆنی، حەمید وتی زۆر خۆشە. حوجەت دەستی پیکرد: بەزەوان، بەزەوان، بەزیر وانیمە

دەنگی نەوای دلنشینی حوجەت هەموویانی دلنەوایی کردەوە و ئارامی دەکردن. کۆتایی بە گۆرانیە لوری‌یەکە هینا و ئەمجارەیان بە فارسی دەستی پیکرد: ماچم بکە، بۆ دواین جار ماچم بکە، مال ئاوا کە من بە شوین چارەنووسا، بەهاری ئیمە تیپەری و من بە شوین چارەنووسەوەم. دواتریش بە کوردی دریژەی دا و دەنگی هەلبری: فەرەنجی پۆش کەلپۆس لە کۆل بۆ تۆ گەراوم دۆل بە دۆل. هەردا و هەردم کرد دەشت و کۆ نامەژیریی گەرام بۆ تۆ زرەی زنجیر و قفل و قەرازە سروودەکەی بە حوجەت بری، کەسیکیان هینا. بارامیان هینایەوە. حوجەت بانگی پاسەوانەکەی کرد، پاسەوان وەلامی دایەوە، کام سلول بوو حوجەتیش وتی: مل شکا و لە کوییی؟

قسە و باسی نیوانیان هەروا دریژەی هەبوو، بارام کە بردبویان دەگەریتەوە و دەلی: ئەم درندانە لاقمیان لە سەرەوەی ئەژنوم بریوەتەوە و حاکمی شەرعیش حوکمی ئیعدامی دەرکردووم و چەند رۆژی‌تر یان کاتیك دەمبەن بۆ ئیعدام پیمی رادەگەینن. یەکیان دەلی مەگەر پیویست دەکات بە خۆتی بلین، ئاخر دەبی ژیرەکەی ئیمزا بکەی. ئەوی‌تریان قاقایەکی گالتەجاریانە لیدەدا و دەلی مەگەر لە دۆزەخیش خەباتی چینایەتی هەیە. بورهان بە کورەکەیان پەیوەست دەبی و دەلی: ئیمزای بکەی و نەکەی، ئیعدام مسۆگەرە. بارام کە لاقیکی برابۆوە و پالی بە دیوارەکەوە دابوو وتی: وەك من لاقەکانت دەبرنەوە و دواتر ئیعدامت دەکەن.

دوانیوەرۆیان سلولەکان تاریکتر دەبن، رۆژەکانی سلول زۆر کورتن، هیشتا خۆر ئاوا نەبوە، شەوی ئەنگوستە چاو، تاریکە شەوی نوتەك بەسەرمان دەکشی. لامپە کەم نورەکان لە سەعاتی ٣وە دادەگیرسین. بیدەنگی جاریکی‌تر بە دەنگی خەماوی حوجەت دەشکی ئاواز دەخوینی و شیعر دەلی:

نە هەتاوێ، نەئەستیرەیەك و شەویك کە کەوانەی مانگ، مانگی پراوپری ١٥ بەسەری‌دا سوور بخوات، نە شنەیەك کە قژی ئالۆز کاومان شانە بکات، نە ئاوی خرۆشاوی زەریایەکی سەرکەش، جەستەی شەلالی خوینمان بشواتەوە. نە زریکەی منال، نە هەلبەز دابەزی منالانە، نە نزا و پارانەوەی خەیالاوی باوك و نە شەپولی دلنشینی لایی لایی دایکیك بۆ کورەکەی، نە رەوت و خەرامانی سەك و سلی ئەوینانەی کچی هاوسێ، نە ماچیك لەسەر لیوی تەزیوی ئەویندارێك، نە لاواندنەوەی دەستانیك کە ئازارەکان برەوەینی، لیرە هەموو باس لە مەرگ دەکەن و لەناو چوون. دیوەزمەی مەرگ ئەویندارانی بانگهیشت کردوە. پاسەوانی مالی مەرگ، ئیسقانی لاشەی مردوەکان دەلیسیتەوە و چاوچنۆکانە بۆ عاشقان و ئەویندارن دەروانی و بە پرتاو و بێ راوەستان لە چاوەروانی مەرگیکی‌تردا، ئەویندار و سەوداسەریکی‌تر

بەرێوەیە، بەردەوام لە ریدان، ریگاکان کورتن و هەمووی بۆ مالی مەرگ دەچی. هەموو بیدەنگن و گوێیان لی گرتوە و ئەم بیدەنگیە ماوەیەك دەخایەنی.

... بیدەنگی‌یەکی ژاناوی سەرتاپای ئەم ناوەی داگرتبوو. رەسول لە سلولی ژمارە ٧وە دەستەو ئەژنۆ دانیشتوو و چاوی بریبۆ کلا و رۆژنەیەکی بچووکی ژیر میچی بلیندی بەندیخانەکە، جار وباریك سیبەری نیگابان لە کلا و رۆژنەکەوە دەردەکەوت. میچی سلولەکە هەتا بلەی بلیند بوو، دریژی و پانایی زۆر کەم و تەنگ و باریك بوو. دلی ئینسانی تەنگ دەکرد. کلاو رۆژنەکە بە چەند میلەی ئاسنی ئەستوور تەندرابوو. عادەتی بە هەوای ناخۆش و بۆنی شێداری ناو سلولەکە کردبوو. لەبەر خۆیەوە ورینەی دەکرد:"دایکی پیر و پەك کەوتوم تەنیا دەتوانی بگری و هاوار بکا. دلی پرە لە خوین، نازانم ئەو ماوەیە چۆنی بۆ گوزەراوە، دەیانهەوی کوری گەورەی ئیعدام بکەن کە تەنیا بژیوەدەری ژیانیان من بووم. کریکاریك بووم، لە بەهارەوە هەتا پاییز لە کورەخانەکانی میاندواو و تەوریز ئارەقەم دەرشت. زستانانیش لە شیرکەتی ساختومانی شارەکانی بەندەر عەباس و بوشهر بۆ بژیوی ژیانی دایك و خوشك و براکانم دەستم بۆ هەر کاریك دەبرد. ئەوە ئیعدامیشیان کرد، چی بە دەولەت دەبری؟" هەر کاتیك بیری لە ئیعدام دەکردەوە، لاشەی خویناوی خۆی کە پەلەقاژەی مەرگیەتی دەهاتە بەرچاوی. دایکی و خوشکی دەدی کە بە شوین جەستەی ساردەوە بووی‌دا رادەکەن بۆ ئەوەی بیگرن و ئامیزی پیداکەن. ماچی بکەن و دەستەکانیان لە خوینی جگەر گۆشەکەیاندا سوور هەلبگەرین و نیشانی خەلکی بدەن. سەری لەنیو هەردوو دەستی و ئەژنۆی‌دا دەشاریتەوە، سامی ئەو ساتانە دایگرتووە" نازانم ئەوکاتە کەیە؟ هەر رۆژیك کە تیدەپەری، زیاتر لە مەرگ نزیك دەبۆوە." هەستایە سەرپی و کەوتە پیاسە کردن. بۆ ئەوەی خۆی لەو بیرە پر ژاناوی‌یە رزگار بکا. بانگی حەمیدی کرد و وتی: حەمید قسەیەك بکە، خەریکە شیت دەبم.

سەلیم وەجواب هات و وتی: نا شیت نابی تۆ بیر دەکەیتەوە، شیت کەسیکە بیر لە ئیعدام و تیپەرینی زەمان نەکاتەوە.

حوجەت هات قسە: "تەنیا ئەوەندە بەسە بچی‌یە سەر بۆشکە و جەنابی کەیخودا، ملت بە ئالقەی تەناف دارەکەوە بکات و بە راپسکانیك، بۆشکەکە لەژیر پیت بترازینی ئیتر دونیا تاریك دەبی، رەگی ملت کە قرتا، گیانت فەلەج دەبی و هەروەها نەفەست قەتع دەبی و دەخنکیی و ئیتر ئاسوودە و ئارام دەبی. نە باس لە سلولە و نە بەندیخانە."

پاش ماوەیەك بارامیان برد. بارام کە تەنیا لاقیکی بۆ مابۆوە و نەیدەتوانی بروا، بە راکیش راکیش بردیان و خستیانە دیوێکی ترەوە و سەرباز چاوەروان مانەوە. حاکمی شەرع بە روخساریکی دزیوەوە، لاپەرەی رۆژنامەکانی هەلدەدایەوە و سەرخەتی بابەتەکانی دەخویندەوە، بەلام فکر لە شتیکی دیکە دەکاتەوە کە بابەتەکانی رۆژنامەکە سەرنج راناکیشن و ناتوانن لەو فکرە دای ببرن. قسەو باسی نیو رۆژنامە باس لە هیرشی عیراق بۆسەر کوەیت و شەری تەبلیغاتی ئامریکا و ولاتانی رۆژئاوا بۆسەر عیراق دەکا. بەلام حاکمی شەرع بیر لە ئیعدام کراوەکان دەکاتەوە:"١٠٨ کەس لە مۆرەکانی ریکخراوە سیاسی‌یەکان بۆ محاکمە هاتوونە ئیرە و من موحاکمەم کردوون و بەپیی یاسای شەرعی ئیسلام لەو مانگەدا، ئیعدامی‌مان زۆر بووە، لەو کاتەدا بانگی مەئموریکی کرد و ئەویش بە پەلە خۆی بە ژووری‌دا کرد و "وتی لە خزمەت دام،" حاکمی شەرع پیی وت لیستی مانگی یەکەمی پاییز بینە. بە خیرایی ئەم کارانە جیبەجێ کران و لیست هاتە بەردەستی حاکمی شەرع. ئەویش چاویکی بە لیستەکەدا گیراو، بە نووکی خودکارەکەی ١٩ کەس ئیعدامی ژمارد کە ١١

کەسیان ئیعدام کراون و تێدا چوون و ٨ کەسیشیان جاری هەر زیندوون. دوای ئەوە چاوی بە لیستی دووهەم مانگی پاییزدا گیرا و ناوی ئەو کەسانەی سەربە جەریاناتی سیاسی بوون و موحاکمە کرابوون دەبژارد. ٨٦ کەس محاکمە کراوە، ١٧ کەس حوکمی ئیعدامی بۆ دەرچووە بەلام مەعلوم نیە حوکمەکان جاری بەریوە چووبن! دەبی گوزارشەکەی بەدەستی حاکمی شەرع بگاتەوە. پەروەندەکانی پیکەوە ناو و تەنیا پەروەندەی بارام نەبی کە لە دوینێوە لەژیر لیکۆلینەوەدا بوو، ئەوی هیشتەوە. چەند لاپەرەیەکی لی هەلدایەوە و بە مەئمورەکەی وت دەمهەوی ئەمرۆ بارام ببینم. مەئمورەکە بە خیرایی تەماسی لەگەل دەفتەری زیندان گرت و داوای بارامی کرد. پاش ١٠ دەقیقە، دوو سەرباز کە ژیر پیلی بارامیان گرتبوو هینایانە لای دادستان و دەستییان بە سەندەلیەکەوە بەست و سەربازەکان رۆیشتن و تەنیا مەئموریك لەپشت سەری راەستابوو. حاکمی شەرع لەژیرەوە چاویکی برییە بارام و هیچ شوینەواریکی لەترس تێدا بەدی نەکرد، حاکمی شەرع خۆی بیری دەکردەوە کە ئەگەر لاقەکەی دیکەشی ببرمەوە، بە خەیالیدا نایە و ترس دایناگری. رووی کردە بارام و وتی: چیت لی بکەین باشە؟ بارام وەلامی نەدایەوە، چاوانی تیژی خۆی بریبووە "کاویانی" حاکمی شەرع لەو چاو تێگرتنە توورە بوو و وتی: بۆچی لەدژی کۆماری ئیسلامی تیکۆشاوی. بیرت لەوە نەکردبووە رۆژیك دەکەوییە دەستی برایانی ئیسلام و دەبی وەلامدەرەوە بی، بارام دیسان هیچ وەلامیکی نەدایەوە و لە پەنجەرەکەوە دەیروانییە دەری و کاویانی وتی بارام "وەلام بدەوە" کە بارامیش هیچ وەلامیکی نەدایەوە و بی تەفاوەت بوو، کاویانی بەخۆی دادەشکایەوە و هەستی بە بیزاری لەخۆ دەکرد. لە بارامی پرسی "هیچ لەوە ناترسی کە ئیعدام دەکریی" بارام هەروا بیدەنگ دانیشتبوو. قەترە فرمیسکیك لە چاوانی بارام بەسەر گۆنایدا هاتە خوار و کەوتە سەرزەوی، کاویانی بە دیتنی فرمیسکی بارام خوشحال بوو کە ترساوە و رەنگە داوای لیبوردن بکات. حاکمی شەرع لەو فکرانەدا بوو کە بارام چاوەکانی برییە چاوی ئەو و، وتی: لاقەکانتان بریمەوە، چاویکمتان کویر کرد و ئیستاش دەتانهەوی رەزایەت بدەم کە ئیعدام بکریم، یانی هیشتا بەو وەزعەوە ئیعدام نەکراوم!

کاویانی وتی لە نەزەر ئیسلامەوە ئیعدامی کەسیکە کە بە تەناف، شمشیر یان بە چەك بکوژری و دەستەیەك لە موسلمانانیش ئاگاداری ئەو کوشتنە بن.

بارام کە هەروا چاوی بریبووە چاوی کاویانی وتی: رەنگە لەنەزەر ئیسلامەوە بە تەواوی ئیعدام نەکرابم و هیشتا نەفەس هەلدەکیشم، ئەندامانی لەشم هەموو لەکار کەوتوون، وای دابنین کە لە روانگەی حاکمی شەرعی ئیسلامی و حکومەتی ئیسلامی گوناهیکی گەورە نەبی و بە لاقیك و چاویکەوە چۆن دریژە بەژیان لەو کۆمەلگایەدا بدەم کە ئیوە بەسەریدا حاکمن.

کاویانی بیری لی کردەوە، چ پیویست دەکا دریژە بەو باسە بدا و بیدەنگ بوو. بە خودکاریك کە رەنگی سەوزی لەسەر لاپەرەکە بەجی دەهیشت بە پەلە دەینووسی تەنیا چەند رستەی کورت و پەروەندەکەی بۆ لای بارام سووراند و وتی ژیر ئەم نووسراوەیە ئیمزا بکە. "بارام پرسی، چی نووسراوە؟"

کاویانی وتی "خۆت بیخوینەوە" بارام وتی: حەز دەکەم خۆت بیخوینیتەوە شتیك کە تۆ نووسیتە دەبی خۆشت بۆم بخوینییەوە.

کاویانی لەو هەموو خۆراگری و سەرکەشی‌یەی بارام تورە و بیزار ببوو و فکری کردەوە کە لەگەڵ ئەو جۆرە ئینسانانە بە ئارامی و لەسەر خۆ رەفتار بکری باشترە چونکە لە حاڵەتی ئاسایی خۆیان دەردەچن و گیروگرفت دروست دەکەن، پەروەندەی بارامی بەرەولای خۆی سووراندەوە و دەستی کرد بە خۆیندنەوەی:"من بارام کوری سەعید خەلکی سەقز، تەمەن ٢٦ ساڵ بەهۆی تیکۆشانی سیاسی و نیزامی و پەیوەندی گرتن لەگەل سازمانە سیاسی‌یە غەیرە قانوونی‌یەکان و هەلسووران لەپیناو رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و شیواندنی نەزمی ناو کۆمەلگا، تاوانبارم." کاویانی هیشتا کۆتایی بە خویندنەوەکەی نەهینابوو کە هەلس و کەوتی بارامی خستە ژیر چاوەدیری کە بزانی چ دژ کردەوەیەك لەخۆی نیشان دەدا.

بارامیش دەستی چەپی کە لەناو دەست بەند کرابوو جولاندی، مەئموریك کە لەپشت سەری راوەستابوو وتی: لەسەر خۆ بە و خۆت رامەپسکینە.

بارام پرسی: تەنیا بۆ ئەو قسانە منتان هینایە ئیرە.

کاویانی مەندیلەکەی سەری راستەو پاستە کرد و نوسیەکەی لە گیرفانی عەباکەی خستەوە و وتی بەلی، هینامی بۆ ئیرە کە ئیمزای بکەی.

مەئمورەکە خودکاریکی بۆ لای بارام را داشت بارامیش ئەوەندەی هیزی بوو زەربەیەکی لەژیر دەستی مەئمورەکەدا و خودکارەکە لەدەستی داکەوت و لە سینگی حاکمی شەرع درا. مەئمورەکە بە ئەسپایی لەژیر لیوی‌یەوە شتیکی وت و چاوی لە حاکمی شەرع کرد کە بزانی چەندە بەو کردەوەیە توورە دەبی، کاویانی ئیشارەی بە مەئمورەکە کرد کە بیبەن. چەند سەرباز هاتن و ویرای مەئمورەکە پەلکیش پەلکیش بارامیان برد.

بیدەنگی‌یەکی بەسام سەرتاسەری ساڵۆنی دریژ تەنگ و تاریکی داگرتبوو، هەناسەکان لە سینەدا قەتیس ببوون، هەموو بیریان لە بارام دەکردەوە ئەگەر بۆ نیوەرۆ نەگەریتەوە بێگومان بارامیان کوشتوە. شەریف بەسەر و قژی ئاڵۆزکاوی سەیری دیوارەکانی سلولی دەکرد و نووسراوەکانی دەخویندەوە، نووسراوەی زیندانیەك کە ماوەیەك لەم سلولەدا راگیرابوو، یەکەمجار نیە دەیخویننیتەوە. نووسراوەی سەر دیوارەکە بەمجۆرە بوو: لە ریکەوتی ٢١/ ٢/ ١٣٦٨ گیراوە و ٦٥ رۆژ لە سلولی ژمارە ٨ی ئیتلاعات لە ساواکی پیشوو داماوەتەوە تاوانی من بە بروای ئەوان هەلسوورانی کریکاری بوو، وە قسە کردن لە رۆژی کریکار لەساڵی ١٣٦٨ بە بۆنەی ریزگرتن لە ئەوەلی مەی رۆژی جیهانی کریکار. دوایین نووسراوە لەلایەن جەمالی چراغ ویسی‌یەوە نووسرابوو.

بۆ شەریف رۆژی جیهانی کریکار، رۆژیکی ئاشنا بوو لەم رۆژەدا، سەرتاسەری شاری سنە لەلایەن هیزەکانی دەولەتیەوە گەمارۆ دەدرا. هەلسووراوانی سیاسی و کۆمۆنیست و کریکار ئەم رۆژەیان دەکرد بە جیژن کە یادیك بوو لە ئەوەلی مانگی مەی ساڵی ١٨٨٦ کە کریکارانی شیکاگۆ بە مەبەستی هینانەدی ٨ سەعات کار لە رۆژدا، سازیان دابوو وە لەلایەن پۆلیسەوە قەتلی عام کرابوون.

شەریف هەروا بەدەم خەیالەوە بیری لە زیندان و گیران، چارەنووسی گیراوان دەکردەوە و نووسراوەکانیش زیاتر نارەحەتیان دەکرد. هەر بۆیە سەری بۆ لایەکی‌تری سلولەکە سووراند و بۆ چەند ساتیك چاوەکانی لەسەر یەك دانا، پاش

ماوەیەك بێئەوەی خۆی بیهەوی چاوەکانی کرانەوە و نووسراوەیەکیتری کەوتە بەرچاو لە یەکەم دیر هەتا دوایین وشە هەمووی خویندەوە نووسرابوو:"ناسر جەلالی پیشمەرگەی ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران– کۆمەلە کە لە بەهاری سالی ١٣٦٧ گیراوم. ئیمە ٥ کەس بووین، بریندارین و بۆ هەمومان حوکمی ئیعدام دەرچوە و چاوەروانی بەریوە چوونی ئەم حوکمەین" بیر کردنەوە لەو هەموو دیاردانە، تەواو شەریفیان دلتەنگ و خەمبار کردبوو، رووی لە حەمید کرد و وتی سلولی من بەراستی سلوولی مەرگە و پیش من ٦ کەس لەم سلولەدا ئیعدام کراون.

شەریف لەسەر قسەی حوجەت لەژیر نووسراوەکەی ناسر دەستی کرد بە نووسینی دیوارەکە بەمجۆرە: من لە ریکەوتی ١٢ی رەزبەری ١٣٦٩ لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی سنەوە بازداشت کرام و ٥ی خەزەلوەر حوکمی ئیعدامیان پی راگەیاندم، جورمەکەم هەلسووڕانی سیاسی بوو، من سەرباز بووم، خەلکی دیواندەرەم. بیری کردەوە چیتر بنوسی و جاریکیتر نووسراوەی ناسری خویندەوە، سەرئەجام نووسی ئیمە ٨ کەس بووین و هەمووومان حوکمی ئیعدامەمان بۆ دەرچوە، ئەمرۆ بارامی قادر پووریان برد و هەتا نووسینی ئەم دیرانە نەگەراوەتەوە. "ئەگەر بارام ئیعدام کرابی ئیتر ئەوە ٧ کەس واتە حوجەت، حەمید، ئەحمەد، بورهان، سەلیم، رەسول و خۆم واتە شەریفی وەیسی دەمینینەوە". کەمیك بۆ دواوە رۆیشت و نووسراوەکەی خویندەوە و جاریکیتریش پیی داچۆوە. شتیکی بیر کەوتەوە، خوشکەکەی، دەبی خەشکەکەشم شیرین، بەلی شیرین بنووسم، باشە چ ئیرادیکی هەیە، شیرینیش خۆی سووتاند، ئەوەش جۆریك ئیعدامە. چ جیاوازییەکی هەیە ئەو لەژیر فشار و زەخت و زۆریکدا بۆخۆی، خۆی ئیعدام کردوە و ئیمەش کۆماری ئیسلامی، کە سەبەبکاری خۆسووتاندنی شیرینیش هەر نیزامی کۆماری ئیسلامیە.

چارە رەش، شیرین، خوشکەکەم ٣ مانگ لەمەوبەر زیندوو بوو، کوشتیان، سووتاندیان، ئەوەش جۆریکە لە ئیعدام ناوی دەنووسم. لەخوار نووسراوەکەی خۆیەوە دەستی کرد بە نووسین:"شیرین وەیسی لە ریکەوتی ٢٤/ ٥/ ١٣٦٩ سووتا. لەبەر خۆی بیری کردەوە باشە کی سووتاندی؟ زیاتر نوقمی فکر و خەیال بوو دواتر وتی: هەر ئەوەی کە بە زۆر هەولیاندا بیدەن بە حاجی محەممەد ئەمین خۆی سووتاند. بۆچی بە زۆر خەریك بوو بیدەن بە شوو؟ چونکە حاجی پوولی هەبوو، دەولەمەندە دووکانی هەیە، بەلام تەمەنی ٥٠ سالە، پیروپەك کەوتەیە، چۆن دەکری کچیکی ١٧ سالان بدەن بە پیرە پیاویکی ٥٠ سالە ئەمە جینایەتە. دایە گیان جینایەتە، چۆن؟ ئاخر چۆن دلت بەرایی دەدا شیرین بدەی بەم پیرە پیاوە؟ بۆچی ریگەت نەدا بە عەلاقە و تیگەیشتنی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و ئیزدواج بکات؟ شیرین حەزی لە فەرهاد بوو کە هاوتەمەنی خۆی بوو. ئینسانیکی خویندەوار و تێگەیشتوو. شیرین خۆشی دەویست. هەستایە سەر پی و دەستی کرد بە پیاسە و نوقمی خەیالات بیر لە ئیعدامی، بیر لە شیرین دەکاتەوە. بارامیان نەهینایەوە، منیش دەبەن ئەمرۆ یا سبەی!. چاوی لە کلاو رۆژنەی سلولەکە بریبوو، پاسەوان لە شووشەکەوە سەیری نیو سلولەکەی کرد و دیتی شەریف چاوی لە کلاو رۆژنەکە بریوە، لولەی چەکەکەی تیگرت و وتی برۆ بەم لاترەوە. بۆچی چاو لەو کونە دەکەی؟ خەیالی هەلهاتنت هەیە؟ پاش مشت و مریکی نیوانیان پاسەوان رۆیشت و سلولی تەنگ و تاریك و گیراوەکان هەروا دەستەملانی یەکترن.

بارام بیسەر و شوینه و هاوریکانی چاوەروانن، نەگەراوەتەوە، دلنیان کە ئیعدام کراوە. هاوەریکانی، هاوبەندییەکانی سروود دەخوینن. سروودی ئیمە ئایینی ژیانە، سروودمان، بەیاننامەی ئازادی و رزگارییە، سروودی ئیمە مارشی کۆتایی هاتنی دژایەتی و چەوسانەوەیە، سروودمان ژیانەوەیە! لەناکاو چەند پاسەوانی مەرگ دین و دەرگای یەکیك لە سلولەکان دەکەنەوە. بارام نەگەراوەتەوە، ئەمرۆ ئیتر کی دەبەن؟ چاوەروانی، ئەم چاوەروانیە زۆر ناخایەنی. شەریف دەبەن، دەستبەندەکەی دەکەنە دەست و پەلکیش پەلکیش بە چاوی بەستراوە دەیبەن. حوجەت قسە دەکا و دەلی: حەز دەکەم شەریف گیان هاورێ لەگەل تۆ پی بخەمە مەیدانی ئیعدام، هاوریکەم ئیتر لەپاش تۆ داوا لە زیندانیان دەکەم کە دوای تۆ نۆرەی من بێ.

فرمیسك لە چاوەکانی سەلیم دا قەتیس مابوون، رەسولیش ئیتر گریانی خۆی نەدەشاردەوە و لەگەل شەریف قسەی دەکرد. لەمە بەدوا ترس و دلەراوکی و نیگەرانی جیگای خۆی بە ئەوین و ئیحساسات دابوو. عەشق و ئەوین و هەست و سۆزی ئینسانی کە ئینسانە بە مەرگ مەحکوم کراوەکانی نوقمی وەفاداری و دلسۆزی کردبوو، ئەم ئینسانانە هاوریی سەرەمەرگی خۆیان بەمجۆرە رەوانەی مەیدان کرد. پاسەوانی مەرگ ئالقەکانی دەستی شەریف توند دەکات و یەکیکیتریش چاوەکانی توند دەبەستی و بەرەو دەرەوەی زیندام راکیشی دەکەن. لەبەر دەرگا شەریف سەری وەرسووراند و هاواری کرد: هاورییان من رۆیشتم، بەیادی ئیوە دەمرم، بژین هاورییانی هاو زنجیرم. دەنگی شەریف سەرتاسەری سالۆنەکەی داگرت و دەرگای ئاسنی زیندان داخرا.

بەرپرسی پاسەوانانی مەرگ بە شوین سەربازەکاندا بەرەو دادستان کەوتە ری. شەریفیان بۆ دادستانی برد و وتیان وەسیەت نامەی پی بنووسن. کاغەز و قەلەمیان هینا و یەکیك بە گالتەوە وتی رەنگە ئیستا ئیتر تۆبەی کردبی. شەریف لەسەر خۆ و ئارام وتی لەچی تۆبە بکەم؟ قاسمی وتی لە کردەوەکانی خۆت. شەریف خیرا وەلامی دایەوە کردەوەی من چ بوە؟ قاسمی سەر لەنوی وتی: پەیوەندی گرتن بە تاقم و دەستە سیاسی و دژی شۆرشەکانەوە. لەبیرت چۆتەوە قسەکانی خۆت؟ شەریف وتی قسەکانی من زیانی بۆ کەس نیە، تەنیا مەگەر بۆ ئیوە بەکریگیراوەکان نەبی.

چاوەکانیان کردەوە وداوای نووسینی وەسیەت نامەیان لیکرد و وتیان بنووسە. شەریف وتی چ بنووسم، بنووسم کە ئیوە ئیعدامتان کردووم و حەق بە ئیوەیە؟ وەلیزادە ئاماژەی بۆ کەیخودا کرد، وتی پیویست ناکات بینووسن و رووی کردە شەریف و وتی حوکمەکەی خۆت ئیمزا بکە. شەریف وتی حوکمی ئیعدامی خۆم ئیمزا بکەم کە چی؟ وەلیزادە دوبارە وتی کە خۆت دەزانی، ئیمزای بکەیت و نەکەیت هیچ جیاوازییەکی نیە، حوکمی تۆ ئیعدامە و هەر بەریوەش دەچی.

پاش ئەم قسە و باسانە شەریفیان بردە ژیر تەناف ئیعدام و ماشینیکیشیان بۆ ژیر لاقەکانی هینایە پیشەوە. گرووهی حاکمی شەرع و دادستان هاتن. کاویانی لە شەریف نزیك کەوتەوە و وتی: رۆلە گیان شاد و ئیمانی خۆت بینە. شەریف وەلامی دایەوە ئەی پیری رووحانی ئەم غەلەت و پەلەتانە دەردی من دەرمان ناکات برۆ دوور کەوە، نامەوی بالای شومت ببینم. کاویانی وەك ئەوەی نووکە دەرزیت لە لووتی رۆکردبیت پاشەکشە بەرەو دواوە رۆیشت و بە دادستانی وت گویت لەم کافرە بوو؟

٥ کەس شەریفیان بە دەست و پی بەستراوی بۆ سەر ماشینەکە بەرز کردەوە. تەنافەکەیان کردە ملی، هەر کە هەستی بە تەنافەکە کرد بۆ دوایین ساتەکانی ژیانی بیری لە دایك و براکانی کردەوە، بیری لە شیرینی خوشکی کە بە ناکامی سەری نایەوە دەکردەوە، خەیالی لای هاورێیانی هاو زنجیری بوو هاواری کرد بڕێ زیندانی سیاسی، مەرگ و سەرشۆری بۆ جینایەتکاران و رژیمی کۆماری ئیسلامی. هەر کە ئەم دروشمانەی بەرز کردەوە، کاویانی بە خیرایی خۆی گەیاندە پشتی فەرمانی ماشینەکە و نیکونامیش بە دەنگی بەرز وتی: بیدەنگ بە، دەمت داخە. شەریف شەقیکی توندی لە سینگی شارام دا و لەسەر ماشینەکەوە خستیە خواری. ماشین کەوتە جوولە، هەموو هاتنە خواری، تەنیا شەریف و تەناف و دار مانەوە. ماشینەکە لەژیر پیی شەریف جوولا و ئالقەی تەناف لە ملی توند بوو. رەشکینەی چاوەکانی نەمان دەنگی قرتانی دەمارەکانی ملی شەریف و سەرئەنجام کۆتایی ژیانیك مەرگیکی تراژدی، کارەسات، ژیانی سەربەرزانە. هەیئەت و تیمی ئیعدام سوورەت جەلەسەیان ئیمزا کرد و بەسەر پەروەندەکەیانەوە دا. پاش ئیعدامی ئەم تیکۆشەرەش کاویانی خۆی گەیاندە دەفتەری کارەکەی و رووبە یەکیك لە پاریزەرانی جەهل و سەرکوت وتی پەروەندەکانی رەزبەر و خەزەلوەر بینە. پەروەندەیەکی گەورەیان خستە بەردەستی و کاویانی پەروندەکەی هەلدایەوە، چاویکی بە لیستی ئەو کەسانەدا گیرا کە موحاکمە کراون و کەسانیك کە لەماوەی ئەو دوو مانگەدا حوکمەکانیان لەسەر ئیمزا کراوە، ناوی کەسە ئیعدام کراوەکانی بە دەنگی بەرز دەخویندەوە و نیشانەی لەسەر دادەنان کە بریتی بوون لە شەهریاری ئەسعەد موقەدەم، زیاالدین موسوی، رەشید خوداجو، نەسرین تە، فەرەجوللا منبەری، شاپووری شەریعەتی، عەلی نەقی منبەری، فەرزاد منبەری، کەمال زەمانی، حوسەین، بارام قادر پوور و شەریفی وەیسی و سەرئەنجام پەروەندەکەی داخستەوە.

# توێشــووی پێشەنگ

**هەر جارەی تایبەتە بە هونەرمەندیکی شورشگیر**

**تویشوویی داهاتوو تایبەتە بە شاعیر و نووسەری شورشگیر و گیانبەخت کردو مەحموودی سەجادی**

**(م- خارا)**



# شاملو شاعیری ئازادی

ئامادە کردنی: ب. سوهەیل

شاملو نە تەنیا گەورەترین شاعیری ئیرانی سەردەمی ئیمەیە، بەلکو گەورەترین هونەرمەندیشە. دەکری لە زۆر لایەنی جۆراوجۆرەوە باسی بکری و یادی لی بکریتەوە. شاملوی شاعیر، رۆژنامەنیگار، وەرگیر، رەخنەگەر و لیکۆلەرەوە، فیلم نامەنووس.و. و هەروەها خاوەنی گەورەترین بەرهەم بەناوی فەرهەنگی کووچەیە.

بەلام لەم نیوەدا گەورەترین کاری شاملو شیعرەکانیەتی و ئەوەشە کە ناوبانگی شاملوی دەرکرد و مۆرکی خۆی بەسەر هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەودا کوتاوە. ئەوەندە بەسە کە خوینەری یەکیك لە شیعرەکانی وەك پەریا، ئیبراهیم لەناو ئاگر، ئایدا، دار و خەنجەر و بیرەوەری و گەلیك شیعری‌تری بی هەتا لە لوتکەی بەرزی شیعری بروانی و تیی‌دا قەرار بگری.

شاملو بە شیعرەکانی وەك چەکیك و، لە ژیانیشی‌دا کە خۆی شیعریك و پەیامیك بوو لەدژی دیکتاتوری، مەزهەب و چەوسانەوە راوەستا و دەنگی هەلبری کە:

شەو بە گەردنی خویناوی‌یەوە

لەدیر زەمانەوە دەخوینی،

دەریا بیٚ‌دەنگ دانیشتوە و

جووڵەی چلێ

لەناو رەشی بیشەیەکدا

بەرەو رووناکی

هاوار دەکات.

شاملو ئینسانیك بوو نارازی، بەرابەری خواز و دژی خورافە پەرستی، رەنج و ئازاری خەلك هانی دەدا و بیر لیدەکردەوە کە لە زۆربەی شیعر و نووسراوەکانی و بەرهەمەکانی‌دا رەنگی دەدایەوە.

ئیستا ئەوە منم و

ئیوه هەلوەدایانی کار

کە ژاری سووری مانگرتن

دەکەنە جێنشینی ئۆقرەی حەقدەستی خۆتان بە ناچار

ئیستا ئەوە منم و

ئیوە، یارانی ئاغاجاری

کە ئارەقی رەنجی هەژاریتان

لەسەر ناو چاوانتان چرۆ دەکات

لە دامرکانەوەی تاو و یاوی قورسی بێکاری.

شاملو لە بەرهەمی وەرگیرانیش دا هەروەك جیهانی شیعر گیروگرفتە کۆمەلایەتی‌یەکان رەنج و ئازار و نارەزایەتی و خەبات دەبوونە هەوینی ئازادی و رزگاری کە بە پەخشان و دەربرینی جوان و شیعر ئاسایی، خوراگری و جەربەزەیی خەلکی کوچە و کۆلان و کریکارانی کانەکان و مەزراکانی دەردەبری. لە وەرگیرانی شیعرەکانی لۆرکاوە بگرە تا پێ پەتیەکانی استانکو و لی گەری با قسە بکەم و دەیان ناوی ئاشنای‌ترمان گوی لی بی کە خۆی لە پیشەکی لی گەرێ با قسە بکەم چی دەنووسێ:

"وەرگیرانی ئەم کتیبە بە فارسی بە تایبەت وەك ئەرکیکی شۆرشگیرانە حیسابی بۆ دەکری، هەول و تەقالایەکە لەپیناو وشیار کردنەوەی جەماوەری زەحمەتکیش و ئاشنا کردنیان بە هیزی چینایەتی خۆیانە.

شاملو شاعیری، ئازادی ئینسان لە کوت و بەندی ستەمە و لە رزگار بوونەوە بە ئەوین دەکات و لە ئەوینەوە بە ئازادی:

رۆژیك کە کەمترین سروود ماچە و

هەر ئیسانیك بۆ ئینسانیکی‌تر برایە،

رۆژیك کە ئیتر دەرگای مالەکانیان داناخەن،

قفل و شەوژەن

ئەفسانەیەکە و

دل بۆ ژیان مانەوە بسە.

شاملو لە قەسیدە و سروودی ئەویندارانەشی‌دا هاواری ئازادی ئیسانە و تەنیا شاعیریکە کە لە شیعری فارسی‌دا ریز و حورمەتی ئیسانی بۆ ژن دادەنی و غەزەل و حەماسەی ئاویتەی یەکتر کردوە و لە هەمان حالیشدا کۆمەلایەتی‌ترین شیعرەکانی هۆنیوەتەوە و بە پیچەوانەی روانگەی کەسانیك کە دەیانەوی تەنیا وەك هەلسووراویکی بواری فەرهەنگی و ئەدەبی باسی بکەن، هەر لە بنەرەتدا شاعیریکی کۆمەلایەتی و سیاسی بوو وە بۆ هۆنەر رەسالەتیکی ئینسان و کۆمەلایەتی قایل بوو، بەپیی قسەکانی خۆشی "عەدالەت هەمیشە لەنیو میشك و بیروزەینی‌دا" رەنگی دەدایەوە و بێعەدالەتی هەمیشە کار بەدەست بوو هەتا بە جۆریك تۆلەی لی بستینیتەوە. بەلام دەبی بزانین کە شیعرە سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکانی دروشم نەبوو وە بە شاهیدی پسپۆرانی شیعر ناسی سەردەم، لیوالیو لە جوانکاری و وردبینی لە ناسینی جوانیەکان و سەرجەم

ئامراز و شیوازەکانی هونەری تیدا بەدی دەکران. پەخشان و شیعر و هونراوەکانی شاملو بۆ خەباتگیرانی گیانبەخت کردوی سەردەمی پاشایەتی لەوانە شیعری "نازلی قسەی نەکرد" لە زومرەی باشترین شیعرەکانی زمانی فارسی سەردەم ناسراون.

شاملو ویرای ئەوەی کە تا کۆتایی تەمەنی بە ئارمانی ماف خوازانەی چەپ وەفادار مایەوە و شاهیدیش بۆ ئەم قسەیە ئەو بەرهەمە زۆرانەیە کە لە بواری جۆراوجۆری شیعر، وت و ویژ، شەرحی حال و وەرگیران دا خولقاندوونی و قولترین و کاریگەرترین شوینەواریان بەسەر خەباتگیرانی سیاسی و شۆرشگیر هەبوە، بەردەوام شان بەشانی بزووتنەوەی جەماوەری خەلك لەپیناو ئازادی‌دا، ریبازی سەربەخۆی، خۆی پاراست.

ئەحمەدی شاملو رۆژی شەممە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٠٤ بەرابەر بە ١٢/ ١٢/ ١٩٢٥ لە مالی ژمارە ١٣٤ی شەقامی سەفی عەلیشای تاران لە دایك بوو. سەردەمی منالی بەهۆی کار و پیشەی باوکی کە ئەفسەری ئەرتەش بوو، وە هەر ماوەیەك بۆ شوینیك رەوانەی مەئموورییەت دەکرا، لە شارەکانی رەشت، سمیرۆم و ئیسفەهان و ئابادان و شیراز تیپەراند. دەورانی خویندنی سەرەتایی لە شارەکانی خاش و زاهیدان و مەشهەد و دەورانی دەبیرستانی لە بیرجەند و مەشهەد و تاران تەواو کرد و لە سالی سیهەمی دەبیرستانی ئیرانشاری تاران بەهۆی شور و عەلاقەیەکی زۆر بە خویندنی دەستوری زمانی ئالمانی دەچیتە سالی یەکەمی دەبیرستانی سەنعەتی.

لەسالی ١٣٢١ لە هەلسوورانی سیاسی ناوچەکانی شیمالی ئیران بەشداری دەکات و لە تاران دەگیری و رەوانەی زیندانی شورەوی‌یەکان لە رەشت دەکری و لەسالی ١٣٢٤ لەزیندان ئازاد دەبی و لەگەل بنەمالەکەی دەچنە ورمی و لە سەرەتای حکومەتی پیشەوەری و دیموکراتەکان، چریکەکان دەرژینە مالیان و شاملو و باوکی نزیك بە دووسەعات لە بەردەم جوخەی ئاگر رادەگرن هەتا لەبەر کار بەدەستانی سەرەوە بپاریننەوە. هەر ئەو سالە بۆ تاران دەگەرینەوە و بە تەواوی دەست لە خویندنی مەدرەسە هەلدەگری.

لەسالی ١٣٢٦ پاش ئیزدواج، کۆمەلە شیعری ئاهەنگە لەبیر کراوەکانی لەلایەن ئیبراهیمی دیلمقانیان بلاو دەبیتەوە و سالی ١٣٣٠ بوو بە سەردەبیری بەرەی چەپی گۆڤاری "خواندنیها" لە بەرانبەر بالی راست دا و سالیك دواتر راویژکاری فەرهەنگی بالیوزی مەجارستانی بۆ ماوەی ٢ سال پێ سپیردرا.

لەسالی ١٣٣٢ چاپی کۆمەلیك شیعری بەناوەکانی ئاسنەکان و هەستەکان کە لەلایەن پۆلیسەوە لە چاپخانە ئاگری تیبەردان و سالی دواتر وەك زیندانی سیاسی لە گرتووخانەی کاتی شارەوانی و زیندانی قەسردا دەست بەسەر کرا و سالی ١٩٥٥ لە زیندان ئازاد بوو.

لەسالی ١٣٤٠ لە ٢٤ ژمارەی ئەوەلی کتیبی حەوتوودا وەك سەردەبیر کاری کرد و هەرلەم سالەش دا هاوسەری دووهەمی جیا بۆوە و لە سالەکانی ١٣٤١ تا ١٣٤٢ لەگەل ئایدا ئاشنا بوو و سەرەنجام سالیك دواتر لە مانگی خاکە لیوەدا لەگەل ئایدا ئیزدواجی کرد و کۆمەلە شیعری ئایدا لە ئاوینە، ساتەکان و هەمیشەی نووسی. ئەحمەدی شاملو منالانیشی لەبیر نەدەکرد و لەسالی ١٣٤٩ کۆمەلیك داستان و بەسەرهاتی تایبەت بە منالانی تەرجەمە کردەوە و لەسالی ١٣٥١یش دا چەند بەرنامەیەکی رادیویی بۆ منالان و لاوان ئیجرا کرد.

لهسالی ۱۹۷٦ لهسهر بانگهیشتنی هاوبهشی ئهنجوومهنی قهلهم و دانشگای پرنیستون به مهبهستی سوخهنرانی و شیعر خویندنهوه سهفهری بۆ ئامریکا کرد. ههر لهو سالهدا لهگهل شاعیران و نووسهرانی ئاسیای ناوهراست و شمالی ئافریقا لهوانه یاشار کهمال، ئادونیس، ئهلبیاتی و وزنیشینسکی ئاشنا بوو. ههر له جهریانی ئهم سهفهرهدا لهلایهن خویندکارانی ئیرانی له فیلادلفیا و نیویورك بۆ شهوی شیعر بانگهیشت کرا.

پاش گهرانهوهی ئهم سهفهرهی له ئامریکا بۆ ئیران، جاریکیتریش به نیشانهی ئیعتراز به سیاسهتهکانی رژیمی پاشایهتی ئیرانی بهجێ هیشت و دووسال له ئامریکا مایهوه.

لهسالی ۱۳۵۷ له ئامریکاوه بهرهو ئینگلستان دهچی و پاش ئهوهی بههۆی ئیختلاف لهگهل مودیری حهوتوونامهی ئیرانشار دهست لهو حهوتوونامهیه ههلدهگری له مانگی رهشهمهدا بهرهو ئیران گهرایهوه و بوو به ئهندامی هەیئهتی دهبیرانی کانوونی نووسهرانی ئیران. لهسالهکانی ۱۳۵۸ تا ۱۳۵۹ دهبیته سهردهبیری گۆڤاری حهوتووانهی کتیبی جومعه و پاش دهرچوونی ۳٦ ژماره به ناچار تهعتیل دهکری.

لهجهریانی سهفهر بۆ ئالمان و ئوتریش و سوئید و جاریکیتریش ئامریکا له کۆمهلیك سوخهنرانی و شهوی شیعردا بهشداری کرد و ههروهها کۆمهلیك له شیعرهکانی به چاپ گهیاند.

لهسالی ۱۳٦۹ خهلاتی Free Expressionی سازمانی حقوقی بهشهر له نیویورك وهرگرت و سالی ۱۹۹۱ شهوی شیعریکی بۆ خزمهت به ئاوهرانی کوردی عیراقی له Ucla برکلی و Uscی لوس ئانجلیس ویرای موحمودی دهولهت ئابادی لهسهر بانگهیشتنی ئهنجوومهنی فهرههنگی کوردهکانی ئامریکا ئیجرا کرد.

شاعیر خۆی بهمجۆره باس له ژیانی دهکات.

من شاعیریکم. بێهیچ ئیدعایهك. شت گهلیك دهزانم که نۆبهرهی هیچ بههاریك نین و له بهرانبهریش دا زۆر شت ههیه که نایانزانم. بۆخۆم چهند شتیکی خولقینهرم ههیه وهك تیکرای خهلك. وهك زۆربهی خهلکان ناچمه ژیرباری زۆر و دهبی و نابی و لهم قسانه. دهستی کهس ماچ ناکهم، لهبۆ هیچ کهس سوجده نابهم و ئهژنۆ دانادهم و تهنیا شتیك که ترسم لی ههیه ئهوهیه مهبادا کهسیك ئازار بدهم، دهست و دلم دهلهرزی.

دهتوانم بلیم بهرههمهکانی من، خۆی شهرحی حالی تهواوی منه. من پابهند بهو راستییهم که شیعر ههلگرتنهوهیهکی ژیان نیه بهلکو یهکسهره خۆی ژیانه. خوینهری شیعریکی راستگۆیانه، ریك وراست لهگهل ژیانی شاعیر و بهشیك له بیرورا و بۆچوونهکانی رووبهروو دهبی. پاییزی توره و تۆسن له دواین گهرمای تیشکهکانی سهرماوهزدا ببوو به خۆلهمیش بهرهبهره زستان به ئهسرینی ورد و توندی پهله ههورهکانی بهفرانبارهوه سهری دهرکهوتبوو که من و چارهرهشی پیکهوه هاتینه سهر روی جیهان.

هاتمه سهر روی زهوی بۆ لهدایك بوونم جیژنیك نهگیرا، مۆمیك دانهگیرسا بیجگه لهو چرا نهوتیه و بیجگه له ژنانی هاوسێ کهسیتر دهعوهت نهکرا.

مەسەلەیەك کە بێگومان بە دلنیایی‌یەوە زەمینە خۆشکەری سەرەکی روحیاتی من بوو وە کاریگەری چارەنووس سازی لە ژیانم دانا، بەشداری بە ریکەوتی من لە مەراسیمی شەلاق کاری سەربازیك لە خاش بوو. باغیك لە خاش هەبوو بە ناوی باغی دەولەتی کە خزمەتکاری باوکم دوانیوەرۆیان من و خوشکەکانمی بە مەبەستی سەیران بۆ ئەو باغە دەبرد. سەربازخانە لە ئاخری باغەکە بوو کە دیوار و حەوشەیەکی نەبوو، مەیدانی مەراسمی بەیانی و ئیوارە لە نیوانی باغ و شوینەکانی خەوتن دا قەراری گرتبوو. بەلام قورسایی دلرەقی و بێبەزەیی‌یەك کە ئەوکاتە نەمتوانیبوو لە ماناکەی تێبگەم هەتا ئەمرۆش لەسەر دلم ماوەتەوە. تەوکاتە بێئیختیار بە هاوار و گریانەوە خۆم هەلدابوویە ئامیزی خزمەتکارەکەی باوکمەوە. خزمەتکار کە دیتی گریان و هاواری من کۆتایی پێنایە منی بۆ مالەوە گەراندەوە بەلام دیمەنی ئەو سەربازە کە لەسەر تەختەیەك راکشابوو، وە چوار- پینج جەللاد بەر بیوونە گیانی و شەللاق کاریان دەکرد لەبەر چاوم ون نابی. بەهەرحال ئەو دیمەنەدلتەزینە زۆر کاریگەری لەسەرم دانا.

شاملو شاعیری راستەقینەی جەماوەر بوو، بە دریژایی تەمەنی سەرکەوتنەکانی خەلکی خستە چوارچیوەی شیعر و ریزی لە خۆراگریان دەگرت و خەبات و موبارزەیان بە مەبەستی پچراندنی زنجیر لە جوانترین وشەی کونجاو لە شیعرەکانیدا رەنگی دایەوە. "لەبەرانبەر تۆفان و رەهیلەدا رادەوەستن، مالەکان روون دەکەنەوە و دەمرن."

شاملو سەرەرای ئەو زەخت و زۆرەی کە لەلایەن رژیمی کۆماری ئیسلامیەوە بەسەریدا سەپابوو، هیچکات دەستی لە ململانی و کیشمەکیش لەگەل ئەو رژیمە هەلنەگرت و هەربۆیە هەتا دوایین ساتەکانی تەمەنی شاعیر لەناوخۆی ئیران بەو جۆرە کە پیویستە ریزی لی نەگیرا و بە پیچەوانە لەژیر فشاری کار بەدەستانی رژیم دا بوو، بەرهەمە بەنرخەکانی بەردەوام تیغی سانسۆریان لەسەر دادەندرا و گەلیك جارانیش مولەتی چاپیان پی نەدەدرا، تەنانەت رژیم ترسی لە مەرگی شاملو بوو، هەربۆیە بە بنەمالەکی رایگەیاند کە مەراسمی پرسە و سەرەخۆشی‌یەکەی نابی بە هیچ شیوەیەك رەنگ و رووی سیاسی بە خۆیەوە بگری.

سەرەنجام بە داخەوە شاملو شاعیری ئازادی لە ٣ی گەلاویژی ١٣٧٩ بۆ هەمیشە چاوەکانی لەسەریەك دانا و مالئاوایی لە جیهانی شیعر و موبارزە کرد. بەلام هەرچەند شاملو بە لەش لە نیوماندا نەماوە بەلام یاد و ئەندیشە ئینسانی‌یەکانی هەمیشە لەناو دلی خەلك دا زیندوو دەمینیتەوە. یادی بەخێر.

**ماسی**

وەبیرم نایە قەت ئاوا بووبێ دڵی من

بەم چەشنە

گەرم و سوور

وا هەست دەکەم

لە درێوترین ساتەکانی ئەم

شەوە مەرگبارەدا،

هەزاران کانیاوی خۆری بڕوام

لەناو دڵدا هەڵدەقوڵێ

وا هەست دەکەم

لە هەر سووچ و قوژبنێکی ئەم

شۆڕەکاتی ناهومێدیەدا

لەناکاو دەڕوێ.

* * *

ئاخ  ئەی بڕوای ون بوو،

ئەی ماسی رەوەکی لەدەس دەرچوو.

کە توێ توێ

لە تاڵاوی ئاوێنە خزاوی

من ئاو ڕوون کەرەوەم

ئەوا بە سحری ئەوین

لە تاڵاوی ئاویندا

شێلەگەیەك بۆ من هەڵبەستە.

* * *

وەبیرم نایە قەت ئاوا بووبێ

دەستی من

بەم چەشنە

گەورە و هەرا و

وا هەست دەکەم،

لە چاوانی منا

بە تکە فرمێسکی خوێنین

سروودی ههتاوی بێئاوا بوون

وهگیان دێ

وا ههست دهکهم

لهههر دهمارێکدا

لهههر جاره لێدانیکی دڵمدا

ئیستا:

زهنگی وهڕێ خستنی کاروان لێدهدا

* * *

شهوی رووتهڵهم هاتۆته ژوور

ههر وهکو رۆحی ئاو

دوو ماسی له سینگیدا و ئاوێنهیهك

به دهستیهوه،

زۆلفه خاوهکانیشی قهوزه بوون و

وهکو قهوزهش لیك هالاو،

لهبهر دهرکی ناهومێدیا له بانگم دا

ئاخ ئهی بهبڕوا گهیشتوو

تازه دات نانێمهوه.

رهحمان تهرهقه

زستانی ٧٤

# شاملو لهبهر خۆیهوه

و: ب. سوههیل

دهلین چی شاعیر دهخولقینیت، خوینهری شیعرهکانی یا خود ئهو ژینگهیهی تییدا پهروهرده دهبیت؟ نازانم، ساکارترین وهلام بۆ ئهم پرسیاره تا رادهیهك سهرسور هینهره بهلام، نووسهریکی بریتانیایی شتیکی بیر ئهنگیزی وتوه. دهلیت: له

سەردەمی مندالی هەر کەسیك دا ساتە وەختیکی لە چارەنووس دا هەیە کە تیی‌دا دەروازەیەك بەروویدا دەکریتەوە هەتا داهاتووی پیدا بچیتە ژوورەوە.

من سەردەمانیکی سست و بێ‌چالاکی دەورانی منداليم گوزەراندوە و تاق لاویشم لە تەنیاییەکی بێ‌بەزەیی‌دا. کەسیکم نەبوو رینوینیم بکات و دەستم بگریت واتە ئەو سالانەم بە فیرۆ چوو. هەر لە تەمەنی ١٠ سالی‌یەوە دەمنووسی، بەلام کاتی یەکەم شیعری خۆمم نووسی لەسالی ١٩٥٠دا تەمەنم ٢٥ سال بوو. پانزە سالم لەدەست چووبوو.

یەکەمین شیعری خۆم چونکە دۆزینەوەی "خۆ" بۆمن، کەم تا زۆر، لەم سالەوە دەستی پیکرد و تا سالی ١٩٥٧ کە "هەوای تازە"م چاپ کرد کە هەشت سال بەسەر ئەم ئەزمونە سەخت و پرتیکوشانەدا رەت ببوو، ئەو ئەزموونەی کە لە کۆتایی‌دا ناچار بووم هەر خۆم سەباەرت بە سەرکەوتن و شکستی پا دەربرم.

فەزای ناو بنەمالەکەمان، جگە لە شاعیر دەیتوانی بمکاتە هەر شتیکی‌تر. سەردەمی گوزەراندنی سەرەتایی بۆمن وەك دۆزەخ وابوو، سەردەمی ناوەندیش لیك ترازان. پیم وایە شیعر لە مندا، ساریژبوونی برینی موسیقایە. دەبوو ئاهەنگساز بوومایە بەلام دەست کورتی خیزانەکەمان ئەو ریگایەی لیگرتم. دواتر ریگای ئەدەبم دۆزی‌یەوە. رەنگە ئەگەر "میرزا شەریف خانی عیراقی" باپیرم، کە هەر ئەو سالانە مرد، نەمردبا دەستی دەگرتم. بەلام شتیکی‌تر کە هۆکاری سەرەکی زەمینە خۆشکەری باری روحی من بوو، وە کاریگەری یەکلا کەرەوەی لەسەر ژیانم هەبوو، پیچ سالیك لەوەوبەر رووی دابوو. ئامادە بوونی نابەدلی خۆم لەری و رەسمی دارکاری کردنی سەربازیك بوو لە "خاش" بە پەرچەم و دەهۆل و زوورنا و داب و نەریتی ئەرتەشی‌یەوە.

سەیرانگایەك لە "خاش" هەبوو بەناوی "باغی میر" و زۆرجار باوکم من و خوشکەکانمی بۆ گەران دەبرد بۆ ئەوی. سەربازخانەکە دەکەوتە ناوەراستی باخەکەوە، نە دیواری هەبوو نە پەرژین. گۆرەپانی کۆبوونەوەی بەیانیان و ئیوارانی سەربازەکان دەکەوتە نیوان باخەکە و خوابگاکانەوە. تەمەنم ٦ سال بوو، نەمدەتوانی باری قورسی ئەو ئازارانە لیك بدەمەوە، تا ئەمرۆش وەکو گری لەسەر دلمدا ماونەتەوە، تەنیا ئەوە نەبیت بە هاوار و گریانەوە خۆم فری دابوە باوەشی خزمەتکارەکەی باوکمەوە، بەر لە شەست سال، هەروا دەزانم دوینی بوو! دوای ئەوەی بە دەستمەوە هەراسان دەبیت و بۆی ژیر نابمەوە، دەمباتەوە بۆ مال.

دیمەنی ئەو سەربازەی تەختی زەوی کرابوو لەبەر چاوم لانەدەچوو کە سەربازیکی وەکو خۆی بەسەر سەری‌یەوە بوو، وە یەکیکی‌تر هەردوو لاقی گرتبوو. یەکیکی‌تر بێ‌بەزەییانە بە قامچیەکی چەرم و دریژ دایدەپلۆسی.

بەهەر حال چوار- پینج سال دواتر لەشاری مەشهەد بەدەست منالیکی بەریوەبەری مەدرەسەکانەوە ژیانم تال بوو، ئەو رووداوە بۆ جاریکی‌تر سەری هەلدایەوە. بەلام چۆن چۆنی. ئەوجارەیان خۆمم تەختی زەوی بینی. بۆیە کەم جار داستانیکی خەیالی هابیل و قابیلم بیست، وابزانم خۆم لە "خاش"دا داستانی راستەقینەی ئەوجۆرەم بەچاوی خۆم بینیبوو. جاری

وابوو بیرۆکەی بیزاری لەو چوارچیوەدا بەرجەستە دەبوو، جاری واشبوو هەست کردن بەبێ تاوانی پیشتر و لە ریگەی ئەوەوە دەستم لە شتیك لە قولایی ناخمدا گیربوو کە ئازاری دەدام ئەویش لاوازی بوو، بەرهەمی دەمارگیرییەکی گێلانە.

لەسالی ١٩٥٤دا، دەمەوبەیانیەك لە بلندگۆوە، هەوالی لە سیدارەدانی مورتەزا کەیوانم بیست، دەم و دەست ئەو بیرەوەرییەم بە لاوە زیندوو بۆوە و ئیوارەکەشی کاتیك رۆژنامە گەیشت، وینەی مورتەزام بەرچاو کەوت کە دەست و لاق بەستراو بە سیدارەوە بوو، ئەو سەربازەم هاتەوە یاد کە دەچو بەگژ زەبر و زەنگدا، جیاوازییەکم لەنیواندا نەدەبینی.

دەتوانم بلیم بەرهەمەکانم بۆ خۆیان سەربردەی ژیانن. من بروام بەوەیە کە شیعر مشتیك لە خەرواری ژیان نیە، بەلکو راستە و خۆ خودی ژیانە. خوینەری شیعری رەسەن، راستگۆیانە لەگەل مانای ژیان و بەشیك لە بیرو باوەری شاعیردا رووبەروو دەبیتەوە.

لەوەی کە زەمینەی راستەقینەی شیعر من دەخولقینیت، زۆر بە سادەیی دەلیم کە ژیانی من بریتی‌یە لە دلەراوکی و نیگەرانی. بینینی دەست کورتی و ناعەدالەتی و نەزانی، لەهەموو تەمەندا شانسی خەونەکانی من بوە و بە ئاگاییەوە دەیگوزەرینم. ئەوانی‌تر هەموو شتی لاوەکین، دوور نیە رۆژی لە رۆژان ئینسان جیهانی شایستەی خۆی بخولقینیت. هیشتا هەل بەدەستەوە ماوە، ئەگەرچی لە تەمەنی ئیمەماناندا روو نەدات، بەلام ئیمە هەر بەو هومیدەوە دەژین. بە ئومیدی ئەو رۆژەی کە ئینسان دەرك بەوە بکات کە گیرۆدەی دلەراوکی‌یەکی بێ‌پایەیە کە مل کەچ بوونی پەتی نۆبەریەتی. چەند پیرۆزە ئەو رۆژە کە لە ئاهەنگ هەلهاتنی‌دا ئامادە بین.

ئەم باسانە تازە نین قسەو باسی بەر لە چل سالن. لەو سالانەدا گومانم هەبوو لەوەی نزیکە بروا بە چارەنووس بکەم. ئەمرۆ دەزانم ئەوە چارەنووس نەبوو، بەلکو گیرۆدەیی بوو بەدەست کورتیەوە، جۆرێ بوو لە هەست کردن بە تالاوی بێ دەرەتانیەوە.

کویرەوەری مرۆڤ و دەردی کۆمەلگا لیرەوە دەست پیدەکا کە بە پاکبوون و بێ‌ئاواتی ئینسان، ناتوانیت خۆی لە تاوانبار بوون بە کافکائیزم بپاریزیت و لەبێ بەختیدا، ریگای دەرباز بوونیش نیە. لەمە ئابروبەرانەتر جنیویك شك دەبەیت بۆ مرۆڤ کە بەو گەورەیی‌یەی خۆیەوە ئاوا بە چاویکی سووکەوە تەماشا دەکریت!.

ئیستا کە دەبینی ئینسان حەوالە بە وەها ئازار و ئەشکەنجەیەك دەکریت، وەکو ئاژەل، بۆ بەرپەرچدانەوە لە دریژەدان بە کویلایەتی خۆی، بە ئاسانی رەوانەی قەسابخانەی دەکریت، دووبارە هەموو دلەراوکی و بیزاری و ناکامی‌یەکان سەرهەلدەدەنەوە. دلەراوکییەکی پر لە بیزاری و نائومیدی کە ئەمجارەیان بە قەوارەیەکی گەورەتر و ئازاریکی قورستر و بە بەرگە گرتنیکی زەحمەت ترەوە دەبینریت. نموونەی میژووی ئەم دیاردانە "لاوانی لایەنگری هیتلەرە" کە لە مالی خۆشیاندا، بۆ دارو دەستەی پولیسی سیاسی و دەزگای جاسوسی نازی‌یە پیاو خۆرەکان، جاسووسیان بەسەر باوك و دایکی خۆیانەوە دەکرد و قسە و باسیان دەکرد بە راپورت. دەست و پەیوەندەکانی ستالینیش نموونەیەکی میژوویی‌ترە. ئەوانە میلیونها کەس لە هاولاتیان و خەلکی‌تریان لەژیر پیی بوتەکانیاندا کردە قوربانی، ئەوانە مشتیکن لە خەروار، ئەوانە هەموو

نەخشەیەکن لە خوولی پووچی ئەم مەینەتیە سەپێنراوە. مرۆڤ ئەگەر بە خۆدا نەچێتەوە، ئەوا سەرانسەری مێژووی خۆی بەدناو دەکات.

بەو کایە کردن بە وشەیە بە ئاکام ناگەین. ئیمە لەناو کۆمەلدا دەژین، کە واتە چ بمانەویت و چ نەمانەویت لەژێر رکیفی کۆمەلداین، ئەویش لە کۆمەلیکدا کە تەنیا وتەی خۆی بەلاوە پەسندە. واتە ئەگەر پیکەنین ئەوا تۆش دەتوانیت گەزیك دەمت بکەیتەوە، بەلام ئەگەر ویستت بگریت، ئەوا دەبی خۆت لە کونجیکی مالەکەتدا قایم بکەیت و دەرگا لەسەر خۆت دابخەیت و دەنگی گریانی خۆت بخویەوە، تاکو دراوسیکەت گوی بیستی سکالا و هاوار هاوارت نەبی، واتە ناچار و گیرۆدەی دەستی چارەنووسین. ئەگەر دەتەویت ناوی دەردەداری بەهۆی دەست و پیی کۆت و بەندکراوەوە، لی بنییت، دەتوانیت ئەو ناوەی لەسەر دابنییت. بەلام بە ناو لینان دەردەداری‌یەکانت ساریژ نابن. ئەتۆ دلوپەیەکی لەئاوی رووباریك، واتە خانەیەکی لە نیوان دەیان میلیون خانەی‌تر. ئاوی رووبارەکە راتدەمالیت وبە راست و چەپتدا دەکیشیت، لە بەرزایی و قەلبەزەکاندا سەرەوخوارت دەکاتەوە. راستە ئینسانی ئەمرۆ قەرزداری مرۆڤی دوینی‌یە و ئیسانی سبەینیش قەرزداری مرۆڤی ئەمرۆ دەبیت، راستە نموونەی ژیانی مرۆڤەکانی سبەینی ئیمە سازی دەکەین، من حاشا لە بیر وباوەری خۆم ناکەم کە ئینسان رۆژانە لە خەو هەلدەستیت و سالانە بە دەوری زەویدا دەسووریتەوە. پیویستە هەر نەسلیك لانی کەم جاریك میشکی تەکانیك بدات بەلام ئەگەر نەوەی سبەینی لە ئەزموونی نەوەی ئەمرۆ سوودمەند بن، پیویستە ئەزموونەکان گەلی ئاگایانە بەکار ببەن، نەك کویرانە. ئەگەر چی ئەم رەوتە هیندە خاوە کە من جاری وا هەیە سەرم سور دەمینیت کە چبکەم! بە چ شیوەیەك لەسەردەمی عەسری بەردینەوە گەیشتوومەتە ئەم سەردەمە! لەم کۆمەلگایانەدا منالان فتوکۆپی باوکەکانیانن و گەروابیت دەستمان لەبنی هەبنانەکەوە دەردەچیت. ولاخمان بە دووچەرخە و دووچەرخەمان بە ماتۆر و ماتۆرمان بە ماشین گۆری و گەشتی هەوایی جیگەی گەشتی زەمینی گرتەوە و پیمان وایە لەگەل کات دا هاوگەشتین، بەلام خۆمان لە خشتە دەبەین. لاسایی کردنەوەی ئەوانی‌تر بە مانای هاوری بوون و هاوکار بوون نیە. ئیمە دراوسییانین نەك هاوکاروان! ژنیکی ئالمانی دەلیت: ئیمە راهاتووین ئەو دەنگەی خۆمان ببیستین کە دەپرسیت "ئەم ساتە وەختە چی پیشکەش بە من دەکات"؟ ئەی بۆچی خۆمان رانەهینین لەسەر ئەوەی ئەم پرسیارە ئاراستەی خۆمان بکەین کە "ئیمە لەم ساتە وەختەدا چی پیشکەش بکەین؟" لەلای ئیمە شتەکان پیچەوانەن، تەنانەت لەسەر ئەوەش رانەهاتووین کە بلیین: ئەی باشە ئەوەی لەم ساتە وەختەدا پیشکەش بە ئیمە دەکریت چیە؟. ئەوانی‌تر شتیکمان پیشکەش دەکەن و ئیمەش بە ناچاری‌یەوە پەسندی دەکەین و سوودی لی وەردەگرین، ئیتر بە بای خەیالماندا نایەت کە ئیمە هیچ بە جیهان پیشکەش ناکەین!

ئیمە وەکو رۆستەم چۆن منالەکەی خۆی کوشت، قاتلی داهاتووین. چونکە بە ئاشکرا و بە نهینی، هەموو پیمان دەلین"بی‌دەنگ"! ئاخر خۆشمان بە خۆمان دەلین "لەبەردەم گەورەتردا، دەمت داخە!" گەورەکان هەروا بوون و لەوەها گیژاویکدا پەروەردە و گەورە بوون و دواتر مردوون. ئیمە میراتگری ئەو کەسانەین کە بە مردوویی لە دایك بوون.

جیهان هەرساتە و گیرۆدەی کیشە و قەیرانی وادەبیت کە جاری وا هەیە، چارەسەر کردنیان لەخۆی‌دا قەیران دەخولقینی.
کێ لەبیری ئەوەدا بوو کە خەلکی بیچارەی ئەم سەرزەمینە لە جیاتی پیشوازی لە ئازادی، ئەم وشەیە بە دەست دریژی کردنە

سەر ماف کەسانیتر لیك بدەنەوە، چەك لە یەكتر راست بكەنەوە و بكەونە گیانی یەكتر؟ شەری تورك و كروات و سیرب و هرزەگۆین "بەرپا بكەن و دواتر ئامریكا بەو هیزە سەربازییە زەبەلاحەوە، ببیتە سەر پالە و بۆ جیهان سیستمی نوی دابریژیت؟ كی نالیت كە ئەوەش خولیكی كۆیلایەتی دریژخایەنی شەر بوو؟

ن: ئەحمەدی شاملو

## "شەوانە"

من هەڤاڵی گژ و گیای نێو بیانان نیم

هەرچەند ژانی ئەم رووان و رەگ كوتانەم لە گەڵایە و

ترس و سامی بێسەمەرمان.

بەڵام هیشتا لەم خەم خانە كاولەدا

بەشیوەیەك راوەستاوم،

ئەڵێی پیرە مازوودارم و لە تەنگە دۆڵ بەند كراوم

رەگ و ریشەی پۆلاینم

لە بەردەكانی تاریكا

بەرەو ئامانجیكی پیرۆز هەموو كاتی سەفەر ئەكا!

سەفەرێك نیە مەرگی من

كۆچ كردنە لە ولاتیك ، كە من هەرگیز خۆشم نەویست،

بە بۆنەی دانیشتوانی!

ئایا ئیوە لە كەنگیوە داب و یاسای ئینسانیتان وەلا ناوە؟

باڵی هەڵفرینم نیە

بەلام وا دلێكم هەیە و داخ و حەسرەتی قورینگان!

خۆزگە جی هیشتن و رۆیشتن

بەشیوەیەك كە بالندە كۆچەرەكان

لەنیو دەریای مانگە شەودا سەول لێدەدەن.

ئەی سەد خۆزگە خەویكیتر

لە ناخی زەلکاویکیتر

ئەی خۆزگە ئەستیرەیەکیتر

لە قەراغ بەستینیکیتر

لە کەنار دەریایەکیتر

خۆزگە فرین و سەربەست ژین

خۆزگە ئەگەر نەمان توانی سەربەست بژین، ئازاد بمرین.

ئەی مخابن، ئەم باڵندە، لەم قەفەسە تەسک و تەنگە

هەلکورماوە و هەر بێدەنگە!؟

*

دەر و نیشیان بە بەرینی ئاسمانیکە

کە هیشتا خوا هیچ ئەستیرە و هەتاویکی تێنەخستون.

گشت کویلەکانتان فرۆشتووە و وا ئەنوینن کویلەداری

ئاماژەیە بۆ لەناو چوون و کاول بوون

وە ئیستا کە باسکی بەفیز حەوا دەدەن

وا ئەنوینن کە لە خێڵی کویلەداران نەبوون و

سەودای مرۆڤ بە نەنگ و عار لەقاو ئەدەن ئەی ئافەرین!

*

بۆ خاتری خوا، لە کەنگێوە، ئابەم شیوە

داب و یاسای ئینسانیتان وەلاناوە

خۆ ئەگەرچی پیوەنیکم لە پیدا نیە

بەلأم سۆزی سرودی کۆیلەکانم لە دڵدایە

ئەگەر هیوای رزگار بوونم لا نەماوە

بەلأم دەستیك هەیە کە فرمێسکم لەچاو بسترێ

ئەگەر موژدەیەکیش نیە

تەسکینیك هەس

بۆ ئەوەی کە من لە میراتی کوێرەوەری رۆژگاران

دالدەی عیشقیکم کەوتووە

ئەمروێنێ و

حەودای تەرازووی ژیانم

بەرەو تاکەی سبەی رۆژم دا ئەنوێنێ!

وەرگێر: زەرتوشت

# ئاسۆی روون

رۆژێك ئیمە دیسان کۆترکانمان دەدۆزینەوە و

میهرەبانیش دەستی جوانی دەگریتەوە

* * *

رۆژیکی کە کەمترین سروود ماچە

**هەر ئینسانیك بۆ ئەوی دی برایەکە**

رۆژیکی کە ئیتر درگای مالەکانیان هەلناپیکن

قوفل ئەفسانەیەکەو

دلیش بۆ ژیان بەسە

رۆژیکی کە مانای هەر وشەیەك خۆش ویستنە

تاتۆ لە بەر ئاخرین وتە بە شوین وشە دا نەگەریی

رۆژیکی وا کە ئاهنگی گشت وتە یەك ژیانە

تامن لە بەر ئاخرین شیعر، ئازاری گەران بە دوای سەر وادا نەبینم

رۆژیکی کە هەر لیویك، گورانی نیە

تا کەمترین سروود ماچ بی.

رۆژیکی کە تۆ بیی، بۆ هەمیشە بیی و

میهرەبانیش لە گەل جوانیا ئاویتە بن.

رۆژیکی کە ئیمە دیسان دان بۆ

کۆترکانمان بریژین

من چاوەریی ئەو رۆژەم

بگرە رۆژی

کە ئیتر

نەشمابم

ن"ئەحمەد شاملوو"

و–سەعید ئەمانی

# وت و ویژی بەهرام رەحمانی لەگەڵ ئایدا سەرکیسییان

و: ئارمان جەهانی

پ: خاتو ئایدای خۆشەویست، بە بۆنەی مەرگی شاملوی مەزن پرسەی خۆم ئاراستەی ئیوە و هەموان دەکەم و لەسەر ئیزن و دەپرسم، پیناسەی شاملو بۆ ئەوین چ بوو؟

و: ئەوین بۆی بزوتن و گروتین و ژیان بوو. تەقینەوەی گرکانی ژیانی ئەویندارانە، وزە و توانای هەلفرین و نیشتن لەسەر لوتکە سەر کەش و ئەستەمەکانی پیدەبەخشی. دەیکرد بە کانییەك كە:

"هەر ژێیەکی گیانی بۆ سرودیکی نوێ لی دەدا".

من و تۆ ببینە یەك

لەهەر گرکانیك مەزنتر

کە هیچ کات بەزەیی بەسەرمانا زال بوونی نیە

چۆن پۆلاوپۆشی

عەشقە جەستەمان

***



کتیبی رەسالەتمان میهربانی و جوانیە

تاپزدانی خاك

تۆوی ڤین دیسان

"گەرای تییا نەخات"

پ: ئیمە شاملومان لە ریگای شیعرەکانییەوە دەناسی، لەریگای وەرگیران و لە کۆی دەنگەکانیەوە“ شاملو وەك مرۆڤیك چۆن بوو؟

و: پرگروتین، پرکار، داهینەر، جەسوور و بە جەربەزە، کەماڵ گەرا، خۆش سەلیقە، بەردەوام رازاوە، ریك و پیك، دەست ودل ئاواڵە، خاوەن را، خاوەن سۆز و میهر و بێریا، هەولدەریکی بێوچان، لی بوردە.

جارجار زۆر بێتاقەت و بزۆز، جارجار لەسەرەخۆ و تا سنوری لە تاقەت بەدەری! سستی ولاوازییەك کە لە مرۆ نەدەچو و هەلنەدەهات و باوەری بە کەرامەتی مرۆڤایەتی لە هیلی بێ کۆتایی موعجیزە دابو. بەردەوام لەروی شتە زالەکان دەوەستا، بەردەوام نارازی بوو. خەبات و شۆرشی خۆش دەویست. هەولی جیددی بۆ کارەکەی دەدا. سەرەرای هەمووی ئەوانە زۆر تەنیا بوو، هیچ کات نەیدەتوانی هەست بە چرای ژیانی بکەی.

چ بەختەوەرم کە بۆماوەی چل سال لەگەل ئەم دیوەزمە سەرسور هینەرە و لەژیر سایەییدا ژیام و شانازی پیدەکەم کە ئەو بەختە نەسیبم بوو کە لەگەل ئەو بگریم و پیبکەنم. لەکات و شوین دا ناگونجی.

"دەکری غەمگین هەلکردن لەگەل تەنیایی"

تەنیایی

تەنیایی

تەنیایی‌کی روت

وە بیدەنگی‌یەکەی گشت هاوارەکان بوو.

ئەگەر بدیبا ئیتر بایەخی رزگاریت نەبوو

پ: لایەنە بەهیزەکانی کاری شاملو لەبەردەم ئیمەدان، بەلام پرسیار ئەوەیە کە ئەو بە چ شیوەیەك لە بەریوەبردنی ئەو هەموو کارەدا سەرکەوتنی بەدەست دینا، ئایا شەو و رۆژ بۆ ئەو زیاتر لە بیست و چوار سەعات بوو؟

و: شەو و رۆژ بیست و چوار سەعات بوو، بەلام هەموو دنیا دیسان بۆ ئەو کەم بوو. بەردەوامی لەکار کردن دا، شیلگیری سەرسور هینەری کە ماندویی نەدەناسی و تەنیا کارکردن ئاسودەیی پێ دەبەخشی. لەم تاکەدا چەند دەست خەریکی کار کردن بو. کاری وەرگیرانی دەکرد، کاری پیداچوونەوەی دەکرد، کاری کتیبی "کوچەی" دەکرد، لیرە و لەوی چەند کتیبی دانابوو دەیخویندەوە و یادداشتی هەلدەگرتەوە. گویی لە موسیقاش دەگرت. هۆگریەکی زۆری بە موسیقی کلاسیکی جیهان هەبوو بە هەموو وجودی‌یەوە ئاویتەی دەبوو.

لەژیانی من دا تەنیا کاری شاملو گرینگی هەبوو هیچ کات بەرنامەیەکم بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو لە کارکردن بوەستی، هەموو بەرپرسایەتی‌یەکانی ژیانی هاوبەشم قبول کردو و بۆ ئەوەی کە ئەو بە ئەرخەیانێوە تەنیا خەریکی بەریوەبردنی کارەکانی بێ.

پ: هەموان دەزانن کە نە تەنیا بەشیکی زۆری ژیانی شاملو بە گشتی، بەلکو فەرهەنگی گەورەی کوچە بە شیوەیەکی تایبەتی منەتباری بەشداری ئیوەیە، کاری گەورەی فەرهەنگی کوچە بە چ شیوەیەك مسوگەر بوو؟ سەرچاوەکانی چ بوو؟ چەندی کار ویست؟

و: لە یەکەمین سالی ژیانی هاوبەشمان، دەزانن کە بەر لەوەش لە تەمەنی لاویەتی‌دا شاملو خەریکی کۆکردنەوەی بابەتی کتیبی کوچە بووە، بەلام هەروەك لە پیشەکی کتیبی کوچەدا نوسیویەتی سەر لەنوی هەموو لەناو چووبوو جاری سیهەم لە سەرەتاوە دەستی پیی کردەوە.

لەماوەی نزیك بە چل سال دا هەر شتیك کە بیستبای یان خویندبایەوە و پەیوەندی بەو کارەوە هەبا دەینوسی‌یەوە هەر وشە یان شتیکی جیی باوەریان مەتەل و دوعا، بیزاری، خەون دیتن، ئیستلاح کە لە سەرزاری خەلکی ئاسایی بوو، بەلام نە لە مەدرەسە فیری ببوین نە لە کتیبەکانی بارهینان دا.

ئەو کتیبە ئاوینەی بالانوینی کۆمەلگایەکە کە لەو ناوچە جوغرافی‌یەدا ژیان بەسەر دەبەن و لەماوەی سەدەیەك بە دوای یەك دا پیك هاتوون و بوون بە رەوتیکی لە دایك بوو و زیاد بوو کە هیچ کات ناتوانی بلی کۆتایی پیٚ هاتوە چونکە بەردەوام لەزمانی قسە پیٚ کردن دا ساز دەکری و جۆریك هاوپشتی کلتوری پیك دینی. جارو بار بنەمای میژویی هەیە، جاروباریش بنەمای مەزهەبی یان جوغرافیایی.

کاریکی گەورەیە و ئەوین و هۆگری و سەرنجیکی زۆری دەوی. لەماوەی سالەکانی رابردوودا شاملو زۆرجار چل و هەشت سەعات و تەنانەت زۆرتریش نەدەخەوت و کاری دەکرد. کاری پشوبر. کەلکی لە هەموو سەرچاوەیەك وەردەگرت، وەك چیرۆك، رۆمان، میژوو، سەربردە، سەفرنامە یان فەرهەنگەکان و کتیبە تەخسوسی‌یەکان، بۆ وینە کەل و پەلەکان فەرز بکەن کە هەر شتەی لەخۆرا نیویکی لەسەر دادەنری یان لە میعماری سوننەتی‌دا دەریایەکە لەو دەستە واژانەی کە خەلك دایانتاشیون.

پ: دەزانین و دەشزانی کە رێ و رەسمی بەخاك ئەسپاردنی شاملو، نە تەنیا لەمیژوی ئەدەبیاتی ئیران دا، بەلکو لەمیژوی ئەدەبیاتی جیهانیش دا، تا ئەو جییەی ئیمە دەزانین، روداویکی بێوینە بوو، ئایا ئیوە پیش بینی ئاوا روداویکتان دەکرد؟ ئایا ئەو بۆ خۆی هیچ کات بیری لە رۆژیکی ئاوا کردبووە؟

و: هیچ کات بیرم لە ئاوا رۆژیك نەکردبۆوە.

خەلکی ئیمە هەمیشە قەدرزان و بێریا و پاریزەری بایەخەکانن و کەسیکیش کە لە تەواوی تەمەنی‌دا بۆ کلتوری ئەو خاك و ئاو لەگیانی مایەی داناوە بە جوانی دەناسن. شاملو مرۆڤیکی بەختەوەر بوو. چونکە لەمیژ سال بوو کە خەلاتی نوبیلەکەی لە گەلەکەی خۆی وەرگرتبو.

٢٨/ ٦/ ١٣٧٩

سپتامبری ٢٠٠٠

## "ئەتۆ وتت با مردووە..."

تۆ وتت کە:

"با، مردووە!

میچی سرداپۆشی لەسەر

ئاشی خۆین هەڵنەگرتوە،

دەرگەی قەڵای زوڵم و جەوری نەشکاندوە،

یان، کوشکیکی بەسەر عەرزا سەرا وەژوو نەکردوە

با مردوە!"

* *

ئەتۆ وتت:

"بەسەر تیشە شاخانەوە،

بە پەیکەری خوینینەوە،

با مەییوە و پەککەوتوە!"

* *

تۆ چەندین و چەندەها جار

بەو ژینەوە شەرمەساری مردوان بووی.

(من ئائەمەم

چەشنی یاویك،

راست وەك یاوێك،

لە جۆگەی خوێن لە رەگم دا دەرپچێنێ

هەست کردووە).

کاتی بێ‌هیوا و پەریشان ئەتوت:

"–با مردوە!

بەسەر تیشە شاخانەوە،

بە پەیکەری خوێنینەوە

با، مەییوە و پەککەوتوە!".

*

ئەوانەی بەشەبای خۆیان

لەناو سیاچالەکانی قامچی و زەرداوی زیندان دا

گۆڕییەوە، بە دوو زیندانوان،

بە فیزێکی پڕژانەوە لە وەڵامی تۆدا وتیان:

"با زیندووە و

تا ئەو کاتەش با زیندووە

لە کارخانەی هزری خەڵکا دواین تۆفان

بە بروسکە دەنووسێتەوە

لووتی شاخی لە خۆبایی لە قوڕوەردراو دەلێتەوە.

(هزر و بڕوای ئەو کەسانە

تیکەلاوێکە

لە خوێن و دەنکە بەرد و سزای تاوان).

*

ئەوان وتیان:

"–با زیندوە،

لەکاری خۆیدا بێداره و

له رەوتی خۆیدا وشیاره!"

تۆ وتت:

"– نا، با مردوه

به شمشیری زناری شاخ درزیکی گەوەری تێبوه"

تۆ چەندین و چەندەها جار

بەو زینەوە شەرمەساری مردوان بووی،

من ئائەمەم چەشنی یاویك،

ریك وەك یاویك

كه جۆگەی خوێن له رەگم دا دەرچینی

هەست كردوه.

**ئةحمةدي شاملوو**

**وةرطير: زةرتوشت**

# شەوانه

شەوانه شیعریك چۆن ئەتوانم بنووسم

تاهەم له دلّم بدوێت و هەم له بازووم؟

شەوانه شێعرێكی وا

چۆن ئەتوانم بنووسم؟

من ئەو ژیلەمۆ ساردەم وا له ناخما

بلّێسەش سەر پێچیەكانه

من ئەو زەریا هێدی و مەندەم كەله ناخما

سەلاّی گشت تۆفانه كانه.

ن"ئەحمەدشاملوو"

و-سەعید ئەمانی

# بەشیك لە وت و ویژیك لەگەل ئەحمەدی شاملو

و: یونس . م

پ: ئیوە دوای مانگی خەرمانانی سالی ١٣٢٠ دەستتان بە هەلسوورانی ئەدەبی کردو و وابزانم سالی ١٣٢٣ بوو کە یەکەمین کۆمەلە بەرهەم چاپ کرا.

و: نا، سالی ١٣٢٦ بوو.

پ: چ هەستیکتان سەبارەت بە کارەکانی سەرەتاتان هەیە؟ لە یەکەمین کارتان، مەبەستم دوای ناسینی نیما و ئەو کاریگەریانەی کە ئەو لەسەری داناوی.

و: ئەوە سەرەتای کار نەبوو. ریك یەکەمین رۆژی سالی ١٣٢٥ بوو، ئیمە لە تاران بوین و لەگەل باوکم بۆ دیداری نەورۆزانە سەردانی کەسە بە سالاچۆکانی بنەمالەمان دەکرد. لەسەر کەل و پەلەکانی رۆژنامە فرۆشیك، لە رۆژنامەی "پولاد" چاوم بە وینەیەکی نیما کەوت کە "رەسام ئەرژەنگی" کیشابویەوە و کۆپلەیەك لە شیعری "ناقوسی" لەسەر نوسرابوو. بەر لەوە حافزم زۆر خۆشدەویست و غەزەلەکانیم وەك شیعر هەلبژاردبوو و لە ناکا و نیما وەك بروسکە لە میشکی دا، یانی ئەو بە شیعری "ناقوس" ئیستارتی لیدا.

پ: ناسیاویت لەگەل نیما، یانی ئەوە کە بتوانی روبەروو قسەی لەگەل بکەی؟

و: بەلی. ئادرەسەکەییم وەدەست خست و چووم لە دەرگای مالەکەیم دا. بینیم پیاویك لە شیوەی ئەوەی کە رەسام ئەرژەنگی کیشابویەوە هاتە بەر دەرگا. پیم وت: مامۆستا، نیوم فلانیە و ئیوەم زۆر خۆش دەویی و هاتوم ببم بە شاگردت. هەلس و کەوتم لەگەل ئەو زۆر ئاسایی بوو. چومە مالەکەیی، لە دەرگام دا، بۆ خۆی هاتە بەر دەرگا، سلاوم کرد، نە پیشوازی لی کردم نە شك و دوو دلیکی لەخۆی نیشان دا. بە جۆریك (هەلس و کەوتم لەگەل کرد کە توشی دوو دلی نەبی. وتم: نیوم "ئەحمەد"ە، شۆرەتم شاملویە و خۆشم دەوین. زانی بە هەویای شتیك نیم.

نزیکایەتی لەمن دا دۆزیبۆوە کە بە تەواوی لیی تیدەگەیشت. ئیستاش ئەگەر "نیما"یەکیتر پەیدا بی، من دیسان دەچمە مالەکەیی و دەلیم نیوم "ئەحمەد"ە و شۆرەتم "شاملو"یە رابردوی ئیوەم خۆش دەویست. خودی ئیوەشم خۆش دەویی. گۆڤاری رەستاخیز، ژمارە ٤٥٣، پینج شەممە ٦/ ٨/ ١٣٣٥.) ئیتر زۆرجار مزاحیمی ئەو پیاوە دەبووم، بی ئەوەی کە بیر لەوە بکەمەوە کە خەریکم کاتی لی بە فیرو دەدەم. تەقریبەن هەموو رۆژی لای نیما بووم.

پ: بۆ یەکەم جار کتیبی "ئەفسانە" بە پیشەکی ئیوە و لەلایەن خودی ئیوەوە چاپ کرا؟

و: یەکەم جار نا، بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی عیشقی چاپ کرا، دواتر من کردم بە کتیب.

پ: بە پیشەکی ئیوە

بە پیشەکیکی کورت کە هەر نەمزانی نیما چۆن قبولی کرد کە من پیشەکی بۆ بنوسم. من بستیك منال بووم.

پ: ئەو کەسانەی کە ئەوکات لەگەل نیما نیزیکایەتیانبوو کێ بوون و کام یەك لە ئەوان بیرەوەری خۆشیان لای تۆ بە یادگار بەجی هیشتوە؟

و: یەکیان دوکتور موبەشری بوو، ئەسەدوللا موبەشری

پ: ئەوە هەر ئەو کەسەیە کە کاری وەرگیران دەکا و وەزیری دادگوستەریە

و: دواتر. ئەوکات وەکیلی دادگوستەری بوو دەستی کردبو بە لیکدانەوەی بەرهەمەکانی نیما. زۆرم خۆش دەویست. لەوی یەکترمان ناسی. گوایا یەك دوو جاریش لەگەل ئالی ئەحمەد چوینە لای نیما و لەوی لەگەل کەسی جۆراوجۆر هەلس و کەوتم کردووە بەلام ئەو کەسانە بۆ من سەرنج راکیش نەبوون، بۆ من تەنیا نیما سەرنج راکیش بوو، تەنیا ئەو بۆ من مەترەح بوو. بۆ وینە دیتم ئەنوری خامەئی نوسیویتی:"جاریکیان چوم بۆ لای نیما، دیتم شاملو بە ریزەوە لەبەردەمی دانیشتووە. من هەر لەبیرم نیە کە ئەنۆری خامەئی لەوی دیبێیان ئالی ئەحمەد هەر وەبیرم نایە. نوسیویەتی کە لەگەل شاملو چوینە لای نیما بەلام من هەر لەبیرم نیە. بۆمن کە بە راستی تەنیا بەشداری نیمام دەدیت.

پ: هیدایەت چۆن؟ لە نزیکەوە دەتناسی؟

و: هیدایەتم دەناسی، بەلام ناسیاویم لەگەل ئەو وەك ناسیاویم لەگەل نیما نەبوو کە تەقریبەن ببوم بە ئەندامیکی بنەمالەکەی. بۆوینە جاریکیان کە "شەراگیم" تایەکی توندی بوو عالیە خانم و نیما زۆر نیگەرانی بوون. بەو جۆرەی کە لەبیرم مابی ویدەچو تەنانەت تاقە فلسیکیشی لە گیرفان دا نەبی. لەلای شومالی کۆلانی پاریس کۆلانیك بوو کە دەچۆوە سەرشەقامی شا و مەتەبی دوکتور بابالیان لەوبەری شەقامەکە بوو کە لە ناو زیندانی رەسەکان یەکترمان ناسی و منی زۆر خۆش ویست. من "شەراگیم" لە کۆل کرد و چوار کەسی چوینە مەتەبی دکتور بابالیان و من بە روسی بە دوکتورم وت کە ئەو شاعیرە مامۆستای منە، منالەکەی نەخۆشە و پولیشی نیە و دەوا و دەرمانەکەشی دەبی خۆت بیدیەی

بەمجۆرە بوم بە بەشیك لە بنەمالەی نیما. جار جارەش نیما و خاتوو عالیە دەهاتنە مالی ئیمە و، نانی شەومان پیکەوە دەخوارد و تەنانەت شەویش لەوی دەخەوتن. بەلام لەگەل هیدایەت تەنیا لە دەرەوە چاومان بە یەکتر دەکەوت، لە چایی‌خانەی "قەنادی فرۆسی" یان شۆن گەلیکی دیکە.

پ: لەنیوان سالەکانی ١٣٢٦ تا ١٣٣٢ زۆربەی ئەو کەسانەی کە خەریکی هەلسورانی ئەدەبی بوون گەرایشیان بەرەو حیزبی تودە بوو مەبەستم ئەوە نیە کە هەمویان ئەندامی ئەو حیزبە بوون، بەهەرحال شاعیران و نووسەران و بیرمەندان کەمتر لە و بارەوە خۆیان دەردەخەن حیزبی تودە بە چ ریکخراوە و بە چ روانگە و تایبەتمەندیکەوە توانی سەرجەم روناکبیران بەرەو خۆی راکیشی؟ کە لانی کەم ئاوریك بدەنەوە و سەرنج دەنە روانگە و بۆچونەکانی حیزب.

و: ئەوە دەبی بە نمونە هینانەوەیەك رون بکریتەوە. چاو لی کە دیویك هەیە کەئیمە تییدا زیندانی کراوین. ئیستا لە ناکاو یەکیك لە دیوارەکانی کونیکی تیدەکەوی. سروشتی‌یە کە هەمومان لەو کونەوە دەچینە دەرەوە.

لەپردا حیزبیك سەر هەلدەدا بە خۆوخدەیەکی نوێوە. هەلبەتە ئەم خۆوخدەیە نە لە ئەساسنامەی ئەو حیزبەدا نوسرا و نە لە مەرامنامەکەی. ئەم خووخدەیە تەنیا خووخدەیەکی نیو کومەلی بوو. بەمیشەوە بوو کە ئیمە هۆگری حیزب بووین. قارەمانی پەرەستیش کە لە هەناوی مرۆ دایە و بە شیوەیەکی ئاسایی مرۆڤەکان قارەمان پەرەستن. جابمانهەوی یان نەمانهەوی چ دروست بێ و چ هەلە.

تەنانەت کەسایەتی ئەو پیاوە هیچ و پوچە، ئیستالین، کە ئەمرۆکە بە بروای من یەکیك لە گەورەترین جنایەتکارەکانی میژوو بوو، بۆ ئەوەی کە یەکیك لە ریگا چارەکانی گیروگرفتی ژیانی جەماوەری خەلك کە دەیتوانی سوسیالیز بێ و دەشتوانی بی و بە بروای من هەر هەشە، یانی تەنیا ئەم ریگا چارەشی کردە قوچی قوربانی دەسەلات خوازانەی شیتانەی خۆی. ئیمە ئەوەمان نەدەزانی. سەرەرای ئەوە بە هۆی لە خوارەوە بونی ئاستی فەرهەنگ و نەبونی ئەزمون و کەمی بیرکردنەوە، کەسایەتی پەرەستیش بووین. جا بۆیە بەرەو حیزبی تودە چووین. نابی ئەو چاوەروانیت هەبی کە دەبوایە بۆ وینە چوباین بوباین بە "سومکایی" یا بوباین بە ئەندامی حیزبی "بقایی". بەهەرحال ئیمە بەرەو ئەوی چوین. یەکەم ئەزمونی ئیمەش لەگەل ئەوان شکستی خوارد. سالی ١٣٣٢. من لە کۆتاییەکانی سالی ١٣٣٢ زیندانی کرام و لەوی بە ئاشکرا دیتم کە ئەو ریگایە هەلەیە و هەروەك وتم تەنانەت ئیستعفاشم نەدا. یانی لە راستیدا لە جیاتی ئیستعفای رەسمی وتم چاولی کە ئیمە هەوساری خۆمان داوەتە دەستی ئەوانە.

پ: ئیوە لە کۆمەلە شیعری "بریارنامە"دا شیعریکو هەیە بۆ تەقی ئەرانی، بە نیوی قەسیدەیەك بۆ مرۆڤی مانگی ریبەندان. سەبارەت بەو کەسایەتی چۆن بیر دەکەنەوە؟ بە تایبەت دوای تیپەر بوونی ئەو سالانە و ئەوی بەسەر سوسیالیزم دا هات؟

و: بە پیچەوانەی ریبەرانی دیکەی حیزبی تودە، ئەرانی مرۆڤیکی زانا و هوشیار و هەولدەر و سەمیمی و شەرافەتمەند بوو و تا ئەو جییەی کە لەسەریان نوسیوە و ئیمە خویندومانەتەوە هەلس و کەوتی لە زیندان دا و خۆراگری تا کاتی مەرگ، حیسابی ئەو لەگەل ئەوانیتر کە لە ریبەرانی حیزبی تودە بن جیا دەکاتەوە. ئەوانەی کە هەر لە سەرەتاوە خیانەتیان کرد و نیوی کەسانی دیکەیان هینا و هاوکاریان کرد، لە هەلسەنگاندن لەگەل کەسایەتی خۆراگری مرۆڤیك کە بە هەرحال ژیانی خۆی نایە پیناو بیر وباوەرەکەی. هەر کەسیك کە ژیانی بنیتە پیناو بیروباوەرەکەی بۆوینە گاپەرەسیك کە گیانی فیدای بی عاقلیکەی دەکات بۆمن جیگای ریز نیە، بەلام ئەو مرۆڤە لەگەل ئەوانیتر جیاوازە.

پ: سەبارەت بە مورتەزا کەیوان چی؟

و: بە راستی مورتەزا کەیوان بۆمن مرۆیەکی نمونە بوو. مرۆڤیکی فەوقولعادە کەمن هیچ کات ناتوانم دەردی لەدەست چوونی لەبیر بەرمەوە. هیچ کات. دەردی ئەو مرۆڤەی کە بەو هەموو زانین و پیشکەوتنخوازی و لە هەناوا باش بەو هەموو ئینسانیەتەوە بگرن و وەك چولەکە سەری هەلقەنن. هەموو دەردیك بۆ مرۆڤ کۆن دەبی. مردنی دایك، مردنی باوك. بەلام هیچ کات غەمی ئەو بۆمن کۆن نەبووە، بەردەوام وەك ئەوە وایە کە ئەم روداوە هەر ئەمرۆ سەر لە بەیانی رووی داوە. لەراستیدا ئەویش هەر یەکیك لە قوربانیانی بی عاقلی یان رەزالەتی کومیتەی ناوەندی حیزبی تودە بوو.

پ: لەگەل مورتەزا کەیوان چون یەکترتا ناسی؟

و: بە هەلکەوت لەگەل مورتەزا کەیوان ئاشنا بووم، یانی لە کۆبوونەوەی دۆستان دا کە لە جیگایەك کۆدەبوینەوە و شیعر و چیرۆکمان بۆ یەکتر دەخویندەوە لەگەل ئەو ئاشنا بووم. لە رۆژی یەکەمەوە کە یەکترمان ناسی وەك ئەوە وابو کە سەدسال یەکتر بناسین، ئەو ئاشنایەتیمان دریژەی کیشا، من زۆر شت لەو فیر بووم.

پ: وارتان چۆن؟ ئیوە شیعریکی بەنیو بانگتان هەیە "وارتان قسەی نەکرد."

و: بەلی وارتان بە هەلکەوت و لە زندانی سوقەت ناسیم. ئاسەواری لی کردنەوەی پیت لەسەر سەر و چاوی بەدی دەکرا. زیندانی بۆ برابۆوە، بەلام دیسان کەسیکی دیکە ناوی هینابوو پەروەندەیەکی دیکەی بۆ سازکرا و دیسان بردیانە ژیر

ئەشکەنجە و ئەوجار گیانی لەدەست دا. تەنیا بۆ یەکجار لە زیندانی موقەت دیتم، بەلام خۆراگری کردنی بۆخۆی حەماسەیەك بوو. نیوی هیچ کەسی نەهینا و لەژیر شکەنجەدا گیانی لەدەست دا.

پ: یانی لە راستیدا لە شیعریکدا کە بۆ وارتانتان وتووە ئەو سومبۆلی گرووپیکی زۆر و بەربلاو لە خەباتگیرانە کە لە زیندان دا لەسەر ئەو شتەی کە دەبی راوەستی و خۆراگری بکری، خۆراگریان کرد. خالیکی جیگای سەرنج کە لەماوەی ناسیاویم لەگەل تۆ سەرنجی راکیشاوم ئەوەیە کە هەرکات لەگەل ئیوە سەبارەت بە شیعر قسەم کردووە باسی سیاسەت کراوە. ئایا شیعر لە سیاسەت جیا ناکریتەوە؟

و: نیوی نەنین سیاسەت، بۆ ئەوەی کە سیاسەت ئەوەندە قیزەونە کە تەنانەت ئەگەر تەپ و تۆزەکەشی لەسەر شیعر بنیشی پیسی دەکات. ئەوانە شیعری سیاسی نیە، شیعری کۆمەلایەتییە و بە ئینسان هەلدەلی، چونکە سیاسەت لە هەناوی خۆیدا جیا لە رەزالەت و فیل و درۆ و چنەبازی و تەبلیغات و شتی لەم چەشنە شتیکیتر نیە.

پ: یانی لە راستیدا ئەوە مرۆڤ و کۆمەلگان کە دەستپیکی شیعری ئیوەن؟ لەسالی ١٣٣٢ کە بۆ جاری دووهەم کەوتیتە زیندان هۆکەی بلاو کردنەوەی کتیبی ئاسنەکان و هەست بوویان

و: نا، لەسەر رۆژنامەی "ئاتەشبار" بوو. من سەرنووسەری رۆژنامەی "ئاتەشبار" بوم کە رۆژنامەیەکی دژ بە پاشایەتی بوو. دەورەیەکی ئەو رۆژنامەیەش خرایە سەر پەروەندەکەم.

پ: چەند سالیان بۆ برییەوە؟

و: زیندانیان بۆ نەبریمەوە، منیان بەپیی برگەی ٥ی حکومەت نیزامی گرتبو کە دەلی: لەکاتی حکومەت نیزامیدا، دەولەت دەتوانی هەر کەسیك کە بیهەوی بەبی راگەیاندنی تاوانەکەی بگری، چونکە لەکاتی ئاساییدا هەر کەسیك بگرن دەبی لەماوەی ٢٤ سەعات دا هۆکارەکەی پی بلین. بە جوانی لەبیرم نەماوە کە سالیکیان گرتم یان ١٣ مانگ.

پ: لەوکات دا کە لە زیندان دا بووی شیعریشت نوسی؟

و: زۆربەی شیعرەکانی "هەوای تازە" بەرهەمی زیندانن. بۆوینە شیعری "لیرەدا چوار زیندانە، ئەو شەوانەیی و شیعریك کە ژیانە" لە شیعرەکانی ناو زیندانن.

پ: لە زیندان دا چ هەستیکت هەبو لە حالیکدا کە لەلایەکەوە دووریی و رەزالەتی ریبەریت دەدیت و لەلایەکی دیکەوە خۆراگری کەسانیك کە بەهۆی بیروباوەرەکەی خۆیان بەو حیزبە پەیوەست ببوون و بەوجۆرە لەخۆ بردونیان لە خۆیان نیشان دەدا؟

و: وارتان سالاخانیان دوای کودتای ٢٨ی گەلاویژی سالی ١٣٣٢ گیرا، ویرای خەباتکاریکی دیکە- کوبکی شوشتەری، لەژیر ئەشکەنجەی وەحشیانەدا کوژران و بەهۆی ئەوەی کە لەکاتی لیکۆلینەوەدا جیگایەکی ساغیان لە لەشیدا نەهیشتبون، بۆ شوینە ونگە کردن جەنازەی هەردووکیانیان خستە ناو چۆمی جاجرودەوە. وارتان جاریك شکەنجەیەکی وەحشانەی تەحەمول کرد و بە چەند سال زیندان مەحکووم کرا. بەلام بۆ جاریکی دیکە یەکیك لە کەسەکانی حیزبی تودە لە پەروەندەکەی خۆیدا وەك شەریکە جورم لە قەلەمی داو و دیسان بۆ لیکۆلینەوەی دووهەم لە زیندانی موقەت دیتم کە لە سەر و چاوی دا جیی داخ کە قوولاییان تیخستبوو بە جوانی دەدیترا. لەماوەی شکەنجە دور و دریژەکان دا بەردەوام لیکۆلینەوە دەکرا کە وارتان لە ولامی پرسیارەکانی لیکۆلەوەردا لیوی نەکردەوە و تەنانەتی لەژیر شکەنجەکانی وەك دەرهینانی

نینوکەکانی و لیدانی چەندین سەعات کەلەبچەی "قەپانی" و شکاندنی ئیسقانەکانی دەست و لاقی تەنانەت چکولەترین نالەشی نەکرد.

پ: سەرەتا شیعرەکە ناوی نازلی لێنرا بۆ ئەوەی کە لە تیغی سانسور تیپەر بی، ئەو نێوە، شیعری وارتانی بە هەموان ناساند و بو بە حەماسەی خەباتگیریکی تایبەت.

و: وتم کە سەرتاسەری ژیان وانە و ئەزمونە، هەر ئەوە بۆمن وانەیەك بو لە جوملەی ئەو وانانەی کە مرۆڤ هەموو رۆژی لەژیان فیر دەبی، کە بە چ شیوەیەك ئەوانە وەك گڕ، لەسەر باوەری خۆیان دەسوتین و دەبن بە خۆلەمیش بەلام لە پیگەیشتنی خۆیان پاشگەز نابنەوە. ئەوە کە قەرارە هەر شتیك کە کومیتەی ناوەندی بیلی راستە ئەوە کە نەبو بە قسە. لە کومیتەی ناوەندیش دا کۆمەلیك کەسی وەك من و تۆ هەن، جا یان عاقلترن یان بیعەقلتر ئەسلەن لە کوییەوە بزانین کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی کەسیکی ساختەچی نیە؟ چاو لێکە ئازیزم، دزیك یەك کە ئازاد کرا، باشیروا بەلام ئەوە دز نیە، بەلکو ناحالییەکە کە خۆی بە کەسیکی زیرەك دەزانی. دزی بە راستی کەسیکە کە لەبەرچاوی خۆت جۆریك دەست ببری کە بە خۆت نەزانی، جۆریك لە توقی سەرت راکیشی کە تو وەبزانی نازت دەکیشی، بە دریژایی تەمەنت جۆریك بە کەرت بزانی کە تۆ وەبزانی تۆ سەرووەری و ئەویش نۆکەر. چۆن دەکری باوەرت بە فلانە ئەندامی کومیتە ناوەندی هەبی؟ لەو رییەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی بیناسی، وات لی بکات کە باوەری پی بینی.

ئەسلەن بە شیوەیەکی باو، کومیتەی ناوەندی حیزبیك بە هۆی تایبەتمەندی موحەل پەروەری لەو جۆرە جانەوەرانەیە و مرۆڤ لەلایەکەوە ئەوە دەبینی و لەلایەکیترەوە ئەو هۆگری و لەخۆ بردویی و باوەر، ئەوانە ئەزمون و دەبی ئەزمون راگویزی بۆ کەسانی دیکە و هەر ئەوەش بۆخۆی زۆر باشە. هەموو ئەزمونیکی تال ئاکامەکی موسبەتە.

پ: دوای ئاسنەکان و هەست کە سالی ١٣٣٢ چاپ کرا راوەستانیکی چوار سالە لە چاپ کردنی کتیبەکانتان لە ئارادایە و واپیدەچی هەوای تازە دەیهەوی بە نیوەکەی هەوالی سەرەتای وەرزیکی نوی بدا. ئایا بە راستی ویستان قۆناغیك بینین و قۆناغیك هەلدەنەوە؟

و: لە روانگەی خۆمەوە نا. بۆ ئەوەی کە بەرلەوە وەك ئەوەی.کە

پ: نا لەسالی ١٣٣٠ بریارنامە هەیە و لەسالی ١٣٣٢ ئاسنەکان و هەست و دواتر لەسالی ١٣٣٦ هەوای تازە چاپ کرا.



و: بەلی پیم وایە بریارنامە بەرهەمی شتیکی دیکە کە دوای چاپی یەکەم، لە کۆتایی کتیبەکەدا شیم کردۆتەوە. ئاسنەکان و هەست لە راستیدا کۆمەلە شیعریکە کە لە رۆژنامەکانی حیزبی تودەدا چاپ کراوە. رەنگە ئەگەر هاندانی کەیوان نەبا هۆگریکی زۆرم بە چاپ کردنیان نەبوایە. لەو کاتیش دا ئەوانم بە شیعر گەلیکی سەرکەوتو لیك نەدەدایەوە. زۆرتر بۆ تەمرین بوون. بەلام لە بەرەو داهاتوودا و لە بەرژەوەندیدا دوو یان سێ شیعریکم بە بروای خۆم جیاوان، چاپ کرابوون، کە بە

داخەوە دەستم نەکەوتنەوە و لە کیسم چوون. مەگەر ئەوەی لە شوینیك دەورەیەك لە رۆژنامەی بەرەو داهاتووم دەست کەوی و بگەریم بەشکوو

پ: بە نازناو بوو یان

و: بەلی بە نازناوی ئەلف. بەیانی.

پ: واویدەچی کە ئیوە بە چاپ کردنی کتیبەکانی ٢٣ و بریارنامە و ئاسنەکان و هەست پیت نابیتە بواری خەباتیکی کۆمەلایەتی توند و گەلیك ئەزمونیشو هەبووە، بەلام لەوەو بە دواوە پی دەنییتە قوناغی ناخ گەرایی و دەتانهەوی دنیای ناخیش بە تەسویر بکیشن، هەلبەتە ئەو هەستانە لە جۆری هەستەکانی ٢٣ و بریارنامە و ئاسنەکان و هەستەکان نیە، ئایا ئەمە لی تیگەیشتنیکی راستە؟

و: نا، پاشایی لە پیشەکییەکدا کە دوای تیپەر بوونی ٣٠ سال لەچاپی یەکەمی بریارنامە، بۆ چاپی دووهەمی نوسی دەلی: سەرجەمی شیعرەکانی دیکەش هەر لە دریژەی ئەو بریارنامەیەدان. یانی ئەو تۆ و ئیمە و ئەوان و ئەوانیتریش هەر ئەوانەن کە لەسەرجەمی شیعرەکانی دواتردا دریژەی دەبی. وای دانێ چونکە من بەردەوام بە چاویکی رەخنەگرانەوە روانیومەتە بەرهەمەکانم، رەنگە سروشتی بووە کە چۆنیەتی کارەکانم تا هاتووە باشتر بووە. مەسەلەکە ئەوەیە ئەگینا بۆچی ئاهەنگە لەیاد کراوەکان لەو کتیب ناسییەدا نیە؟ چۆنکە من ئەوە لە پەنجەرەوە فریداوەتە دەرەوە. یانی من تەنیا لە شیعری ٢٣ بەدواوە شکلم گرتووە.

# "سزا"

لیرەدا چوار زیندان هەیە.

لە هەر زیندان دا دوو قات رەهەند و لە هەر رەهەندیك دا چەندین ژوور و

لە هەر ژووریك چەندین پیاو هەن لە زنجیردا

لەم بەندیخانە، یەکیان، ژنەکەی لە تاو و یاوی رەشی بوختانیك دا

بە زەبری خەنجەری کوشتووە.

لەم پیاوانە، یەکیان، لە قرچەی نیوەرۆی هاوینیك دا

نانی منالانی خۆی لە کۆلان

لە خوینی نان فرۆشی رەقی چاوچنوك دا گلاندووە.

لەمانە، چەند کەس، لە چۆڵی ڕۆژێکی باراناویدا

ڕێگایان لە سووخۆرێك گرتووە

چەند کەسێکیان، لە بێدەنگی کۆڵان، بەسەر دیوارێکی کورت دا

خۆیان هەلداوە.

چەند کەسێکیان، نیوەشەو، لە گۆرە تازەکان دا، ددانی ئالتونی مردووەکانیان لە گیرفان ناوە

بەلام من هیچ کەسێکم لە شەویکی تار و وەیشومەدا نەکوشتووە،

بەلام من ڕێگام لەهیچ پیاویکی سووخۆر نەگرتووە.

بەلام من نیوەشەو لەم بان بۆ ئەو بان جەستەم نەبردووە.

لیرەدا چوار زیندان هەیە.

لە هەر زیندان دا دوو قات ڕەهەند و لە هەر ڕەهەندێك دا چەندین ژوور و

لە هەر ژوورێك چەندین پیاو هەن لە زنجیردا.

لەنێو ئەم بەندییانە هەن پیاوانێك کە تەرمی ژنانیان خۆش دەویێت.

لەنێو ئەم بەندییانە هەن پیاوانێك کە لە خەونەکانیان دا

هەرەشەوە ژنێك لە ترسی مەرگ لە جەرگەوە دەکا هاوار.

بەلام من هیچ شتیك لە ژنان دا نابینمەوە– ئەگەر دووانەی خۆم ڕۆژیك

نەبینمەوە، بە بێدەنگی–

بەلام من لەنێو دلی کۆیستانی خەونەکانی خۆم، جگە لە دەنگدانەوەی ساردی

ئاهەنگی بە سەبری ئەم ڕووەکە بیابانیانە کە دەڕوێن و

دەڕزێن و دەهیشکێن و دەوەرێن،

نیە گوێم لە هیچ شتیکی دی

گەر من خۆم نەدەبووم لەنیو ئەم بەندەدا، ڕەنگە بەیانێك وەك یادێکی

خزۆك و دووره دەست، ڕادەبردم لە کاکی بە کاکی ئەم خاکە ساردە نزمەدا

تاوان ئەمەیە!

تاوان ئەمەیە!

شیعری: ئەحمەدی شاملوو

وەرگێڕ: فرخ نعمت پور

# من لەودیوی سنورەکانی لە شتەوە، خۆشم دەویی.

سیبەری"ئایدای" هاوسەری، یاری بە وەفای ئەحمەدی شاملو کە لە ساڵی ١٣٤٢هەتا کاتی مردنی بەردەوام هاوریی بوو، لە ناوهەستی جوان و ناسکی ئەو دا خۆی دەنوێنی، سەبارەت بە عەشق بە ئایدا و خەڵك، با لە زمانی شاملووە ببیستین: من وئایدا لە سنوری ئەڤینیکی بی ئاسۆدا نین. ئیمە لە سنوری مرۆڤایەتی یەکدا هەنگاو دەنین. من قەدری"ئینسان"ی ئەو و"ئینسان"ی خۆم دەزانم. کە وایە بە هەڵەدا نەچووین ئەگەر لەم جیهانە خۆ پەرستەدا یەك بوونی دوو ئینسان لە بیر کەین؟ مەگەر ژیان شتیکە جگە لە هەلیکی میژوویی؟ مەگەر میژوو بەرهەمی ئینسان و کاری ئینسان نیە؟ مەگەر ئینسان دەتوانی بە بی دلی هاوبەش، نەبزی هاوبەش، هەستی هاوبەش، خۆشەویستی هاوبەش، عەشقی هاوبەش و وتەی هاوبەش، تایبەتمەندی ئینسانی خۆی بپاریزی؟



لە چاوی ئیوەدا رەنگە ئایدا تەنیا یەك ژن بی، بەلام بۆ من مانایەکی قووڵتر لەوەی هەیە، باشتر وایە بلیم ئایدا بۆ من بیانووی ژیان کردن و ئینسان بوونە. ئەو وینەی تەواوی خەلکیکە کە من خۆشم دەوین، هەر ئەوانەی کەوابە موحیبەتی خۆیان دەملاویننەوە. کەوایە ئایدا بیا نوویەکە. ئەو ئامارژەیەکە بە من و کومەلگای من. ئەو باز نەیەکی ون بوو لە ناو شیعرو ئاوازی شەوانەی منە. بازنەیەکی هەست پیکراو کە زنجیری تەمەن و چارە نووسی من کامل دەکا. ئەو گیان و جیهانی منە.

کەوایە من چون دەتوانم لە بەرامبەر ئەودا کە گیان و جیهانی منە، هەلس و کەوتیکی بی لایەنم بی؟ چون دەتوانم خەلك و کومەلگا کەم لە بەر چاو نەگرم.

من لەو دیوی سنورەکانی لەشتەوە خۆشم دەوێیی.

# باخی ئاوێنە

و: رەحمان تەرەغە

چرایەك بە دەستمەوە، چرایەك
لە رووبەڕووم
دەچمە شەری تاریکایی،
بێشکە ماندۆکان
لە گەرما و گەرمی راژاندنا
ویستاون
هەتاویکیش لە ناخەوە
پشکوی هەموو کاکەشانە سووتاوەکان
دەگەشێنمەوە.
* * *
هاوارە سەرکەشەکانی بروسکە
ئەو کاتەی کە تەرزە
لە ناخی بیئاوا و قارای هەورا
گەرا دەخا،
ژانی دامرکاوی دارەمێویش
ئەو کاتەی کە وردە قۆرە
لە جەمسەری لقە دریژ و پیێچ
خواردوەکانیەوە
چرۆ دەر دەکا
هاواری من هەموو راکردن لەدەست
کوێرەوەری بوو،
چونکە لە سامناکترین شەوەکان دا
داماوانە

## بۆ خۆر پارامەوە

تۆ لە خۆر و کازبوانەوە هاتووی.
تۆ لە ئاوێنە و هاورێشمەکانەوە
هاتووی.
لەو شوێنە خالیەی کە نە خودا بوو
نە ئاگریش
بۆ نیگا و بروای تۆ
داماوانە دەپارامەوە
رەوتیکی راستەقینە
لە مەوادی دوومەرگ و
لە کلۆری نیوان دوو تەنیاییدا.
"ئابەم جۆرەیە نیگا و بڕوای تۆ"
شادی تۆ مەزن و بێبەزەیە
پشووت لە دەستە خاڵیەکانی منا
سەوزە و گۆرانین.
من هەڵدەستم
چرایەك لە دەستمدا
ژەنگ و ژاری رۆحمی پێ دەسووم
ئاوێنەیەك لە بەرابەر ئاوێنەکەت
دادەنێم
تا بێبڕانەوەیەك
سازکەم لە تۆ.

ئەم شیعرە بۆ یادی هاوریی خۆشەویست کاك نادری یوسفی نوسراوە کە بەدەستی پاریزەرانی جەهل و سەرمایە لە سیاچالەکانی حکومەتی درندە ودژی بەشەری کوماری ئیسلامی دا لە سالی ٦٢لە شاری کرماشان تیر باران کرا. هەروەها پیشکەشە بە تەواوی هاورییانی گیان بەخت کردووی ریگای ئازادی و بەرابەری چەوساوەکان.

ن: بابەك

## یاد

لە ولاتی داگیر کراوی ئەژدەها
لە شاری برسیەتی و قات و قردا



لە شەقامی پەت و سیدارە و ئیعدام
پۆل پۆل کوترە سپیەکان رۆیشتن
بەرەو تاسەی
ئەو بەهارەی لەسۆیی هەتاو ژاکا
بەرەو تاسەی
ئەو رووبارەی لە تینویەتی خنکا
رۆیشتن کە لە شەوە زەنگیکدا
لە کازیوەی بەیانیك دا
چەپکیك گزینگ پیشکەش بکەن
ئیوە دەنگ و هاوارن
کەلە گۆیی هەژاراندا دەزرینگیتەوە
ئیوە ئەستیرەی سوور و گەشن ناکوژینەوە
هۆ کوترە سپییەکان
ئیوە ئەستیرەی گەشاوەی بەش مەینەتان
ئیوە شەپۆلی پرقینی هەژاران
کانیاویکی پاك و رونن کویر نابنەوە
هیوا دەری چەوساوانن
بەرەو دوندی ئامانج وەری کەوتن
لە نیۆ خۆین و برین
لەنیۆ ژانی دیلی و پەژارەو ژین
راچەنیون
بەلین تان دا رووناکی گەش
شەقتان کرد شەوگاری رەش

## لەدوو تویێی نامەکانەوە



*کاك فەریدی ۵۹ لەشاری سنە، نامە و شیعرەکەت بە ریکەوتی ۲۵ی خەرمانان بە دەستمان

گەیشت. نامە و شیعرەکەت لە کاتیك دا بەدەستمان گەیشت کە ژمارە ٢ی پیشەنگ لەحالی چاپ کردن دا بوو. سپاس بۆ هاوکاری کردنت. ئیمە چاوەریین لاپەرەکانی گوڤارەکەمان بە بابەتە ئەدەبیەکانی ئیوەی ئازیز رەنگین تر بێ.

*هەلسووراوانی فکری لە شاری کامیاران دوابەدوای دەرچونی ژمارە ١ی دەوری دووهەمی پیشەنگ نامەیەکیان بۆ ناردوین کە ئەمە دەقی نامەکەیانە:

بەبونەی دەرچونی دوبارەی گوڤاری پیشەنگ، گۆڤاری هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو کریکاری پیرۆزبایی لە بەریوەبەرانی دەکەین. دەست بەکار بونەوەی گوڤاری پیشەنگ بووە مایەی خۆشحالی ئیمە و زیاتریش ئەدەب دۆستان. هیوادارین قەلەمتان هەروا پررەنگ بێ، قەلەمتان هەروا لەخزمەت ریبازی ئازادی و بەرابەری‌دا بێ.

*ئیمە ئەندامانی گروهی زاگروس پیرۆزبایی و خۆشحالی خۆمان لە دەست بەکار بوونەوەی دووبارەی پیشەنگ گۆڤاری هونەر و ئەدەبیاتی پیشرەو و کریکاری دەردەبرین و هیوادارین نوسەران و بەریوەبەرانی بتوانن ولام بە پیویستی‌یە فەرهەنگی‌یەکانی چینی کریکاری کوردستان بدەنەوە.

ئیمە وەك دەستەی بەریوەبەری گۆڤاری پیشەنگ سپاسی هەستی بەسوز و شورشگیرانەی ئەو خۆشەویستانە دەکەین. بی‌گومان هاوکاری و رینماییەکانی ئیوە مایەی سەرکەوتنی گوڤارەکەمانە. با لاپەرەکانی پیشەنگ بە بابەتەکانی ئیوە و لایەنگرانی ئەدەبی پیشرەو و کریکاری دەولەمەندتر بێ. سپاس بۆ هەستە جوانەکەتان

*کاك "شاخەوان سدیق" لە شاری سلیمانیەوە، برای بەریز بابەتەکەتمان بەدەست گەیشت. بەهۆی ئەوەی کە ئەساسی دارشتن و ئەو بوچونانەی کە بەسەر نوسراوەکەت دا زالە لەگەل بنەما فکری‌یەکانی پیشەنگ نایەنەوە بە داوای لیبوردن چاپی ناکەین. ئیمە لەریگای خۆیەوە تیبینی‌یەکانی خۆمان سەبارەت بە نووسراوەکەت بۆ بەری دەکەین. سپاس بۆ تو.



